شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ

١٩٢٠

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی
مستەفا نەریمان

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

چاپی دووەم / ٢٠٠٧

بەهاوکاری کۆمەڵەی ڕۆناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک

شۆڕشی برایم خانی دەلۆ
لە
بنج و بناوان و لق و پۆپەوە

مصطفی نەریمان

چاپی دووەم
٢٠٠٧

نـــاوی کتێب : شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ / ١٩٢٠
نـــووسینی: مصطفی نەریمان
تـــــایپ: اخلاص قادر
دیـــــزاین : هۆشەنگ عەونی
ژمارەی سپاردن:(٥٩٢) لە کتێبخانەی نیشتمانی - بەغدا
چاپی یەکـەم :١٩٨٦ دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
چاپی دووەم : ٢٠٠٧ چاپخانەی رۆژ - کەرکوك

چاپکردنی ئەم کتێبە بۆ چی؟

کتێبی (شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠) کە لە نوسینی مامۆستا (مستەفا نەریمان)ە، سەردەمێکی زیندووی خەبات و بەرخودانی میللەتی کوردمان لە ناوچەی گەرمیان و بەتایبەتیش لە شاری کفری وەبیر دێنێتەوە. خەڵکی ئەو ناوچەیە هەردەم هاوەڵی شۆڕشەکانی کورد بووە، گیانی کوردایەتی بۆ ساتەوەختێکیش لە گەرمیاندا لاواز نەبووە، دەکرێت بە تەعریفی ئەمڕۆ بڵێین ئیبراهیم خانی دەلۆ پیاوێکی خوێندەوار نەبووە بەڵام ئەوەی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە ئامادە نییە بەو وەسفە (ئیبراهیم خان) بێنێتە پێش چاوی خۆی، لەبەر ئەوە دووبارە چاپکردنەوەی ئەم کتێبە زەرورەتێکی مێژوویییە بۆ ئەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری سەردەمی (ئیبراهیم خانی دەلۆ) بە نەوەکانی ئەمڕۆ و دواڕۆژ بگەیەنین.

ناکرێ میرخاسی و کوردایەتی خەڵکی گەرمیان لە ناوچەی (کفری)دا سنووردار بکەین، بەڵام ئەو ڕیوایەت و بەڵگەنامانەی لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو ناوانەی لە بەشەکانی کتێبەکەدا هاتووە ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ قارەمانێتی و مێژووی پڕ سەروەری خەڵکی شاری کفری و دەوروبەری، لەم کتێبەدا پێکهاتەی دانیشتوانی شاری کفری لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی واقعی و ڕاستگۆیانە تەرح کراوە و ئاستێکی باش لە مەوزوعیەتی نووسینەوەی مێژووی ئەو دەڤەرەشی پێوە دیارە، نوسەر لەم کتێبەدا جگە لەوەی پشتی بە سەدان سەرچاوە و شایەت حاڵ بەستووە، هەوڵیداوە هەڵکەوتەی جوگرافی و دیموگرافیای شاری کفری و ئەو شار و شارۆچکە و گوندانەی کە لە دەوروبەریدان بۆ خوێنەری ئاشکرا بکات کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی جگە لە مەغزا سیاسیەکەی ئامانجێکی کۆمەڵایەتی و ئاینیش بپێکێت و تام و چێژێکی بە خوێنەری کتێبەکەداوە، ئەو پێنج بەشەی کە کتێبەکەی بەسەر دابەشکراوە بەشێکیان تایبەت کراوە بە

پەیوەندی نێوان هۆز و بنەماڵەکانی کفری و دەوروبەری و ئاکامی ئەو پەیوەندیانەش لەسەر هەردوو رەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی باسکراوە، هەروەها لە کتێبەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە ناوی کە سایەتیە ئایینی و کۆمەڵایتیەکان هاتووە کە لەو سنوورەدا پێگەو رۆڵی خۆیان هەبووە و لە پاڵ ئەمانەشدا شێوازی حوکمرانی ناوچەکە و ئەو بەرپرسانەی کە لە شاری کفریدا کاریان کردووە بە شێوەی ریزبەند هاتووە و دەکرێت بڵێین لە کتێبەکەدا مێژوویەکی کورت کراوەی هەموو شاری کفری و کەسایەتی و عەشیرەتەکانی ناوچەکە ئاماژەی بۆ کراوە و جێگیر کراوە، هەروەها لە کتێبەکەدا گرنگی رۆڵی تەریقەت و زانایانی ئایینی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکە باسکراوە و هەندێك لە تایبەتمەندی (ئیبراهیم خان) و بنەماڵەکەی خراوەتە روو کە مەبەست تیایدا پاراستنی مێژوویەکی راستەقینەیە و هەرگیز هەست ناکەی شێوازی پیاهەڵدان و ڕیایی لە کتێبەکەدا هەبێت، لە بەشێکی کتێبەکەدا هەڵوێستی جەماوەری شاری کفری لە بەرامبەر داگیرکەراندا بە دیار خراوە کە تیایدا پشتگیری خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ شۆڕشی ئازادیخوازی و ئەو قوربانیانەی کە لە پێناو ئازادیدا دراوە زۆر بە روونی باسکراوە.

دەکرێت بڵێین چاپکردنەوەی ئەم کتێبە لەم بارودۆخەدا گرنگیەکی مێژوویی و سیاسی هەیە و راستیەکانی مێژووی کورد لە ناوچەیەکی هەستیاری کوردستاندا، دەخاتەوە پێش چاوی خوێنەر و هەندێك لەو راستیانەش بە دیار دەخاتەوە کە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری شێوابوو رەنگە ئەوەی ئەم سەردەمە کەمێك بە زەحمەت لە ناوەڕۆك و ئامانجی بە چاپ گەیاندنی کتێبەکە لەوسەردەمەدا تێبگات، بەڵام بە خوێندنەوەی تەواوی کتێبەکە کۆمەڵێك رەهەند و بەهای گرنگ دەست خوێنەر دەکەوێت کە بەشێکی زۆر لە نووسەر و رووناکبیرانی کورد بە دوایدا دەگەڕێن، لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەور و ماندووبوونی مامۆستا (نەریمان – مستەفای سەید ئەحمەدی بەرزنجی) نووسەر و

رۆژنامە نووس و مامۆستا بخەمە روو لەبەر ئەو هەموو دڵسۆزی و ماندووبونەی بۆ ساغ کردنەوەی راستی رووداوەکان و رووبکاریەکانی، مامۆستا نەریمان لە ماوەی ٤٠ ساڵدا کۆمەڵێك بەرهەمی بە سوود و بە پێزی پێشکەش بە بزاڤی رۆشنبیری کوردی کردووە، مێژووی نزیکی گەرمیانی وەکو خۆی تۆمار کردووە دەقاو دەق و تایبەتمەندیەکانی و ووردەکارییەکانی بۆ خوێنەران پیشانداوە.

محەمەد شاکەلی

گەرمیان/ ٢٠٠٧

لەوساوە خۆم ناسیوەتەوە ((هەرای برایم خان)) و رۆژی (هەیەجانەکە)م* هاتووەتە بەر گوێ و لەو کەسانەی کە خۆیان لەو هەرا و هەیەجانە بەشداریان کردووە و تیادا بوون چەندەها نموونە لەو روداوەیانم لەدەم بیستووە، کە کەوتمە پێ و شوێنی ئەو روداوانە چوومە ناو جەرگەی دێهاتی ئەو مەڵبەندەی کە (هەرا)یان (شۆڕشەکەی) تیادا تەقیوەتەوە، ئینجا کەوتمە سەر ئەوەی لەو سەرچاوە زیندووانەوە رووداو و کارەسات تۆمار بکەم تاوەکو لە رۆژانی داهاتوودا بەچاپیان بگەیەنم، ئەوەبوو ئەو هیوایەم لەسەر بەرگی کتێبی (کتێبخانەی کوردی سالّی ١٩٦٠)مدا دەربڕی سالّێکی بەسەردا تێنەپەڕی زەبر و زەنگ دەستی پێکرد و لە مەڵبەند دوور خراینەوە و هەر سەرچاوەیەکیشم تۆمار کردبوو بەچاو تروکاندنێك لەناو چوون.

پاش بلاّوبوونەوەی بەیانی یانزدەی ئاداری سالّی ١٩٧٠ دیسانەوە چوومەوە ناو گوند و دێهاتەکانی ناوچەی ئەو شۆڕشە بینیم هەندێ لەو کەسانەی لە چلەکان و پەنجاکاندا سوودم لێوەرگرتبوون کۆچی دواییان کردووە، بەلاّم هێشتا چەند ژمارەیەك لە شۆڕشگێڕانی ئەو حەلە لەژیاندا بوون شتێکم لێ وەرگرتنو خستمە سەر ئەوەی لەبیرم مابوون ئینجا کەوتمە خوێندنی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی ئەو بزووتنەوەیە شتێکیان بلاّوکردۆتەوە هەموو ئەو کەرەستانەم

---

* رۆژی (هەیەجانەکە) واتە رۆژی هەڵچوون دژی داگیرکەر، لەناو بەشێك لە دانیشتووانی کفری و دەوروپشتیدا شۆڕشی برایم خانی دەلۆ بە رۆژی (هەیەجانەکە) یان بە (هەرای برایم خان) ناو نەبرێت.

تۆمار کرد، کەوتمە گەڵاڵە کردنیان، لەسەرەتای هەشتاکاندا بەعەرەبی نووسیمەوە و بەهیوای ئەوەی بەچاپی بگەیەنم، بەڵام (ئەوەی لای بەنە خەیاڵە لای خوا بەتاڵە) ئــەو هیوایەم بەکۆرپەیی لەبارچـوو، نـەخێر

ئەمجارە دەستێکی ترم پیاهێنایەوە و سەر لەنوێ بەکوردی دامڕشتەوە بۆ ئەوەی جارێك با کورد لە مێژووی نزیکی خۆی بگات، بۆئەوەی بۆ عەرەبیشمان لە خەباتی نزیکی هاوبەشمان بگات بەعەرەبی کردنی ئەرکێکی ئەوتۆ گران نییە.

ئەم کتێبە بریتیە لە پێنج بەش، بەشی یەکەمیان لێکۆڵینەوەی ئەو سەرچاوانە ئەکات کە لەسەر شۆڕشی برایم خان شتێکیان بڵاوکردۆتەوە، بەشی دووەمیان لەو زەمینەیە ئەدوێ کە شۆڕشەکەی تیادا تەقیوەتەوە و ئەرکی شۆڕشی کەوتۆتە سەر واتە مێژووی شاری (کفری) لە دێڕ زەمانەوە تا ساڵی بیست، لە بەشی سێیەمدا لە مێژووی ئەو هۆزە شۆڕشگێڕە دواوم کە شۆڕشی بەرپاکردووە و قۆرسایی ئەو رووداوەی کەوتۆتە سەر لەتەك ئەومدا کورتە مێژوویەکی ئەو هۆزانەم دەربڕیوە کە ناویان لەو راپەڕینەدا هاتووە، بەشی چوارەم بۆ رووداوەکانی شۆڕشی برایم خان تەرخان کراوە زۆربەی ئەم بەشەم لە زاری ئەو شۆڕشگێڕانە وەرگرتووە کە لەو راپەڕینەدا بەشداریان کردووە، لە بەشی پێنجەمدا هاتوومەتە سەر دەربڕینی کارکردنی ئەو رووداوە مێژووییەی بەسەر شاری کفری و ئەو شۆڕشگێڕانەدا و بەهەلم زانیوە ناوی ئەو کاربەدەستانە تۆمار بکەم کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە تا ئەم نزیکانە (قایمقام و سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری قوتابخانە) بوون تاوەکو ببێتە تۆمارگەیەك بۆ لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی لەمەوپاش.

ئەم کتێبە بەپێی توانا لە بنج و بناوان و ڕەگ و ریشەی ئەو شۆڕشەوە تێهەڵچووە تا گەیشتووەتە خودی شۆڕشەکە و سەرکەوتوومتە سەر لق و

پۆپەکەشی، هەروەها بەشێوەیەکی قوول و فراوان لە پەیوەندیەکانی ئاسۆیی و ستونی ئەو شۆڕشە دواوە لەگەڵ شۆڕشەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی، بەم کتێبە توانیم ئەرکێکی سەرشانم دەربارەی ئەو فەرماندە تێکۆشەرە کە (برایم خانە) و ئەو هۆزە شۆڕشگێڕە کە (دەلۆ)یە و ئەو شارە قارەمانە کە (کفری)یە پێشکەش بەنەوەی ئەمڕۆمانی بکەم، هیوادارم مایەی رەزامەندیتان بووبێت.

مصطفى نەریمان

بەغداد – ساڵی ١٩٨٤

بەشی یەکەم

کورتەیەك دەربارەی رووداوەکانی شۆڕشی بیست:

مێجەر (دیلی) کە حاکمی سیاسی بەریتانیا ئەبێت لە شاری (دیوانیە)دا خەرج و باجێکی قورسی خستبووە سەر خەڵکی ڕەش و ڕووت، هەروەها بێگاری پێ ئەکردن لە کردنەوە و تەخت کردنی ڕێگاوبان و پاککردنەوەی جۆگە و ئاو و ئاوبەست دروست کردن و ئەو کەسانەی کە (مەزبەتە)[1]کانیان مۆر کردبوو تەنگیان پێهەڵچنین، حاکمی گشتی دیوانیە داوای لە جێگرەکەی خۆی کرد لە (رمیثە)[2] کە گەورەی هۆزی (بەنی جەحیم – ظەوالم) بانگ بکاتە لای خۆی و ڕەوانەی لای ئەوی بکات، جێگری حاکمیش ڕۆژی ٢٩ی حوزەیران (شێخ شەعلان ئەبولجون)ی بانگ کردە لای خۆی بە ڕوو گرژی و مۆنییەوە پێشوازی لێکرد و فەرمانی مێجەر (دیلی) پێڕاگەیاند و دەرگای لەسەر داخست بەو هیوایەی سبەینێ ڕەوانەی بکات، شەعلانیش بەیەکێك لە پیاوەکانی ووت ((ئەمڕۆ وا من بەند کراوم سبەینێش ڕەوانە ئەکرێم، بڕۆ بەکەس و کارم بڵێ دە لیرەم بە کتوپڕی بۆ ڕەوانە بکەن)) کەس و کارەکەی لە قسەکەی گەیشتن کتوپڕ لە سپێدەی ڕۆژی (٢٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠)دا ئەو دە چەکدارە هەڵیان گوتایە سەر مەرکەزی پۆلیس ئەوانیش بەڕەنگاریان لێ کردن و دوو پۆلیسیان لێ کوژرا و ئەمانیش بەزۆری کوتەك شێخ شەعلانیان لە بەندیخانە دەرهێنا و بەهۆسە[3] کێشانەوە گەڕانەوە ناو هۆزەکەیان.

ڕۆژی ڕزگار کردنی شێخ (شەعلان) لە بەندیخانە واتە ڕۆژی (٢٠)ی حوزەیران بەرۆژی سەرەتای شۆڕشی سالّی بیست ئەدرێتە قەڵەم، لەو ڕۆژە بەولاوە شۆڕشگێڕان ریزی خۆیان ڕێکخست و پەیوەندی ناو خۆیان قایم کرد و دەستیان کردە هەڵوەشاندنەوەی خەتی شەمەندەفەر و تێکدانی پرد و پەلاماردانی سەربازخانەکانی بەریتانی، حکومەتی بەریتانی کتوپڕ سوپایەکی (٥٢٠) سەربازی بەرەو (رمیثە) خستەڕێ. پێش ئەوەی بکەوێتە پەلاماردانی شۆڕشگێڕان لە

چواری تەممۆزدا هێرشیان بردنە سەر و ئابلۆقەیان دان و (٤٣) کەسیان لێ کوشتن، حکومەتی داگیرکەر بۆ فریاخستنی ئابلۆقەدراوان هێزێکی دیکەیان نارد لە نزیك شاری (رمیثە) شۆڕشگێڕان لەم هێزەش راپەڕین و (٤٧) کەسیان لێ کوشتن و (١٦٧) کەسیشیان لێ بریندار کردن و ناچار بوون پاشەکشێ بکەن، تا ٢٢ی تەممۆز چەند هێزێکی تریان نارده سەر شۆڕشگێڕان لە مایەپووچی بەولاوە هیچ سەرکەوتنێکیان وەدی نەهێنا.

ئەمە لووتی بەریتانیای شکاند و شۆڕشیش لە قاوغەکەی خۆی دەرچوو تەنیەوە هۆزی (فەتلە)یش بەسەرۆکایەتی (مزهر فرعۆن) قەزای (ئەبو صخیر)یان لەدەست سوپای بەریتانی رزگار کرد ئەوەندەی پێنەچوو قەزاکانی (شامیە) و (سەماوە) و شاری (دیوانیە) خۆیشی رزگار کرا، شۆڕش رۆژ بەرۆژ بەرفراوانتر ئەبوو کاربەدەستانی بەریتانیا لە خۆیانەوە شارەکانی (کەربەلا و نەجەف و کوفە)یان بەجێهێشت، لە بیستی تەممۆزدا شۆڕشگێڕان بە سەرۆکایەتی (عبدالواحد حاجی سوکەر) و (سەید عەلوان یاسری) ناوچەکەی (کفل)یان رزگار کرد، لەم ئارایەدا چەند شەڕێکی قورس بەرپابوو گەورەترین شەڕەکەی (رۆستەمیە) بوو کە بە (رارنجییە) ناوبانگی دەرکرد، سوپای بەریتانیا بەزەرەر و زیانێکی گەورەوە شەڕەکەیان دۆڕاند و شۆڕشگێڕان تیادا سەرکەوتن و چەك و ئازوقەیەکی باشیان تیا بە دەسکەوت.

شۆڕش هەر لەناوچەی فوراتی ناوەڕاستدا نەمایەوە بەڵکو لیوای (رەمادی)یشی گرتەوە، لە بەرەبەیانی رۆژی ١٢ی ئابی ١٩٢٠دا (شێخ ضاری الزوبعي) و (خەمیس و سەلمان)ی کوڕی و چەند چەکدارێکیان بەپێی داواکردنی (لچمان) لە (خان النقطة)[٤] چاویان پێکەوت، (لچمان) بە شێخ ضاری گەیاند چۆن لەم رۆژانەدا حکومەتی بەریتانیا لە بەغداد ئاژاوە گێڕەکانیان[٥] گرتووە و دوور خستۆتەوە نەخێر پێی لێ بەرزکردەوە و دەستی کردە هەڕەشەکردن و قسەی ناڕەوا ئاراستە کردن بەشێخ، کوڕەکانی شێخ ئەمەیان بۆ قووت نەدرا دەماریان بزوت و دەمانچەیان لە لچمان هەڵکێشا گەوزاندیانە ناو خوێنی خۆیدا و هۆزەکانی نەو دەورو پشتەش راپەڕین و هێرشیان بردە سەر سەربازگەکانی

بەریتانی، لە سێی ئەیلولی ١٩٢٠دا هێزێك لە بەغداوە بە سەرۆكایەتی جەنەرالّ (هالّدین) چووە سەر شۆڕشگێڕانی (ڕەمادی) و لە ڕێگا شۆڕشگێڕانیان لێ ڕاپەڕی، هێزدكە چووە پێشەوە تا گەیشتە قەڵاكەی (ضاری) و لە ٢١ی ئەیلولدا دایانە بەرتۆپ و وێرانیان كرد و لە ٢٤ی ئەیلولدا شاری فەلوجەیان گرتەوە.

لە ١٢ی ئابیشدا هۆزی (كەرخە) شاری (بەعقوبە)یان لە داگیركەر ڕزگار كرد و بەسەرۆكایەتی (محمود موتوەلی) ئەنجومەنێكیان بۆ بەڕێوەبردنی شار پێكهێنا ئەوی شیاوی باسكردن بێت كوردێكی نەبەرد كە ناوی (ئیبراهیم عەبرەكە)* بوو لەم ناوە دەورێكی باشی لە شۆڕشدا گێڕا، هەر لەو ڕۆژانەشدا هۆزی (عەززە) بەسەرۆكایەتی (حەبیب خەیزەران) شاری (دەڵتاوە – خالص)یان ڕزگار كرد و كاپتن (لوید)ی جێگری حاكمیان بەدیل گرت، لە ١٤ی ئابیشدا هۆزی (تەمیم) شاری (مقدادیە – شارەبان)یان ڕزگار كرد.

لە ١٣ی ئابی ١٩٢٠دا هێزێكی بەریتانیا لە هندستانەوە گەیشتە بەغداد پاش نەوە بەچەند ڕۆژێك هێزێكی تریشیان گەیشتێ، لە پێشدا هێزێكیان نارد سەر لیوای دیالە تا ڕێگەی ئێرانیان بۆ پاك بێتەوە لە ٢٧ی ئابدا شارەبانیان گرتەوە لە ٨ی ئەیلولدا شاری (خالص)یان گرتەوە، هێزی بەریتانی هەر شارێكی ئەگرتەوە دەستی ئەكردە تاڵان كردن و ئاگر تێبەردان و گرتنی ئەم و ئەو و گوللەباران كردنیان[٦]، پاش ئەوەی ئەم شارانەیان داگیر كردەوە جەنەرالّ (هالّدین) بەیاننامەیەكی بۆ هۆزەكانی دیالە بلاّوكردەوە و تیادا داوایان لێ ئەكا كە بەرەنگاری ئەو سوپایە نەكەن كە بەرەو ژوور ئەڕوا بۆ ئەوەی شۆڕشەكانی (قوردتو ﴿ كنگربان) دابمركێنێت، مەبەستیشی شۆڕشی برایم خان بوو لە كفری و شۆڕشەكەی خانەقی بوو.

---

* بڕوانە –سلێمان فیضی- (فی غمرة النضال) (لاپەڕە: ٢٨٥ – ٢٨٦).

ئەو سەرچاوانەی دەربارەی شۆڕشی برایم خانیان نووسیوەتەوە:

١- کتێبی (الثورة العراقية الكبرى) نووسینی (عبدالرزاق الحسنی) چاپی بەیروت ١٩٥٢ ژمارەی لاپەڕەکانی (٢٦٨) لاپەڕە:

بەناونیشانی (بەرەی کفری – واتە، بەرەی شەڕی کفری) لە لاپەڕە ١٧٠ی (ب)ی کتێبەکەیدا ئەمەی نووسیوە: (دانیشتوانی کفری ناڕەزایی خۆیان دەربارەی ڕەوشتی کاپتن –سلمۆن-ی حاکمی سیاسی لە کفری دەربڕی، چونکە قسەی خراپی پێ ئەوتن، بێ پێویست باج و خەراجی خستبووە سەر ئەو خەڵکە و فەرمانبەرێکی هیندیش لەو شارەدا بوو کە ڕەوشتی لەگەڵ خەڵکەکە زۆر تووند و تیژ و ناڕەوابوو. لە ئابی ١٩٢٠دا (سلێمان فەتاح) کە لاوێکی نیشتمانپەروەر بوو بەکفریدا تێپەڕی و ڕەوشتی خراپی ئەم دوو فەرمانبەرەیان بۆ گێڕایەوە، ئەویش پەیوەندی لەگەڵ گەورەکانی ناو شاردا کرد و دەنگوباسی شۆڕشی فوراتی بۆ گێڕانەوە و پێی ووتن کە دەسەڵاتی بەریتانی لە عیراقدا بەرەو لێژی ئەڕوات و بۆی دەرخستن ئەبێ ئەمانیش دژی بەریتانیا ڕابپەڕن لەبەر ئەمە (برایم خان)ی سەرۆکی هۆزەکانی دەلۆ لەگەڵ چەند تیرەیەکی جافدا ڕێککەوت و چوونە سەر لوتکەی شاخی (باوە شاسوار) کە ئەڕوانێتە سەر کفری و دەست ڕێژیان کردە سەر شار و سەرای حکومەت، سەلەمۆن لەمە ڕاچڵەکی و ویستی سەرکەوێتە سەرێ و چاوی بە برایم خان بکەوێ، بەڵام (سەعید وەنداوی)[٧] ئامۆژگاری کرد خۆی نەخاتە ئەو مەترسیەوە، چونکە ئێستا ئەو هۆزە لە حاڵەتی هەیەجاندا بەڵام سەلەمۆن گوێی نەدایە ئامۆژگارییەکانی و وەهای پیشاندا کە لەگەڵ برایم خاندا پەیوەندی باشە و ئەبێت خۆی بچێت و پەیوەندی لەگەڵ بکات تاوەکو لەم ڕێگایە لای بدات، هەر کە سەلەمۆن سەرکەوتە سەرێ شۆڕشگێڕان لای خۆیان تەوقیفیان کرد و هێرشیان برد و سەراکەیان گرت و هێزی (شەبانە)یان چەك کرد و بەیداخی بەریتانیایان هێنایە خوارەوە و هەر ئازوقە و چەك و ماڵێکیان لە بودجەی حکومەتدا هەبوو بردیان، لەسەر ئەمە حکومەتی بەغداد بەلاغێکی

دەرکرد و ئەم هەواڵە گەیشتە مێجەر (لۆنگریك)ی حاکمی سیاسی لە کەرکوك ئەویش تاقمێك لە تاڵەبانیەکانی بەسەرۆکایەتی (شێخ حەمید) و تاقمێکیش لە زەنگەنە بە سەرۆکایەتی (عبدالکریم) و (موراد رحمه الله)ی[٨] سەرۆکی شەبانە بەهێزێکەوە کەوتنەڕێ بەرەو (کنگربان) کە ٣٠ کیلۆمەترە لە کفریەوە دوورە سوپاکەیان پڕ چەك بە تۆپ و رەشاشەوە کە گەیشتنە کنگربان لەوێ (موراد بەگ) کاغەزێکی بۆ سەعید وەنداوی نووسی داوای لێکرد بکەوێتە نێوان حکومەت و شۆڕشگێڕانەوە، ئەویش لەبەر مەترسی هەڵوێستەکە ئەوەی نەگرتە ئەستۆ، هێزەکە بەرەو کفری کەوتەڕێ و شەڕ کەوتە نێوان ئەمان و شۆڕشگێڕانەوە، لەو شەڕەدا کوڕی کوێخا ئەورەحمانی کارێزی و چەند کەسێك کوژران و بەرامبەر ئەو ژمارەیەش لە سوپا کوژرا کوشتنی کوڕی کوێخا کاری کردە سەر شۆڕشگێڕان و لە بریتی خوێنی ئەودا (سەلەمۆن)یان کوشت.

لۆنگریك لە کفری لە سەرای میریدا لەگەڵ (بەهجەت بابان و جەمیل بابان و سەعید وەنداوی و محسن ئاغا و عومەر ئاغا) کۆبوونەوەیەکی کرد و داوای لێکردن تەرمی سەلەمۆن بدۆزنەوە، کە دۆزیانەوە بینیان دەستێکی بڕاوە، لەسەر ئەنجامدا باجێکی دە هەزار روپیەیان خستە سەر دانیشتوانی کفری لەگەڵ ٥٠٠ تفەنگ، دانیشتوانی شار ناچار بژاردیان، شێخ حەمید تاڵەبانی کرا بەقائمقامی کفری و لۆنگریك بەخۆی و هێزەکەیەوە گەڕایەوە کەرکوك)).

لێکۆڵینەوە:

١- مامۆستا (عبدالرزاق الحسنی) لە دەست نیشان کردنی دۆست و دوژمنانی شۆڕش بەهەڵەدا نەچووە هەروەها باشی بۆچووە کە دانیشتوانی شار لە ڕەوشتی سەلەمۆن و دەست و دایەرەکەی ناڕەزاییەکی زۆریان هەبوو.

٢- (سلێمان فەتاح) لە هۆزی (بەیات)ی ناوچەی دووزە کوڕی (فەتاح پاشا)یە کە یەکەم کارگەی چنینی کاڵای هێنایە عیراقەوە، سلێمان هیچ پەیوەندی بەکفریەوە نەبووە و کەسێکی لە شۆڕشگێڕان نەناسیووە و لە کەسم نەبیستووە بڵێن لەو سەردەمەدا هاتووەتە کفری.

٣- بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕان بەدناو بکەن دەست و دایەرەی سەر بەبەریتانیا ئەو دەنگ و باسەیان بڵاوکردەوە گوایە شۆڕشگێڕان دەستی سەلەمۆنیان بڕیوە، ئەمە لە ڕاستیەوە زۆر دوورە، برایم خان خۆی ئاگای لە کوشتنی سەلەمۆن نەبووە و کوشتنی ئەم دیلەی زۆر لا گران بووە ئیتر چۆن پاش کوشتن دێن دەستی ئەبڕن؟

٤- (کنگربان) بە مولکایەتی هی جەمیل بەگی مەجید پاشای بابانە، دانیشتوانی گوندەکە لەهۆزی (دەلۆ)ن و زۆربەیان لە تیرەی (تەرکەوەند)ن، ئەم گوندە بە دە کیلۆ مەترەیەك ئەکەوێتە ڕۆژئاوای کفریەوە نەك بە ٢٠ کیلۆمەترە، ئێستگەی شەمەندەفەر بەدوو کیلۆمەترەیەك نزیك کنگربان بوو، هەروەها سەربازگەیەکی بەریتانی بەنزیکەوە بوو لە ئێستگەکەوە نزیك تر بوو لەوەی لە کنگربانەوە.

٢. یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨ – ١٩٦٠):

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە نێوان ساڵانی (١٩٥٦ – ١٩٥٩) شەش بەرگە یادداشتی[٩] خۆی بەکوردی لەچاپدا و بڵاوکردەوە، لە بەرگی دووەمی یادداشتەکەیدا دەنگ و باسی ئەو کۆبوونەوانەی گێڕاوەتەوە کە لە بەغداد لە ماڵی (حەمدی بەگی بابان) و لە (مزگەوتی حەیدەر خانەدا) دەکرا و مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەو ڕۆشنبیرانە بوو کە لە شێخ مەحمودی حەفیدەوە زۆر نزیك بوو و

جێی متمانەی شێخ بوو، خوالێخۆشبوو لە یادداشتەکەیدا دەربارەی شۆڕشی برایم خان لەم چەند دێرە بەولاوە هیچی نەنووسیوە کە ئەڵێت (... شۆڕش هەڵگیرسا، هەموو فوراتی گرتەوە، ئەم جارەیش کورد راپەڕی و برایم خانی دەلۆ لە هەرێمی کفری شۆڕشێکی بەرپا کرد و کفری گرت و حاکمی سیاسی سالۆمین لەم شەڕەدا کوژرا) لە شوێنێکی تری هەمان بەرگدا ئەڵێت (پێش ئەوەی حەمدی بەگی بابان لە تاقیکردنەوە بکەوێت و لە حیساباتی ئینگلیز بخرێتە دەرەوە ویستم بگەڕێمەوە سلێمانی، چونکە شۆڕشی کوردەکانی دەورو پشتی کفری و حەرەکەتی برایم خان تەواو بووبوو رێگەی نێوان بەغدا و کەرکوك کرابووەوە).

لێکۆڵینەوە:

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٤دا کۆمەڵی هیوا (١٩٣٩ – ١٩٤٥) لە ئاوایی (کەلار)[١٠] کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پێکهێنا تاوەکو گیروگرفتی ناوخۆ ئاسان بکرێ، شەوێ کە نەو کۆبوونەوەیە تەواو بوو لە گەڕانەوەدا لەگەڵ رەفیق حیلمیدا بە ئۆتۆمبێلەکەی کاك (فلامەرز) و لەگەڵ کاك (حمە صالحی دەلۆ)یی بەرەو ئێستگەی شەمەندەفەری کفری چووین، کە ئۆتۆمبێلەکە گەیشتە کەناری دێی (برایم خان) مامۆستا داوای لێکردین کە (عەزیزی برایم خانی) چاو بێ بکەوێ، کە عەزیزی بینی پێی ووت (رۆڵە، باوکی تۆ پاڵەوانێك بوو بۆ خۆی و لای شێخ مەحمود پایە و مەقامی خۆی هەبوو نەبێ تۆش لەسەر رێگەی باوکت برۆیت).

لەو ساڵانەی کە مامۆستای خوالێخۆشبوو یادداشتەکانی چاپ کرد و بەشی نەو شۆڕشەی نەوەندە تیادا نەبوو چووم و گلەییم لێکرد و بەڵێنیدا کە چارەسەری ئەو کەلێنە بکات، ئەوەبوو مەرگ ماوەی نەوەی نەدا کە ئەوەی لە خەیاڵیدابوو بیخاتە سەر کاغەز.

۲- چیم دی؟

مامۆستا (ئەحمەد خواجە، ۱۹۰۲) لە حەفتاکاندا سێ بەرگە یادداشتی خۆی دەربارەی بزووتنەوەکانی کوردی ساڵانی ۱۹۱۹ – ۱۹۲۰ بڵاوکردەوە و دەوری خۆی چی بووە و چی بەچاو بینیوە تیادا تۆماری کردووە، لە بەشی سێیەمی یادداشتەکەیدا دەربارەی شۆڕشی برایم خان نووسیویەتی ئەڵێت ((لە کفری لەلایەن برایم خان و هاوڕێکانیەوە وەك وەیسی بەگ و حەمید عبدالرحمن کارێزی شۆڕشێك بەرپا بوو لە تشرینی ۱۹۲۰ – ۱۹۲۱ بەیەك دەست هێرشیان بردە سەر کفری پاش شەڕێکی قورس و کوشتنی چەند کەسێك لە دوژمنان کە یەکێکیان حاکمی سیاسی بوو کفریان گرت و سی و سێ رۆژ حوکمڕانیان تیادا کرد، بەریتانیەکان بۆیان دەرکەوت لە توانایاندا نییە بەتەنها خۆیان نەم بزووتنەوەیە بکوژێننەوە پەیوەندیان بە شێخ محمد عەلی تاڵەبانی و میلەری حاکم سیاسی کەرکوکەوە کرد، سوپایەکی گەورەی چەکدار بەتۆپ و چەکی نوێ گەیشتە کفری و شەڕ لەنێوان هەردوولا روویدا، ناچار برایم خان کشایەوە و دەستی دایە شەڕی چەتەگەری، لەدواییدا دوژمن ناچار بوو بڕیاری لێخۆشبوون بۆ شۆڕشگێڕان دەربکات، هدرچەندە هیوای هۆزی دەلۆ نەهاتە دی، بەڵام میژوو ناوی ئەو شەهیدانە تۆمار ئەکات کە خۆیان لە پێناوی نیشتمانیدا بە قوربانیدا وەك شەهید حەمید عبدالرحمن، سوپاس بۆ کاك صالح دەلۆیی کە[11] دەنگ و باسی ئەو شۆڕشەی بۆ گێڕامەوە.

لێکۆڵینەوە:

۱- ئەمە یەکەم سەرچاوەیە کە بەڕاستی ئەوەی دەربڕیوە برایم خان پاش کشانەوەی لە کفری و چەکی فڕێ نەداوە و شەڕی چەتەگەری کردووە.

۲- لەدەست نیشان کردنی میژووی رزگار کردنی شار و ناوهێنانی هەندێ کەسەوە کەوتووەتە هەڵەوە.

۳- نووسینەکە لە بیستنەوە نزیکترە لەوەی بەچاوی خۆی دیبێت.

٤- کتێبی (ابراهیم خان ئاثر من کردستان):

دکتۆر (موکەرەم تاڵەبانی) لە ساڵی ١٩٧٠دا لە کتێبێکی (١٠٤) لاپەڕەیدا باسی شۆڕشی برایم خانی کردووە و تیشکی خستوەتە سەر شاری کفری و ستراتیجیەت و گرنگێتی ئەو شارەی دەربڕیوە هەروەها دەوری سەرۆکایەتی برایم خانی دەربڕیووە و لە نەبەردی و ئازایەتی ئەو خەڵکە دواوە دژی پیلانی دوژمنان و بەوردی دەست نیشانی دوژمنانی شۆڕشی کردووە کە شێخ حەمیدی تاڵەبانی بە پێشڕەوی ئەو بەرەیە داوەتە قەڵەم.

لێکۆڵینەوە:

١- بەیەکەم کتێب ئەژمێردرێت کە بۆ شۆڕشی برایم خان تەرخان کرابێت.

٢- بەسەرکەوتووانە وەسفی ئەو کەسانەی کردووە کە ناوی هێناون، جا ئەو کەسانە لە ناوچەرگەی شۆڕشگێڕاندا بن یان لە بەرەی دژی شۆڕشدا بووبن.

٣- لەوەدا کەوتووەتە هەڵەوە کە برایم خانی بردوەتە سەر هۆزی (وەرمزیار)[١٢]، دانیشتوانی کفری و دەوروپشتی شار و ئەو سەرچاوانەی لەسەر برایم خانیان نووسیوە گومانیان لە (دەلۆ) بوونی برایم خان نییە.

٤- لەوەشدا دکتۆر کەوتووەتە هەڵەوە کە تشرینی یەکەمی بەمانگی رووداوەکە داناوە، لە راستیدا مانگی ئابی ١٩٢٠ ئەگرێتەوە.

٥- لەو سەردەمەدا گوندی (زەرداو) بەدەست (عبدالکریم وادی ئاغای زەنگەنە)وە بووە، عبدالکریم ئاغاش هاوپەیمانی شێخ وەهاب و بەریتانیەکان بووە و کۆبوونەوەی دژ بە شۆڕش لەو گوندەدا ئەکرا لەبەرئەوەی هیچ لە جوتیارانی ئەو گوندە نەیان وێراوە بەشداری لە هەڵگەندنی هێڵی شەمەندەفەر بکەن چ جا پەلاماردانی شەمەندەفەری بەریتانی خۆی.

٦- هەموو سەرچاوەکان ئەوەیان دەربڕیووە کە هۆزی داودە بەسەرۆکایەتی (رەفعەتی سمایل بەگ)و بەهاوکاری کردن لەگەڵ بەیات لە مانگی ئابی ١٩٢٠دا

شاری دوزیان له داگیرکەری بەریتانی رزگار کردووە، بەڵام مامۆستا موکەرەم لەمەیشدا کەوتووەتە هەڵەوە کە دەڵێت (هۆزی داودە لە ترسی شێخ حەمید نەچوونە ناو ریزەکانی شۆڕشەوە).

٥- کتێبی (لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث)، بەرگی پێنجەم سالّی ١٩٧٨، نووسینی (د. عەلی وەردی):

لە لاپەڕەکانی (٦٠ – ٦١)ی کتێبەکەیدا دکتۆر (عەلی وەردی) بەناونیشانی (شۆڕش لە کفریدا) نووسیویە ئەڵێت: ((لە هەرێمی کفری برایم خان کە سەرۆکی تیرەکەیە لە تیرەکانی دەلۆ شۆڕشی بەرپاکرد و تیرەیەك لە هۆزی جاف یارمەتیاندا، ئەڵێن سلێمان فەتاح لە جوڵانەوەی ئەم هەرێمەدا دەستێکی هەبووە، لە بەغداوە لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا گەیشتوەتە ئەم شارە و هانی سەرۆکەکانی شاری داوە و بۆی گێڕاونەتەوە کە شۆڕش لە فوراتی ناوەڕاستدا سەرکەوتووە. لە ٢٢ی ئابدا برایم خان و هاوڕێکانی سەرکەوتنە سەر شاخی (بابا شاهسوار) کە ئەڕوانێتە سەر کفری و لەوێوە دەستڕێژیان لە سەرای حکومەت کردوە ئەمەیش ئیشارەت بوو بۆ دەست پێکردنی شۆڕش، لەو کاتە مەعاونی حاکمی سیاسی (کاپتن سەلەمۆن) و هاوسەری لە کفریدا بوون و چەند کەسێك لەدانیشتووانی شار ئامۆژگاریان کرد کە خۆیان دەرباز بکەن، سەلەمۆن بەمە قایل نەبوو، (ویلسن) لە یادداشتەکەیدا ئەڵێت: سەلەمۆن لەو بیروباوەڕەدا بوو ئەگەر لەو هەل و مەرجە لە کفریدا بمێنێتەوە کارێکی مەعنەوی ئەکاتە سەر دانیشتوانی کفری، ئەو هەستی بەو ئەرکە کردبوو کە کەوتبووە سەری ئەبێ تا دوا کات شار بەجێنەهێڵێت، ئەم هەستەی لەجێی خۆیدا بوو (سالمون) بڕیاریدا خۆی بچێتە لای برایم خان و گفتوگۆی لەگەڵ بکات، چونکە وای دەزانی لەڕووی رەفاقەتەوە برایم خان ئامۆژگاریەکەی قبوول ئەکات و دەست لە شۆڕش هەڵئەگرێت، بەڵام هەر کە گەیشتە لای شۆڕشگێڕان گرتیان و هێرشیان بردە سەر شار و سەرایان

گرت و چی تیادا بوو تالانیان کرد و ئالای بەریتانیایان هێنایە خوارەوە، هاوسەری سەنەمۆن لە کفریدا مابووەوە چەند کەسێك گەیاندیانە سەربازگەی بەریتانیای رێك (کنگربان) لەوێ هێزێکی بەریتانی هەبوو بریتی بوو لە دوو فەسیلی هیندی و هەندێ تۆپ و رەشاشیان هەبوو. هەر کە دەنگ و باسی شۆڕشی کفری گەیشتە مێجەر (لۆنگریك)ی حاکمی سیاسی کەرکوك هێزێکی پێکهێنا لە شەبانە و چەند کەسێك لە تالەبانی و زەنگەنە لەوێوە هاتنە نێستگەی کنگربان و ئەو هێزە لە سەربازگەکەی کنگرباندا بوو تێکەڵیان بوو رووبان کردە کفری و شەڕێك نە نێوان ئەوان و شۆڕشگێڕان بەرپا بوو چەندکەسێك لە هەردوولا کوژران، بەنجەی قەزا و قەدەر کۆڕی (کۆیخا ئەورەحمان کارێزی) کوشت کە یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی شۆڕش، شۆڕشگێڕانیش کتوپڕ (سالمۆن)یان کوشت کە بەدیل گیرابوو دەستێکیشیان بڕی، کوشتنەکەی لە تۆڵەی کوشتنی کۆڕی کارێزیدا بوو، شەڕەکە بەسەرکەوتنی (لۆنگریك) دوایی هات، دە هەزار روپیە و پێنج سەد تفەنگ سزا خرایە سەر دانیشتوانی (کفری)، حەمید تالەبانی کرایە قایمقام، ئەوانیش گەڕانەوە کەرکوك.

لێکۆڵینەوە:

١- دکتۆر عەلی وەردی لەسەر چاوەکانی پێشوتر مێژووی رزگار کردنی کفری دەست نیشان کردووە و ئەوەی دەربڕیوە کە هێزی دوژمن لە نێستگەی کنگرباندا بووە نەك لە گوندی کنگربان خۆی.

٢- لەوەدا بەهەڵە چووە کە دەورێکی داوە بە (سلێمان فەتاح) دیارە ئەم خاڵەی لە ماموستا حوسنیەوە وەرگرتووە.

٣- دکتۆر وەردی نەیتوانیوە ئەم مەوزوعە بەتەواوەتی تێر بکات، بۆیە وتویەتی: لێکۆڵینەوەی ئەم رووداوانەی کوردستان ئەخەمە ئەستۆی برا کوردەکانم، خۆیان.

٦- کتێبی (دور الشعب الکوردی في ثورة العشرین العراقیة) نووسینی د. کمال مەزهەر ئەحمەد، چاپی ١٩٧٨، ١٩٦ لاپەڕەیە:

پێش ئەوەی دکتۆر کەمال ئەم کتێبەی لە چاپ بدات چەند جارێك لە لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەربارەی رۆڵی کورد لە شۆڕشی بیستدا بەدوور و درێژی نووسیویەتی، ئەم کتێبەشی لەلایەن هەندێ لە نووسەرانەوە پەسەند کراوە و شتی لەسەر نووسراوە[١٣]. بەشی دووەمی کتێبەکەی دکتۆر کەمال تەرخان کراوە بۆ رۆڵی کورد لە شۆڕشی بیستدا، لەم بەشەدا نۆ لاپەڕەی بۆ (شۆڕشی برایم خان) تەرخان کردووە، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستیدا بووە باسەکەی تێر و تەسەل کردووە لە زۆر لایەنەوە سەرکەوتووە.

لێکۆڵینەوە:

١- بەسەرکەوتووانە رووداوەکانی شۆڕشی گێڕاوەتەوە.

٢- چووەتە قوڵایی ڕەگی شۆڕشی بیستەوە، رووداوەکانی پێش شۆڕشی هەموو شی کردۆتەوە و پێکەوە جەمسەری داون.

٣- دکتۆر کەمال لەوەدا بەهەڵەدا چووە کە (برایم خان)ی بەلای وەرمزیارەوە راکێشاوە لەمەدا پشتی بەیەك سەرچاوە بەستووە.

٤- زۆر ستایشی شۆڕشی کەمالیەکانی کردووە و یەکێك لە هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشی بیست ئەباتەوە سەر ئەوەی (کەلە سنووریکی تەسکدا جولاونەتەوە و چاویان نەبڕیوەتە شۆڕشی مستەفا کەمال بزانن ناخۆ چۆن ئەو لەگەڵ دەرەوەدا پەیوەندی پتەو کردووە). مستەفا کەمال لەگەڵ سۆڤیەتدا ڕێکەوتنێکی حەوت خاڵی مۆر کرد[١٤]، سۆڤیەت لەو ڕێکەوتنە بەهیوای ئەوە بوو کەمالیەکان ڕێیان بدەن بیروڕایان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاو بکەنەوە بەرامبەر ئەمە سەربەخۆیی بدەنە موسڵمانەکانی سۆڤیەت، چ مادی و چ مەعنەوی مستەفا کەمال یارمەتی تەواوی وەرگرت و خۆی پێ بەهێز کرد و

دوژمنی ولاتی پێ دەرکرد و هەر ئەو چەکەشی.ئاراستەی سنگی کورد کرد، ناهەقی نەبووە (رەفیق حیلمی) لە یادداشتەکەیدا بڵێت (پێ بەوەدا ئەنێم من لەو دیفاعەی لە تورکم نەکرد[١٥] بە هەڵەدا چوو بووم، چونکە نیمە مانان لە عیراقدا نەمان ئەزانی لەناو کورده نیشتمان پەروەرەکان چی هەیە، ئەو نووسەرانەی کە مستەفا کەمالیان بەگورگەبۆر ناوبردووە بەهەڵەدا نەچوون)، هەڵوێستی (نەهرۆ)ی سەرەك وەزیرانی هندستان لە ئاستی قووتدانی مافی کورد لەبیر ناچێت بۆیە کورد رۆڵەی خۆی بەنا (نەهرۆ) و (غاندی)یەوە ناو ئەنێت.

٧- ولاية الموصل: دراسة في تطوراتها السياسية ١٩٠٨ — ١٩٢٢:[١٦]

لە نامەکەدا دەربارەی (شۆڕشی کفری) زۆر بێ لایەنی دواوە و باسی هۆی شۆڕشەکەی کردووە و هەندێ لە رووداوەکانیشی گێڕاوەتەوە.

لەسەرچاوەکانی تری عیراقیدا وەك (الثورة العراقية الكبرى لعبدالله الفياض ١٩٧٢) و (الحقائق الناصعة في الثورة العراقية ١٩٥٢) لەیەك دوو دێر بەولاوە هیچی تر نەنووسراوە.

٨- سەرچاوەی بێگانەکان:

ئەو کاربەدەستە گەورانەی ئینگلیز کە لەو سەردەمەدا لە عیراقدا فەرمان رەواییان کردووە — -هەریەکە بەپێی بۆچوونیان- کەم تا زۆر دەربارەی ئەو رووداوانە نووسیویانەتەوە وەك (ئەدموندسن) و (سۆن) و (مسس بێل) ئەو یادداشتانە زۆریان کراونەتە عەرەبی، بەڵام یادداشتەکانی (ئەرنۆڵد ویلسن) کە جێگری حاکمی سیاسی گشتی عیراق بووە و (أ. ل. هۆلدین) کە فەرماندەی گشتی سوپای بەریتانی بووە لە عیراقدا نەهەمیەتێکی تایبەتی خۆیان هەبووە، هەردووکیان ئەنگوستیان بۆ شۆڕشی کفری درێژ کردووە و هەردوو کتێبەکەشیان

گراونەتە عەرەبی[١٧]. بەپێی پێویست لە ناو ئەم کتێبەدا پەنجە بۆ ئەو دوو سەرچاوانە رائەکێشن.

لەو کتێبانەی کە بێگانەکان دەربارەی شۆڕشی بیستیان نووسیبێت کتێبەکەی نووسەری سۆڤیەتی (ل. ن. کاتلۆف)[١٨]ە، کتێبەکە بریتیە لە چواربەش، نووسەر دەربارەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری عیراق دواوە ئینجا چووەتە سەرباسی سیاسەتی ئینگلیز و رووداوەکانی شۆڕشی گێڕاوەتەوە و گرنگێتی ئەو شۆڕشەی دەربڕیوە، دەربارەی شۆڕشەکانی کفری و خانەقی بەیەک دوو دێڕ نەبێت ئاوڕێ نەداوەتەوە، لە شوێنێکیدا ئەڵێت (لە بیست و چواری مانگی ئاب شۆڕشگێڕەکان کفریان داگیر کردووە) و لە شوێنێکی تردا ئەڵێت (شۆڕشگێڕەکان چەند گوندێکیان لە هەرێمی رەواندز و کفری گرت) دەربارەی شۆڕشی خانەقینیش نووسیویە ئەڵێت (دەزگای موخابەراتی بەریتانی هۆزی کەلهورپیان دژی شۆڕشگێڕانی دەلۆ لە هەرێمی خانەقی هاندا بەوەی کۆمەڵێک لە هۆزی کەلهورِ بە سەرۆکایەتی گەورەکانیان پارێزگاریان لە دەزگاکانی کۆمپانیای نەوتی ئێرانی لە هەرێمی نەوتخانە ئەکرد کۆمەڵێک لە بەکرێ گیراوەکانی ئینگلیز لە سەرۆکەکانی هۆزی سەنجاوی هەڵمەتیان بردە سەر هۆزی دەلۆی شۆرشگێڕ).

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

١- مەزبەتە (مضبطة) – بەو داواکاریە ئەوترێ کە کۆمەڵێک خەڵک بۆ هاتنە بەرهەمی مەبەستێکی گشتی مۆری بکەن، لەو سالّەدا کە داگیرکەری بەریتانی هاتە عیراق و خەڵکی چەوساندەوە، ئەو خەڵکە لە هەموو لایەکەوە دەستیان کردە مەزبەتە ئیمزا کردن و بۆ کاربەدەستانیان بەرز کردەوە، ئەمە بەپلەی یەکەمی خەبات ئەژمێردرێ.

٢- رمیثة – گوندێکە دانیشتووانی (٢٢٥٠) کەسێک ئەبوون، کەوتۆتە سەر لقی (حیللە)ی رووباری (فورات)ەوە، لە نێوان (دیوانیە و سەماوە)دایە لە

(دیوانیه)وه (٦٢) کیلۆمەترەیەك دووره و له (سەماوه)شەوه (٣٦) کیلۆمەترەیه.

٣- هۆسه – بانگەوازێکی باوه لەناو عەرەبدا، نیشانەی هەڕەشه کردنه له دوژمن، خۆ ئامادەکردنه بۆ چوونه شەڕ، "هۆسه" خۆی بریتیه له چەند کورته بەیتێکی پڕ هێز و تەوژم، یەکێك هۆسەکه ئەڵێت و ئەو دواییان بەدەور خۆیان و ئەو کەسەدا سووڕ ئەخۆن و دووپاتی ئەکەنەوه و پێ ئەکوتنه سەر ئەرزا و چەکی دەستیان بەرز ئەکەنەوه.

٤- خان النقطة – کاروان سەرایه که کەوتووەته نێوان (بەغداد) و (فەلوجه) وه ئێستا (ئەبی منیصیر)ی پێ ئەوترێ.

٥- داگیرکەران به شۆڕشگێڕانیان ئەوت (ئاژاوەگێڕ).

٦- (مستەفا جەواد ١٩٠٨ – ١٩٦٩) له سەردەمی منالێدا له (خالص – دەلتاوه) بووه ئەو کارەساتەی بۆ (د. عەلی وەردی) گێڕاوەتەوه، ئەویش له لاپەڕه پەنجای بەرگی پێنجەمی کتێبەکەیدا (لمحات اجتماعية من تأريخ العراق) ساڵی ١٩٧٨ بەدوور و درێژی تۆماری کردووه بەتایبەتی گرتنەوەی شاری (دەلتاوه).

٧- محمد سەعید وەنداوی (١٨٨٧ – ١٩٥٤) یەکێك بوو له لایەنگرانی برایم خان، له دەرچووانی کۆلێژی حقوقی عیراقیه، له ساڵی ١٩٢١دا سەرۆکی شارەوانی کفری بووه، له سیەکاندا بووەته ئەندامی پەرلەمانی عیراق و له ریزی ئەو کەسانەدا بوو که بۆ داوا کردنی مافی رۆشنبیری کورد یادداشتێکی مۆر کرد، چەند ساڵێکیش قائمقامی کردووه.

٨- (مراد موبارەك رحمه الله) سەر به هۆزی (گێژ)ی دەوروپشتی کفربه، له سەردەمی ئیحتیلالدا بووه سەرۆکی (شەبانه). که هێزەکه له دانیشتوانی ولأت پێکهاتبوو دوایی هێزی پۆلیسی لێ دامەزرا – موراد بەگ له پۆلیسیدا سەرکەوت تا گەیشته پلەی موديری پۆلیس و قایمقام، له چلەکاندا له

تەمەنی هەشتادا کۆچی دوایی کرد، پیاوێکی کورتە بالأی زیرەکی ئازابوو، چەند جارێك لە بەغداد چاوم پێ کەوتبوو لەگەڵ (برایم حمە خان)ی گێژ چووبوومە مالّیان ئەمە لە سالأنی ١٩٤٢ و ١٩٤٣دا.

٩- مامۆستا مەلا جەمیل بەندی رۆژبەیانی بەرگی یەکەمی یادداشتەکەی کردە عەرەبی و لەسالّی ١٩٥٧دا چاپی کرد.

١٠- (کەلار)ی ئەو سەردەمە بریتی بوو لەدێیەکی (٢٥٠) مالّی و کەوتبووە رۆژهەلأتی خواروی کفری و بەچل کیلۆمەترەیەك لە کفریەوە دوور بوو، دێیەکە مەرکەزی بەگزادەکانی جاف بوو و سەر بە ناحیەی (سەرقەلأ)ی قەزای کفری بوو، لە حەفتاکانەوە لەسەر شەقامی (جەلەولا – دەربەندیخان) نزیك رووباری (سیروان) شارێکی تری بەناو (قەزای کەلار)دوە دروست کراوە و سەر بەپارێزگای سلێمانیە. (کەلار)ی کۆن وەك خۆی ماوەتەوە، بەلأم ئەو مەیدانەی لە نێوان هەردوو کەلارە ئەوەندەی نەماوە بەخانووبەرەی تازە پڕ بکرێتەوە.

١١- (صالح دەلۆیی) یەکێکە لە دەلۆییەکانی ناوچەی سەنگاو، چل سالّێکە لە سلێمانیدایە، لەوێ دوو ژنی هێناوە و کوڕی ژنی هێناوە و کچی شووی کردووە، خزم دۆست و رۆشنبیرێکی کوردە.

١٢- (وەرمزیار) تیرەیەکە لە هۆزی (بلّباس)، لە هەرێمی (بۆکان)یشدا هۆزێك بەو ناوەوە هەیە، لەناو هەردە تیرەکانی (دەلۆ) وەرمزیاریان تیادا نییە.
بڕوانە: میّژووی کورد و کوردستان بەعەرەبی، چاپی ١٩٧٠، نووسینی (محمد ئەمین زەکی).

١٣- بڕوانە، رۆژنامەی (العراق) رێکەوتی رۆژی ١٩٧٩/٢/١٢ نووسینێك بەناونیشانی (موقع الکرد في ثورة العشرین) نووسینی، زبیر بلال سەعید.

١٤- دەقی ئەم رێکەوتنامەیە لە رۆژنامەی (الاستقلال)ی سەر بەشۆڕشی بیست ژمارە (٤٤)ی شوباتی ١٩٢١دا بلأو کراوەتەوە.

- مامۆستا (رەفیق حیلمی) لە رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) و (النجمة)ی کەرکوکدا بەتورکی نووسینی زۆرە لەو حەلەدا هەوای تورکینزم چووبووە کەللەیەوە، گردەوەی تورکە شۆڤینزمەکان ئەو هەوایەی لە کەللەی دەرکرد.
- نامەیەکی ماجستێرە مامۆستا (خەلیل ئیبراهیم ئەحمەد) لە ساڵی ١٩٧٥دا پێشکەش زانکۆی بەغدادی کردووە، نامەکە بریتیە لە (٦٧٣) لاپەڕە نازانم چاپ کراوە یا نەء؟
١٧. بڕوانە کتێبی (التمرد في بلاد مابين النهرين) نووسینی (أ. ل. هالدین) مامۆستا (فوئاد جەمیل) ساڵی ١٩٦٥ کردویەتیە عەرەبی، هەروەها (شۆڕشی عیراق - الثورة العراقية) نووسینی (ئەرنۆڵد ویلسن) مامۆستا (جعفر الخياط) لە ساڵی ١٩٧١دا کردویەتیە عەرەبی و بڵاوی کردۆتەوە.
١٨. نامەیەکە (ل. ن. کاتلۆف) داویەتیە ئامۆژگەی رۆژهەڵاتی سۆڤیەتی سەر بە ئەکادیمی زانستی شەهادەتی دکتۆرای پێ وەرگرتووە، (د. عبدالواحد کرم) بەناونیشانی (ثورة العشرين الوطنية التحررية) ئەو نامەیەی کردوەتە عەرەبی کە بریتیە لە (١٩٠) لاپەڕە و لە ساڵی ١٩٧١دا چاپ کردووە.

بەشی دووەم
زەمینەی شۆڕش (کفری)

(کفری) وەك وشەیەك لە عەرەبیدا گەلێ مەعنا دەبەخشێ وەك: (کفر، کفرا) داپۆشینی شتێك، (کفر - کفرانا) دژی ئیمان هێنان بەخوا. (کفر) ئەرزێکی دوور لە خەڵکە (کفور) ئاوایی (الکفر) شەوە زەنگ. (کفر) لادێ، لە (سریانیدا - کفرا).

ئەگێڕنەوە کە جێ و شوێنی کفری ئێستا جەنگەڵ بووە داری گەز (کەفر)ی تیا رواوە، بۆیە ووتراوە:

((ناوی ئەم شارە لە (کوفر)ۆ نییە:

لەداری (کفر)ۆ بوو بەم (کفری)یە))[1]

لەلایەڕەکانی مێژووی نوێ چاومان بەوە نەکەوتووە چۆن و کەی شارە کۆنەکەی (کفری) بووەتە گردێکی (٥٥ پێ) بەرزی، کە ئێستا پێی ئەوترێ (ئەسکی کفری - کفری کۆن) کە بە هەشت کیلۆمەترێك ئەکەوێتە خۆرئاوای شاری کفریەوە.

دێرینترین باسێك چاومان پێکەوتبێت ئەگەڕێتەوە سەر هەزارەی چوارەمی پێش زایین، لەو ساڵانەدا (شنو شیناك)ی پاشای عیلام وڵاتێکی پان و بەرینی گرت و ئەم ناوچەیەشی خستە سەر وڵاتەکەیەوە.

لەچاخی سێیەمدا بنەماڵەی (ئوردا) لە هەزارەی دووەمی پێش زایین (شۆسەن)ی پادشایان دەربارەی ئەو وڵاتە ئەدوێ کە کەوتوودتە باکووری رۆژئاوای وڵاتەکەیەوە ئەڵێت: ئاسایش لەو ناوچەیە بەرقەرارە ژیانی رۆژانەشیان بەشێوەیەکی چاك ئەڕوا بەڕێوە پەیوەندیمان لەگەڵ زۆر باشە. ماوەیەك پێش ئەو مێژووە واتە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە سەردەمی حوکمڕانی (شۆلگی) پاشایان دەبینین (کفری) لە ئیمپراتۆریەتی (ئوور) جیابوونەوەیەکی وەرگرتووە و حوکمی ئۆتۆنۆمی ناوخۆی هەبووە، ئەوەندەی پێنەچوو (شۆلگی) لە

ساڵی بیست و شەشەمی حوکمڕانیەکەیدا هێرشی بردە سەر خاکی (لۆلۆ) و (گۆتی) و بەسەر کفریدا تێپەڕی و ئەو نیوە سەربەخۆییەی قوتدا، زانا شوێنەوارناسەکان ئەڵێن (کفری) بریتی بووە لە قەڵایەکی سەر سنوور و خەتی هامشۆ کردنی بۆ باکووری ئێران پارێزگاری کردووە، پاش ئەوە تا ماوەیەکی دوور و درێژ ناوی لەسەر گوزەشتە و یادداشتی هیچ پادشا و میژوونووسێکدا نەهاتووە، تا سەردەمی (بابل و ئاشوور) بەناو (کیرۆ) و دووبارە سەری هەڵداوەتەوە، چونکە لە (کیرۆ)وە (قیر)یان بردووە وەك کەرەستەیەك بۆ دروست کردنی خانوبەرە بەکاریان هێناوە، ئەم شارە لە سەردەمی (سلوقیەکان ٣٢٦ – ٦٤١)ی زایینی وەك شارێکی گرنگ و کارگەر ناوی کەوتبووە ناوەوە، (سۆمەر)یەکان بە (کیماش) و بابلی و ئاشوریەکان بە (کیرۆ) و عەرەبەکانی ئەو چاخەش بە (کفری) ناویان هێناوە[٢].

کاتێ ناوی (گۆتی) لەسەر شانۆی زەمان نەما لە باکووردا چەند پاشانشینێکی (مملکة) بەهێز سەریان هەڵدا وەك (پاشانشینی ئوربیلیۆم – أربیل) و (خارشە) واتە دوزخورماتوو و (کیماش) واتە –کفری-، لە چاخی ئوری سێیەمدا پەیوەندی نێوان باکوور و باشوور کەوتە قاڵبێکی نوێوە، ئەو سەرچاوانەی لەشوێنەوارەکانی (لکش) و (ئۆما) دەست کەوتوون و ئەوە ئەگێڕنەوە کە دانیشتووانی باکوور بەوە ناوبانگیان دەرکردووە کە لە شەڕدا سەربازێکی کۆڵندەرن و لە ماڵ و مااڵت لەوەڕاندندا شوانێکی پوختن و هەروەها جوتیارێکی بەسەلیقەن لە هەڵکەندنی نۆکەند و کارێزە ئاو، ئا ئەو دانیشتوانانە لەژێر رکێفی (ئور)دا نەبوون، بەاڵم پەیوەندیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئوردا پتەو بوو گوێ رایەڵیان ئەکردن.

لە پارچەی گڵێکی دۆزراوەی سێ هەزارەی پێش زایین لە سەردەمی (شۆسن)ی پادشای بنەماڵەی ئوری سێیەمدا ئەوە دەگێڕنەوە کە (شلیبوم) فەرمانڕەوا بووە لەگەڵ فەرمانڕەواکانی ئوردا کاغەزیان بۆ یەکتر نووسیەوە و

نوێنەریان لەنێواندا هەبووە، بەتایبەتی لەشاری (کیماش)ەوە لە سەردەمی پادشای بنەماڵەی ئوڕی سێیەم ناوی (پیاوەکەی کیماش) هاتووە، لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە (کیماش – کفری) فەرمانڕەوایی خۆی بەدەستەوە بووە، (شولکی) لە ساڵی بیست و شەشەمی فەرمانڕەواییەکەیدا هەڵی کوتایە سەر وڵاتی (لۆلۆ) لە ساڵی چل و شەشەمی فەرمانڕەواییەکەیدا، فەرمانڕەوای (خارشە – دوز) ورچێکی بەدیاری بۆ نارد، خارشەی ئەوسا نزیك بەکیماش بووە، زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە (شیمۆر و کیماش) واتە (کۆپری و کفری) بریتی بوون لەدوو قەڵای سەر سنوور بۆ پارێزگاری کردنی رێگەی ئامشۆ کردن[٣].

دیسانەوە ناوی (کفری) لە لاپەڕەکانی (مێژوو)دا بەم چەشنەش هاتووە ((لە رۆژی شەشەمی مانگی حوزەیرانی ٢٦٣ی زایینیدا سوپای ئێران ئابلۆقەی سوپای رۆمانیەکانیدا کە هێرشی هێنابووە سەر شوێنێك نزیك بەشاری (ڤرجیا - کفری) لەو شەڕەدا ئیمپراتۆری رۆمان (جولیا) بریندار کرا و بەسەر ئەو برینەیەوە مرد))[٤].

لەو سەردەمەدا کە ناوی (کیماش - ڤرجیا) لە ئارادا بووە شارێکی گەورە بووە، لەسەر رووبارەکەی نێستای کفری ئاو بەستێك دروست کراوە لەوێوە جۆگە ئاو هەڵکەندراوە[٥] تا گەیشتوەتە شاری (ڤرجیا، ئەسکی کفری) دەوروپشتی ئەو شارە هەموو باخ و بێستان بووە، ئەو ئاوبەستە گەورەیە لە سەردەمێکی مێژوودا پشت گوێ خراوە لافاوێکی گەورە تەنگی لێهەڵچنیوە و هەرەسی پێهێناوە[٦] و ئاوەکە لە رووبارە دروست کراوەکەوە وەرچەرخاوەتە سەر رووبارە سروشتیەکەی نێستای. لەسەردەمی ئیسلامدا ناوی کفریمان لە هیچ سەرچاوەیەکدا بەرچاو نەکەوتووە، دوور نییە شارە کۆنەکەی کفری لە ئەنجامی کارەساتێکدا نەڕوخابێت و تەنها کەلاوەکەی مابێتەوە ئەویش ساڵ لەدوای ساڵ ئەوەندە خۆڵی کەوتبێتە سەر تا بووەتە ئەو گردەی کە لەبەرچاوە.

(کفری) ئەم رۆژگارەمان کەوتووەتە بەرپێی شاخی (باوەشاسوار - بابا شاهسوار) و لەلای رۆژهەلاتەوە رووبارێك نەکەوێتە نێوان شارەکە و ریزە شاخەکەوە، ئەو رووبارە لە هاویندا ئاوێکی کەمی پیادا ئەڕوات کەچی لە زستاندا ئاوی زۆری پیادا ئەڕوات.

لە سەرچاوەکانی سەردەمی عوسمانیدا بەم جۆرە ناوی (کفری) هاتووە:

١- جوغرافیای عوسمانی[٧]: کفری مەرکەزی قەزای (صەلاحیە)یە، چەند رووبارێك لەناو ئەو شارەوە تێئەپەڕن، خورما و لیمۆ لە کفریدا زۆرن.

٢- سالنامەی عوسمانی[٨]: قەزای (صەلاحیە) کەوتووەتە رۆژهەلاتی باشووری لیوای کەرکوکەوە -ئەوسا کەرکوك لیوایەك بووە سەر بەولایەتی موسڵ بووە- لە کەرکوکەوە بیست و چوار سەعاتە ڕێ دوورە، شارەکە کەوتووەتە دەشتاییەکی بەپیت و بەرەکەت هەزار خانەی تیادایە و سەرژمێری هەشت هەزار کەسێکە سەرایەکی حکومەت و دوو مزگەوت و دوو تەکیە و قوتابخانەیەکی (روشدیە) و واتە متوسطة -دوو قوتابخانەی (صبیان)-واتە سەرەتایی- و پۆستە خانەیەك و دوو گەرماوی هەیە (٩) چاخانە و چوار بازاڕ و (٦٧٥) دوکانی هەیە لەو دوکانانە چواریان بۆ بەن رەنگ کردنە، لە کفریدا (٢٥) ناسیاو و هەشت باخی گەورە و (٣٢) باخچە هەیە، (٢٣٢) موقاطعە هەیە و نۆ جۆگە ئاو خاکەکەیان ئاو ئەدات، دوو ناحیە سەر بەقەزای (صەلاحیە)ن (دوزخورماتوو) و (قەرەتەپە).

ناوی کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی کفری:

ولی‌الدین ئەفەندی (ئایمقام) ئیسماعیل ئەفەندی[٩] (مفتی) عارف حیکمەت (نائب) (حسین ئەفەندی - مدیر مال).

ئەندامەکانی شارەوانی (موسا بەگ[١٠]، سید محسن ئاغا[١١]، عثمان ئەفەندی[١٢]، هارون ئەفەندی سەرۆکی شارەوانی (ئەمین ئەفەندی) نووسەری شارەوانی (شەفیق بەگ) ئەندامی محکەمە (سەید خەلیل ئاغا و صالح ئەفەندی)).

لە سەردەمی عوسمانیدا لە کفری باشکاتب (کاتب أول) و کاتبێکی تر و (مستنطق - واتە محقق) و موباشر و دەرگەوان لە مەحکەمەدا هەبووە، جگە لەمانە لە کفری ئەم فەرمانبەرانەش هەبوون (وەکیل ئەوقاف) کاتبی وێرگی - زەریبە - باج وەرگر-، مەئمور قەرزی گشتی، مودیری پۆستە، مەئمور رێژی، کاتبی بەنق، ناوی هەمووشیان تۆمار کراوە[١٣].

٣- قاموس الاعلام[١٤] - قەزای (صەلاحیە) ئەکەوێتە بەشی خواروی سەنجەقی شارەزوور دوە (واتە لیوای کەرکوک)، کفری مەرکەزی قەزایە، رووباری دیالە ئەکەوێتە سنوری بەشی خوارەوەی، لە قەزاکەدا چەند رووبارێك هەیە، خاکەکەی بەپیتە، گەنم و جۆ و لیمۆی زۆرە، (١٥٨) ئاوایی سەر بەم قەزایەیە، سەرژمێری شارەکە چوار هەزار کەسێکە، لەناو شاردا هەشتا جولەکە هەیە، ئەودوایی دانیشتوانی شار هەموو موسڵمان و زۆریان شیعە مەزهەبن[١٥].

کفری لە سەرچاوەکانی عیراقدا:

١- موجز تاریخ البلدان العراقیە[١٦]: ناوی دووەمی (صلاحیە)یە، سەر بەلیوای کەرکوکە و بە (٧٨) میل لێوەی دوورە، ئاو و هەوای خۆشە، سەرچاوەی رووبارەکەی لە دوو شوێنەوە هەڵ ئەقوڵێت (سەر قەلعە و قوشە چاپان) لە نزیك کفریەوە (قیر) لە گوندی (ناصالح) دەردەهێنرێت، لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئەڵمانەکان سوودیان لێ بینیوە، کفری سێ ناحیەی هەیە (دوز - قەرەتەپە - شیروانە) سەرژمێری شاری کفری (٧٠٥٩) کەسە و سەرجەمی قەزاکەش (٤٩٣٤٩) کەس ئەبێت.

٢- المرشد إلى موطن الآثار والحضارة[١٧]: لە دووڕیانی نێوان دوز و سلێمان بەگەوە نەچێتە کفری، ئەو مەسافەیە نزیکەی (٣٣) کیلۆمەترەیە، بەدەستە چەپدا ئەڕوانێتە شاخێك جۆرە بەردێکی تیادایە ورد ئەکرێ و ڕەوانەی کارگەی چیمەنتۆی بەغداد ئەکرێ[١٨]، کە لە کفری نزیك ئەبیتەوە گردێکی زۆر گەورەت ئەکەوێتە دەستە ڕاستەوە -ئەو گردە گردی ئەسکی کفریە-. کفری کەوتووەتە پاینی شاخی (باباشاهسوار) نیسبەت بەناوی خواناسێك لەسەر لوتکەی ئەو شاخە نێژراوە، شاخەکە زۆر بڵند نییە بەردەکەی وەك بەردی شاخی حەمرین وەهایە، چاوگەیەکی نەوت نزیك کفری هەیە نەوتی پیادا ئەچۆڕێت، چاوگەیەکی قیریش لەو نزیکە هەیە، جاران تورکەکان قیریان لێ دەرئەهێنا. ناوی (کفری) لە (کفر)ەوە هاتووە بەعەرەبی نەوعە (قیر)ێکە کە ئەویش لە (کیرۆ)ی بابلی و ئاشوریەوە بۆمان ماوەتەوە، هەرێمی کفری بە دانەوێڵە چاندن بەناوبانگە.

لە نزیك کفری چەند شوێنەوارێك هەیە وەك شوێنەواری (قەرە ئۆغلان)[١٩] لەوێ کەلاوەی چەند بینایەك ماوەتەوە کە لەبەرد و گەچ دروست کراوە و هەندێ نیگاری گەچیشیان پێوە ماوەتەوە. لەسەر لوتکەی بابا شاهسوار شوێنەواری گردێکی دەستکرد هەیە (قزلر قەلعەسی)[٢٠] پێ ئەڵێن. لە هەشت کیلۆمەترە دوور کفریەوە کەلاوەکانی (ئەسکی کفری - کفری کۆن) هەیە وازانراوە کفری جاران لەو شوێنەدا بووە بڵندایی ئەم گردە (٥٥) پێیە، خشتی گڵی سوورەوە کراوی تیادا دۆزراوەتەوە ئەمەش ئەگەڕێتەوە سەردەمی فەرثی و ساسانیەکان. لە جەلەولایشەوە بۆ کفری ڕێگەیەك هەیە (٧٤) کیلۆمەترە ئەبێت، هەروەها لە نێوان کفری و قەڵای شیروانە ڕێگەیەك هەیە.

٣- گۆڤاری (الأخاء التركمانية)[٢١] - کفری سەر بەپارێزگای کەرکوکە و کەوتووەتە بەشی ڕۆژهەڵاتی باشوریەوە بە (١٣١) کیلۆمەترە لە کەرکوکەوە دوورە خەتی شەمەندەفەری (بەغداد - کەرکوك - ئەربیل) بە پانزدە کیلۆمەترە لە ڕۆژئاوای کفریەوە تێئەپەڕێ و شارەکە ئێستگەی (ئەسکی کفری) هەیە، کفری ناکەوێتە

سەر ڕێگەی (بەغداد - کەرکوك)، بەڵکو لەو ڕێگایەوە لە نزیك سلێمان بەگەوە ڕێگەیەکی تایبەتی بۆ ئەچێت درێژیەکەی (٣٥) کیلۆمەترەیە. لە هەندێ کتێبی مێژووی عەرەبدا وا دەرئەبڕێت کە ناوی ئەم شارە لە (کفر)ەوەیە ئەوێش نەوعێکە لە (قیر) هەروەها کفری لە عەرەبیدا بۆ گوند بەکار ئەهێنرێت. وا ئەگێڕنەوە کفری لە دێرێندا لە (ئەسکی کفری) بووە و بەداری (کفر - گەز) ئابڵۆقە دراوە.

لەسەردەمی عوسمانیەکان بەشارەکە (کفری) ووتراوە و بەقەزاکەش (صەلاحیە) - لەدوای داگیر کردنی بەریتانی ناوی (صەلاحیە) نەماوە، ئەوساکە کفری لە (ئەسکی کفری) دابووە مەرکەزی میرنشینی (بەیات) بووە و رووبارەکەی بەتەنیشتەوە بووە، کە ئاوڕێژی رووبارەکە ڕێگەکەی گۆڕی (کفری)یش جێی خۆی گۆڕی و چووە سەر ئاوڕێژە تازەکەی کە شوێنی ئەمڕۆیەتی، (ریچ) لە ساڵی ١٨٢٠دا لەم شارەوە تێپەڕیوە. لەدەوروپشتی کفریدا چەند شوێنەوارێك هەیە وەك (ئەسکی کفری، قەرەئۆغلان، قزلر قەلعەسی، یەدی مەغارە)[٢٢].

دانیشتوانی کفری جاران هەموو (تورکمان)[٢٣] بوون، پاش ساڵی ١٩٤٠ و لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانی لە سەرەنجامی بێ کاری و برسێتی کوردەکان بە خاوخێزانەوە رووبان تێکرد، پاش شۆڕشی ١٩٥٨ کۆچ کردن بۆ شارەکە شێوەیەکی فراوانی وەرگرت ئەمیش کاری کردە سەر باری ئابووری شارەکە و ئاسایشی دانیشتوانی تێکدا، لە سەرەنجامدا (١٢٠) خێزان لە کفریەوە چوون بۆ (کەرکوك) و (١٠٠) خێزانیش رووبان کردە بەغداد و شارەکانیتر تا وەهای لێهات تەنها (١٥٠) خێزانە تورکمان لە شارەکەدا ماونەتەوە[٢٤].

لە کفریدا شاعیری وەك (خەلیل منەوەر، مەلا مستەفا، مستەفا ڕێژی) هەبووە، ئەمڕۆش (رەفعەت یۆلچوو حەکیم مستەفا ڕێژی) لە شاعیرانی ئەم شارەن.

لە کفری سێ قوتابخانەی کوڕان و دووی کچان و دوو قوتابخانەی ناوەندی و کتێبخانەیەك و سینەمایەکی هاوینی هەیە، هەروەها نەخۆشخانەیەك کە ٢٤ ڤەردوێلەی تێدایە.

هەرێمی کفری لە دوو سەدەی رابوردوودا چەند شەڕێکی قورسی بەخۆیەوە بینیوە، لەسەردەمی (بەکر بەگی کوڕی میر محمد سلێمانی) برای سلێمان پاشای گەورە (١١١٥ کۆچی – ١٧٠٢) زایینی سنووری میرنشینی بابان تەوەندە فراوان بوو تا سەرزەمینی نێوان زێی بچوك و سیروانی گرتەوە، ریزە شاخەکانی نێوان ئالتون کۆپری و هەرێمی کفری کەوتبووە ناو ولاتی بابانەوە[٢٥]، هەروەها لە ساڵی ١٨٧٠دا شەڕێکی قورس لەم ناوچەیە نزیك دێی (دوانزە ئیمام)[٢٦] نێوان هێزێکی چەرکەس کە بریتی بووە لە (٥٠٠) سوارە و هێزێکی هەمەوەند قەوما، چەرکەسەکان لەم شەڕەدا شکان و (رەئوف) پاشای والی بەغدا ناچار لەگەڵ هەمەوەندەکان رێکەوت، هێزی هەمەوەند سەرەنجامی ئەم رێکەوتنە چوونە بەرەنگاری کردنی هێرشەکانی هێزی رووس.

(کفری) کەوتبووە سەر شارێگەی کاروانی نێوان بەغداد و سلێمانی و زۆربەی ئەو گەڕیدانەی بەرەو کوردستان رۆیشتون لەم شارەوە تێپەڕیان کردووە و لەیادداشتەکانیاندا ناویان هێناوە، وەك:

١- نیبور: لە ئاداری ١٧٦٦دا بەڕێگە راستەکەی بەغدادەوە بەرەو (یەنگیجە)[٢٧] رۆیشتوە و لە حەوتی ئادارەدا گەیشتوەتێ، لە شوێنێك لەسەر هێڵی پانی (٣٣) دەرەجە و ٥٧ دەقیقە لە شاری (کرفە)ەوە نزیك بووەتەوە – مەبەستی لە کرفە کفری بووە - کە یەکێك لە خەلیفەکانی عەبباسی سەردەمی سامەڕا دروستیان کردووە[٢٨].

٢- گەشتەکەی (جێمس بکنغهام)[٢٩] – ساڵی ١٨١٦ ئەو گەشتەی کردووە، لە ٢٧ی مایسی ١٨١٦ لە حەلەبەوە دەستی پێ کردووە، لە رووباری (فورات) پەڕیوەتەوە و چووەتە (ئورفە) و (ئوسا) لەوێوە چووەتە (ماردین و دیار بەکر) و (سنجار و

موسڵ) دوایی چووەتە (هەولێر و عەنکاوە و کەرکوك) لە گەڕانەوەشدا چووەتە کفری و قەرەتەپە و گەیشتوەتە بەغداد، کە بەکفریدا تێپەڕیوە ئەم یادداشتەی تۆمار کردووە (١٢ی تەممووز: کفری کەوتووەتە دەشتاییەك لە پاینی زنجیرە شاخێکی وشك و بەرینەوە. شارەکە لەناو شورەیەکدایە خانوەکانی بەقوڕی تێکەڵ بەوردەچەو دروست کراوە. جۆگە ئاوێکی ڕوون لە ڕۆژهەڵاتی شارەوە ئەچێتە ناو شار و جۆگەلەی زۆری بۆ ئاودان لێ ئەبێتەوە و بەناو کوچە و کۆڵانەکانی شاردا دەڕوات و دەبنە هۆی پاك و تەمیزی شارەکە، لە سەرەوەی شوورەکەی شاردا قوللەی بۆ دروست کراوە، لە هەموو لایەکیەوە لوولەی تفەنگی لێوە دیارە، بەپێپلکانەی تەسك و تروسکەوە دەتوانیت بگەیتە ئەو قوللانە، تیادا هیچ تۆپێکم بەچاو نەبینی، دیمەنی بازاڕی شارەکە مایەی بەزەیی پێهاتنە، کەل و پەل و شت و مەکی تیادایە، کاڵەك و تریێ چاکم تیا بینی، چێشتخانەیەکی تیایە کەباب و گۆشت و سجوقی برژاوی تیادا هەبووە، یەك چاخانە لە شارەکەدا هەبوو ئەویش شوێنی دەست بەتاڵەکانی ناوشار و میوانەکانی شار بوو.

ئەو خانوەی کە تیادا میوان بووین هەر لەو خانووە ئەچوو کە لە ناو بەیات چاومان پێ کەوتبوو لەسەر شێوەی تورکی دروست کرابوو، بریتی بوو لە چەند ژوورێك هەریەکێکیان وەك ژوورەکانی ئەوروپا (موغەیری - زوپا)یەکی ناو دیواری تیا دروستکرا بوو. لەناو هەندێ لە ژوورەکاندا تەخت بۆ میوانەکان دانرابوون، دیوار و بنمیچ و گومەزی ژوورەکان لەسەر شێوەی تورکی بەنەخش و نیگار ڕازابوونەوە، چوخمەکانی - تەوق - طاق - ناو شار و خانووبەرەکانی شێوەیەکی ئیسلامی پێوە بوو، بەڵام لەناو شاردا چەند چوخمێکم بینی (خڕ) بوون هەر لە چوخمی ڕۆمانی دەچوون جگە لەوەی چەند چوخمێکی سادە و ڕاستم بینی لە چوخمی سەکسۆنی دەچوون.

زمان و شێوەی دانیشتوانی ناو شار لە تورکمانیەوە نزیك بوون، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەڕئەبڕێت ئەم شارۆچکانە کە لە گوندێکی گەورە دەچن لە سەردەمی

عوسمانیەکاندا بۆ ئالۆگۆڕ کردنی پۆستە دروست کرابوون پاش ئەوە لە ستەکانی دەوروپشتەوە خەڵکیان تێ هاتووە و گەورە بوون، دووری نێوان ئەم شارۆچکانە[٣٠] وەك یەکن و لە نێوانیاندا لە دەشتاییەك بەولاوە هیچ گوندێك چاو ناکەوێت، ئەمە مایەی سەرسوڕمان نییە دانیشتوانی ئەم شارۆچکانە کە ووتونەتە سەر رێگەی پۆستەی (ئەستەمولّ - بەغداد) شێوەی تورکیان پێوە بێت و بەتورکی کە زمانی ڕەسمی ئەو سەردەمە بووە قسەیان نەکردبێت، ئەم شارۆچکانە وەك دوورگە کەوتبوونە نێوان کورد و عەرەبەوە.

چەند باخێکم لەناو شارەکەدا بینی دار مێو و دارە خورمای تیادابوو کە چوومە ناو یەکێك لەو باخانەوە کرمێکم بینی لە کرمی ئاوریشم دەچوو، دنیا زۆر گەرم بوو پلەی گەرما لە نیوەڕۆدا گەیشتبووە (١٢٠) پلە، لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆ گەیشتە (١٢٥) پلە.

دەمەو عەسر بانگ کراینە مالّ (حاجی حەبیب) ناوێك، کە چووین هۆی دواکەوتنی سەفەرەکەمانی پرسی و ئامادەیی یارمەتیدانی پیشاندا، پاش ڕۆژئاوابوون کۆمەڵە خەڵکێك هاتنە مالّ حاجی یەکێکیان مەلایەکی لەڕولاوازی ریش تۆپ بوو، هەندێ لە پیاوە ناودارەکانی شاریش هاتن پێکەوە نوێژیان کرد نێمە بەشداریمان نەکردن، پاش ئەوە هەستاین چووینە کەناری ڕووبارەکە لەوێ هەموومان شیوێکی زۆر چەور و بەتاممان خوارد، لەناو نەو خەڵکە دوو دەروێش هەبوون زۆر ئالوودەی حاجی ببوون و هەمیشە لەگەڵیا بوون، دوو سەعات پاش ڕۆژئاوا بوونی ئەو ئێوارەیە کفریمان بەجێهێشت، کاروانەکەمان بریتی بوو لە شەش ئەسپ سوار و پەنجا هێستر سوار و دوو پۆستەچی کە لە موسڵەوە هاتبوون. بکنغهام سەرژمێری کفری بەسێ هەزار کەسێك داناوە و وێنەیەکی بەدەست خەت خۆی بۆ شاری کفری کێشاوە و لە یادداشتەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە[٣١].

٢- گەشتەکەی مستەر (کلۆدیۆس ریچ)[٣٢]:

سالّی ١٨٢٠ مەحمود پاشای میری بابان مستەر(ریچ)ی بۆ سلێمانی دەعوەت کردووە، ئەمیش لە بەغداوە بۆ گەشتێکی لە سلێمانی دوورتریش کەوتوودتە رێ و بەکفریدا تێپەڕیوە و ئەمەی لەسەر نووسیوە: (رۆژی ٢٥ی نیسان – لەسەر چەند گردێکی پڕ چەو و بەردەوە تێپەڕین، قەرەتەپە ئەکەوێتە لای رۆژئاواوە، ئەولامان لە قۆڵێکی دڕێژی لێژەوە ئەچووینە خوارێ بۆ دۆڵێکی بچووك، چووینە خوارەوە سەعات حەوت و چارەکێك گەیشتنە پردی (چیمەن) لە سەعات نۆ و دە دەقیقەی ئەو رۆژەدا لە خرپێکی پان و بەرین پەڕینەوە ئەودیو، نزیك بەرزاییەك بۆ قاوە خواردنەوە دابەزین، لە سەعات دە و بیست دەقیقە کەوتینەوە ڕێ بۆ سەعات یانزدە گەیشتینە (کفری)، لە کفری سەرۆکی شارەوانییمان نەبینی تومەز بە یانزدە سوارەوە چووەتە لای ئەوخرە (چەمە ئاوە) بۆ چاوەڕوانی کردنی ئێمە، بەپێچەوانە چووین یەکتڕمان نەبینیوە. تەختە رەوانەکەش[٣٣] لە سەعات شەش دەرچوو بوو لە سەعات یانزدەدا پێمان گەیشت. زۆرم لا سەیر بوو چەند خێزانێکی جوولەکە هەبوون کە نیشتێکیان بۆ خۆیان دروست کردبوو، بینیم خەڵکەکە گیایەکی پیاز نیسبەت سوور ئەکەنەوە و ئەیخۆن، بەقەد کەستنایەك ئەبێت (جەزەدۆم - چەدەنە)ی پێ ئەڵێن، پلەی گەرما لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆ (٨٢) بوو بۆ سەعات دەی شەو هاتە خوارەوە و بووە (٦٤) پلە.

٢٦ی نیسان چوومە سەر چەمی کفری شەوێ باران باریبوو بەرۆژ بناغەیەکی دیواری نزمی کۆنی دەرخستبووە دەرەوە، لەسەر دیوارەکە چەند پارچە مەرمەرێکم بینی دیوارەکەی پێ رازابووەوە، دەستم کردە هەڵکۆڵینی دیوارەکە بینیمان لەسەر دیوارەکان وێنەی گوڵ نیگار کێشراوە بە رەنگێکی سووری بریقەدار، رەنگی خەتە سەرەکیەکان رەش بوو، شوێنەواری پێنج شەش تاکە ژوورمان بینی هەندێکیان لای دەستە چەپەوە کۆڵەکەی بۆ کرابوو، بەدیوی رۆژهەڵاتدا گردێکی بەرزمان بینی کرێکارەکانی ئەو ناوە چەند پارچە گۆزەی

سوورەوەکراویان بۆ هێناین کە بەرهنگی رەش بۆیە کرابوون لەوانە ئەچوون کە ـ ابابل) و (سلوقیە) دۆزرابوونەوە، ئەو پارچە خشتانەی بەرچاوم کەوتن بۆی ـدرخستم کە ئەم شوێنەوارانە هی سەردەمی ساسانیەکانن، لەسەر لوتکەی ئەم گردە بەرزە شوێنەواری چەند بینایەك هەیە زۆربەی ئەم جۆرە بینا کۆنانە ژێر حـنی چوار گۆشەییان هەیە وەك ئەوانەی (قەسر شیرین و حەوش کەرەك). ـرێزایی رووبەری ئەم گەلاوە و شوێنەوارانە نزیکەی میلێك و پانیەکەشی چاردکە ـیلێکە، چەند شوێنێکمان لێ هەلکۆڵی شتی ئەوتۆمان تیا دەست نەکەوت، ـەدەستە چەپی ئاوڕێژی چەمەکەی کفری شوێنەواری دیوارێك هەیە کە لەوێوە نەپەڕێتەوە بەرەو کفری، لەناو ئاوڕێژەکەشدا چەند پارچە دروست کراوێکی گەورە کەوتوون، وا دیارە ئەمە لە وەختی خۆیدا بینایەکی دروست کراوبووە، تەوژمی لافاوی ئەم رووبارە روخاندویەتی،دانیشتووانی ناوچەکە ئەڵێن ئەو پارچە گەورانە پاشماوەی ئاوبەستێکی گەورە بووە، بەڵام بە بۆچوونی من شوێنەواری شوورەی شارەکەیە دوور نییە ئەم کۆتکە بەردانە لە دێرینداا بەر ئاوەکەی پێگیراوە بۆ ئەوەی ئەو ئاوە بۆ کشتوکاڵ لەدەشتاییەکەدا بەکار بهێنرێت.

دانیشنووانی ناوچە ئەم جۆرە شوێنەوارانە بەهی (گاور - کافر)یان دەزانن، لە رۆژئاوای باکووری ئاوڕێژەکەدا شوێنەواری هەلکۆڵین لەسەر بەردێکی گەورە لە بەرچاوە بەوە ئەڵێن (مالّی گاوران)، مستەر (بەل لی تو) بۆ چاوپێکەوتنی هەندێ لە شوێنەواری سەر ئەو گردانە چووبوو کە بەسواری دە دەقیقەیەك ئەبێت لەوێ چاوی بەچەند گۆڕێکی ژوور ئاسایی کەوتبوو، دەرگاکانیان نزم بوون لە ناویاندا سێ شوێنی بچووك هەبوو لاشەی مردووی تیادا بوو درێژی هەریەکەیان پێنج پێ دەبوو، بناغەی ئەم گۆڕانە لە بناغەی گۆڕی (ئەخمینی)یەکان دەچوون، لێرەوە بە ماوەی سێ میلێك لەسەر گردەکە - مەبەستی لە لوتکەی شاخی باوە شاسواڕە و - شوێنەواری دروستکراوێك هەیە (قیز قلعەسی) پێ ئەڵێن چەند پارچە گلّین و ئێسکمان تیا دۆزیەوە، ئیتر لەم ناوە

شتی ئەوتۆی تر نییە ئەوی شیاوی باسکردن بێت ئەمەیش ئەکەوێتە بەرامبەر گوندی دوانزدە ئیمامەوە.

کە گەڕاینەوە بۆ خێوەتەکانمان نێراوەکەی مەحمود پاشای سلێمانیمان چاو پێکەوت چاوەڕێی ئەکردین و هاتبوو لە گەیشتنمان بۆ کفری دڵنیا بێ، هەردوو نێراوەکانی پاشا ئەمڕۆ گەڕانەوە سلێمانی بۆ ئەوەی پاشا رابەر – میواندارێکمان- بۆ پێشوازی کردن بنێرێتە (قەرە حەسەن)، چونکە بڕیارمان دابوو لەبەر ئاسانی رێگەکە بۆ تەختەڕەوان لەو رێگەیەوە بچینە سلێمانی.

لە کفریدا چەند دار خورمایەك هەبوو بیستمان گوایە بەرناگرن بە پێچەوانەی دارخورماکانی دوزخورماتووەوە، لەو ماوەیەی لە کفریدا بووین لافاو چەند لایەکی ئاورێژەکەی فرە تاشیبوو.

پلەی گەرما لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆ گەیشتبووە (٨٢) هەواش لە باکووری رۆژئاواوە هەڵی ئەکرد.

٢٧ی نیسان: ئەمڕۆ چووین بۆ بینینی شوێنەوارەکانی (ئەسکی کفری) کە کەوتووەتە باشووری رۆژئاوای کفریەوە، لە پێ دەشتێکدایە دوو سەعات لە شارەوە دوورە. وام ئەزانی شوێنەواری ئەم گردە شوێنی شاری کفری جاران بووە، بەڵام بۆم دەرکەوت کفری ئەوسا و ئێستا هەر لەم شوێنەیدا بووە، لە رێگەماندا چاومان بەچەند ئاسیاوێك کەوت هەریەکەیان قوڵەیەکی بچووکی هەبوو کەوتبوونە ناو باخەکانی کفریەوە، بۆ هەر ئاشێك جۆگەیەکی ئاو دروستکرابوو لەسەرەوە بەرەوخوار بۆ ئاسیاوەکە بەتەوژم ئاو ئەهاتە خوارێ و ئاسیاوەکەی ئەخستە گڕ.

لەنزیك ئەسکی کفریەوە گردێکی دەستکردی گەورە هەبوو لە گردەکەی (مجیلیبە) دەچوو دامێنی گردەکە راست هاتبووە خوارەوە بارانا و هەڵی درپیبوو لەیەکێ لەو درزە هەڵکەندراوانەدا گومەزەیەکی بچووك دەرکەوتبووکە بەخشتی سورەوەکراو دروست کرابوو پارچە گڵی زۆریان تیا دۆزیبووەوە لەگەڵ چەند پارەیەکی زێڕین، هیچ پارەیەکم لێ دەست نەکەوتن. درێژی ئەم گردە لەخوارەوە

بۆ ژوور نۆ سەد و شەست پێ بوو پانیەکەشی لە ڕاستەوە بۆ چەپ لەوە کەمتر بوو بەرزاییەکەشی پەنجا و حەوت پێ بوو، لە تەنیشت کەندرەکانەوە هەندێکمان نێ هەڵکەند وردە ئێسکی ئادەمیزاد و چەند پارچە گڵینەیەکمان لێ دۆزیەوە لە ناوەوە هەموو بەبۆیە رەش کرابوو، لەسەر چەند پارچە گۆزەیەکدا وێنەی ئاسك و مانگامان لەناو کۆمەڵە بازنەیەکی بچووکدا بەرچاوکەوت هەرچیمان دۆزیبووەوە لەگەڵ خۆماندا هەڵمان گرت و بردمان. هەرچەندە ئاودڕەکەمان هەڵئەکەند خۆڵێکی بۆگەنی ڕەشمان ئەبینی لەگەڵ پارچە گۆزە و وردە ئێسقاندا گومانمان لەوەدا نەما کە ئەم گردە ساسانیەکان بۆ ئەومیان دروستکردووە کە لاشەی مردووەکانیانی تێ فڕێ بدەن، لە ڕۆژئاوای باکووری ئەم گردە شوێنەواری گردێکی بچووك ئەبینرێ ئەمەش ئەوە ئەبینی ئەم پێدەشتە بۆ نیشتەنی دلگیر بووە، لە ڕۆژهەڵاتی ئەم گردەش گردێکی لەوان گەورەتر هەیە کە (ئاش طوقان)ی پێ ئەوترێت و لەڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ خێوەتەکانمان پاش چارەکە سەعاتێك گەیشتینە شوێنەواری شوورەیەکی بچووك ڕەنگە شوورەی شارەکە بووبێت، لەو شوورەیە شوێنەواری سێ سەد یاردەیەکی ماوە بەرزاییەکەی چەند پێیەکە، شوورەکە بەبەردی خڕ دروستکراوە. سەعات دە و چارەکێ لە ئەسکی کفریەوە کەوتینەڕێ بۆ سەعات دوانزدە گەیشتینەوە کفری. لەم دواییەدا پارچە گۆزەیەکی ساسانی زۆر نایابم دەستکەوت کە هەندێ نووسینی لەسەر بوو، لە دوانزدە ئیمام کە نزیکەی چواردەمیل لە کفریەوە دوورە گردێك هەیە وا دەڵئەکەوێ کەلاوەکانی ئەم گردە و گردە زۆرەکانی تری ئەم ناوچەیە ئەگەڕێنەوە سەردەمی ساسانیەکان. بەرامبەر دوانزدە ئیمام لەناو ڕیزە گردە بچووکەکاندا چەند سەرچاوەیەکی نەوت هەیە، سالێك لەمەوبەر سەرچاوەیەکی بچووکی نەوت لەناو ئەم گردانە دۆزرایەوە کە بەچەند دەقیقەیەك ئەکەوێتە ڕۆژئاوای کفریەوە ئەو کابرا دەشتەکیەی کە ئەم سەرچاوەی دۆزیبووەوە کاربەدەستانی تورك دارکاریان کرد بۆ ئەوەی دان بەوەدا بنێت ئایا پێش ئەوەی ئاگاداری حکومەتی کردبێت هیچی لێ فرۆشتووە یا

نەء؟ سەرەنجامی ئەم دارکاری کردنە ئەو کابرایە کۆچی کردوو رووی کردە ئێران، رێکەوت ئەو کاتەی من لە کفریدا بووم ئەو کابرایەش لە کفریدا بوو، خۆی رووداوەکەی بۆ گێڕامەوە و ووتی: وا دیارە لەبەر زوڵم و زۆری تورك خوا بەنەوت دۆزینەوە دڵخۆشیان ناکات، چونکە ئەو کاتەی من ئەو سەرچاوەیەم دۆزیەوە نەوتی فرەبوو، کە لێیاندام چاووگە نەوتەکە وشکی کرد و چەند دڵۆپە نەوتێك نەبێت هیچی تری لێ نایەتە دەرەوە.

گەرما لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆ (٨١) پلەیە، سەعات دەی شەو هاتە سەر (٦٦) پلە، سووکە بایەك هەڵی کرد، شەوێ لە رۆژئاواوە با هەڵی کرد و نمە بارانێك باری، لە رۆژهەڵاتیشەوە ئاسمان چەخماخەی ئەدا.

ڕێچ لە سەعات شەش و بیست دەقیقەی رۆژی ٢٨ی نیسان کفری بەجێهێشت و رووی کردە ناو (بەیات) لەوێوە چوو بۆ (دوز) و بەرەو سلێمانی کەوتەڕێ. وەرگێڕە عەردبیەکەی ئەم کتێبە –بهاءالدین نوری- وێنەی شاری کفری لە کتێبەکەی جێمس بکنغهامەوە وەرگرتووە و لەم کتێبەدا بڵاوی کردووەتەوە.

٤- گەشتەکەی مونشی بەغدادی[٢٤]: مونشی بەغدادی لە گەشتەکەیدا لەگەڵ (ڕیچ) ئەمیش دەربارەی (کفری) ئەمەی یادداشت کردووە: (کفری شارێکی ئاو و هەوا خۆشە، لایەکی ریزە شاخێکە و لەچاوگەکانیەوە ئاوێکی خۆش دێتە ناو شارەوە، کفری نزیکەی دوو سەد ماڵێکە و باخ و بێستانی زۆری تیادایە و کاڵەکی بەتام و پەسەندی هەیە، دانیشتووانی بەکوردی و تورکی گفتوگۆ ئەکەن، بەشێکیان سوننی مەزهەب و هەندێکیان علي الله هین، لە دەرەوەی شار ئاورێزێکی گەورە هەیە و باراناوی پیادا دێت، لەسەردەمی کۆندا شوێن ئەم ئاورێژە خانوو بووە ئێستاکە هەموو بوونەتە کەلاوە، بێلێکمان هێنا و چاڵێکمان بەدرێژایی و پانی دەگەز و بەقوڵایی دەگەز هەڵکەند، چەند دیوارێکمان بۆ دەرکەوت لەسەر بەردەکانی نیگاری رەنگاورەنگی تیا هەڵکەندرابوو بۆمان دەرنەکەوت ئەم بەردانە هی چی دەورێکن، بەفەرسەخێك لەولای کفریەوە شاخێك هەیە هەشت ئەشکەوتی

ـدایه ناو ئەشکەوتەکانمان هەڵکەند، لەهەر ئەشکەوتێکیاندا سێ گۆڕی لەبەرد هەڵکەندراوی تیادابوو، میلێك لەوە بەولاوە کەلاوەی قەڵایەکمان لەسەر شاخێك بینی. ئەمان ئەزانی چۆن دانیشتووانی ئەو قەڵایە ناویان لەفەرسەخە رێگەیەکەوە بۆ ئەهات.

ئەسکی کفریش لە کفریەوە فەرسەخە رێیەك دوورە، درێژی گردەکە چوارسەد پێ و پانیەکەشی سێ سەد پێیە و بەرزاییەکەشی پەنجا پێیە، لە زەمانی کۆندا ئەم گردە شار بووە، لە دیوارێك بەولاوە کە درێژاییەکەی پەنجا گەز ئەبێت هیچ شوێنەوارێکی دیکەمان تیانەبینی، چەند خشتە کۆنێکمان چاوپێکەوت شتیان لەسەر نووسرابوو، دووری نێوان (قەرەتەپە) و (کفری) حەوت فەرسەخە و نێوان (کفری) و (دوز)یش هەر (حەوت فەرسەخە)[٣٥].

هۆی دروست بوونی شاری کفری چی بووە؟

هۆی دروست بوونی هەر شارێك ئەگەڕێتەوە سەر ئەم خاڵانە:-

١- بوونی زەوی بۆ کشتوکاڵ و سەرچاوە بۆ ئاودانی ئەو خاکە.

٢- مەرکەزی بەڕێوەبەرایەتی.

٣- شوێنەکەی چەقی یەك دوو رێگەیەك بێت.

٤- هۆی ئایینی وەك ئەوەی مەرکەزێکی ئایینی ناسراو بووبێت.

٥- شوێنی جوغرافی، وەك ئەوەی شارەکە کەوتبێتە نێوان دوو هەرێمی لەیەك جیاواز لە شێوە و بەرهەمدا[٣٦].

لەسەرەتادا هۆی دروست بوونی شارۆچکەی کفری وەك (بکنغهام) دەری بڕیوە لەم شوێنەدا وەك ئێستگەیەك بووە بۆ ئاڵ و گۆڕ گردنی پۆستە لەسەر خەتی نێوان بەغداد و ئەستەمووڵ و بەسەر کەرکوکدا، ئەم شارۆچکەیە ساڵ لەدوای ساڵ چەسپاوە و پێی گرتووە و گەوردبووە و کە رێگەی بازرگانی سلێمانی و بەغدادیشی کەوتووەتە سەر ئەوەندەی دیکە گەز گەز باڵای کردووە و

بوژاوەتەوەو پەل و پۆی کوتاوە گەورە و فراوانەوە بووە، جگە لەوەش شارەکە کەوتوەتە نێوان دوو هەرێمی لەیەك جیاواز لە شێوە و بەرهەمدا سروشتی رۆژهەلاتی ریزە شاخ و رۆژئاواشی پێ دەشتێکی کرکای کرکە، کفری بەپێی ئەم شوێنە جوغرافیەی بووەتە کلیلی دەرگای هەردوو هەرێمە لێك جیاوازەکە واتە (هەرێمی چیا و هەرێمی دەشتایی)، ئەمەش وای کردووە داگیرکەر و جەنگاوەران لە یەکێکیان بۆ بێتە خوارەوە و پەلاماری بدەن و داگیری بکەن با بۆ ماوەیەکیش بووبێت.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە هۆزی (دەلۆ) لە ئاوایيەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوای کفری نیشتەجێ بوون، هۆزی (زەنگەنە)ش لە ئاوایيەکانی بەشی باشوور و رۆژهەلاتی باشوور نیشتەجێ بوون، هۆزی (جاف)یش لەولای سەرقەلاوە[٣٧] تا سەر سنووری ئێران کشاون، هۆزی (بەیات)یش لە دووری چل کیلۆمەترەیەك لە ژووری کفریەوە تا دوزخورماتو نیشتەجێ بوون و بەدووری چل پەنجا کیلۆمەترەیەك لە رۆژئاوای کفری بەولاوە هەندێ هۆزی عەرەب نیشتەجێ بوون وەك (لهێب، جبور، کەرەوی)، هەر لە مێژەوە لە ئاوایيەکانی دەوروپشتی کفریەوە جوتیارانی کورد کۆچیان کردوەتە کفری و تیادا نیشتەجێ بوون و بوون بەهۆی گەورە و فراوان بوونی شارەکە و هەندێ لەو کوردانە زمانی ڕەسمی حکومەتی ئەو سەردەمە فێربوون .کە زمانی تورکی بووە و هەندێکیشیان چەندە لە شار ماونەتەوە هەر پارێزگاری زمانی مادەرزادی خۆیان کردووە.

لە سەدەی نۆزدەهەمەوە لەناو کفریدا ئەم سێ بنەماڵە ناوبانگیان دەرکردووە:

١- بنەماڵەی (بابان): لەوساوە (برایم پاشای بابان) لە ١١٩٩ی کۆچی بەرانبەر ١٧٨٤ی زایینی بناغەی شاری (سلێمانی) دامەزراند، میرنشینی (بەبە - بابان) بەهەر چوارلادا کشایەوە و پەلی کوتا، لە ساڵی ١٨١٢ هێزی میرنشینی بابان کفری گرت و لەنێوان سوپای بابان و سوپای عوسمانی لەم ناوچەیە شەڕێکی قورس رووبدا لەو

شەڕدا سوپای بابان شکستی هێنا هۆی شکست هێنانەکەشی ئەگەڕێتەوە سەر دووبەرەکی نێوان بنەماڵەی بابان هەر ئەمەش بوو بەهۆی سەرەکی بۆ هەرەس پێهێنانی خودی میرنشینەکە، دوا میری بابان (ئەحمەد پاشا) لە ساڵی ١٨٥١دا دەستگیری تورکەکان بوو ڕەوانەی ئەستەمۆڵ کرا، پاش ڕوخاندنی ئەو میرنشینە (قادر پاشا) چووە کفری و لەوێ چەند دۆنمە زەویەکی فراوانی لە دەوڵەت ئیلتزام کرد و ئیسماعیل بەگی براشی لەگەڵیا چوو لەناو شاری کفری چەند خانوو بەرەیەکی دروست کرد لەوساوە تا ئێستا گەڕەکێك لەدوو گەڕەکەکانی کفری بەناو ئەو (ئیسماعیل بەگ)ەوە ماوەتەوە.



بەناوبانگترین میری بابان لە کفریدا (مەجید پاشای کوڕی قادر پاشا)یە لە ساڵانی ١٣١٣ – ١٣١٤ لە ڕەواندز و کۆیە و شامیە قایمقامی کردووە، پاش مردنی باوکی لە کفری نیشتەجێ بووە، مەجید پاشا لە کفریدا کۆشك و تەلارێکی گەورەی دوو نهۆمی بۆ خۆی دروست کردووە[٢٨]، هەروەها کاروانسەرایەکی زۆر گەورەی لە پایین شارەوە لەسەر ڕێگەی سلێمانی دروست کردووە[٢٩] و لەسەر ئەرزێکی پەنجا دۆنمی باخێکی فراوانی چاندووە کە بەباخی پاشا ناوبانگی

دەرکردووە[٤٠]، مەجید پاشا نەبەردێکی چاوتێربووە هەمیشە ئەدیب و شاعیرانی لەدەور کۆبووەتەوە، شێخ رەزای تالەبانی (١٨٢٥ – ١٩١٠) چەند جارێك دیدەنی پاشای کردووە و بەم جۆرە ستایشی کردووە کە ئەڵێت:

شخص کامل نەگەر بۆڵنسە بووگون — مەرحەمەتلو (مەجید پاشا)در
دودمـــــان مـلـــــوك بـابـــانن — قالمە برشەمسی عالـەم ئارادر

واتە ((ئەگەر ناودارێکی تەواو لەم سەردەمە ما بێتەوە ئەویش مەجید پاشای خاوەن سۆز و بەزەییە، لە پاشماوەی بنەماڵەی بابانە، ئەو وەك هەتاوێکی جیهان رووناك گەر وەهایە)). لە مانگی رەمەزاناندا پاشا هەموو ئێوارەیەك دەیەها کەسی دەعوەت ئەکرد پێکەوە بەربانگیان ئەکرد و نوێژی تەراویحیان نەکردایە بڵاوەیان لێ نەئەکرد بۆ ئەم رۆژە پیرۆزەش مەلایەکی تایبەتی هەبوو، زەوی و زاری بابانەکان لەسەردەمی مەجید پاشادا یەکجار پەرەی سەند تا ئەم دێهاتانەی کەوتە ناو سنوور (کنگربان، قوڕی، چای، عەرجان، زەنگلو، حلێوە، ساری گۆل، سەیدەڵان، حاجیلەر) جگە لەوەی لەناو کفریدا دەیەها دوکان و خانووبەرەیان دروست کرد، مەجید پاشا لە ساڵی ١٩٠٩دا لە بەغداد کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ئیمام ئەبو حەنیفە لە ئەعظمیە بە خاك سپێردرا.

پاش مەجید پاشا جەمیل بەگی کوڕی بەماڵەوە چووە (کنگربان) و توانی ئەو داراییەی لە باوکی بۆ مابووەوە بیانپارێزێ، جەمیل بەگ یەك دووجار نوێنەری کفری بووە لە مجلیسی نیابیدا لە خۆیدا پیاوێکی دڵ نەرمی بێ لایەن بووە، دوو ژنی هێناوە یەکێکیان (شەمسە خان) لە بەگزادەکانی جافە و سێ کوڕی لێ بووە (محمد، ئەحمەد، مەحمود) دووەمیان (عائشە خان) لەهۆزی بەیاتە و دیسانەوە سێ کوڕی لێ بووە (نەجیب و ئیسماعیل و فاتح)، لەناو ئەم کوڕانەدا ئەحمەدیان (نابینا) بووە، بەڵام زاکیرەیەکی بەهێزی بووە و ئەندام بووە لە

کۆمەڵی (هیوا) و ئاهەنگی نەورۆزی لە کفریدا کردووە و یارمەتی هەژار و ڕۆشنبیرانی داوە، جەمیل بەگ ساڵی ١٩٤٦ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە لەسەر وەسیەتی خۆی لە کفری لە باخی پاشا بەخاک سپێزاوە ئەحمەدی کوڕیشی لە ساڵی ١٩٧٥دا لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە و بەتەنیشت باوکیەوە نێژراوە.

بنەماڵەی (بابان) لەگەڵ هۆزی جاف و سەیدەکانی کفری خزمایەتیان کردووە مەجید پاشا کچی خۆی داوەتە سید حسین ئاغا و جەمیل بەگیش ژنی لە بەگزادەکانی جاف هێناوە.

٣- بنەماڵەی سەیدەکانی کفری (سادات کفری):

هیچ بەڵگەیەکی نەوتۆمان بەدەستەوە نییە تاوەکو بزانین ناخۆ باپیرە هەرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە لە کەیەوە هاتونەتە ئەم شارە، بەمەزندە (سید عومەر ئاغای گەورە) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا هاتووەتە کفری و لەگەڵ هۆز و بنەماڵەکانی ئەم ناوچەیەدا ژن و ژن خوازیان کردووە و تاوەکو زمارەیان زۆر بووە و گەڕەکێک لە دوو گەڕەکەکانی شار بەناو (گەڕەکی سەیدەکان)ەوە ناوبانگی دەرکردووە.

وەک لە کتێبی (الشیخ معروف النودهی)دا دەرئەکەوێ سەیدەکانی کفری لەسەرچاوەدا لەچنەوە سەر (سەید عەلی وەندرینی)[٤١] کە ئەویش لە سەیدەکانی بەرزنجەیە، لەسەرچاوەیەکی چاپکراودا ئەڵێت: دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە لە ساڵی ١٨٠٠دا لە گوندی (تلیشان)[٤٢] نیشتەجی بووە، لە ساڵی ١٩١٦دا سەرۆکی ئەم بنەماڵەیە (سید حسین ئاغا) بووە و کچی مەجید پاشای بابانی هێناوە، ئەم بنەماڵەیە زەوی و زارێکی زۆریان وەدەست هێناوە، خۆیان شافعین و بەکرمانجی خواروو گفتوگۆ ئەکەن[٤٣].

پەیوەندی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ شێخانی سلێمانی هەمیشە بەتین بووە کە شێخ سەعیدی حەفید ساڵی ١٩٠٨ لە موصل کوژرا یەکێک لە ئاژاوە گێڕەکان و

لەوانەی مایەفیتنە بوون لە کفریدا خۆی شاردبووەوە شەوێ سەیدەکانی کفری ناردیان لە تۆڵەی شێخدا لە مانی خۆیدا بەکوشتنیاندا.

پاش مردنی حسین ئاغا (سید محسن ئاغا) ناوبانگی دەرکرد و خانووبەرە و دیوەخانەیەکی گەورەی دروست کرد[٤٤]. شێخ مەحمودی حەفید لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان سێ رۆژ لە مانی سید محسن ئاغا لەم دیوەخانەیدا پێشوازی خەڵکی کردووە، سید محسن ئاغا پیاوێکی رۆشنبیر بووە چەند ساڵێك سەرۆکی شارەوانی کردووە لە ساڵی ١٩٣٤دا کۆچی دوایی کردووە پاش ئەو (سید عومەر ئاغا)ی ئامۆزای ناوبانگی دەرکردووە و ئەمیش چەند ساڵێك سەرۆکی شارەوانی و خاوەن دیوەخانە بووە، لە ساڵی ١٩٥١ چووەتە مانی خوا بۆ حەج کردن لەوێ فەرمانی خوای بەجێهێناوە.

دره‌ختی ره‌گی سه‌یده‌کانی کفری (سه‌ید ئاغا)



سەیدەکانی کفری هەرچەندە بەژمارە کەم بوون، بەڵام بە قەوارە لەناو شاردا سەنگی تایبەتی خۆیان هەبووە و لەگەڵ هۆز و بنەماڵەکانی (بابان، جاف، زەنگەنە، وەنداوی) ژن و ژن خوازیان کردووە.

- بنەماڵەی (وەنداوی – وەناوی): مێژووی ئەم بنەماڵەیە ئامێتەی مێژووی شاری کفری بووە، هەندێك بیروڕایان وەهایە کە (وەنداوی) لە (وەند)ەوە هاتووە وشەی (وەند)یش ئازا ئەگرێتەوە هەروەها شوێن ئەگرێتەوە وەك دیناروەند، ئەڵێن گوایە ئەم بنەماڵەیە لە دەوروپشتی رووباری (وەند)ەوە بڵاوەیان لێ کردووە، هەندێکیش ئەڵێن لە (قەڵا وەناویلە)ی ناو داودەوە هاتوون، بەڵام بەشێکی زۆر لە وەنداویەکان خۆیان ئەڵێن باپیرە هەرە گەورەیان لە شاری (وان)ی[٤٥] کوردستانی تورکیاوە کۆچیان کردووەتە ئەم شارە.

دەرەختی رەگی وەنداوی



کە سوڵتان مورادی چوارەم (١٠١٨ – ١٠٤٩)ی کۆچی سوپایەکی گەورەی بۆ گرتنەوەی (بەغداد) رێکخست، لەناو ئەم سوپایە کۆمەڵێك لە دانیشتووانی (وان) بەسەرۆکایەتی (هەڵاو بەگی کوڕی شەرەف بەگ) هەبوون، ئەم هەڵۆ بەگە پیاوێکی بەتەمەن بوو لەلایەن سوڵتانەوە رێزی لێ ئەنرا و پێی ئەووت (وانڵی دایی) واتە (خاڵۆ وەنداویەکە) لەم وشەوە ناوی (وەنداوی، وەناوی)یان بەبڵادا برا، پاش سەرکەوتنی سوڵتان و لەشکرەکەی لە گرتنەوەی بەغداددا سوڵتان پارچە ئەرزێکی فراوانی لە ناوچەی داودە بە (هەڵاو – هەڵۆ) بەگ بەخشی ئەویش قەڵایەکی تیادا دروست کرد کە بە (قەڵاوە ناویلە) ناوبانگی دەرکرد.

یەکێك لە دردختی رەگی وەنداوی



بۆ ساغ کردنەوەی سەرچاوەی ئەم بنەماڵەیە چەند بەڵگەیەکی دەست خەتم بەرچاو کەوت یەکێکیانم بەهۆی (جەمیل ئەکرەمی کۆڕی مستەفا رێزییەوە) رۆژی ۱۹۷۹/۹/۱۲ بینی کە بریتیە (لە فەرمان، ئیرادە) یەك لە سوڵتان مورادی چوارەمەوە دەرچووە ئەڵێت (بە ئەمری سەنیەی سوڵتانی داودەی کوردستان و قەڵای وەنداوی – قەڵای کوێخا غەفور –مان بەخشی بە هلال) هەر لە هەمان فەرماندا ناوی هەندێ بنەماڵە نووسراوە، وەك (لاکەلی) و (ئۆران قیلی)[٤٦] لە دێڕی خوارەوەی بەڵگەنامە کە ناوی (عبدالقادر بن عمر بن کاظم بن مصطفی بن محمد بن عساف بن هلال) نووسراوە، رەنگە (هلال) هەر (هلاو ، هیلاو، هەڵۆ) بووبێت.



هەروەها رۆژی ۱۹۸۰/۵/۸ وەسیەتنامەیەکم لای (بەهجەت فەتاح وەندداوی)[٤٧] چاو پێ کەوت کە (ئیبراهیم بەگی وەندداوی) وەسیەتنامەی مولکی خۆی کردووە بۆ (سلێمان)ی کوڕی و (لطیف نور الدین)ی تیا کردووەتە (وەصی)، درێژی وەسیەتنامەکە (۷۵سم) و پانیەکەشی (۲٤سم)ە، لەسەر کاغەزێکی ئەستوور و بەخەتێکی نایاب نووسراوە ئەڵێت (لە وِلایەتی بەغداد، لە لیوای شهرزور و ناو شاری صلاحیە – واتە کفری – و لە دانیشتووانی گەڕەکی ئیسماعیل بەگ، ئیبراهیم بەگی کوڕی مەحمود بەگی کوڕی هیلاو بەگ و ژنەکەی کە عەدلە خاتونی کچی ئەحمەدی کچی مەلا موسایە وارثیەتی و کوڕەکەشی کە قاصرە (واتە منداڵە) و ناوی سلێمانە بەڵگەنامەکە ۲۱ دێرە و لە ۱۷ی مانگی رەجەبی ساڵی ۱۱۱۹ی کۆچیدا

نووسراوه و سی و یەك كەس مۆریان پێوەناوە لەم ناوانە (سەید خەلیل ئاغا و موسا بەگ و ئەمین چەلەبی و مەحمود بەگ) ئەندامانی ئەنجومەنی ئیدارەی شار بوون، ئەم بەڵگەنامەیە ئەوەمان پیشان دەدات كە مامۆستا (بەهجەت فەتاح) لەوەچەی ئیبراهیم بەگی وەنداویەوە و ئەچێتەوە سەر (هیلاو بەگ).

دره‌ختی ره‌گی وه‌نداوی (ئه‌فه‌ندی)



بەراوردێك لە نێوان ئەم سێ بنەماڵەیە:

(بابان) و (سەیدەكان) و (وەنداوی) سێ بنەماڵەی سەرەكی شاری كفری بوون (بابان)ەكان بە ژمارەكەم و بەدەسەڵات بەهێز و لە چینی ئەرستوقراطی و میرزادە بوون، لە فەرمانبەری میریدا كار بەدەستی گەورەیان تیادا هەڵكەوتووە و چەند كەسێكیان لێ گەیشتووەتە پلەی وەزیری[٤٨]، ئەوەندە لەگەڵ چینی رەش و رووتی شارەكە تێكەڵاویان نەبووە، (سەیدەكان) بە ژمارە كەم و لە پلەی میریدا لە سەرۆكی شارەوانی بەرەو ژوور نەڕۆیشتوون، تێكەڵاویان لەگەڵ چینی رەش و رووتی ناو شاردا هەبوو لە شین و شایی خەڵكدا بەشداریان كردووە، لە سەرێكی ترەوە چ بابانەكان و چ سەیدەكان بێ ئەوەی بنەمایەكی هۆزایەتیەكیان هەبێت و هەندێكیان

وەت دەرەبەگێك رەوشتیان نواندووە، (وەنداوی)یەکان بەشێکیان لە چینی سەرەوە و بەشێکیشیان لە چینی خوارەوە بوون و کار و کاسبی ناو شاریش بوون، هەندێ جار بە وەنداویەکان یان هەر لەخودی خۆیان گەیشتوونەتە پایەی ئەندامی بەرلەمان و کورسی وەزارەتیشیان[٤٩] پێکاوە.

گەورەکانی ئەم دوو بنەماڵە حوکم بەدەستە (بابان و وەنداوی) کە لە حوکمی دوابراودا کار بەدەست بوون بە کۆمەڵێك دەست و پێوەند و خزم و کەس و کار، خۆیان بەوڵاوە بە شارەکە خۆی خزمەتێکی ئەوتۆیان پێشکەش نەکردووە.

شوێنە گرنگەکەی کفری بووەتە هۆی ئەوەی چەندەها خێزان لە سلێمانی و قەرەداغەوە رابکێشێتە خۆی و لەناو خۆیدا بیان حەوێنێتەوە، لە قەرەداغەوە (ئەمین چەلەبی) و (حاجی رەشید)ی برای کە بەبازرگانی کردنەوە خەریك بوون لە ئەنجامدا دەوڵەمەند و بەدەست بوون و مالّ و دیوەخانەیان هەبوو، هەروەها (مەلا حەسەنی مەردۆخی قەرەداغی)[٥٠] یش لەم شارەدا ناوبانگی مەلایەتی دەرکردووە. دیسانەوە لە سلێمانیشەوە دەیەها خێزان هاتوون و لەم شارەدا جێگیر بوون وەك (حەمە رەش و سەعیدی کوڕی، وەستا حەسەنی جلدرو و وەستا صالحی برای، صابر سەراج، وەستا محمدی چەخماخساز) جگە لە قەرەداغ و سلێمانی لە کەرکوك و موصلّیشەوە[٥١] خەڵك رووبان کردووەتە ئەم شارە.

کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری کفری:

هەر کاروانێك بە بار و بارخانەی قورس و کوتاڵی ئاڵ و والاوە و بەباری خورما و تووتن و پێستە و خواردەمەنی وشکەوە کراوەوە بەرەو ژوور و بەرەو خوار بڕۆیشتایە ئەوا شەوێك دوان لە کفریدا باریان ئەخست و تێکەڵ بەدانیشتوانی کفری ئەبوون لەڕێ و باندا وڵاخەکانی ناو کاروان یەك لە دوای یەك ئەڕۆیشتن. سوار لەگەڵ سواردا تەراتێنی نەئەکرد، یاساوڵەکان دابەش ئەبوونە ناو کاروانەکە، ڕێ کردن هەر بەڕۆژ بوو، ڕۆژی هەشت نۆ سەعات ئەڕۆیشتن، ئێوارێ دائەهات لە

قۆناغـدا باریـان ئەخـست و دان و ئالیکیـان بـە ولاغـەکانیان ئـەدا و خۆشـیان ئەحەسانەوە، لە رۆژێکدا کاروان پـەنجا شەست کیلۆمـەترە رێـی ئـەبڕی، زەنگولـەی ملی ولاغی کاروانەکان لە سەعاتە رێیەکەوەئاگاداری ئەهلی شاری ئـەکرد، لـە شـێرەی شەفەقدا کاتێ ئـەو کاروانـە ئەکەوتـەوە رێگـە دیـسانەوە لـەرەی ئـەو زەنگولانـە بـێ دەنگی و کپـی بەرەبـەیانی شـەق ئـەکرد، کـاروان تـا کـاروان فـەرقی هـەبوو، کـاروان واهەبوو بریتی بوو لە سـەد ولاغێـك کـاروانی واش هـەبوو چـل پـەنجا ولاغێـك بـوو، قەتارچی واهەبوو ولاغی هەموو ئەو کاروانە کە هی خۆی بـوو لەگـەڵ یاسـاولەکان و خزمـەتگوزاران کـرێ گرتـەی ئـەوبوون، قەتارچـی بـاج و سـەرانەی بـەو خانـچی و سەرەك هۆزانە ئەدا کە کاروانەکە پیادا تێ ئەپەڕی، فەرمانبەر، قوتابی، گەڕیـدە لـە شارێکەوە بۆ شارێکی تر تێکەڵ بەکاروان ئەبوون، لەو سەردەمەدا لە شـاری (کفـری) حـەوت خـان[٥٢] (کاروانـسەرا) هـەبوو، لەهـەر یەکێکیانـدا چـەند ژوور و بـەردەڵان و حەوشەیەکی گەورە هەبوو، بەزستانان زەلام شـەو لـە ژوورەوە و ولاغەکانیـشیان لـە تەویلەکانـدا تـەقات ئـەکران، کاروانـچی و ئامـشۆگەران و بازرگانـەکانی نـاو کـاروان ئێـواری ئەچـوونە نـاو شـار شـت و مـەکی خۆیـان ئـەکڕی و ئەگەڕانـەوە نـاو کاروانـسەراکەیان، لـە سـەرما و سۆڵە و شەستە باران و رۆژانـی شـەڕ و شـۆڕدا ئـەو کاروانە چەند رۆژێك لە یەك شوێندا گیریان ئەخوارد.

لە سالی ١٨٥٠ لە کفریـدا قەیسەریەکی گەورە دروست کـرا نزیکـەی سـەد و پەنجا دوکانی تیادا بوو، ئێستاش ئەو قەیسەریە کۆنـە وەك خـۆی بـەپێوە وەسـتاوە، ئەوسا ئەو قەیسەریە پـڕ بـوو لـە دوکانی بازرگان و وردەوالاّ فـرۆش و جـل دروو و سەراج و کەوش دروو و مزگەر و هـەلاج و پـالان دروو جگـە لـە چـەند چێـشتخانە و قاوەخانەیەك لەناو کۆلانەکانی نزیـك بـە بـازاڕ چـەند نالبەنـد و بۆیەخانـە و جـۆلاّ هەبوون، چەند مالێك لـە کفـری بـە سـابوون دروسـت کـردن ناوبانگیـان دەرکردبـوو ئێستاش شوێنەواری ئـەو ناوەیـان پێـوە ماوەتـەوە، دوو گـەرماوی نایـاب لـەناو شـاردا هەبوون.

یەکێك لە نیشانەی بوژاندنەوەی شاری کفری ئەوەبوو هەژدە ئاسیاوی[٥٢] نیدابوو کە بەتەوژمی ئاو ئەگەڕان، هەر ئاسیاوێك رۆژێ نزیکەی بیست وەزنە گەنمی ئەهاڕی، سێ کەس بە نۆرە لەهەر ئاسیاوێکدا کاریان ئەکرد، ئاسیاوی جوانەکەکان نەبێت لەناو شاردا بوو ئەو دوایی لەملاو لەولای شار و لەناو چەمەکەدا بەش بووبوون، زۆربەی ئاسیاوەکان منارەیەکی تیادابوو، ئەگەر ئاسیاو باراشی بێتایە کەمی ئەوا بانگەوازی (ئاش بەتاڵ) لەسەر منارەکەوە بەرز ئەبووەوە، جگە لەوەی منارەکە پارێزگا و سەنگەرێك بوو بۆ ئاش و ئاشەوان و باراش هار.

لەناو کفریدا چەند دیوەخانەیەك هەبوو، عەسران و شەوان پیاو ماقوڵان و رۆشنبیرانی شار ئەچوونە دیوەخانە یەك دوو سەعات دانەنیشتن و گفتوگۆیان دەربارەی دەنگوباس و رووداوەکانی ئەو حەلە ئەکرد و لەوێ هەریەکە یەك دوو قاوەی تاڵیان ئەخوارد و ئەگەڕانەوە، دیوەخانەی سەیدەکان لە هەموو دیوەخانەکانی تر گەرمتر بوو، میوان و گەڕیدە و ئاوەرەکانیش رووبان تێ ئەکردن و چەند رۆژێك تیا ئەحەسانەوە.

دەوروپشتی شاری کفری بەباخ و بێستان ئابڵوقە درابوو لە دووردوە کە رووت بکردایەتە شار لەبەر چڕی دار و درەخت خانووی شارەکە بە ئاستەم سەربانیان دەرئەکەوت، باخی گەورەی ئەوتۆ هەبوون رووبەری هەریەکێکیان پانزە بیست دۆنمە زەوی گرتبوو[٥٤]، جگە لەوانە باخی بچکۆلەتر هەبوو کە (باخچە)یان[٥٥] پێ ئەوتن رووبەری هەریەکێکیان لە نێوان پێنج تا دە دۆنمە زەوی گرتبوو، لەناو ئەو باخانەدا دارد خورما و دار پرتەقاڵ و لیمۆ و نارنج و هەنار و تری و هەڵوژە هەبوون و لە سێبەری ئەو دارانەشدا دالێ و سەوزە ئەچێنرا، هەر باخێك چەند باخەوانێکی هەبوو، سەرجەم نزیکەی سەد کەسێك زیاتر ژیانیان لەسەر باخەوانی بوو.

لەدێی (ناصالح) کە بەدە دوانزدە کیلۆمەترەیەك ئەکەوێتە رۆژهەڵاتی باشووری کفریەوە کانێکی خەڵوزی بەرد هەبوو کە بە(قیرەکە) ناوبانگی

دەرکردبوو. عوسمانلیەکان لە سەردەمێکدا سالێ نزیکەی (١٥٠) تەن قیریان لێ دەرئەهێنا، لە سالەکانی شەڕی یەکەمی جیهان بەهۆی ئەڵمانەکانەوە سالێ نزیکەی هەزار تەن قیڕی لێ دەرئەهێنرا و ڕەوانەی (سامەڕا) ئەکرا لەوێوە بەشەمەندەفەر ئەنێردرا بۆ دەرەوە، تا چلەکانیش سوود لەم کانە قیرە وەرئەگیرا و دەیەها خێزانی بەڕێوە ئەبرد، لە پەنجاکانەوە کە نەوتێکی زۆر لەوڵات دەرهێنرا ئیتر ئەو کانە قیرە پشت گوێ خرا تا باراناو چاڵەکانیشی کوێر کردەوە.

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە هەموو وڵاتەکان زۆرتر قیر دەرئەهێنرێت پاش ئەو (ئوسترالیا و سۆڤیەت و بەریتانیا و پۆڵەندە)یە لە پۆڵەندە ساڵی ١٩٨٢ ڕادەی دەرهێنانی قیر لە ١٥,٩٪ ساڵی پێشووتر بوو، بەڕادەیەک قەوارەی گەیشتە (١٨٩) ملیۆن تەن لە ٥٦٪ی ئەم قەوارەیەی ڕەوانەی بازارەکانی دەرەوە ئەکرێت.

نەوتِ لە زۆرانبازیدا گرەوی لە قیر بردووەتەوە، بەڵام نەوت کەرەستەیەکە وشک ئەکات کەچی قیر ڕەگی دوور و درێژە و وەک یەدەک پاڵ پشتێکە بۆ نەوت و سامانێکی نەتەوەییە و شایانی ئەوەیە لایەکی لێ بکرێتەوە.

باری ڕۆشنبیری کفری:

(حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ١٢٠٧ – ١٣٠٥ی کۆچی) لەدوا سالەکانی سەدەی ڕابووردودا لە کفرییەوە بەرەو بەغداد ئەچێت زۆر ڕێزی لێ ئەنرێت و چەند ڕۆژێك تیا ئەمێنێتەوە، ئەمر ئەکات مزگەوت و مەدرەسەیەك بۆ دەرسی ئایینی لە کفریدا بکرێتەوە لەو سەرەوە کە لە حەج ئەگەڕێتەوە مزگەوت و مەدرەسەکە کە پێکەوە تەواو ئەبێت بەمە زۆر دڵخۆش ئەبێت و ڕەزامەندی لە دانیشتووانی شار پیشان ئەدات، ئێستاش ئەو مزگەوتە لە شوێنەکەی خۆیدا پارێزراوە و فراوان و گەورەتر کراوە و هەر بە (مەدرەسە) بەناوبانگە.

(شێخ عومەری کوڕی شێخ عوسمانی نەقشبەندی - شێخی ضیاء الدین ١٢٥٥-
- ـە کفریـەوە تـێ ئەوپـەڕی ئـەمیش فـەرمان ئـەدات خانەقایـەك نزیـك بـە
ـ ـ ـ ـە) دروست بکرێ، مەجید پاشای بابان کتوپڕ ئەرزێکی ئەبێت ئەیبەخشێت
ـ ـ ـ ـوی دانیشتووانی شار خانەقاکە و خانوویەك بۆ مەلا لە ساڵی ١٢٠٧ی کۆچیدا
ـ ـ ـ ـت نەکرێت، لە گەڕانەوەدا شێخی ضیاءالدین بەمـە زۆر دڵخۆش ئـەبێت (مـەلا
ـ حمـەد)ی[٥٦] موریـد و مەنـسوبی خـۆی ئەکاتـە مـەلای خانـەقا و لـەوێ بـەجێی
ـخبـێت. هەروەها (شێخ نظام الدین) کوڕی شێخی ضیاء الدین ماوەیـەك لـە کفـری
ـ ـ ـێتەوە و کچی مفتی (ئیسماعیل) ئەفەندی[٥٧] مـارە ئـەکات و ئـەیهێنێت، بـەمـە
ـ ـوەندی نێوان شێخانی نەقشبەندی[٥٨] و دانیشتووانی کفری پتـەوتر ئـەبێت.

لـە سـاڵی ١٣١٢یـشدا بـە ئـەمری سـوڵتانی عوسمـانی مزگـەوتێکی گـەورە لـە
ـفریـدا دروست ئـەکرێ کـە بـە (مزگـەوتی گـەورە) بـەناوبانگـە، پـاش کۆچـی دوایـی
ـتی (مـەلا ئیسماعیل) مـەلا مستەفا ئەبێتە ئیمام و خەتیب پاش ئەو (مـەلا سـەعید
ـ ـیلی)[٥٩] ئەبێتە مفتی و ئیمام لەم مزگەوتەدا.

لـەم سـێ مزگەوتـەدا دەیـەها سـوختە و فـەقێ دەرسـیان خوێنـدووە و
ـیوەندیان لەگەڵ دانیشتووانی شاردا پەیدا کردووە و ئیدارەیان لە سـەریان بـووە و
ـێزیان گیراوە و دەوریان دراوە. لـەو سـەردەمانەدا لـە کفـری قوتابخانەیـەکی
ـەرەتایی (صبیان مکتبی) و قوتابخانەیەکی ناوەندی (روشدیە) هەبووە، لە هـەردوو
قوتابخانەکـەدا نزیکـەی سـەد و پـەنجا قوتـابی هـەبووە، هەنـدێك لـە دەرچـووانی
ڕوشدیەی کفری لە بەغداد و ئەستەمووڵ خوێندنیان تەواو کردووە[٦٠].

ڕۆژ نـەبوو کـاروان لـە کفریـدا بـار نـەخات و بـار نـەکات، گەڕیـدە و زانـا و
بازرگـان و قوتابیـان و ڕێبـوارانی تـری نـاو ئـەو قـەتار و کاروانانـە لـە چـاخانە و
دیوەخانە و دوکانەکانی کفریدا تێکەڵ بە ئەهلی شار ئـەبوون و پەیوەنـدیان لەگـەڵ
ئەبەستن، هەر ڕوداوێك لەسەر خەتی (قەوقاس – تەورێز – سلێمانی – بەغـداد –
بەسرە) و لـەوان دوورتـریش ڕووی بدایـە ئـەوا لـەناو خـان و بـازاڕ و دیوەخانـەکانی

کفریدا دەنگی ئەدایەوە، سەدەها زانا و هونەرمەند تیادا تێپەڕیان کردووە و دلگیری دیمەنی ئەم شارە بووە یەکێك لەوانە شاعیرێکی ئەزربایجانیە کە بە (نەسیمی) ناوبانگی دەرکردبوو لەگەڵ (مرادۆف)ی هونەرمەندی هەڤاڵیدا بەکفریدا تێ ئەپەڕن. ئاو و هەوای شار و لوتکەی بەرزی باوەشاسوار و بزەی ئەو ئافرەتانەی کە لەو شەرعاو جۆگەلەیەوە بە جەڕە ئاو هەڵئەگرن دڵیان دەلەرزێنێت و پارچە شیعرێکی نازەری بەناونیشانی (کفری گوزەلی – واتە – جوانی کفری)یەوە ئەهونێتەوە و مرادۆفیش ئاوازی بۆ دانەنێت[٦١]، ئەو گۆرانیە نیشانەیەکی تر بۆ پەیوندی نێوان کفری و شارەکانی هەرە دووری ئەو حەلە.

لە سەدەی پێشوەوە لە کفریدا چەند شاعیرێك ناوبانگیان دەرکردووە، وەك (مەلا مستەفا)ی[٦٢] مفتی و خەتیبی کفری کە شیعرەکانی زۆربەی بابەتی ئایینین و بەزمانی تورکی هونیویەتەوە، پاش ئەو دوو (خلیل) ناوە لە کفری و دەوروپشتیدا ناو بانگیان دەرکردووە، (یەکەمیان) مەلا خەلیلی داودیە کە بە --عەبدال[٦٣]- بەناوبانگە (دووەمیان) خەلیل منەوەرە[٦٤]. ئەم شاعیرە لە هۆزی (کاکەیی)یەو نزیکەی چارەکە سەدەیەك لە کفری ماوەتەوە، پارچە شیعرەکانی باری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ئابوری ئەو حەلەمان بۆ ئەخاتە روو ئەڵێت:

نیزاع عشرەت جملە جهـــــانەن تـــــایفە الملوك رۆم و ئێـــــرانەن
شێخ بێ کەرامەت (موللا) موقلاجی دەرویش کەم زیکرەن وە نـــاعیلاجی
هامساوە هامسامە کۆ خەیـــانەت نەمەندەن ئەرگان ئەمن و ئەمـــانەت
لە گشت ئیقلیمێ هەر فەتارەتـــەن هەر حەرب و زەربەن قەتڵ و غارەتەن

یان باسی زوڵم و زۆری ئەو حەلەی دەوڵەتی عوسمانلیمان بۆ ئەگێرێتەوەو ئەڵێت:

جارێ (سەرانە) جارێ (کەرانە):

جارێ (رەشبگیر) زوڵم زەمانە

جارێ (شەخصیە) جارێ (ئەصنافی)

عوسمانلیلرن بودر اصنافی؟

ڕ ته (ئەمەیە اصناف عوسمانلیەکان کە ئەوەندە خەرج و باجیان خستوەتە
ـ ـ ـ ڕ خەڵکەوە؟)، بەمەشەوە ناوەستێت ئەڵێت:

دەوری عوسمانلی ئوچیوز ئۆن ئوچەن:

بێ پارە و موفلیس هەم مایە پووچەن

ـ ـ ـەم ساڵە کە ساڵی ١٣١٣یە بەرامبەر ١٨٩٥ی زایینی ئەکات عوسمانلی بێ پارە و
ـ ـ ـ بووچ لێی دانیشتووە). کە شێخ سەعیدی حەفید لە موسڵ کۆڕا شاعیر
ـ ـ ـ ـتانێکی گرنگ کارەساتەکەی لە ڕەگ و ریشەوە شی کردەوە.

شاعیر کارێکی گەورەی کردبووە سەر دانیشتووان جارێکیان (قۆجە شاوڵی)
ـ ـ ـەکە ئەکرێتە ئەندامی شارەوانی، شاعیر ئەمەی پێ ناخۆش ئەبێت، ناڕەزایی
ـ ـ ـ دەرئەبڕێ و ئەڵێت:

ئەوساکەم زانی کفری کاولە:

ئاغای مەجلیسمان قۆجە شاوڵە

شار بەمە دێتە جۆش و خرۆشەوە و ئەچنە سەر قایمقام ئەویش ئەو
ـ ـ ـەودیە هەڵئەوەشێنێتەوە.

لە دیوەخانی چەند کەسێکی وەك (مەجید پاشا و سید محسن ئاغا و
ـ ـ ـارەك ئەفەندی) گەڵێ کتێب هەبوو هەروەها خانەقا و مەدرەسە و
ـ ـ ـگەوتەکانیش پڕ بوون لە کتێب. ساڵی ١٩٠٨ کە جاڕی مشروتیەت درا لقی (ئیتحاد
ـ ـ ـەرەقی) لە کفریش دامەزرا و چەند فەرمانبەرێکی عوسمانلی و چەند کەسێکی
ـ ـ ـیشتووانی شار ئەندام بوون لەو کۆمەڵەدا[٦٥].

شارێکی وەك (کفری) کە ئەم مێژووە دوور و درێژەی هەبووبێت و
ـ ـ ـرودۆخێکی گرنگی بەخۆیەوە بینیبێت هیچ مایەی سەر سوڕان نییە کە زوڵم و
ـ ـ ـۆری عوسمانلی و بەریتانیای داگیرکەر قبوڵ نەکات و باوەش بۆ شۆڕشگێڕان
ـ ـ ـەکاتەوە، هەر ئەم شارە بوو کە بووە زەمینەیەکی چەسپاو بۆ ئەو شۆڕشە و ئەرکی
ـ ـ ـۆڕشەکەی گرتە ئەستۆ و سەری لە ئاستی داگیرکەران دانەنواند.

پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

١- بڕوانە: کتێبی (هاواری لاوان)، نەریمان، چاپی ١٩٥٢ ل٦٢.

٢- بڕوانە: رۆژنامەی (التآخي) رۆژی ١٩٦٧/٣/٨ نووسینی (علاء محمد علی الشیخ حسن).

٣- بڕوانە: (التآخي) رۆژی ١٩٦٧/١٠/٢٤ نووسینێك بەناونیشانی (شمال العراق في تأریخه القدیم) نووسینی (د. سامي سعید الأحمد).

٤- (مێژووی کورد و کوردستان) چاپی دووەم، ساڵی ١٩٦١.

٥- شوێنی ئەو جۆگە ئاوە بەبەرفراوانی و چاڵیەوە وشك و برین ماوەتەوە بەڵام شوێنەواری تا بڕوا هەر بەردەڵانە، لە هەشتاکانەوە بیری ئیرتوازی لە بەشی رۆژهەڵاتی لێدراوە و بەچەند گەزێك گەیشتووەتە ئاو.

٦- لە چەند لایەکی ئەو رووبارەدا چەند بەردێکی زۆر گەورەی دروستکراو کەوتووە بۆئەوەی شایەتی بدەن کە لە شوێنەواری ئاوبەستەکەوە ماونەتەوە، لەلایەکدا وەك سێ کوچکانە سێ بەردی دروستکراوی گەورە وەستاون لەچەند لایەکی تردا تاك و تەراك بەپێوە وەستاون.

٧- بڕوانە: جوغرافیای عوسمانی، چاپی ساڵی ١٣٢٩ی رۆمی، لاپەرە (٤٧٤).

٨- ساڵنامەی عوسمانی: دەوڵەتی عوسمانی لەدوا پەنجا ساڵەی حوکمڕانیدا ساڵانە بۆ هەر ولایەتێك ساڵنامەیەکی لە قەوارەی کتێبێکی (٥٠٠ – ٦٠٠) لاپەرەدا چاپ کردووە، لەو ساڵنامەدا ناوی شار و شارۆچکە و دێهاتە گەورەکان نووسراوە، باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ولایەتەکە دەرخراوە، ناوی کاربەدەستانی تیادایە، وەك پرۆژەیەك بەدەستمەوەیە چەند ساڵنامەیەك کە پەیوەندی بەخۆمانەوە هەبێت لە تورکیەوە بیانکەمە عەرەبی.

٩- مفتی ئیسماعیل ئەفەندی کوڕی مەحمود زانایەکی بەناوبانگ بووە، شێخی (ضیاءالدین) کچی ئەم زاتەی بۆ (نظام الدین)ی کوڕی خۆی مارەکردووە،

ئیسماعیل ئەفەندی یەك كوڕی هەبووە ئەویش (مەلا راغب) بووە و ئەویش باوكی خێزانی نووسەری ئەم كتێبەیە.

١٠- موسا بەگ لەبەری (وەنداوی)ە، دوو موسا بەگ هەبووە، موسا بەگی گەورە و موسا بەگی بچووك.

١١- (سید محسن ئاغا) لە سەیدەكانی كفریە بەرەچەڵەك ئەچنەوە سەر سەیدەكانی بەرزنجە، سید محسن ئاغا ساڵی ١٩٢٤ كۆچی دوایی كردووە و دوو كوڕی هەبووە (عەباس ئاغا و عبدالله ئاغا) ئەوانیش هەردووكیان كۆچی دواییان كردووە و كوڕ و كوڕەزایان لێ بووەتەوە.

١٢- (عثمان ئەفەندی) لەبەری (وەنداوی)یەكانە، دیسانەوە دوو (عثمان) ناویان هەبووە.

١٣- بڕوانە: (سالنامەی موسڵ) ساڵی ١٣١٠ی كۆچی - ١٣٠٨ی رۆمی. ژمارەی لاپەڕەكانی (٤٢٤)، بەپێی ئەو سالنامەیە سەرژمێری ولایەتی موسڵ هەمووی بەهەر سێ لیواكانیەوە (١٩٦٥٢٦) كەس بووە.

١٤- بڕوانە: (قاموس الاعلام) دانانی (شمس الدین سامی) چاپی ساڵی ١٨٩٦، بەرگی چوارەم ساڵی چاپ كردنی ١٣١١ی كۆچی، لاپەرە (٢٩٦).

١٥- ئەم سەرچاوەیە دەربارەی سەرژمێری شار و دانیشتووانی شارەوە كەوتووەتە هەڵەوە، چونكە سەرژمێر لەوە زۆر زیاترە و شیعە مەزهەبیش لە شاردا زۆر كەمن.

١٦- موجز تاریخ البلدان العراقیة، عبدالرزق الحسنی، چاپی یەكەم ١٩٣٣، ل ١٩١.

١٧- المرشد إلی موطن الآثار والحضارة، الرحلة الرابعة، بغداد - كركوك، سلیمانیة، طەباقر و فؤاد سفر، -طبع ١٩٦٥، ص (٣٨ - ٣٩).

١٨- دە دوازدە ساڵە ئەم كارگە بەردە لەكار كردن وەستاوە و بەردە چیمەنتۆی لێ دەرناهێنن.

١٩- (قەرە ئۆغلان) وتەیەکی تورکیە بریتیە لە (قەرە) واتە رەش (ئۆغلان) واتە کور، ئەگەر بکرێنە کوردی ئەکاتە (کوڕە رەش)، ئەمە تورکەکان وایان ناوناوە پێش ئەوان ناوی (داولّ خانە) بووە، لە داولّخانەدا سوپای کوردی بابان و سوپای عوسمانی چەند جارێك شەڕیان کردووە.

٢٠- (قزلر قلعەسی) دیسانەوە وتەیەکی تورکیە، بریتیە لە (قزلر)، واتە کچان (قەلعەسی) قەلاکەی، کوردیەکەی ئەکاتە (قەلای کچان)، بوونی شوێنەواری قەلایەك لەسەر لوتکەی ئەو شاخە مەگەر پەیوەندی بەکچێکی نەبەردەوە هەبێت.

٢١- بڕوانە: گۆڤاری (الأخاء التركمانية)، محمد خورشید دافوقی، ژمارە (٥) سالّی یانزدە ١٩٧١، ل ٦٥ (بەتورکمانی).

٢٢- (یەددی مەغارە) وتەیەکی تورکیە بریتیە لە (یەددی) واتە: حەوت (مەغارە) ئەشکەوت، لە شاخەکانی بەرامبەر کفری ئەو (حەوت مەغارە)یە هەیە.

٢٣- تورکمان بەشێکن لە تورك، لە تورکستانەوە کۆچیان کردووە و هاتوونەتە خۆراسان و لەوناوە بلاّو بوونەتەوە و گەلێك تایەفەی دیکەی وەك (غەز)ی تێکەلاّو بووە و بوون بە تورکمان، لەسەردەمی بویهیەکان ٣٣٤ی کۆچی و سەردەمی سەلجوقیەکان ٤٤٧ی کۆچی تورکمانەکان شەپۆلّ بە شەپۆلّ ڕوویان کردووەتە عیراق، بڕوانە – موجز تأریخ التركمان في العراق، شاكر صابر الضابط، ١٩٦٠ ل٢٠.

٢٤- کۆچ کردن بریتیە لە جموجۆلّی کۆمەلّە خەلکێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر مێژووی ئادەمیزاد لە سەردەمی پێش مێژووەوە، بێ ڕاوەستان بە زنجیرەیەك کۆچ کردندا تێ پەڕیوە. عیراق لە مێژە پێشوازی لە شەپۆلی کۆچ کردن کردووە وەك شەپۆلی نەتەوەکانی هیند و ئەوروپی و شەپۆلی سامی و شەپۆلی مەغولیەکان، عیراق وەك هەرێمێك قەوارە ئابوریەکەی

بەرەو پتەو بوون ئەڕوات. مایەی سەرسوڕمان نیە کە لە دێهاتەکانەوە بەرەو هەموو شارەکانمان شەپۆلی کۆچ کردن بەردەوام نەبێت هەروەها لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر هەر بەردەوامە، باری ئابووری و کۆمەلایەتی ناو شارەکان لادێ نشینەکان بەرەو خۆی ڕائەکێشێت. تابە ناسایش بژین، ڕژێمی دەرەبەگایەتی پاڵ پێوەنەرێك بووە کە جوتیاران بەرەو شارەکان کۆچ بکەن، شارەکانی عیراق بەگشتی و بەغداد بە تایبەتی لە چل ساڵ پترەوە بوونە هۆی ڕاکێشانی لادێ نشینەکان. (کفری)یش وەك شارێك لە دامەزراندنیەوە سەدەها خێزانی نەك هەر لە دەوروپشتی خۆیەوە ڕاکێشاوە بەڵکو لە شاری سلێمانی و لە شاری (وان)ی کوردستانی تورکیاشەوە ڕوویان تێ کردووە.

٢٥ بروانە، مێژووی سلێمانی، دانەری محمد ئەمین زەکی، وەرگێڕ، جەمیل ڕۆژ بەیانی ساڵی ١٩٥١، ل ٦٥.

٢٦- دوانزە ئیمام – دێیەکە بە پانزدە کیلۆمەترە ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی کفرییەوە، مەزارگەی دوانزە ئیمامی تیادایە، ئەو شوێنەی شەڕەکەی تیادابووە بە (داوڵخانە) بەناوبانگە.

٢٧- (یەنگیجە) تورکیە واتە (تازۆکە) گوندێکە لە ناوچەی (بەیات) ئێستا سەر بەناحیەی (سلێمان بەگی) سەر بە قەزای دوزخورماتووە.

٢٨- بڕوانە – کتێبی (رحلة نیبور إلی العراق) وەرگێڕی بۆ عەرەبی (د.محمود حسین ئەمین) چاپی ١٩٦٥.

٢٩- (جێمس بکنغهام) لە ئینگلتەرە لە شاری (فالموت) لە ساڵی ١٧٨٦ لە دایك بووە زۆر حەزی لە گەشت و گەڕان کردووە، لە تافی لاوێتیدا چوەتە هندستان، لەوێ ڕۆژنامەی (کەلکەتە)ی دەرکردووەو تیادا بەرەنگاری لە شەریکەی هندی – ڕۆژهەلاتی بەریتانی کردووە، لە هندستان دەرکراوە، ساڵی١٨١٢ چووەتە میسر و لە ساڵی ١٨١٤ چووەتە فەلەستین و لە ساڵی ١٨١٦ گەشتێکی

بەناو سوریا و عیراق و ئێران و هندستاندا کردووە و لە دوو بەرگە کتێبدا گەشتنامەکەی لە چاپداوە، لە ساڵی ١٨٥٥ دا (بکنغهام) کۆچی دوایی کردووە.

٣٠- لە کەرکوکەوە بەرەو بەغدا بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی پۆستەی ئەستەمۆڵ ئەم شارۆچکانە دروست کرابوون (داقوق – دوز – کفری – قەرەتەپە – دەللی عەباس – خاڵص) دووری نێوان لە شارۆچکەیەکەوە بۆ ئەویتریان قۆناغێک بوە واتە رۆژە رێگەیەک، سوار لە رۆژێکدا شەست هەفتا کیلۆمەترەی بڕیووە و گەیشتوەتە شارۆچکەی دووەمیان.

٣١- بڕوانە کتێبی (رحلتي إلى العراق) نوسینی (جێمس بکنغهام) وەرگێڕی بۆ عەرەبی (سلیم طه التکریتي) چاپی ١٩٨٦ ژمارەی لاپەڕەکانی (٣٢٤) لاپەڕەیە.

٣٢- مستەر (کلۆدیۆس ریچ ١٧٨٧ – ١٨٢٠) موقیمی بەریتانی لە بەغداد و نوێنەری شرکەتی هندستانی رۆژئاوا بووە لە عیراقدا لە ساڵی ١٨٠٨ وە ئەم پایەی وەرگرتووە و ئاشنایەتی لەگەڵ ناوارەکانی عیراقدا بەستووە، (داود پاشا)ی والی بەغدا لەگەڵ ریچدا ناکۆک بووە بۆ ئەوە کنەی ئەکرد کە لە مافی کەم بکاتەوە و لە دەستی بدات، ریچیش ویستی بەرەنگاری والی بکات بۆی نەچووە سەر، (ریچ) شوێنەوارناس بووە لە (بابل)دا لە گەڵ شوێنی کۆلیوەتەوە و دوو کتێبی لەسەر داناوە. ریچ لەو گەشتەدا بە نەخۆشی کولێرە (چاوەقوولە) مردووە، خوالێخۆشبوو (بهاءالدین نوري)، گەشتەکەی ریچی وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی لە ساڵی ١٩٥١دا چاپی کردووە.

٣٣- تەختەڕەوان – ژوورێکی بچکۆلانەیە لە تەختەدار دروستکراوە و شووشەبەندە، بەڕەوڕەوە نەڕوات، ئافرەت سواری ئەبێت و دوو ولاغ رای ئەکێشن.

٣٤- مونشی بەغدادی – سید محمدی کوڕی سید ئەحمەدی حەسەنیە کە بە (محمد ئاغای فارسی) ناسراوە و نازناوی (مونشی بەغدادی) بۆ خۆی داناوە.

مونشی فەرمانبەرێك بووە لە (موقیمیە)ی بەریتانی لە بەغدادا سالّی ١٨٢٠ لەگەلّ ریچدا تێکەلّ بە گەشتەکەی بووە، هاتووە بە فارسی گەشتەکەی خۆی نوسیووە و لە سالّی ١٨٢٢ دا لە چاپی داوە، مامۆستا (عەباس عەززاوی) لە سالّی ١٩٤٨دا کتێبەکەی کردوەتە عەرەبی و لە چاپی داوە.

٣٥- هەر فەرسەخێك نزیکەی دوانزدە کیلۆمەترەیە.

٣٦- بڕوانە: (التوزیع اللغوي والجغرافي في العراق)،د. ابراهیم السامرائي، ١٩٦٨ ل٢٢.

٣٧- (سەر قەلاّ – سەر قەلعە) مەرکەزی ناحیەیەکی سەر بە شاری کفریەو بە بیست کیلۆمەترەیەك کەوتووەتە رۆژهەلاّتیەوە, زۆربەی دانیشتووانی سەر قەلاّ لە هۆزی دەلۆن.

٣٨- ئەم کۆشکە بە کاشی رەنگاو رەنگ و ناوێنەبەند رازابووەوە, لە ناوەوە سەرداب و فوارە ئاوی تیادا بووە بە جۆرێك مرۆ حەزی ئەکرد تیا دابنیشێت، داخەکەم ئەم کۆشك و تەلارە خرایە پشت گوێ نێستا لە کەلاوەیەکی نیوە وێرانە زیاتر هیچی لێ نەماوەتەوە.

٣٩- ئەم کاراونسەرایە نزیکەی پەنجا ژووری گەورە و بەردەلاّنێکی پان و بەرینی تیادا بوو وەك خۆی بە پێوە وەستابوو, لە حەفتاکاندا لە بناغە دەرهێنرا و شوێنەکەشی تەخت کرا.

٤٠- گەورەترین باخی کفری بوو، پڕبوو لە دارە خورما و هەنار و مێو و هەڵوژە، لەبەر کەم ئاوی و بێ خزمەتی لە چەند دارخورمایەك بەولاوە هیچی تیا نەماوە و بووەتە دەشتێکی وشك و بەرین.

٤١- بڕوانە کتێبی (الشیخ معروف النودهی)، دانانی (شێخ محمدی خاڵ) سالّی ١٩٦٠ ل٧٣.

٤٢- (تلیشان) گوندێکی گەورەیە باخ و بێستانی تیادایە بە (٢٥) کیلۆمەترەیەك ئەکەوێتە خوارەوەی کفریەوە.

٤٣- بڕوانە (عشائر كردستان الجنوبية) وەرگێڕی لە ئینگلیزیەوە فوئاد حمە خورشید، چ ١٩٧٩ ، ل١٣٨ — ١٤٠ .

٤٤- ئەم دیوەخانەیە سەد ساڵێکە دروست کراوە وەك خۆی بە پتەوی بە پیوە وەستاوە، بریتیە لە دوو نهۆم لەهەر نهۆمێکدا سێ ژووری گەورە و هەیوان و بەردالانێك هەیە، بە بەردی مەڕمەڕ دروست کراوە.

٤٥- (وان) گەورەترین شارە لە کوردستانی تورکیا و کەوتووەتە سەر دەریاچەی (وان)ەوە بە پێی سەرچاوەکانی دەوری عوسمانی زۆربەی دانیشتووانی ئەم شارە و دەوروپشتی هەموو کورد زوبانن، بڕوانە: قاموس الإعلام الترکی، شمس الدین سامی ط ١٣١٦ رومی جلد ٦ ،ل٤٦٧٣ هەروەها (الجغرافیة العمومیة للمدارس الثانویة والعالیة المصریة) ط ١٩٢٢، ص ١٥٠.

٤٦- (جەمیل ئەکرەم ١٩١٠-) وای بۆ چووە ئەم دوو بنەماڵەش هەر (وەنداوی)بن لەگەڵ هلالدا هاتوون و نەڵێت نەوەی (لاکەلی)یەکان لە کفریدا (توفیق ئاغا و عبدالکریم علی گوڵناز شەوکەت خدر و عبد الوهاب عوسمان و صالح لطیف)ن و نەوەی (ئوران قیلی)یش (خەلیل نەجارِ و محمدی عەلی حەمەلە)ن.

٤٧- مامۆستا (بەهجەت فەتاح وەنداوی ١٩١٤) لە کفری لە دایك بووە و نزیکەی سی ساڵێك مامۆستایی کردووە و ئێستا لە دانیشتوانی شاری بەغدایە.

٤٨- وەك (جەمال بابان ١٨٩٣ — ١٩٦٦) بۆ یەکەمجار لە ٣٠ی ئاداری ١٩٣٠دا بوو بە وەزیر (جەلال بابان ١٨٩٢ — ١٩٦٧)یش بۆ یەکەمجار لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢دا بوو بە وەزیر دوای ئەوە چەند جارێکی تریش کورسی وەزارەتیان ئاڵ و گۆڕ کردووە هەروەها (ئەحمەد موختار) (مەحمود بەگی جەمیل) بەگیش گەیشتوونەتە پلەی وەزیری.

٤٩. عومەر نەزمی (عومەری کوری حەسەن ئەفەندی ١٨٩٧ – ١٩٧٨) لە سیەکاندا بووەتە وەزیر و چەند جارێك لەم کورسی وەزارەتەوە بۆ ئەو کورسی چووە جارێکیش (جەمال)ی کوڕی بووەتە وەزیر.

٥٠. مامۆستا (مەلا عبدالکریمی مودەریس ١٩٠٢-) لەم بارەیەوە ئەڵێت:

(محمد) أن (زەهاوی)و (حسن) أن (مردوخی)

در شهر (صلاحیه) از مشود منشر عرفان

((واتە محمدی زەهاوی و لە صلاحیه حسنی مردۆخی زانستیان بلاّو کردوەتەوە)).

٥١. لە موصلەوە (عەلی دەباغ) لە کفری دەباخانەیەکی گەورەی داناوە، نیستا (خدر)ی کوڕی لە کفری نیشتەجێ بووە و وەچەی لێ بووەتەوە.

٥٢. خان – کاروانسەرا –کانی کفری ئەما نەبوون (خانی مەجید پاشا) خانی ئەورەحمان بەگی بابان، خانی سەید موحسین ئاغا، خانی سەید عومەر ئاغا، خانی سلێمان ئاغا، خانی حاجی رەشید، خانی حاجی کاظم، گەورەتریان خانی مەجید پاشای بابان بوو.

٥٣. ناوی ناسیاوەکان ئەمانە بوون (ئاسیاوی قەرە دەگرمان – واتە ئاسیاوە رەشە، کویر پسك – پشیلە گوێرە، موسا بەگ، حاجی خەلیل، طور خای، عشە قباغ – واتە عشە کولەکە خۆر، چەتاڵ، مەلا عومەر، مەلا موسا، طوپچی، تەمر، حەمیرە، قازی، تولکی- رێوی، باش دگرمان – ئاسیاوی سەرەوە، ئاسیاوی حسن فتح الله، ئاسیاوی مەلا راغب).

٥٤. گەورەتریان (باخی پاشا – واتە باخی مەجید پاشای بابان – بوو) دوای ئەو (باخی قازی، باخی سەید عومەر ئاغا، باخی مستەفا ئەفەندی) بوو، ئەم باخە مارێکی گەورەی تیادا بوو هەر سالێ نا سالێك ئەیدا بەیەکێکەوە و نەیکوشت لەدواییدا خاوەن باخەکەشی کوشت.

٥٥- وەك باخچەكانى (حاجى عوسمان، حەيارە، مەملى، حاجى تورشى، حاجى رەشيد، موسا بەگ، خەليل ئەفەندى، مەلا راغب، قوش قونماز) واتە: بالندەى بەسەرەوە نانيشێتەوە.

٥٦- پاش (مەلا ئەحمەد) حاجى مەلا برايمى كوڕى ئەبێتە مەلاى خانەقا و پاش ئەويش (جەميل)ى كوڕى ماوميەك ئەبێتە مەلاى ئەو خانەقايە.

٥٧- (ئيسماعيل ئەفەندى كوڕى مەحمود) لە بنەڕەتدا لە هۆزى جافە و لە كفرى ناوبانگى مەلايەتى دەركردووە و بووەتە مفتى، پاش خۆى (مەلا راغب)ى كوڕى بووەتە مەلاى مزگەوتى سەيدەكان.

٥٨- (شێخ نظام الدين) لە كچى ئيسماعيل ئەفەندى (شێخ خالد)ى ئەبێت، ئێستا شێخ خالد نيشتەجێى بەغدايە و پەيوەندى لەگەڵ بنەماڵەى خاڵوانيدا هەرماوە.

٥٩- (مەلا سەعيدى سوەيلى) لە كفرى مستعد ئەبێت و ئيجازە لە (مەلا نيسماعيل) وەرگرێ و مەلا نيسماعيل كچێكى خۆى لێ مارە ئەكات، ئەو نافرەتەى زۆر لا نامێنێت ئەمرى خوا ئەكات، پاش ئەوە كچى (مبارەك ئەفەندى) ئەهێنێت، مەلا سەعيدى مفتى سالى ١٩٤٠ كۆچى دوايى ئەكات.

٦٠- وەك (عومەرى كوڕى حەسەن ئەفەندى كە بە عومەر نەزمى ١٨٩٣ – ١٩٧٨) ناوبانگى دەركردووە، خزمەكانى ئەگێڕنەوە ئەڵێن كە لە ئەستەمۆڵ لێى ئەپرسن لەچى هۆزێكە ئەڵێت (گورد وەنداوى عشير تندەنم – واتە من لەهۆزى كوردەكانى وەنداويم)، هەروەها (قاسم ئەرومت) كە ئامۆزاى عومەر نەزميە، ئەم پياوە كە خوێندنى تەواو كرد لە كفريدا كورەيەكى گەورەى بۆ دروست كردنى (نورە – قسل) دامەزراند – ئەوسا وەك چيمەنتۆ بۆ بناغە دارژاندن بەكار ئەهێنرا – لە كفريەوە نوورەى ئەناردە بەغدا (عبدالفتاح) ناوێك بەخەڵكى بەغدای ئەفرۆشت لەوەوە ناوى ئەو شەخصە نرا (عبدالفتاح النورەچى) ئێستاش نەتەوەكەى ئەو ناوميان بەسەرەوميە.

٦١- (كاك محمد سەعيد جاف) گێڕايەوە كە لە ساڵی ١٩٧٢ لە تاران لەسەر شانۆيەكدا گوێی لەم گۆرانيە بووە بەئاوازی (رەبابە)ی كوڕەزای (مرادۆف)ی هونەرمەند و رەبابەی هونەرمەندیش لەدەم باو و باپیریەوە ئەمەی بۆ گێڕاوەتەوە.

٦٢- بەشێك لەدیوانی نەم شاعیرەم دەستكەوتووە كە بەدەستخەت خۆی نووسیویەتەوە، لەدەرفەتێكدا بڵاوی ئەكەمەوە.

٦٣- بەشێكی زۆرم لە شیعرەكانی (عەبداڵ) دەستكەوتووە كە هەمووی بەكوردیە لەم نزیكانە گەڵاڵەیان ئەكەم.

٦٤- لەگەڵ كاك (هەردەوێڵ كاكەیی) توانیمان دیوانی ئەم شاعیرە لە ساڵی ١٩٨٤دا بەناونیشانی (شاعیری چەوساوەكان خەلیل منەوەر) بەچاپ بگەیەنین و لەسەر ئەركی (دەزگای رۆشنبیری و بڵاو كردنەوەی كوردی بەغداد) چاپ كرا.

٦٥- وەك (مستەفا ئەفەندی كوڕی مال الله – كە بە مستەفا رێزی – ١٩٦٠) ناوبانگی دەركردبوو، مستەفا رێزی رۆشنبیرێكی شارەزای ئەدەب و مێژوو بوو كتێبخانەیەكی پوختی هەبوو، پاش خۆی حەوت كوڕی لێ بەجێما (جەمیل، حەكیم، خالد، جەلال، جەمال، كەمال، یوسف)، مبارەك ئەفەندی براشی شەش كوڕی هەبوو (قادر خلوصی، رەفعەت، مەدحەت، بەهجەت، كەریم، طەلعەت). مستەفا رێزی و مبارەك ئەفەندی بۆ ئەوەی ج لە دوا رۆژەكانی عوسمانلی ج لەكاتی ئیحتلال و حكومەتی عیراقدا وەزیفەیان بینیووە.

بەشی سێیەم

مێژووی هۆزی (دەلۆ) و هۆزەکانی دیکەی ناوچەی کفری

کۆمەڵگای عەشائری، (هۆزایەتی) بریتیە لەو پەیوەندیانەی کە کەسانی سەر بەهۆزێك پێکەوە نەبەستێتەوە وەك پەیوەندی رەگەز و خوێن و خزمایەتی، هەر کەسێکی سەر بەهۆزێك مافی لەسەر هۆزەکەی هەبووە و پێویستی سەرشانی خۆی بەرامبەر هۆزەکەی دیاری کراوە، لە سەردەمی دوابڕاودا یاسایەکی تایبەتی بۆ هۆز و عێلاتەکان هەبووە کە (نظام دعاوي العشائر)ی پێ ووتراوە، پاش شۆڕش ئەم نیزامە پووچ کراوە، هاونیشتمانێتی و هاوواڵاتی لە جیاتی ئەوە چەسپاوە.

تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و فراوان دەربارەی هۆزەکانی ناو کورد نەکراوە و پەیوەندی خزمایەتی نێوان هۆزە جۆر بەجۆرەکانمان دیاری نەکراوە، چەند گەڕیدە و رۆژهەلاتناسێك شتێکیان دەربارەی هەندێ هۆز و عەشیرەتەکانی کورد نووسیوە بەشێکی کەمیان نەبێت ئەو دواییان پڕ تەم و مژ و کون و کەلەبەرن. پرۆفیسۆر (ڤ. ف. مینورسکی)[1] دەربارەی هۆزەکانی ناو کورد ئەڵێت ((لەلایەن باری کۆمەڵایەتیەوە کورد ئەکرێتە چەند هۆزێکەوە، هۆزیش بریتیە لەدوو چین (یەکەمیان) جەنگاوەرەکانن کە سەرۆکی هۆز و دەست و پێوەندەکانیان ئەگرێتەوە (دووەمیان) ئەو بەشەن کە کشتوکاڵ ئەکەن، پەیوەندی کەسانی هۆز لەگەڵ سەرۆك هۆزدا هەست کردنە بەخزمایەتی بەجۆرێك بە پارچەیەکیان ئەژمێرن لە قوارەی هۆزەکانیان. جاربەجارێکیش بەچاو قاردەمانێتیەوە ئەڕوانینە ئاغە و گەورە هۆز وەك ئەوەی بڵێی لە رەگێکی تر بووبێت وەهایە، لە یەکەم تێڕوانیندا نێوان ئاغە و جوتیاران هەست بەجیاوازیەك لە نێوانیاندا ئەکرێت، ئەو —واتە ئاغە- وەك پیاوێکی بەشان و شکۆ و خاوەن دەسەڵات تەماشا ئەکرێت[2].

دەربارەی هۆزەکانی ناو کورد و چۆنیەتی یەکگرتنیان (ا شامیلۆف)[٣]

بەم جۆرە باسی کردووە ((... روانینە قۆناغەکانی گۆڕینی کۆمەڵگای کورد رووناکیەك ئەخاتە سەر ئەم گیروگرفتە –واتە لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە- کوردەکان لە مێژووی شەرەفنامەی خۆیاندا ئەڵێن، ئێمە لە کاتی خۆیدا یەك خێزان بوین، ئەمەش ئەوە ئەگرێتەوە ئەو کاتەی کە ژیان بۆ هەموو لایەك بەربڵاو بووە، پارچە ئەرز و مەڕ و ماڵاتی هەر هۆزێك بۆ هەموو کەسانی ئەو هۆزە بووە، واتە نە لە مەڕ و ماڵاتدا و نە لە ئەرز و کێڵگەدا مولکایەتی بۆ تاکە کەسێك نەبووە، لەو قۆناغەدا هێشتا کۆمەڵگای کورد دابەش نەکرا بووە سەر چینەکانیەوە. لە سەدەکانی دە و یانزەدا لەناو کۆمەڵگای کورددا چەند میرنشینێك پەیدا بون..)) شامیلۆف دەربارەی دەرەبەگی کورد ئەڵێت (جڵەوی دەسەڵاتی ئایینی و دنیاییان بەدەستەوە بووە رەش و رووتی کوردیان هێناوەتە ژێر رکێفی خۆیانەوە)[٤] هەروەها ئەڵێت (لە دیاردەکانی دەرەبەگایەتی ناو کورد ئەوەیە کە بەستراوەتە ژیانی کۆچەرایەتییەوە ئەمەیش وەهای کردووە کە پەیوەندی ناو هۆزەکە پتەو ببێتەوە بەجۆرێك ئەم دیاردەیە لەناو گەلەکانی رۆژهەڵاتی تردا بەرچاو ناکەوێت)[٥]، وە لەسەر گۆڕینی کۆمەڵگای کورد ئەڵێت (لە دوا سااڵنی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا سەرمایەداری بازرگانی لە هەموو کوردستاندا سەری دەرهێنا، بازرگانەکان دەستیان کردە کڕینی مەڕ و ماڵات و خوری و دەیان نارده بازارەکانی شام و بەیروت)[٦].

دەربارەی پێکهاتنی کۆمەڵگای کوردەوە (س – ا یگیزاروف)[٧] ئەڵێت ((کوردەکان لەناو خۆیاندا کۆمەڵگای بەتریارکی باوکێتی دیموکراتیان پێکهێناوە، هەموو لایەکیان دەوڵەمەند و هەژار چۆن یەك بەیەکسانی ژیان دەبەنە سەر)) دەربارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆك هۆزەکانی ناو کورد زانای فەرەنسی (تۆما بوا) ئەڵێت ((گەیشتنی سەرۆك هۆز بە پایە و دەسەڵاتی خۆی بەپێی هەل و مەرجی ئەو هۆزە ئەگۆڕێت، یان ئەوەتا کوڕ لەشوێن باب دەسەڵات وەرئەگرێت

یان بەهۆی هەڵبژاردن نێوان پیاوە گەورە و ناسراوەکان یان حکومەت دەسەڵاتی خۆی بەکارئەهێنێت و گەورەیەك ئەسەپێنێتە سەر ئەو هۆزە))[٨].

خوالێخۆشبوو (محمد ئەمین زەکی) لە بەشی هەشتەمی (مێژووی کورد و کوردستان)[٩] دا ئەڵێت (مارك سایکس و مێجەرسۆن دەربارەی هۆزەکانی کوردی پێش شەڕی یەکەمی جیهانیان تۆمار کردووە، مارك سایکس هۆزەکانی کوردی ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی نووسیوە، مێجەرسۆن هۆزەکانی کوردی هەردوو دیوی سنووری تۆمار کردووە، ئەم دوو سەرچاوەیەم بەپوخت و تەواو نەزانی هاتم هەرچی سەرچاوەیەك دەربارەی هۆزەکانی کورد چیان نووسیوە وەرم گرتن تا ئەم کەلێنەم بۆ پڕ کرایەوە (محمد ئەمین زەکی بەگ لە مێژووەکەیدا ناو هەموو هۆزەکانی کوردی نووسیوە و بەرامبەر هەریەکێکیان شوێنی نیشتەنی و ژمارەی خێزان و تیرە و بەردبابەکانیشی نووسیون.

ئەبێ ئەوەش بزانین کە (اصطخری) لە کتێبەکەیدا ناوی سی و سێ هۆزی کوردی نووسیوە (مەسعود)یش لە ساڵی ٩٤٣دا ناوی ئەم هۆزە کوردانەی تۆمار کردووە (شاهیجان، ماجوران، هازینی، شادانجان، لازما، مادانجان، مزدانکان، باریسیان، جلالی، جبارکی، جوانی، مستکان).

کتێبی (هۆزەکانی کورد – العشائر الکردیة)[١٠] یش ناوی (٣٨) هۆز و بنەماڵەی کوردی هێناوە کە لە نێوان (زێی گەورە و سیروان)دا نیشتەجێ، وەك (ئاکۆ، هەورامان، باجەلان، جاف، بلباس، داودە، دەلۆ، جەباری، کاکەیی، شەرەفبەیانی، تاڵەبانی، زەنگەنە، زەند..).

هۆزی (دەلۆ)[١١]:

هۆزی (دەلۆ) تا دەوروبەری ساڵی (١٨٥٠) لە هەرێمی (سەنگاو)[١٢] دا بووە، هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆمان دەربارەی نیشتمانی پێش سەنگاوی هۆزی دەلۆمان دەست نەکەوتووە تەنها ئەوە نەبێت دەماودەم لە پیاوە بەتەمەنەکانی ئەم هۆزە

ـیستراوه[۱۳] که (دەلۆ) لە بەرەبابی (دە) شۆڕە سواری هۆزی (بلباس) بوون و
ـەسەر سنووری ئێران عوسمانیەکان نێوان (سنە و قەڵاچۆلان)دا بزێوییان ئەکرد
ـ مەترسییان خستبووە سەر سنووری هەردوو دەوڵەتەکەوە، جارێکیان کۆمەڵە
ـێگرێك ڕێ بەکاروانێکی بازرگانی ئەگرن، کاتێ ئەم دە برایە بەو هەواڵە دەزانن
ـە چەتەکان ئەچنە پێشەوە داوایان لێ ئەکەن دەست لەبازرگانەکان هەلگرن،
ـەوان بەمە قایل نابن، دە براکەش پەلاماریان ئەدەن و کاروانەکەیان لە چنگ
ـدرئەهێنن و ڕەوانەی مولکی بابانی ئەکەنەوە، میری بابان کە بە نەبەردی و
جەنگاوەری ئەم دە برایە ئەزانێت زۆر ڕێزیان ئەگرێت و هەرێمی (جامرێزی) ناو
ـەنگاویان پێ ئەبەخشێت کە ئەکەوێتە نێوان شاخەکانی (تاج داغ و بەرگەچ)ەوە
ـە ڕۆژئاوای زنجیرە شاخی قەرەداغی ناوچەی سەنگاو، پەنجا ساڵێکی بەسەردا
ـێنەپەڕێت وەچەی ئەو دە برایە ئەم ئاوایانە دائەمەزرێنن (بەرگەچ، مەسۆیی،
عەینکە، کارێزە، ترشاوە، باجگە، پێنج ئەنگوست)، لەناو ئەم گوندانە (باجگە)یان
ـوێنێکی ئیستراتیجی هەبووە، کەوتووەتە سەرلوتکەی چیای (تاج داغ) و
یارێزگاری ڕێگەی کاروانی نێوان (بەغداد و سلێمانی)یان تیا کردووە،
کاروانسەرایەکیان لە گەرووی سەنگاو بۆ حەسانەوەی بازرگان و قەتارچی و
ڕێبوارەکان دروست کردووە، هەروەها لەو (باجگە)یەدا خەرج و باجیان لە قەتار و
کاروانەکان وەرگرتووە.

لەو حەلەوە کە دەلۆ هاتوونەتە ناوچەی سەنگاو سەر بەمیرنشینی بابان
بوون و باج و خەراج و سەربازیان بەدەوڵەتی عوسمانی نەداوە و بەربەرەکانیان
لەگەڵدا کردووە، دەوڵەتیش هۆزەکانی ئەو ناوەی وەك (هەمەوەند و زەنگەنە)ی
کردوون بەگژدا و تۆوی ناکۆکی لە نێوانیاندا چاندووە، میرەکانی بابان هەمیشە
لەگەڵ ئەم هۆزەدا بوون کاتێك ئەو میرنشینە لاواز بوو لەچاو وون بوو، ئاغەکانی
زەنگەنەی ئەو ناوچەیە ئەم هەلەیان لەدەست نەدا پەلاماری دەلۆکانیاندا و
دەیەها کەسیان لێ کوشتن، پیاوە ناسراوەکانی دەلۆش بە ناعیلاجی شکاتیان بردە

بەر عوسمانلیە دوژمنەکانیان لە کەرکوک، ئاغەکانی زەنگەنەش کە زانیان دەلۆییەکان چوونەتە بەر دەرگای میری ئەمانیش چوون شکایەتەکانی ئەوانیان بەدرۆ خستووەتەوە و گۆڕی کوژراوەکانی دەلۆیان بەشەو هەلّتەکاندووە و لەجیاتی لاشەی هەر کوژراوێك پەزێکی سەربڕاویان خستووەتە ناو گۆڕەکەیەوە. والی کەرکوك دەست بەجێ لێژنەیەکی لێکۆلّینەوە ئەنێرێت و هەردوولا بانگ ئەکەن کە سەر گۆڕەکان هەلّ ئەدەنەوە ئەبینن وا پەزی سەربڕاوی تیادایە نەك لاشەی مردوو، ئەمە زەغەلّ و تەلّەکەبازیەك بوو کاربەدەستانی عوسمانی لە پشت پەردەوە هۆنیونەوە و ئاغەکانی زەنگەنەش جێبەجێیان کردووە و کاسەکەش بەسەر دەلۆیەکاندا شکاوە، هێزێکی گەورەی عوسمانلی داخ لە سگ بەربوونە سەر دەلۆییە بەسەزمانەکان[١٤] و لەو ناوچەیە هەلّیان تەکاندن و بەملا و بەولادا پرش و بلاّویان کردنەوە، لەوانە (ئەورەحمان جامرێزی) و هەردوو کوڕەکەی (یوسف و قازی) رووبان کردە گوندی (ترکەشکانی) سەر بەناوچەی (قەرە حەسەن). ئەورەحمان لەداخا لەوێ مرد و (قازی) کوڕی چووە گوندی (شێردەرە) پاشان کوڕەکانی [١٥] چوونە کەرکوك و تا ئێستا ئەوان کور و کوڕەزاکانی (رۆستەم)[١٦] لە کەرکوك نیشتەجێ بوون، هەر لەم ناوچەیەدا هەندێ لە دەلۆ ئاوارەکان کەوتنە گوندی (باداوا)ی ناوچەی قەرە حەسەن و بەشێکیان گوندێکیان لەسەر رووباری (خاسە)ی ناوچەی (شوان – رێدار) ئاوەدان کردەوە تا ئێستا هەر بە (دەلۆی سەر خاسە)[١٧] ناوبانگیان دەرکردووە. هەر سەرەنجامی ئەم کارەساتە (محمد بەفری)و هەردوو کوڕەکەی (عوسمان و ئیسماعیل) رووبان کردە (کانی قادر)ی هەرێمی (قادر کەرەم) عوسمانیان دوو کوڕی ئەبێت (سەعید و ئیسماعیل) سەعید سێ کوڕی ئەبێت (حەمە، خورشید، سالح) [١٨]ئیسماعیلی برایشی سێ کوڕی ئەبێت (محمد، ئەحمەد، عەلی) پاش بەینێك کە کەف و کوڵی نەو کارەساتە دامرکایەوە کوڕەکانی سەعید گەڕانەوە لە سەنگاو قشلاّ خە کۆنەکانی خۆیان ئاوەدان کردەوە.

زۆربەی زۆری گەسانی دەلۆ لێکتر جیابوونەوە بەڵگو کە لە مەڵبەندی خۆیان دوور خرانەوە رووبان کردە هەردەو دۆڵەکانی رۆژهەلاتی کفری و لەوێ ئەسەر ئەم چەم و رووبارانەدا ئەم گوندەیان ئاوەدان کردەوە (سەرقەلا، هەیەرەکەل، وەلیهەیەر، سەیجەژنی) رووبەری زەمینی ئەم گوندانە لەو سەردەمانەدا لەلایەن (قادر بەگی بابان)ەوە[19] وەك لەوەڕگا دەوڵەت ئیلتیزام ئەکرا، چەند سالێکی بەسەردا تێ نەپەڕی جوتیارانی دەلۆ دەستیان کردە کشتوکاڵ کردنی زەوی و زارەکانی رۆژئاوای کفری ئەوەندەی پێ نەچوو ئەم دێهاتانەیان تیادا ئاوەدان کردەوە (کارێز، تەپەچەرمو، عەین شکور، عەین فارس، فەکە، کنگربان، گلاڵبات).

لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا هەردوو دەوڵەتی هاوسنوور (عوسمانیو ئێران) کێشەی خۆیان یەکلا کرد و دەستیان کردە سنورکێشان و نوختە دروست کردن، داوایان لە هۆزی (دەلۆ) کرد کە چەند مالێکیان لێ بچێتە هەرێمی (خانەقی)و پارێزگاری سنووریان بکەوێتە ئەستۆ، زۆربەی هۆزەکە ئەمەیان بەدڵ نەبوو بەڵام (خورشیدی کوڕی عبد القادر) کە لەوەولا بە (خورشید بەگ) ناوبانگی دەرکرد خۆیان و چل خێزانێك لە خزمە نزیکەکانی لە نارێنەوە[20] بەیەکجاری هەڵگەندران و کردیانە ئەوبەری سیروان و ئاوایی (کانی بز)یان بۆ خۆیان ئاوەدان کردەوە[21] کە نزیکەی کیلۆمەترەیەك لە سنوورەوە دوور بووە، پێش ئەوەی ئەم بەشە دەلۆیانە کۆچ بکەنە هەرێمی خانەقی بەشێك لە دەلۆییەکان هەر لە سەنگاو هەڵگەندرابوون ئەوەندە لە هەرێمی (سەرقەلا)ی رۆژهەلاتی کفری نەحەسانەوە بەڵکو بە کۆچ و بارەوە ملێ ڕێگەیان گرتەبەر نەوەستان تالە سیروان پەڕینەوە ئەوبەر[22].هەر کە پاش چەند سالێك خزمەکانی تریان کردیانە ئەوبەری سیروان ئەوا یەکیان گرتەوە و ئەم گوندانەیان پێکەوە ئاوەدان کردەوە (کانی ماسی، نەوت خانە، پیکە، عەین هلال) بەمە وەچ و خێزانی (حەسەن کەنۆش)و (ئەوڕەحمان بەگی) تێکەڵاو بەیەك بوون و بەشێکیان رووبان کردە شاری خانەقی و دەسیان

کرده کاسبکاری ئەو دواییان بە کشتوکاڵەوە لەدێهاتە نزیکەکانی[٢٣] دەوروپشتی خانەقی نیشتەجێ بوون.

ئەمە بوو ڕێڕەوی ئەم هۆزە نەبەردە ئاوارە بووە کە لەم ڕۆژگارەماندا زۆربەیان لە ئاواییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی کفریدا[٢٤] نیشتەجێن ئەم عەردەی بەدەست دەڵۆیەکانی ڕۆژهەڵاتی کفریەوەیە لە پێشدا مولکی بابانەکان بووە و دوایی بووەتە مولکی بەگزادەکانی جاف. عەردی دوو دێی ڕۆژئاوای کفری (کنگربان و ساری گۆل) کە نیشتەنی دەڵۆیە مولکی بابەنەکانە ئەو دوایی عەردەکانیان مولکی میریە و بەدەست خۆیانەوەیە.

دەڵۆی ئەم بەر و ئەو بەری[٢٥] سیروان لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا کارێکی زۆریان کردبووە سەر ڕووداوەکانی ناوچەکەیان بە ئازایەتی و نەبەردی خۆیان سەپاندبووە سەر ڕووداوەکاندا و پیاوانی وەك (کەمەرخان، برایم خان، وەیسی بەگ، خورشید بەگ، مەحمود بەگ، فتح الله بەگ، حەمیدی ئەورەحمان کارێزی، کاکەمەند)یان تیاهەڵکەوتووە کە هەریەکەیان شۆڕە سوارێك بووە بۆ خۆی و شوێن پەنجەی خۆیان لە ڕووداوەکاندا دیاری کردووە، ملیان بۆ داگیرکەر دانەنواندووە، ئەم هۆزە ئەوەندە بەتەك ئابڕو و سەربەرزیەوە هاتوون ئەوەندە لایان لە مالداری و مولکداریەوە نەکردووەتەوە، هەرگیز پشتیان بە مالی دنیا قایم نەکردووە، سەرەڕای گۆڕینی ڕەوتی زەمان هێشتا ئەو خو و ڕەوشتە پاك و بێ گەردە لە بەشێکی فراوانی نەوە و وەچی ئەو ناودارانە ئاشکرا و دیارە، لە دێڕەکانی داهاتوودا چەند نموونەیەکی زیندوو لە هەڵوێستی هەندێ لەو ناودارانەتان لە هۆزەکەیاندا بۆ ئەخەمە ڕوو.

دەرکەوتنی کەمەرخان(٢٦):

هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لات و لاواز کەوتبوو، بەڵام کاربەدەستانیان لە ناوچە داگیرکراوەکاندا لە پاڵەوە گورزی خۆیان

هەر ئەوەشاند و خەڵکیان ئەچەوساندەوە، ئەوەندە خەرج و بەراتی جۆربەجۆری وەك (سەرانە) و (کەرانە) و (ئەعشار) و (ئەغنام)یان خستبووە سەر خەڵك عالەمەکە لە ژێر ئەوبارەدا نالّەیان لێ بەرز ببووەوە، لەلایەکی ترەوە ئەرز و ئەملاکیان بەسەرۆکەکاندا دابەش ئەکرد تا ئەوانیش لە چەوساندنەوەی میللەتەکەیاندا هاوکاریان لەگەڵ بکەن، لەو هەل و مەرجەدا (کەمەری کوڕی صالح خانی دەلۆ) کە برا گەورەی (برایم خان) بوو سەری بەرزکردەوە و شۆڕشێکی لە ناوچەی کفری بەرپا کرد و چووە گژ کاربەدەستانی عوسمانی و ئەو کەسانەی سەر بە ئەوان بوون ژیانی پێ تاڵ کردن، چەند جارێك دەوڵەت هێزی بردە سەر، (کەمەر خان)یش ئەکشایە هەردەکانی رۆژهەڵاتی کفریەوە و خۆی لێ قایم ئەکردن ئەگەر بەرەو پێشتر تەکانیان بدایە ئەوا پەرت و بڵاوی ئەکردنەوە و هەرجارە ناچارێ چەند کەسێکی لێ ئەکوشتن، دەوڵەتی عوسمانی هانای بردەبەر هۆزەکانی ناوچە، کەس بەدەنگیانەوە نەهات، چوو لە هۆزی هەمەوەند هێزێکی سەد و پەنجا سواری بەسەرۆکایەتی (حسین ئاغا)وە هێنا، ئەم هێزە شان بەشان عوسمانیەکان لەناکاو پەلاماری هێزەکەی کەمەرخانیاندا، چەند رۆژێك شەڕ گەرم بوو، هێزەکەی کەمەر خان دوا گوللەیان پێ بوو تەقاندیان و ئەوەبوو خۆی و حسینی برای لە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی ڕێکەوتی ١٨٩٥ی زایینی لەگەڵ چەند قارەمانێکی تردا خوێنی ئاڵیان تێکەڵ بەخاکی نیشتمانەکەیان بوو، دەوڵەت تەرمی ئەم دوو شەهیدەیان هێنایە کفری بەتەما بوون لاشەیان لەناو کوچە و کۆڵانەکاندا رابکێشن، بەڵام هەمەوەندەکان و دانیشتووانی شار ئەم کارەیان رەت کردەوە و چوونە سەر کاربەدەستان، لاشەیان یەك دوو رۆژ لەو راستیە کەوتبوو (نەنەخان)ی دایکیان هات و بێ ئەوەی فرمێسکیان بۆ برێژێت نوێژی لەسەر کردن و تەرمی رۆڵەکانی بردەوە ئاوایی، ئێستا بەرامبەر ئاوایەکەی خۆیان هەر لەسەر جادەکەی (کفری – سەرقەڵا) لەسەر تەپۆلکەیەك هەریەکەیان کێڵێکیان لە

ژوور سەردا بەرزبووەتەوە و شایەتی شەهادەتیان بۆ ئەدەن کە لەڕێی سەربەرزیدا خوێنیان رژاوە.

هۆزی دەلۆ بەتەنگ و چەڵەمەی سەختدا تێپەڕیوە و ئەمەش وەك تاقیکردنەوەیەك وابووە کە دەلۆییەکان زیاتر پێکەوە بچەسپێت، پێوەندی نێوان جوتیارانی ئەم هۆزە و سەرۆك هۆزەکەیان پەیوەندیەکی باوکایەتیە، سەرۆك هۆزی دەلۆ خاوەن ئاو و خاك و دەسەڵاتی ئەوتۆ نەبووە و باج و سەرانەشی نەخستووەتە سەر جوتیارانی خزمی و لەزۆربەی دێهاتەکانی ئاو دەلۆدا بەشی گەورە و دێی جوتیارێك ئەوەندەیان فەرق نەبووە، دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوە و روتاندنەوە لەناو ئەم هۆزەدا بەرامبەر بەیەك نەبووە، جوتیارێکی دەلۆیی ئەگەر سەرۆك هۆزەکەی خۆی خۆشویستبێت ئەو خۆشەویستیەی لەکانی دڵەوە هەڵقوڵاوە نەك لە ئەنجامی دەسەڵاتداری و ترسەوە بێت، ئەمە یەکێکە لەدیاردە بەرچاوەکانی باری کۆمەڵایەتی و رامیاری ئەم هۆزە کە لە هۆزەکانی دەوروپشتی خۆی جیای کردووەتەوە.

لەناو هۆزی دەلۆدا چەند شاعیرێك ناوبانگی دەرکردووە یەکەمیان — میرزا شەفیعی جامرێزیە (١٧٨٥ — ١٨٣٥)ی زایینی میرزا شەفیع لەو سەردەمە ناوبانگی دەرکردووە کە دەلۆ هێشتا لەناوچەی سەنگاودا بووە، خۆیشی لە گوندی (جامرێز)دا بووە، لەوەسف کردندا دەستێکی بالای هەبووە، ئەمە پارچە شیعرێکیتی کە لەگەڵ داریکدا ئەدوێ:

هامسەران جارێ هامسەران جارێ:

رام کەفت وە گوزەر درەختێك جارێ

درەخت چی درەخت قامەت چنارێ:

بەرز بەهرەمەند ساوای وەن دارێ

سەر جەکەشکەلان حەفتەمین یەرد:

ریشەی پا نەتەخت زەمین مەحکەم کەرد

واتەم: پیرەدار مەنەی هەزار سالْ:

شەرحێك جەی دەوران باومڕ وە خەیالْ

خەیلێك زەمانە جەبیر ناومردەن:

شادیت وە زەمان کام شاهان بەردەن

دیم دەنگێك ئاما جەی نیگارەوە:

جەی مینای شکست هەزار پارەوە[٢٧]

دووەم – حەسەن کەنۆش (میرزا حەسەن جنونی ١٨٤٠ – ١٨٩٤) ئەم شاعیرە لەگەلْ مەحاکی داودیدا هاوچەرخ بووە و لەنێوانیاندا چەند گاغەزە شیعرێك هەیە، ئەمیش چەند دێرێکە لە یەکێك لەو گاغەزانەی کە حەسەن کەنۆش بۆ مەحاکی نووسیوە:

چراغم سیا چراغم سیا: (مەحاك) لە دونیا چراغم سیا

بەو خوا قەسەم ئەی دنیاش نیا: سەد سفیدەن غولام تای زولف سیا

سفید بێ سیا زینەت نەدارۆ: جەوهەر سیا رەحمەت مەوارۆ

(حجر الاسود) چووین سەنگش سیا: سەرجەم حاجیان وە عەینەش نیا

سی جزمەی کەلام خەلّات رەسول: خطش سیابی، کەردشان قبوولْ[٢٨]

هەروەها (فاتمە)ی کچی حەسەن کەنۆشیش شاعیرێکی ناودار بووە و لەگەلْ شێخ رەزای تالەبانی بەشیعر هێرشیان بردووەتە سەریەك.

وەك لە سەرەتای ئەم بەشەدا دەرمان بڕی هۆزی دەلۆ لە رەگ و ریشەدا ئەچنەوە سەریەك بەرەباب سالْ بە سالْ کەسانی ئەم هۆزە وەچەیان لێ بووەتەوە تا وەهای لێ هاتووە لە ماوەی سەدە و نیوێکدا ئەم هۆزی (دەلۆ)یە بکرێتە (دە) تیرەوە، ئەمانەش ناوی تیرەکانی دەلۆن:

١- جامرێزی: لەکاتی خۆیدا لە ئاوایی جامرێزی ناوچەی سەنگاودا بوون و ئەو ناوەیان بەباڵادا بڕاوە و جلەوی سەرۆك هۆزەکەی خۆیان تا ماوەیەك بەدەستەوە بووە، لەپیاوە بەناوبانگەکەکانیان (مستەفا و عوسمان) بوون و لەم دواییەشدا (عەلی عەزیز و حەمید عەزیز)یان هەبووە، هەرچەندە ئەم تیرەیە بە بەگزادە ناسراون بەڵام دەورێکی نەوتۆیان نەگێڕاوە.

٢- ئەورەحمان بەگی – ئەمانەش لە بەگزادەکانی دەلۆن، لە پیاوە ناودارەکانیان (فتح الله بەگ و عبدالله بەگی برای، سەمین ئەمین بەگ، ئەحمەد محمد بەگ، حەمید رەشید بەگ)، لە ناسراوەکانی ئەمڕۆیان (فەرحانی عبدالله بەگ و مەجیدی فتح الله بەگ و زوهدی ئەحمەد بەگ و ئیسماعیلی رەشید بەگە).



٣- سەلیم وەیسی – لە پیاوە بەناوبانگەکانیان (وەیسی بەگ) بووە، وەیسی بەگ نزیکەی بیست ساڵ (١٩٠٥ – ١٩٢٥) سەرۆکی هۆزی دەلۆ بووە، چ لەناو

هۆزەکەی خۆی و چ لەناو جەماوەردا پایە و مەقامی خۆی هەبووە و رێزی گیراوە، چەند جارێك چووەتە لای شێخ مەحمودی حەفید و یەکێك بووە لەناودارەکانی کفری کە داوای مافی کردووە، وەیسی بەگ مالێکی لە عەین فارس و مالێکیشی لەکفریدا بووە، لەبەرەی سێ ژن ئەم کوڕانەی هەبووە (عەلی، حەسەن، حەمید، مەجید، مستەفا، جەوهەر، نامق) ئەم برایانە هیچیان نەماون، کوڕەکانیان لەکفری و عەین فارس و شوێنانی تردا نیشتەجێ بوون، ناسراوترینیان (سامی عەلی وەیسی بەگە ١٩٢٤) و ئێستا لە کفری دائەنیشێت، شاعیر و رۆشنبیرە.



٤- خوبیاروەندی (کەمەرخان و برایم خان) لە پیاوە ناودارەکانی ئەم تیرەیەن زۆربەیان لە ئاواییەکانی (هەیەرە کەل – برایم خان) دائەنیشن و بەکشتوکاڵەوە خەریکن، لە دەلۆی ئەو بەریش (دەوروپشتی خانەقی) ئەمین عەلی لەم بنەماڵەیە لەپیاوە ناودارەکانی ئەم تیرە دەلۆییە (شەرەفی برایم خان و سمایلی عەزیزی برایم خانە).

٥- گەچی – باپیرە گەورەیان لە (بەرگەچ)ی سەنگاودا بوون، کە هەڵکەندران هاتنە دەوروپشتی کفری و کەوتنە ئاواییەکانی (کارێز و گلاّبات و عەین شکور) لە ناودارەکانیان (کوێخا ئەورەحمانی کارێزی و حەمید و حاجی

محمدی کوڕی) هەروەها (ئەمین دەرویش) و نەوەکانی وەك (کاکەمەندی ئەمین دەرویش).


درەختی رەگی دەلۆی کاریزی (گوێخا)
سلێمانی کوڕی ئەحمەد کۆر مەحمود کور مەلاجان
سلێمان
قادر محمود احمد عبدالرحمن
عزیز کەمر ابراهیم مجید عبدالحمید صالح محمد کریم اکبر حسن سالار فرمان
سمین اسماعیل جاسم قادر علی اکرام هدایت محمود احسان عادل



تەلکەوەندی (تەرکەوەندی) لەسەر قەلا و سەی جەژنی نیشتەجێ بوون لە پیاوە ناوداڕەکانیان (خەسرەو حەسەن نادرە شێت)بووە و ئێستا (فەریقی کوێخا مەدحەت) لە پیاوە ناسراوەکانیانە.

٦- پێنج ئەنگوستی – لە دەوروپشتی خانەقیدان لە ناوداڕەکانیان (قادر شەریف) بووە.



٧- ئالی نەزەری – لە ناوداڕەکانیان (محمد خدر) بووە.

٨- تائشەیی – لە ناوداڕەکانیان (فەرەج سەعید) و خزمەکانێتی.

٩- چەرمەوەی – لە کەسە ناوداڕەکانیان (محمد بەفری) بووە.

هۆزی دەلۆ کەم تا زۆر لەگەڵ ئەم هۆز و عەشیرەتانەی دەوروپشتی کفریدا پەیوەندی هەبووە وەك (جاف، زەنگەنە، داودە، تاڵەبانی، بەیات، گێژ، عەززە، لهێب) و ناویان لەم کتێبەدا هاتووە بۆیە بەپێویستی ئەزانین لە هەریەکەیان کورتەیەك زانیاری پێشکەش بکەین.

هۆزی (جاف)[٢٩]:

جاف بەگەورەترین هۆزی کورد ئەدرێتە قەڵەم، تا سەدەی حەڤدەمی زایینی ئەم هۆزە لە هەرێمی (جوانڕۆ)[٣٠]دا بوون، کە سوپای عوسمانی بەسەرۆکایەتی (مورادی چوارەم) سەرکەوتە سەر سوپای ئێران بەسەرۆکایەتی (صفی الدینی یەکەم) لە ساڵی ١٦٣٩دا رێکەوتنی (زەهاو)یان لەناو خۆیاندا مۆر کرد سەرەنجامی ئەو رێکەوتنە بەشێك لە هۆزی (جاف) کەوتنە ئەم دیوی

سنووری عوسمانێ و پێیان وترا (جافی مورادی) و ئەوانەی لە جوانڕۆدا مانەوە پێیان ووترا (جافی جوانڕۆ)یی، لە سەردەمی حوکمڕانی (ئەحمەد پاشای بابان) لە ساڵی ١٧٧٢دا (زایەر بەگی جاف) لەگەڵ سەد کەسێك لە دەست و پێوەندی هاتنە هەرێمی (بانی خێلان) و[٣١] لەو ناوچەیە جێنشین بوون.

سەرژمێری جاف لەناو سنووری دەوڵەتی عوسمانیدا رۆژ بەرۆژ پتر دەبوو تا ئەو هەرێمەی تیادا بوون بەشی نەئەکردن و بەرەو خوارەوە ئاخێزیاندا و تەنگیان بەورده هۆزەکانی وەك (زەند، پاڵانی، گێژ، شەرەفبەیانی)[٣٢] هەڵچنی و لەشوێنی خۆیان هەڵیان تەکاندن تاوەکو سنووری نیشتەنیان گەیشتە دەوروپشتی کفری و خانەقی و قەرەتەپە.

پاش لەناوچوونی میرنشینی بابان ئەستێرەی ئەم هۆزە درەوشایەوە و لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە[٣٣] پارێزگاری سنووریان پێسپێردرا و هەندێك لە بەگزادەکانیان پلەی (پاشا)یی[٣٤] پێ بەخشرا وەك (محمد بەگی کوڕی کەیخوسرەو بەگ – محمد پاشا). و هەردوو کوڕەکەی (مەحمود پاشا و وەسمان پاشا).

جاف لە ئەعشار و سەرانەی دەوڵەتی عوسمانی لادرابوون لەجیاتی ئەمە هەرخێزانێك ساڵێ (٨٧,٥) قروشی بەگەورە هۆزەکەی خۆی ئەدا، واتە تەنها بەگزادەکانی جاف بەرپرسیار بوون بەرامبەر دەوڵەت و ئەوانیش پەیوەندییان بەکەسانی ناو هۆزەکەی خۆیانەوە هەبوو نەك دەوڵەت.

لەزۆر کۆنەوە جاف گەرمیان و کوێستانیان کردووە لەم کۆچ کردنە نزیکەی (١٢٠٠) کیلۆمەترە رێگەیان بەکۆچ و بارەوە بڕیوە، قۆناغ بە قۆناغ پەزەکانیان داوە لەبەر و رۆیشتوون، لە کوێستانەوە کە هاتوونەتە خوارێ لە نزیك ئەم شوێنانەوە تێپەڕیان کردووە (بیجار، سەقز، سنە، بانە، مەریوان، پێنجوین، میشیاو، ملەکەوە، عەربەت، سلێمانی، تەینال، قەرەداغ، سەنگاو، سەرقەڵا، کەلار، زەنگابات، قەرەتەپە)[٣٥] لە بڵاوبوونەوەی هۆزی جاف لە گەرمیان و کوێستان هەر تیرەیەکیان پێ لەودڕ و شوێنی دیاری کراوی خۆی

هەبووە هیچ تیرەیەکیان نەئەچووە سەر لەوەرگای ئەویتریان، ناوچەی گەرمیان لەو دواییەدا بەهۆی زۆری کشتوکاڵەوە نەی ئەگرتن ناچار پەل و پۆیان ئەکوتایە ناوچەی قادر کەرەم و قەرە حەسەنیشەوە تا ئێستاش لەناوچەی قەرە حەسەن دێیەک هەیە بەناو (جافان)ەوە و هەندێک لەو تیرە و ماڵانە ئەیانکردە ئەوبەری سیروانەوە ئەگەیشتنە هۆرێنو قۆرەتوو زەهاوی قزرابات، لەو رێڕەوەدا هۆزی (گەڵاڵی) کە بە ئازایەتی ناوبانگیان دەرکردبوو ئەکەوتنە پێشەوە، بەگزادەکانیش لە ناوەڕاستی ئەو قەتارەدا بوون، زۆر جاریش هەبوو بەگزادەکان زستانیان لەقزرابات ئەبردە سەر، گەورەکانی جاف (پاشا و بەگزادە) سەنگین و سەربەرز بوون، ئەوەندە قسەیان نەئەکرد، بەڵکو کتوپڕ شتیان بەجێ ئەهێنا[٣٦] – واتە بەکار و کەم دوو بوون، لەکاتی کۆچەرایەتیدا هەر خێزانێکی جاف رانێک دوو رانە پەزی هەبوو چاکترین ئەسپیان بەخێو ئەکرد و حەیوانی دۆشەنی وەک مانگایان بەخێو ئەکرد و باریشیان لێ ئەنا، لە گەرمیاندا بەروبوومی پەزەکانیان لە بازاڕی کفریدا ساغ ئەکردەوە وەک (خوری، موو، پەنیر، ماست، رۆن) جگە لە قاڵی و گلێمی نەخشین.

لە ساڵی ١٩١٨وە هۆزی جاف لە لەوەرگەرییەوە رووبان کردە کشتوکاڵ کردن تا ساڵی ١٩٢٢ پێنج هەزار ماڵە کۆچەری لێ مایەوە ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی خێزانە کۆچەرەکانی جاف هاتە خوارەوە تا گەیشتە (٦٠٠) خێزان، لە ساڵی ١٩٧٠ ژمارەی خێزانە کۆچەرەکان لە سەد تێ نائەپەڕێن[٣٧].

میژووی کورد و کوردستان هۆزی جافی دابەش کردووەتە سەر ئەم تیرە و لقانەوە (هارونی، ئیسماعیل عوزێری، مکایەلی، رەشو بۆری، تەرخانی، رۆغزایی، شاتری، سەدانی، باشکی، عەمەڵە، یوسف جانی، نەورۆڵی، کەمالەیی، یەزدان بەخشی، تاوگۆزی، پشت ماڵە، بێ سەری، یاروەیسی، شێخ ئیسماعیلی، عیسایی، صۆفیوەند)[٣٨]. لەناو بەگزادەی جاف ئەم سەرکردانەیان ناوبانگی دەرکردووە:

١- محمد پاشا (كوڕی كەیخوسرەو بەگی سلێمان بەگی زایەر بەگە) سالّی ١٢٣٠ كۆچی لەدایك بووە، پاش مردنی باوكی لە سالّی ١٢٤٤ بووەتە سەرۆكی جاف، محمد پاشا پیاوێكی ئازا و چاوتێر و رۆشنبیر و بەزەوق بووە، لەسەر گردیَ شیروانەی بەرامبەر كەلار (قەلاّی شیروانە)ی[٣٩] دروست كردووە، جگە لەوەی لەناوچەی پێواز قەلاّیەكی تری كردووە و لەقزراباتیش خانوویەكی گەورەی كردووە، چەند جارێك ناكۆكی كەوتووەتە نێوان حەمە پاشا و دەولّەتی عوسمانیەوە، حەمە پاشا لە سالّی ١٢٩٩دا بەدەست چەند كەسێكی كەرەم وەیسی نزیك شاری كفری[٤٠] كوژراوە.

٢- مەحمود پاشای كوڕی حەمە پاشا–سالّی ١٢٦١ لە دایك بووە، كە گەورە بووە بووەتە قایمقامی هەلّەبجە، پاش مردنی باوكی سەركردایەتی جاف وەرگرتووە، لە سالّی ١٢٠٦دا كراوەتە موتەسەریفی (ئورفە) و لەجیاتی ئەو (وەسان پاشا)ی برای كراوەتە سەرۆكی جاف، بەلاّم نەچووەتە ئورفە، لەلایەن دەولّەتەوە گیراوە لە ئەستەمۆلّدا حەپس كراوە، پاش چەند سالّێك لە بەندیخانە رایكردووە و بەسەر قەوقاسەوە چووەتە ئەزربایجان و لەوێوە هاتووەتەوە ناو جاف لەچیای زمناكۆ شۆڕشێكی دژی دەولّەت بەرپاكردووە، دەولّەت لە نەبەردی مەحمود پاشا سەری سوڕماوە و داوای ڕێكەوتنی لەگەلّ كردووە ئەویش بەبیّ ئەوەی بترسێت چووەتە ئەستەمۆلّ و سولّتانی دیووە ئەویش یانزدە مقاطعەی لەقەزاكانی هەلّەبجەو كفری و دەوروپشتی سلێمانی پیّ بەخشیوە، مەحمود پاشا لە سالّی ١٣٣٩ی كۆچیدا ئەمری خوای كردووە[٤١].

٣- وەسمان پاشای كوڕی حەمە پاشا – سالّی ١٢٦٢ لەدایك بووە، سالّی ١٢٩٠ لەلایەن دەولّەتی ئێرانەوە كراوەتە فەرمانڕەوای (جوانڕۆ و زەهاو) پاش چوار سالّ گەڕایەوە ناو خاكی دەولّەتی عوسمانی بیست سالّێك سەرۆكی جاف بووە، سالّی ١٢٢٧ كۆچی دوایی كردووە لە (عادلە خانمی) ژنی دوو كوڕی هەبووە (ئەحمەد موختار ١٨٩٦ – ١٩٢٢) و (طاهر بەگ – ١٩٢٧) كە

هەردووکیان شاعیر بوون و دیوانی شیعریان لە چاپدراوە – لەناو جافدا شاعیری وەك (وەلی دێوانە) و زانای بەناوبانگی وەك (مەولانا خالید ١١٩٣ – ١٢٤٦ کۆچی) ناوبانگیان دەرکردووە.

لەسەردەمی شۆڕشی برایم خانی دەلۆدا (کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشا ١٨٨٥ – ١٩٤٩) سەرۆکی جاف بووە و دەورێکی گرنگی بینیوە کە لەکاتی خۆیدا نەیخەینە ڕوو.

هۆزی (داودە):

داودە هەرێمێکی فراوانی گرتووەتەوە لەنێوان ڕووباری (ڕۆخانە) و دۆڵی (هۆمەربل – عمربیل) و کەوتووەتە ناوەندی ئەم هۆزانەوە (شێخان، جاف، تاڵەبانی، زەنگەنە، دەلۆ، بەیات) داودە لە هۆزە دێرینەکانی کوردە نزیکەی دوو هەزار خێزانە و لە شەست ئاوایدا بڵاوبوونەتەوە لە شەش تیرە پێکهاتووە (شێخەوەند، پیرام وەند، کەرەم وەند، خەڵەف وەند، دیلانی، قەوانی، بارنەوەری) جگە لە چەند لق و بەرەبابی بچووکی تر وەك (لەك، زەند، گۆمەیی، سالەیی) ، (مەحاك)[٤٣] لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەم هۆزەیە شوێنی هەرە کۆنی ئەم هۆزە لەناوچەی (قەڵا داود)ی کوردستانی ئەودیودا بووە، کە مەغۆڵەکان بەسەرۆکایەتی (هۆڵاکۆ) هێرشیان هێنا هەندێ لەم هۆزە توانیان بەسەرۆکایەتی (حەقی)یەوە بەرەو ڕۆژئاوا خۆیان ڕزگار بکەن تا گەیشتنە ناوچەی ئێستایان و تیادا جێگیر بوون، بەشێك لە داودەییەکان لە وڵاتی مەغریبدا ئەژین لە هەرێمی (مەکناس)[٤٤] جێگیر بوون و پەیوەندیان لەگەڵ هۆزەکەیاندا هەرماوە، داودە بەپێی شوێنی نیشتەنیان ئەکرێنە دوو بەشەوە: (داودەی کوردستان) ئەوانەی لە دێهاتەکانی ناو چیا و هەردەکانی ڕۆژهەڵاتی (دوزخورماتوو) ئەژین وەك (قەڵخانڵو، عەزیز قادر، توکن، تەپەچەرمو، دوڕاجی، زندانە، پەلکانە، مازوغ، سماق) بەشی دووەمیان (داودەی گەرمیان) ئەکەونە پێ دەشتی ڕۆژئاوای دوز تا نزیك تاوغ (داقوق) لە

گوندەکانی ئەم ناوچەیان (حەوت تەغار – افتخار، ئەلبو سەراج، عەلی سەرای، چەورکە). سەرۆکایەتی ئەم هۆزە لەدوا سالەکانی عوسمانیەکاندا بەدەست (حەمە خورشید ئاغا)وە بووە لە دوراجی قەلایەکی دروست کرد و لەو ناوچەیە کەوتە بەربەرەکانێ دژی دەوڵەتی عوسمانی ئەوانیش هێزێکی قورسیان نارده سەر و قەلاکەیان دایە بەرتۆپ، ناچار جەنگاوەران تارومار بوون (حەمە خورشید) خۆی و چەند سوارێك هەلاتن و لە سیروان پەڕینەوە و .رووبان کرده چیای (بەمۆ) لەوێ خۆیان قایم کرد، هەندێ لەو هۆزەش دوورخرانەوە بۆ ناوچەی (رەمادی)وە تا ئێستا بە بەرەی (دوراجی) ئەناسرێن. دەوڵەتی عوسمانی چەندە هەوڵیدا حەمە خورشید[45] بگەرێتەوە سوودی نەبوو تا ئەو دەوڵەتە لە ئارادابوو نەگەڕایەوە چونکە لە دوژمن دڵنیا نەبوو بوو.

هەر کە سوپای داگیرکەری بەریتانی پێی نایە سەر خاکی عیراق و بانگەوازی (جهاد) دژ داگیرکەر بەرز بووەوە شۆڕە سوارانی هۆزی داوده بەسەرۆکایەتی (نامق ئاغا) تێکەڵ بە هەزار سوارەکەی شێخ محمودی حەفید بوون، لە شەڕی (شعیبه)دا نامق ئاغا چەند جەنگاوەرێکی شەهید بوون و بەخوێنی ئاڵیان لی دەشتی شعیبەیان رەنگ کرد.

دره‌ختی داوده (بەگ)



لە سیەکاندا (خەڵەف شەوقی داودی) ناوبانگی دەرکرد، خەڵەف شەوقی ساڵی ١٨٩٨ لەدایك بوو، خوێندنی لە قوتابخانەکانی عوسمانیدا تەواو کرد و لە جەنگی یەکەمی جیهاندا بەشداری کردووە و لەلایەن ئینگلیزەوە بەدیل گیراوە و ڕەوانەی هندستان کراوە، لەوێ ئینگلیزی و هیندی فێر بووە، کە گەڕایەوە دەستی دایە ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژنامەکانی (ئەوقاتی عیراقیە) لە بەسرە و (ئەوقاتی بەغدادی)دا کاری کردووە خوێشی گۆڤاری (شط العرب)ی دەرهێناوە لە ساڵی ١٩٢٦یشدا ڕۆژنامەی (الدفاع)ی لە بەغداد دەرهێناوە، چەند ساڵێك لە وەزارەتی (مالیە)دا فەرمانبەر بووە لەنووسین و ڕەخنەگرتندا شێوەیەکی تایبەتی هەبووە، ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە خەڵەف شەوقی لە ساڵی ١٩٢٧دا یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵی (پشتیوان) لەگەڵ ئەم کەسانەدا (ڕەفیق حیلمی، مستەفا شەوقی، ئەحمەد خواجە، ئەمین ڕەواندزی، ڕەئوف جەلالی، بەشیر مشیر، مەحمود جەودەت، عەلی عیرفان و کەسانی تر).

لە شۆڕشی بیستدا هۆزی داودە بەسەرۆکایەتی (ڕفعەتی سمایل بەگ) لەگەڵ برایم خان قسەیان کرد بەیەك و ناوچەی دوزی لە چنگ بەریتانیا دەرهێنا و نزیکەی مانگێ فەرمانڕەواییان تیادا کرد، لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بەدوور و درێژی ئەمەتان ئەخرێتە بەرچاو.

هۆزی زەنگەنە :

لەهۆزە هەرە کۆنەکانی کوردە و لە (شەرەفنامە)دا[٤٦] ناوی هاتووە، چەند تیرەیەکی ئەم هۆزە کەتوونەتە (قەوقاس و خۆراسان و ئەوغانستان)، هەروەها لقێکی کە بریتیە لە هەزار و پێنج سەد خێزانێ لە هەرێمی (کراماشان)دا نیشتەجێن، لە کوردستانی عیراقیشدا ئەم هۆزە نزیکەی (١٥٠٠) خێزان ئەبن و بەکشتوکاڵەوە خەریکن و لەدەوروپشتی (برایم خانچی)[٤٧] و (سماق)دا[٤٨] نیشتەجێن. هۆزی زەنگەنە لەم دێهاتانەدا بڵاوبونەتەوە (مەلا هۆمەر، گەڕاوی،

عەلیاوە، شاە نەزەر، کانی عوبێد، توکن، گۆبان، دوانزدە ئیمام، قەرەبلاغ، قولیجان، رەحیم وەرقە، تەپە عەلی، خدران، قوببە، شێخ لەنگەر)[٤٩]، ئەم گوندانەش سەر بەناحیەکانی (پێواز، قەرەتەپە، سەرقەلا، قادر کەرەم)ن.

لە سەردەمی فەرمانڕەوای باباندا ناوی ئەم هۆزە چەند جارێك هاتووە (خان ئەحمەد خان گورِی میر سمایل ١١٠٠ – ١١٧٠)ی کۆچی سەرۆکی ئەم هۆزە میرنشینێکی لە (قەیتول) داناوە و (قەرەداغ و سەنگاو)ی لە فەرمانڕەوای بابان پچڕاندووە و چاوی بڕیوەتە (بازیان) لەلایەکی تریشەوە پەلی هاویشتوەتە دۆڵی (تانجەڕۆ) و (شارەزوور) لەبەر ئەمە (خانە پاشای بابان) بەسوپایەکی بەهێزەوە هەڵی کوتاوەتە سەر ئەم هۆزە و تەنگی پێ هەڵچنیوە تا لە دەوروبەری ١١٣٤ك – ١٧١٢زدا ناچاری کشانەوەی کردوون، ئاغەکانی زەنگەنە پشتاوپشت ئەچنەوە سەر میر ئیسماعیلی گەورە، لە ساڵی ١٩٢٢دا (حەمە کەریم ئاغا) کرا بە بەڕێوەبەری ناساییش لە ٣٥ گوندی ئەو ناوچەیە.

دەرەختی رەگی ئاغاکانی زەنگەنە



لە شۆڕشی برایم خاندا هۆزی زەنگەنە هەڵوێستێکی یەکلایەنیان نەبووە، لەکاتێکدا (عبدالکریمی وادی ئاغا) کە گوندی (زەرداو)ی بەدەست بووە لەگەڵ شێخ وەهابی تاڵەبانی دژی ئەو شۆڕشە بوون (عەلی حەسەن ئاغا) کە لە دوانزدە نیمامدابوو دژی شۆڕش نەبوو، چونکە عەلی ئاغا و برایم خان هەردووکیان لەم ناوچەیەدا سەر بە شێخ مەحمود بوون، عەلی ئاغا لەکاتی فەرمانڕەوای شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٢٢دا بوو بە یەکێك لە یاوەرانی شێخ.

بنەماڵەی تاڵەبانی:

ئەم بنەماڵەیە لەبنچینەدا ئەچنەوە سەر هۆزی (زەنگەنە)، باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە (مەلا مەحمودی زەنگەنە) کچی میر سمایلی زەنگەنەی هێناوە و شێخ ئەحمەدی کوڕیان ئەچێتە گوندی (تاڵەبان)[٥٠] لەوێ دائەنیشێت و ناوی گوندەکەیان بەسەردا ئەسەپێت، شێخ ئەحمەد نۆ کوڕی ئەبێت لەوانیشەوە کوڕو کوڕەزایەکی زۆریان لێ ئەکەوێتەوە (شێخ غەفور)یان ئەچێتە (کۆیە) و (شێخ محمد عارف)یش ئەچێتە (زەرداو) و (شێخ عزیز)یش ئەچێتە بنار گل و (شێخ ئەورەحمان)یش لە کەرکوکدا نیشتەجێ ئەبێت.

شێخ عزیز لە بنار گلدا تەکیەیەك دروست ئەکات و دەست ئەکاتە ئیرشاد لەسەر ڕێڕەوی (قادری) و زۆربەی جوتیارانی ئەو ناوچەیە لەدەور کۆ ئەبنەوە پاش خۆی (شێخ حەمید)ی کوڕی لە تەکیە لەجێی دائەنیشێت و نەوتی گل ئەگرێتە دەست، شێخ حەمید لە تاق لاوێتیەوە ئازا و بزێو و زیرەك و چاوی لە گەورەیی بووە دەست ئەداتە ئەرز پەیدا کردن و بشێوی ئەخاتە ناو جوتیارەکانی هەرێمی گلەوە و (عەزیز بەگی) گلی لەو ناوەدا ئەکوژرێ شێخ حەمید بە بیانووی کوژاندنەوەی ئاژاوە لە کەرکوکەوە هێزێکی سواڕە ئەهێنێت و هەشت مانگ ئەو هێزە بەر ئەبنە سەر و پۆتلاکی دانیشتوانی گل تا وایان بێزار ئەکەن گوندەکانیان بەجێبهێڵن و ڕوو بکەنە کەرکوك[٥١] کە پیاوە ئازا و دەم ڕاسەکان گلیان بەجێهێشت[٥٢] ئەو ناوچەیە بەیەکجار بۆ (شێخ حەمید) تەخت بووەوە تا وەهای

لێهات شێخ حەمید لە سالّی ١٩١٨دا یەکەم کەس بوو لە پارێزگای کەرکوك کە خاوەن هێزێکی پتەو و بوو بە دوژمنی عوسمانی و دۆستی یەکەمی سوپای بەریتانی بوو هەرچی توانای هەبوو لە پێناوی بەریتانیادا سەرف کرد و بەرامبەر ئەو خزمەتە ئەوانیش سەربەستیان دایێ بەکەیفی خۆی گوندەکانی ناوچەی (گل)ی بەرێوە ببات و بیرە نەوتەکانی ئەو ناوچەیە بەکاربهێنێت، ئەدموندسن ئەڵێت: ئەم پیاوە پیرە سالّی ١٩٢١ کۆچی دوایی کرد و چاوم پێ نەکەوت، هەموو کورەکانی شێخ حەمید شۆخ و شەنگن هەمووشیان لەگەڵ بەرێوەبەرایەتیدان، چەند بەرەبابێکی ئەم بنەماڵەیە لە ناوچەی قەرە حەسەن و داقوقدا نیشتەجێن[٥٢]. لە بنەماڵەی تاڵەبانی شێخ رەزای شاعیر (١٨٣٥ – ١٩١٠) هەڵکەوتووە. شێخ رەزا چووەتە ئەستەمۆڵ و لەوێ هەشت سالّ لە سایەی (کامل پاشا)ی گەورەدا ماوەتەوە، دوو سالّیش لە میسر دەرسی فارسی بە کورەکانی خدێوی ووتوە. لەوێوە گەڕاوەتەوە ئەستەمۆڵ و چووەتە مالّی خوا بۆ حەج ئینجا گەڕاوەتەوە کەرکوك و دوا سالّەکانی ژیانی لە بەغداد رابواردووە و لەوێ کۆچی دوایی کردووە و لەمەزارگەی (عبدالقادر گەیلانی)دا بەخاك سپێردراوە.

هۆزی (گێڕ):

گێڕ لە نەوەی ئەو (کاژ)انەن کە لە شەرەفنامەدا ناویان هاتووە جاران لە شیروانە و کەلار و سەید خەلیلدا بوون، کە جاف لەسەردا هاتوونەتە خوارێ گێڕەکان بەرگەی ئەو شەپۆلّەیان نەگرتووە و کشاونەتەوە تا گەیشتونەتە سەر رووباری (نارێن)ی ناوچەی قەرەتەپە و ئەو ناوەیان ئاوەدان کردووەتەوە، گێڕەکان بەکشتوکاڵەوە خەریکن و سەربزێو نین. ئەم هۆزە لق و پۆی ئەوتۆی نییە ئەوە نەبێت بەشێکیان لە میڕە چوونەتە ناوچەی (بادمان)ی سەر بەقەزای (ئاکرێ) و بوونەتە بەشێك لە (عشائر السبعة)ی ئەو ناوچەیە، میڕووی کورد و کوردستان ژمارەی ئەم هۆزەی بە ٣٠٠ خێزانێك داناوە و لەم گوندانە ئەژین (نارێن، سەیدەڵان، چنچاڵ، عەین شکور لاوە)[٥٤].

لەنێوان گێژ و دەلۆدا ژن و ژن خوازی و هاوسنووری هەبووە، هەرچەندە گێژەکان بە ناشکرا نەیانتوانیووە لە ڕیزی شۆڕشی برایم خاندا بوەستن، بەڵام بەنهێنی یارمەتی بەشێك لە دەلۆییەکانیان داوە.

هۆزی (بەیات):

هۆزێکی تێکەڵاوە لە عەرەب و تورکمان، دێهاتەکانیان سەر بەقەزای دوزخورماتوودوە ئەکەونە سەر ڕێگەی ئۆتۆمبێلی نێوان (حەمرین و دوز)ەوە، نەم هۆزە ئەکرێنە نەم تیرە و لقانەوە (ئەلبو عەلی، ئەلبو حەسەن، ئەلبو حسێن، ئەلبو والی، عومەرلی، بەسطاملی، خەصە دەرلی، یەڵانچی، قوشچی) (فارس بەگی کوڕی حاجی محمد بەگ) یەکێك بووە لە سەرکردەکانی ئەم هۆزە و لە ئاوایی (بەسطاملی)دا دانیشتووە. کلۆدیۆس (ریچ) لە گەشتەکەیدا کە بەناو ئەو هۆزەدا تێپەڕیوە نووسیویە ئەڵێ ٢٨ی نیسانی ١٨٢٠: سەعات هەشت و بیست دەقیقە گەیشتینە چەمە وشکەکەی (قورِی چای)[٥٥] لەو ناوە خێوەتگایەکی تورکمانی بەیاتم بینی (حەسەن)ی سەرۆکی ئەم هۆزە داوای لێ کردم نیوەڕۆژەی لەگەڵ بکەم، پیاوێکی ڕووخۆش بوو ریشێکی سپی جوانی هەبوو، زیرەك و قسەزان بوو ئەتوت لە کۆشکی ڕۆژهەڵاتیدا گەورە بووبێت وەها بوو، بۆی گێڕامەوە سوڵتانی عوسمانی بێ پارە ئەم هەرێمەی بەبەیات بەخشیووە بەرامبەر ئەوەی لەشەڕدا یارمەتی والی بەغداد بدەن، ووتی لەکاتی پێویستدا ئەتوانین هەزار سوار لە هۆزەکەیان کۆبکەنەوە[٥٦].

هۆزی بەیات لەگەڵ هۆزی داودەدا ڕێکەوتن و لەساڵی بیستدا دوزخورماتوویان لە چنگ سوپای بەریتانی دەرکرد و فەرمانڕەواییان تیادا کرد، سەرەنجام شۆڕشەکەیان تێکشکا و زەرەر و زیانێکی زۆریان کرد و ئەمەش لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بەرچاو ئەکەوێت.

هۆزی (لهێب) :

هۆزێکی عەرەبە ئەچێتەوە سەر هۆزی (جبور) ئەویش ئەچێتەوە سەر (زبید) لهێب ئەوەی (محمد کوڕی جەبر)ن، لە لهێبەوە چەند تیرەیەك بووەتەوە هەندێکیان لەسەر رووباری (نارێن) نیشتەجێ بوون سەرۆکیان (رشید هندی)یە[٥٧].

لهێب لەگەڵ هۆزی دەلۆ هاوسنوور بوون و پەیوەندی دراوسێتی و ژن و ژن خوازیان لەناودا هەیە، لەکاتی شۆڕشی برایم خاندا پشتگیریان کردن.

هۆزی (عەزە) :

هۆزێکی گەورە و ناسراوی عەرەبە ئەچێتەوە سەر (زبید الأصغر)، لە پارێزگاکانی (دیالە، بەغداد، موسڵ، بابل، رەمادی) بڵاوەبوونەتەوە، لە سەرەنجامی شەڕ و شۆڕی نێوان رۆم و عەجەم ئەم هۆزە پەرت و بڵاوبوونەتەوە. سەرکردەکانی ئەم هۆزە ئەچنەوە سەر بەگزادەکانی (سامەرا) ئەم هۆزە لە شۆڕشی بیستدا بەشداریان کرد و قەزای (خالص – دلتاوە)یان لەچنگ داگیرکەر دەرکرد و ماوەیەك حوکمڕانیان تیادا کرد ئەو حەلە دوو سەرکردەی بەناوبانگیان هەبوو (عەلی کوڕی لەطیف کوڕی خەڵەف عەصیب کوڕی حاجی فارس) و (حەبیب کوڕی خەیزەران[٥٨] کوڕی عبدالله کوڕی محمد کوڕی مروەح کوڕی حاجی فارس) واتە باپیرە گەورەیان ئەچێتەوە سەریەك.

کە شۆڕشەکەیان تێکشکا سوپای بەریتانی یەلاماری ئەم هۆزەیدا ئەمانیش کشانەوە چیای (حەمرین) لەوێ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی (دەلۆ) یەکیان گرت و نزیکەی سالێك پێکەوە لە هەردوو دۆڵەکانی ئەو ناوچەیە ژیان.

پاش ئەوەی زانیارییەکمان دەربارەی دەلۆ و هۆزەکانی ناوچەی دوز و کفری پێشکەش کردن ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بچینە ناو جەرگەی شۆڕشەکە خۆیەوە.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:

١- (ڤ. ف. مینۆرسکی ١٨٧٧ — ١٩٦٠) لە روسیا لەدایك بووە و لە لەندەن مردووە. سالانی (١٩٠٤ — ١٩٠٨) راوێژکەری —مستشار- باڵیۆزخانەی رووس بووە لە تاران و تەورێز، چەند جارێك بەکوردستاندا گەڕاوە، پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر وازی لە سیاسەت هێناوە و لە دانشگای پاریس بووەتە مامۆستا، لە سالی ١٩٣٢دا چووەتە لەندەن تا سالی ١٩٤٤ لە دانشگای کامبردج سەرۆکی بەشی ئێرانی بووە، لە چەند کۆنگرەیەکی ناو دەوڵەتاندا بەشداری کردووە، مینۆرسکی لەسەر کورد کتێبی (الأکراد ملاحظات وانطبات)ی داناوە، (د. مارف خەزنەدار) کردوویەتیە عەرەبی و لە سالی ١٩٦٨دا چاپی کردووە، لەم دواییەدا (حمە سعید حمە کریم) لە عەرەبییەوە کردوویەتیە کوردی ئێمە پشتمان بەعەرەبییەکەی بەستووە.

٢- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو (ل ٣٥).

٣- (أ. شامیلۆف — ئەرەب شامیلۆف) سالی ١٨٩٧ لە شاری (قارص) لەدایك بووە، لە کوردە یەزیدیەکانی یەکێتی سۆڤیەتە، چەند سالێك رۆژنامەی (ریاتازە)ی کوردی لە ئەرمەنستان سۆڤیەت بڵاوکردووەتەوە، چەند کتێبێکی بەکوردی و رووسی چاپ کردووە. (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) کتێبی (حول مسألة الاقطاع بین الکرد)ی لە رووسیەوە کردووەتە عەرەبی و سالی ١٩٧٧دا چاپی کردووە.

٤- بڕوانە (حول مسألة الاقطاع) ل٦٣.

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤

٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

٧- (س —أ- یگیزاروف) یەکێکە لە ئەرمەنیە ئەتنوغرافیە زانا و بەناوبانگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم. پەیوەندی لەگەڵ کورد پتەو بووە و زمانی کوردی بەباشی زانیوە، بەهاوکاری کردن لەگەڵ

(زاغۆرسکی) فەرهەنگێکی (رووسی – کرمانجی) و (کرمانجی – رووسی) لە ساڵی ١٨٩١دا لەچاپدراوە.

٨- بڕوانە کتێبی (مع الأکراد) – تۆمابوا، وەرگێڕی بەعەرەبی (ئاواز زەنگەنە) چ ١٩٧٥، ل٤٠.

٩- بڕوانە – میژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕی بەعەرەبی (محمد علی عونی) چ ٢ ١٩٦١، ل٣٥٥ – ٤٤٤.

١٠- بڕوانە کتێبی (ملاحظات عن عشائر کردستان الجنوبیة) وەرگێڕی لە ئینگلیزیەوە بۆ عەرەبی (فوئاد حەمە خورشید) چاپی ١٩٧٩.

١١- (لۆ) واتە (چین) – (دەلۆ – دە چین) هۆزی دەلۆ بریتیە لە (دە، لۆ) واتە (دە تیرە).

١٢- (سەنگاو) ناوچەیەکە سەر بەقەزای (چەمچەماڵ)ی پارێزگای (سلێمانی) و کەوتووەتە باشووری شاری چەمچەماڵەوە.

١٣- وەک (رەزا ئەمین دەلۆیی) لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٣ ئەو رووداوەی بۆ گێڕامەوە، (رەزا کە بەرەزا بەگ) ناسراوە سی ساڵ قۆمسێر –مفوض- بووە، رۆشنبیرێکی نەبەرد و چالاک و خزم دۆست بووە، ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کرد.

١٤- ئەم کارەساتە لە دەوروبەری ساڵانی (١٨٥٧ – ١٨٥٨) رووداوە.

١٥- (عبدالله کوڕی یوسفی کوڕی ئەوڕەحمان) چوونەتە کەرکوک، (عبدالله) سێ کوڕی هەبووە (فتح الله، وەهاب، عبدالرحمن) یوسفیش دوو کوڕی هەبووە (الله وێردی و سلێمان)، (الله وێردی)یش دوو کوڕی هەبووە (ئەورەحمان و تەحسین)، کاک ئەوڕەحمانیش سێ کوڕی هەبووە (بورهان و تەحسین و ناهید) (سلێمان)ی برایشی سێ کوڕی هەیە (صلاح و سەردار و بهاء)، لەو ساڵانەی لە کەرکوک بووم (١٩٤٩ - ١٩٦١) لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە لە (الله وێردی) و بەرەو خوارەوە ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا هەبووە.

١٦- (رۆستەم) ئەم کورانەی هەیە (محمد و جەبار و صلاح و نورالدین و ستار و جەمال) گەورەکەیان (محمد پیرۆز) ئێستا ئەمینداری گشتی پەروەردەیە لە هەرێمی کوردستاندا هەروەها (رۆستەم)یکی دیکەش لە کەرکوکدا هەبوو لە ئەسلاً دەلۆی سەر قەلاً بوو، ئێستا کوڕ و کوڕەزاکانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان.

١٧- ساڵی ١٩٥٢ بۆ تەخمینی (ئەوقاف – عوقر) چوومە ئەم ئاواییە و گفتوگۆم لەگەڵ کردن وایان دەرئەبڕی هەشتا ساڵێك ئەبێت ئەم ئاواییەیان ئاوەدان کردووەتەوە.

١٨ ئەم صالحە هەر ئەو (صالح دەلۆ)یە کە لەشوێنێکی دیکەدا باسمان لێوەکرد و لە سلێمانی نیشتەجێ بووە.

١٩- قادر بەگی بابان یەکەم بابان بووە کە لە کفری دانیشتووە و رەگی تیادا کوتاوە قادر بەگ وەك باب و باپیرانی هۆزی دەلۆی لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە و ئەوانیش بۆی بوونەتە پاڵپشتێکی دڵسۆز. پاش مردنی قادر بەگ (مەجید پاشا)ی کوڕی هەمان دەوری بینیووە.

٢٠- (نارێن) ئاواییەکە کەوتووەتە سەرچەمی (نارێن)ی سەر بەناحیەی (قەرەتەپە)ی قەزای (کفری)، ئەم ئاواییە کەوتووەتە نێوان برایم سەمین و قەرەتەپەوە، ئەوسا دەلۆیی تیادا بوو ئێستا زۆربەی دانیشتووانی لەهۆزی (گێژ)ن.

٢١- لەوانەی کە لەگەڵ خورشید بەگدا کردیانە ئەوبەری سیروان و لەناوچەی خانەقیدا نیشتەجێ بوون ئەمانەبوون (فتح الله بەگی کوڕی ئەحمەد بەگ، جەوهەر عەباس، ئەحمەد وەلی) و کەسانی تر بوون.

٢٢- ئەوانەی لە پێشدا چووبوونە ناوچەی خانەقی کوڕەکانی شاعیری بەناوبانگ (حەسەن کەنۆش) بوون لەوبەر سیروان ئاوایی (مەی خاس)یان ئاوەدان کردەوە ئەوەندەی پێ نەچوو ئاوایی (پەلکانە)شیان

دروست کرد، کوڕانی حەسەن کەنۆش (فەقێ ئیسماعیل و ئەمینی) برای بوون، فەقێ ئیسماعیل سێ کوڕی هەبوو (محمد و ئەحمەد و حسین) و ئەمینی برایشی دوو کوڕی هەبوو (یاوەر و خوسرەو)، ئەم زانیارییەم لە رۆژی ١٩٨٠/٦/٧ لە خانەقی لە (ماوزەری کوڕی محمدی کوڕی فەقێ ئیسماعیلی کوڕی حسن کەنۆش) وەرگرت پێی گوتم کە (حەسەن کەنۆش کوڕی محمد کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەسەن کەنۆشی گەورەیە)، لەماڵ یەکێك لەوەچەکانی (حەسەن کەنۆش) لەخانەقی پارچە مەڕمەڕێکی بچووکم بینی رەگی ئەم بنەماڵەی لەسەر هەڵکەندرابوو مێژووی (١١٠٠ و ١٣٠٠)ی کۆچی لەسەر نووسرابوو.

٢٣ لەوانە (دێی گانی ماسی) نزیکەی بیست کیلۆمەترە کەوتووەتە رۆژهەڵاتی باشووری خانەقییەوە و بەدەست فتح الله بەگەوە بووە (نەوت خانە) بە ٢٥ کیلۆمەترە کەوتووەتە رۆژهەڵاتی باشووری خانەقیەوە و بەدەست عبدالعزیز خورشید بەگەوە بووە (پەلکانە) بەدەست ماوزەرەوە بووە (پیکە) بەدەست عبدالله ئەمین دەلۆیەوە بووە (کانی بز) بەدەست کەریم ئەمینەوە بووە (عەین هلال) بەدەست رەزا ئەمینەوە بووە (جەبراوا) بەدەست عبدالله بەگی برای فتح الله بەگەوە بووە، لەهەر گوندێ لەم گوندانەدا نزیکەی بیست تا حەفتا خێزانێك هەبووە جگە لەکانی ماسی کە نزیکەی سەد خێزانێکی تیادا بووە.

٢٤- لەناو شاری کفریشدا نزیکەی سەد و بیست خێزانی دەلۆیی هەیە.

٢٥- دەلۆی ئەم بەری سیروان —واتە ناوچەی کفری- بەدەلۆکانی ناوچەی خانەقی ئەڵێن (دەلۆی ئەو بەری سیروان)یان (دەلۆی ئەوبەری) ئەوانیش بەمان هەروا ئەڵێن.

٢٦- (خان) کورت کراوەی (خاقان)ە و لە بنچینەدا وشەیەکی مەغۆڵیە.

۲۷- بڕوانە –گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) ژمارە (۸) ساڵ (۲) ۱۹٤٥ (ج. ب. ر). واتە (جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی).

۲۸- (دەنگی گێتی تازە) ژمارە (دەی)ی ساڵی سێ ۱۹٤٦، (ج. ب. ر).

۲۹- (جاف) لەسەرەتادا وەك وشەیەك (جافان – جاوان) بووە، ئینجا بووەتە (جافان) و (جاف) – بڕوانە: گۆڤاری (کاروان) ژمارە (۲۱) ساڵی ۱۹۸٤، محمد جمیل ڕۆژبەیانی.

۳۰- هەرێمی (جوانڕۆ) ئەکەوێتە نێوان (هەڵەبجە) و (کرمانشان)ەوە.

۳۱- بڕوانە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ساڵی ۱۹۷٤ ۳۷۲، د. ناجی عەباس.

۳۲- مەزارگەی (سەید خەلیل) کە سەد ساڵێکە مەزارگەی جافە پڕە لە مەزاری گەورەکانی (زەند و گێژ و پاڵانی) و ئێستاش تاکە تاکە شوێنەواری ئەو هۆزانە لە شاکەل و شیروانەدا ماون، بەڵام وەك هۆزێك کۆچیان کردووەتە ناوچەی زەنگابات و چێمەن و نارێن.

۳۳- بڕوانە (تأریخ العشائر الکردیة)ی عەباس عەزاوی چ ۱۹٤۷، ل۳۹.

۳٤- لەسەردەمی عوسمانیدا دەوڵەت سێ جۆرە پلەی (پاشا)یەتی هەبووە، (یەکەمیان) بەخشراوەتە سەرکردەکانی سوپا و والی ولایەتە گەورەکان (دووەمیان) دراوەتە هەندێ موتەسەرف و قایمقام (سێیەمیان) بەخشراوەتە سەرۆکی ئەو هۆزانەی پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەت پتەو بووە، لەموناسەباتدا پاشا جلی ڕەسمی لەبەر ئەکرد و فێستی لەسەر ئەنا، هەر پاشایەکیش مووچە و بەراتی خۆی هەبووە.

۳۵- (بیجار، سەقز، سنە، بانە، مەریوان) کەوتبوونە ناو خاکی ئێرانەوە، ئەو دوایی شوێنەکانی لەناو خاکی دەوڵەتی عوسمانیدا کە ئێستا عیراقی خۆمانە.

٣٦- برِوانه –الأكراد، ملاحظات وانطباعات، باسيل نيتين، وەرگێڕی بۆ عەرەبی، د. مارف خەزنەدار. ١٩٦٨، ل١٦٦ – ١٦٧.

٣٧- برِوانه، گۆڤاری زانیاری کورد، ژمارە یەك، د. ناجی عەباس، ل٣٧٣.

٣٨- برِوانه. خولاصەی مێژووی کورد و کوردستان، محمد ئەمین زەکی، وەرگێڕی بەعەرەبی، محمد علی عونی، چ دووەم، بەغداد ١٩٦١، ل٣٨١ – ٣٨٢.

٣٩- گردی شیروانه شوێنەواری ساسانەکانە، قەڵا دروست کراوە کە سێ نهۆمە، (٢٤) ژووری تیادا بووە و لەهەر چوارلاوە شوێنی پاسەوان و یاساوڵی بۆ کراوە. لە قەڵاکانی سەدەی ناوەندی ئەوروپا ئەچێت. لە سیەکانەوە ئەو قەڵایە تەرك کراوە، هەر بۆ ئەوە ئەشێت دایەرەی ئاسار کەڵکی لێ وەربگرێت و بایەخی بدرێتێ.

٤٠- تا نێستا بەو شوێنە ئەڵێن (پاشا کۆزراو) کەوتووەتە نزیك دێی (سەرچەم) کە ئەویش بە دە کیلۆمەترەیەك لەخوار کفریەوەیە.

٤١- برِوانه (مێژووی سلێمانی)، محمد ئەمین زەکی، وەرگێڕی عەرەبی مەلا جەمیل رۆژبەیانی ١٩٥١، ل١٨٣.

٤٢- (دەنگی گێتی تازە) کانونی دووەمی ١٩٤٦ (ج. ب. ر).

٤٣- مەحاك، مەحمودی کوڕی وەستا ئەحمەدی کوڕی دارشاڵە، نازناوی (فنونی) بووە لەرەگەزدا دەچێتەوە سەر هۆزی زەند، لەناو داودە دانیشتووە، سالّی ١٢٩٥ی کۆچی لە ئاوایی (وارانی) کۆچی دوایی کردووە.

٤٤- (الداودية ماضيها وحاضرها) نووسینی (د. غالب الداودی) نجف ١٩٥١، ل١٦ و ١٢٠.

٤٥- (حەمە خورشید) نەك هەر جەنگاوەر بەڵکو شاعیر و رۆشنبیری سەردەمی خۆی بووە، خزمەکانی داوایان لێ کرد بگەرێتەوە

چونکه دەوڵەتی عوسمانی لێی خۆش بووە، ئەویش بەم شیعرە وەڵامی دانەوە:

هەوای (هەواسان) (خورخورە) و (سەرتاف)

خاسترەن جە نزیك رۆمی بێ ئینصاف

(هەواسان و خورخورە و سەرتاف) سێ شوێنی ناساز بوون لەناو چیای بەمۆدا، حەمە خورشید ئەو شوێنەی لە نزیك بوونی لە عوسمانیەکان پێ خۆشتر بووە ساڵی ١٩١٨ حەمە خورشید گەڕایەوە لە دەوروپشتی ١٩٢٥دا کۆچی دوایی کرد.

٤٦- بڕوانە (شەرەفنامە) وەرگێڕی –هەژار- چ ١٩٧٣، ل٤٢٢ – ٤٣١.

٤٧- برایم خانچی – باپیرە گەورەی ئاغاکانی ئەم بەرەبابەیە، لە رێی کاروانی سلێمانی – بەغداد لەنێوان سەرقەڵا و سەنگاودا کاروانسەرایەکی گەورەی دروست کرد، لەوکاتەوە ئاوایی و خانەکەش بەناو (برایم خانچی)یەوە ناوبانگیان دەرکرد.

٤٨. بڕوانە، میژووی کورد و کوردستان بەعەرەبی، چ ١٩٦١، ل٣٦٩، ٣٧٨، ٤٣٠.

٤٩- بڕوانە، تأریخ العشائر الکردیة، عەباس عەزاوی، ١٩٤٧، ل١٧٥.

٥٠ (تاڵەبان) گوندێکە سەر بەقەزای (چەمچەماڵ) و کەوتووەتە سەر ئەودیوی رووباری (باسەرە)وە.

٥١- لەوانەی رایان کرد و لە کەرکوك نیشتەجێ بوون (شەریف عومەر جەلال، مەحمود سعدالله، عەلی شەریف، ئیبراهیم شاستان) بوون.

٥٢- (حەمە عەلی بەگی پەریزاد) کە یەکێك بوو لەناودارەکانی ناوچەی (گل) و لەکەرکوك دانیشت کاغەزێکی دوور و درێژی لەم بابەتەوە بۆ نووسیم هەروەها خۆیشی چاوی پێمکەوت جگە لەمەش (مەلا مەجیدی گلی)یش زۆری لەم بابەتەوە بۆ گێڕامەتەوە، ئەم دوو بەگزادە گلیە ئاوارە

بووانە جەژنی ڕەمەزانی ڕێکەوتی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٤ پێکەوە لە کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلەکەیاندا ئەمری خوایان بەجێهێنا.

٥٣- بڕوانە: کورد و تورك و عەرەب، چ ١٩٧١، ل٢٤٦، ٢٥٢.

٥٤- مێژووی کورد و کوردستان و تأريخ العشائر الكردية، عباس عەززاوی، ل٦١.

٥٥- (قوڕی چای) تورکیە واتە (چەمە وشك) ئەم چەمە لە هاوێندا وشکە و لەزستاندا ئاوی لافاوی چیاکانی پیادا دێتە خوارێ، کەوتووەتە نێوان سلێمان بەگ و کفریەوە.

٥٦- بڕوانە: گەشتەکەی ریچ بەعەرەبی چ ١٩٥١، ل١٨٠.

٥٧- بڕوانە – عشائر العراق العربية، عباس العزاوی ١٩٥٥، ل٣٣ و ٧٣.

٥٨- (حەبیب خەیزەران) پیاوێکی زیرەکی چاوتێر بوو لەساڵی ١٩٨١دا کۆچی دوایی کرد.

بەشی چوارەم
چوونە ناوجەرگەی شۆڕشەوە

کە سوپای بەریتانی سەرتاپای خاکی دەستە چەپی رووباری سیروانی داگیر کرد، ویستیان لە سیروان بدەن و هێرش بەرنە سەر بنکەکانی سوپای تورك کە بەدەستە راستی سیروان بوون فەرماندەی هێزی ژمارە سیانزدەی تیپی شەشەمی ئەو هێزە شەوی ٤/٣ی کانونی یەکەمی ١٩١٧ کشایەوە شوێنێکی نوێ لە باکووری قەرەتەپە)، هەر ئەو شەوە سوپای بەریتانیا پردێکیان دروست کرد و پەڕینەوە بەوبەری سیروان لەبەرئەوەی تورکەکان ئەو پێدەشتەیان بەلافاو نقوم کردبوو، جموجۆڵی سوپای بەریتانیایان پێ دواخست بەچەشنێك تا چواری مانگ نەیانتوانی بە پردی (نارێن) بگەنە ئەوبەر. جەنەراڵ (نیگرتن)ی فەرماندەی هێزی ژمارە سێی بەریتانیا لەبەرەبەیانی رۆژی پێنجی مانگدا فەرمانی هێرش بردنیدا بەدوو بەتالیۆن و کەتیبەیەك سوارە و چوار مودەرمعە هێرشیان بردە سەر سوپای تورك کە بەدوو میل لە باکووری (قەرەتەپە)وە دوور بوون، شەڕ چوار رۆژ(١) لەنێوان هەردوو سوپا لەو ناوچەیە دەوامی کرد، لەم شەڕەدا (٢٣٠) کەس لە سوپای بەریتانیا و (٥٠٠) کەسیش لە سوپای تورك کوژرا و (٢٢٥) کەسیشیان لێ بەدیل گیرا، بۆ هێزەکانی بەریتانیا دەرکەوت لەمەولا هەروا بەئاسانی و بێ زەرەر و زیان ناتوانن بەرەو پێشەوە تەکان بدەن لەبەر ئەمە رۆژی حەوتی کانون لە قەرەتەپە کشانەوە و لە سیروانیش پەڕینەوە دیوی خۆیان، دوابەدوای ئەوان سوپای تورك رۆژی نۆی کانون قەرەتەپەیان گرتەوە[٢].

سوپای بەریتانیا هێزەکانی خۆیان کۆکردەوە و ریزی خۆیان رێکخست و بەهێزێکی گەورەوە جارێکی تر لە سیروان پەڕینەوە، سوپای تورك ئەمجارە بەرەنگاریان پێ نەکرا بەرەو دوا کشانەوە، مەیدان بۆ ئینگلیزەکان چۆڵ بوو، هۆزەکانی ئەو ناوچەیە بەهاتنەوەی بەریتانیایان پێ ناخۆش بوو هەندێکیان

بڕیاری بەرەنگاری کردنی ئەو سوپا گەورەیاندا، لەکاتێکدا سوپای تورك خۆی بۆ رانەنەگیرا لە دەوروپشتی گوندی (فەککە)ی لای (برایم سەمین) دوو چەکداری دەلۆ و یەکێکی گێژ[٢] قسەیان کرد بەیەك و دەستڕێژێکیان لە مودەرەعەیەکی ئینگلیز کرد، ئەوانیش لێیان هاتنە دەس (حسین کاکەمند)یان لێ کوژرا، ئەمە یەکەم شەهیدی دەلۆییە کە سوپای بەریتانی خوێنیان ڕژاند, تەرمی شەهید لە مەزارگەی (برایم سەمین) بەخاك سپێردرا, سوپای بەریتانیاش بێ ئەوەی تورکێك بەرەنگارییان بکات تەکانیاندا ڕۆژی ١٩١٨/٨/٢٤ شاری کفریان داگیر کرد, سالێك بوو بە هۆی شەڕی نێوان تورك و ئینگلیز ڕێگەی بەغداد لەم شارە و لە هەموو کوردستان بڕابوو, زستانی ئەم ساڵەش بێ باران بوو, ئازوقە زۆر کەم بوو و گرانیەك سەری هەڵدابوو, سوپای بەریتانی هەستیان بەمە کردبوو هاتن بۆ دلنیا کردنی ئەو خەڵکە چەند ڕۆژێك لەسەریەك سەمۆنیان بەسەر ئەو خەڵکەدا دابەش کرد تا چەند ڕۆژێك لەوەوپاش ڕێگەی بەغداد کرایەوە و بازرگانی جولاێەوە ئامشۆکردن دەستی پێ کردەوە کاروان لە سلێمانیەوە بەرەو خوارەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ حکومەتی بەریتانیای داگیرکەر هێڵی شەمەندەفەری گەیاندە ئاوایی (کنگربان) کە بە دوانزدە کیلۆمەترە ئەکەوێتە ڕۆژئاوای کفریەوە تا سێ ساڵ ئەو هێڵە لە کنگربان بەرەو کەرکوك تێ نەپەڕی، لەبەرنەوە کفری و ئێستگەی ئەو گوندە بوو بەدەرگایەکی سەرەکی بۆ کاروانی کەرکوك و هەولێر سلێمانی، دانیشتووانی کوردستان کە بەرەو بەغدا بڕۆیشتنایە نەوا نەهاتنە کفری و باروبار خانەیان ئەخست لەوێوە سەعاتە ڕێیەك بەسواری ئەچوونە ئێستگەی (کنگربان) ئەو شەوەیان لە شەمەندەفەر ئەبردە سەر بۆ ڕۆژی دووەم لەگەڵ گزنگی هەتاو کەوتندا لە بەغدا بوون، بەمە ڕێگەی چوار ڕۆژیان بوو بەچوار پێنج سەعاتێکی ناو قەتار.

پاش ئەوەی ئینگلیزەکان کفریان داگیر کرد، سەربازگەیەکیان نێوان گردی (ئەسکی کفری) و ئاوایی (کنگربان) دروست کرد و هێزە سەرەکیەکەیان تیادا

جێگیر کرد و هێزێکی بچوکیان بردە ناو شاری کفریەوە و کاپتن (ج. ایچ. سلمنت)[٤] کرا بە جێگری حاکمی سیاسی[٥] ئەو شارە دوو ئەفسەریش دانرا بۆ یارمەتیدانی (سلمنت) لە بەڕێوەبردنی کاروباری شاردا (یەکەمیان) ساجن مێجر (میر) ناوێك بوو ئەمیش هەر جوولەکەیەکی بەریتانی بوو هەمیشە کوتەکێکی بەدەستەوە بوو لە بەر ئەمە لەناو خەڵکدا بە (ئەبو چۆماغ)[٦] ناوبانگی دەرکردبوو (دووەمیان ئەفسەرێکی تر بوو ساچمە زەنێکی بەشانەوە بوو بەبیانووی سەگ کوشتنەوە بەکوچە و کۆڵانەکانی ناو شاردا ئەسوارایەوە بەراست و چەپدا بۆ خۆنواندن تەقەی ئەکرد ئەم کابرایەش لەناو خەڵکدا بە (کوپەك نوێلدران)[٧] ناوبانگی دەرکردبوو هەردوو ئەفسەرە بەریتانییەکە وەخت و ناوەخت بەناو شاردا ئەگەڕان و ئەگەر یەکێکیان لەسەر جۆگە ئاوەکە چاو پێ بکەوتایە دەست نوێژ ئەشوا ئەوا دایان ئەپلۆسی و ئەیان شاخاندە سەر منداڵ و ئافرەتیشا گوایە ئاوی جۆگەکەیان لێخن کردووە، لەناو بازاڕدا کەتێئەپەڕی ئەبێ خەڵکەکەیان لەبەر هەستێ و رێزیان بگیرێت و هەرچی سلاوی لێ نەکردنایە ئەوا دارکاری ئەکرا، لەلایەکی ترەوە ئەگەر لادێییەك نەقیزەی بژنایەتە گوێی درێژەکەی ئەوا خۆیان نەقیزە ژەن ئەکرد تاوەکو بەزەیی ئینگلیز بۆ حەیوان دەربەڕن، لە قوتابخانەشدا کوتەك بەدەست وانەی ئینگلیزی ئەوتەوە منداڵەکان بەدەستیەوە زیڕەیان ئەهات، دانیشتووانی شار لە کار و کردەوەی دەست و دایەرەی (سلمنت) زۆر دڵ پەست بوون چەند جارێك دادیان بردە بەر (سلمنت) ئەویش لە کردەوەی ئەوان خۆی کەڕ و لاڵ کردبوو، زوڵم و زۆر و کاری ناهەمووار و کارکردن و بێکاری ئەم ئەفسەرانە لە ئەندازە بەدەربوو، چەند جوولەکەیەکی ناو بازاڕ و چەند دەرەبەگێکی زۆردار دەوری (سلمنت)یان دابوو بەرۆژ دەرەبەگەکانی لابوو شەوانیش خۆی و ئەفسەرەکانی لەناو خزمەکانیاندا بوون، لەو حەلەیش لەناو خەڵکدا دەنگ و باسێك بلاوبووەوە کە - سلمنت) شێخ وەهابی تالەبانی بۆ قایمقامی کفری هەڵبژاردووە.

دانیشتووانی شار ئەوەندە دادیان بەرز کردەوە لە کاربەدەستانی بەریتانی دەستیان شت چوون سکالایان بردە لای (برایم خانی دەلۆ) بەڵکو ئەو بتوانێت ئامۆژگاری سلمنت بکات و کاری تێبکات، بۆ رۆژی دووەم برایم خان و ئەکبەری برای و چەند کەسێك چوونە کفری و خۆی چووە سەر (سلمنت) لە کردەوەی دەستە و پەیوەندەکەی ئاگاداری کرد و داوای لێکرد جلەویان بگرێتەوە، چونکە دانیشتووانی شار لێیان بێزارن هەروەها لە دەنگ و باسی هەڵبژاردنی شێخ وەهاب بۆ قایمقامیەتی کفری هەوالّی لێپرسی ئەویش ئەو دەنگ و باسەی بەرپەچ دایەوە و بەڵێنیدا دلّی دانیشتووانی شار نەرەنجێنێ و دەست درێژی کردنیان لەسەر هەڵبگرن، هەروەها سەرنجی سلمنتی بەوە راکێشا کە کفری کەوتووەتە ناوجەرگەی دەلۆوە ئەبێ سەنگ و کێشی ئەم هۆزە رەچاو بگرن و بەهیچ کلۆجێك نابێت گوێ رایەلّی شێخ وەهاب بکەن، برایم خان خۆی و سوارەکانی بەناو شاردا گەڕانەوە لە کۆلانێکدا هەستیان پێکرد لەلایەن دوژمنانەوە بۆسەیەکیان بۆ نراوەتەوە ئەمانیش دایان بەسەریاندا و تەقەیان لێکردن پیلان گێڕان لە ترساندا کۆلان بەکۆلان کشانەوە دواوە.

برایم خان لە پیلان و دوژمنایەتی ئینگلیزەکان زیاتر وریا بووەوە و لەوە دلّنیا بوو هەمیشە دژایەتی لەگەڵ هەموو نیشتمانپەروەرێك ئەکەن، دەست و پێوەندی (سلمنت) لەوسا زیاتر پێیان لێهەلگرتبوو خەلّکیان تووندتر ئەچەوساندەوە خەلّکەکەش هاواریان هەر بۆ برایم خان ئەهێنا لەولاشەوە شێخ وەهاب کاربەدەستانی دەمەزەردتر ئەکرد، هیچ چارەیەکی تر لەوە زیاتر بەدەستەوە نەما کە ئەبێت دەست بدەنە چەك و لەدوژمن راپەڕن، پێش ئەو هەنگاوە برایم خان پەیوەندی بە دەلۆییەکانی خانەقینەوە کرد (خورشید بەگ) ئامادەیی راپەڕینی پیشاندا لەولاشەوە پەیوەندی لەگەڵ (رەفعەتی سمایل بەگی داودە) کرد ئەویش لە بەریتانیەکان پەست بوو بڕیاریدا بەهاوکاری کردنی هۆزی (بەیات) شاری (دوزخورماتوو) لە چنگ سوپای بەریتانیا رزگار بکەن، جا پێش

ئەوەی بچینە ناو شۆڕشی کفریەوە ئاوڕێك لە شۆڕشگێڕانی خانەقی و دوز بدەینەوە بزانین ئاخۆ شۆڕشگێڕانی ئەو دوو شارە چۆن لە سوپای بەریتانی هاتنەکار. ئەو دوو شارە وەك دوو باڵ وەهابوون بۆ شۆڕشەکەی برایم خان.

رزگار کردنی شاری (خانەقی – خانەقین)

(یاقوت الحموی) لە کتێبی (معجم البلدان)دا دەربارەی شاری (خانەقی) نووسیویەتی ئەڵێت شارێکە لەناوچەی رەشەخاکی عیراق کەوتووەتە سەر ڕێگای بەغداد بۆ هەمەدان، لە قەسر شیرینەوە شەش فۆناغە ڕێ دوورە موهر کوڕی موهەلهەلیش نووسیویەتی ئەڵێت: (لە خانەقیدا سەرچاوەیەکی نەوت هەیە و دەست کەوتی زۆرە لەسەر ڕووبارەکەیدا پردێکی گەورە هەیە) کلۆدیۆس ریچ کە لە ساڵی ١٨٢٠دا چووەتە خانەقی ئەڵێت: پردەکەی خانەقی بریتیە لەچواردە چاو، خانەقی شارێکی سەردەمی ساسانیەکانە نوعمان کوڕی موندیر مەلیکی حیرە لەم شارەدا خراوەتە بەندیخانەوە. موسڵمانەکان کە لە ساڵی ١٦ی کۆچی خانەقینیان فەتح کرد بریتی بووە لەگوندێکی بچووکی سەرە ڕێگەی بەغداد و خۆراسان، هێزەکانی (هۆلاکۆ) لەسەر ڕێگەی بەغدایاندا رایان مالّی، ئەم شارە لەسەرەنجامی زۆرانبازی نێوان سەفەوی و عوسمانیەکاندا گەلێك ناخۆشی چێشت و ئاساییشێکی ڕامیاری و ئابووری بەخۆیەوە نەبینی و دەربەدەری و نەخۆشی تیادا بلاّوبووەوە[٨] لەنیوەی دووەمی سەدەی چواردەدا دوو شاعیری وەك (مەولەوی) و (مەلا پەرێشان)ی تیادا ژیاوە، شارەکە کەوتووەتە ئەم لاوئەولای ڕووباری ئەلّوەندەوە.

دەربارەی ناوی ئەم شارە لێکدانەوەیەکی زۆر هەیە ئەوترێت ناوەکەی لە (حاجی قەلعە – حاجی قەرە)وە هاتووە، چونکە ساڵی ١٧٢٩ قەلاّیەکی گەورە لەسەر ڕووباری ئەلّوەن بەناو (حاجی قەلاّ) یان (حاجی قەرە)ەوە دروست کراوە، وە یان ئەلّێن دانیشتووانی شار ئەچوونە ئەو بەری ئەلّوەن بۆ کرینی شت و مەك لەدوکانی کابرایەك (حاجی قەرە)ی[٩] ناو بووە، دیسانەوە ئەلّێن ناوی ئەم شارە

(خان جین) یان (خان قین)بووە, واتە (خانی قاروقین) لەمەوە بووەتە (خانەقین)[١٠].

خانەقی قەزایەکە سەر بەپارێزگای (دیالە) و حەفتا و چوار میل لە دیالەوە دوورە و سەرژمێری (٨٦٣٦)[١١] کەسێکە، لە سەرەتای حوکمڕانی عوسمانیەکاندا سەروەختێك خانەقی سەنجەق بووە و سەربەولایەتی بەغداد سەرژمێری ئەوسای پێنج هەزار کەس بووە[١٢] لە قەزای خانەقیندا بیست و یەك هۆزی کورد هەیە سەرژمێریان نزیکەی شانزدە هەزار کەسێکە وەك هۆزی (باجەلان) ١٢٠٠ خێزان (شەرەفبەیانی) ٧٠٠ خێزان (دەلۆ) ٦٠٠ خێزان (سورەمێری) ٢٥٥ خێزان. لەسەردەمێکیشدا ئەم ناوچەیە لیوایەك بووە پێی ووتراوە (لیوا – پارێزگا)ی (باجەلان) و سنووری ناوچەی کفری و دوزخورماتوویشی گرتووەتەوە[١٣].

لەهۆزی دەلۆی ئەم ناوچەیە (خورشید بەگ) ناوبانگی دەرکردووە، دەلۆ بۆ پارێزگاری کردنی سنووری هاتبوونە ئەم ناوچەیە و نەوتەکەشیان بە سالانەی صەد روپیە لە دەوڵەت بەکرێ گرتبوو، دووجار دەوڵەتی عوسمانی پێیان لەهۆزی دەلۆ داگرت ئەمانیش بەسەرۆکایەتی (خورشید بەگ) دایان بەکەژدا و پەلاماری سوپای عوسمانیاندا[١٤]. هەر کەشەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێکرد خورشید بەگ لە ریزی دوژمنەوە بازیدایە ڕێزی دۆستانی عوسمانی و بوو بەسەرۆکی گشت موجاهیدەکانی لیوای دیالە و هێزێکی میللی گەورەی پێکهێنا کە سوپای ڕووس هێرشیان هێنایە سەر خانەقی سوپای موجاهیدین شان بەشان سوپای تورك وەستان و دەستەویەخەی سوپای ڕووس کەوتنە شەڕ کردن بەتفەنگ و خەنجەر و شمشێر پەلاماری دوژمنیان ئەدا سەدەها کەس لەهەردووڵا کوژران، تەرمی شەهیدەکانی ئەو شەڕە لەگۆڕستانی (عەلەمدار)[١٥] بەخاك سپێردران.

خانەقی بەحەفتا کیلۆمەترەیەك کەوتووەتە خوار کفریەوە ڕووباری سیروان ناوەندی ئەو پێدەشتەی نێوانیان ئەبڕێت، ئەو پێدەشتە ڕاستاییە چەند

شەڕێکی قورسی نێوان سوپای عوسمانی و بەریتانیای بەخۆیەوە بینیووە، شاری (خانەقی) بەدەست سوپای رووسەوە تالاوێکی زۆری چێشت، (مس بێل) لە یادداشتەکەیدا بەم چەشنە رووداوەکەمان بۆ ئەگێڕێتەوە ئەڵێت (سوپای ئێمە کە بەدرێژایی رووباری دیالە بەرەو پێشەوە ئەچوو، سوپای تورك بەرەو رۆژئاوای رووبارەکە شکستی هێنا و ئەکشایەوە، کوردەکانی هەرێمی کفری لەوسەردەمە ئازوقەیەکیان بەیارمەتی نەئەدایە سوپای تورك وایان ئەزانی ئەوەندەی پێ ناچێت ئێمە ئەو ناوەش داگیر ئەکەین، ئێمە کە بەغدامان گرت رووسەکان لە قەسر شیرینداا بوون، لە مانگی نیساندا ئێمە پەیوەندیمان بەرووسەکانەوە کرد، سەرۆکی حاکمە سیاسیەکانمان زۆریان لا گرنگ بوو ئێمە زوو (خانەقی) بگرین تاوەکو بتوانین دەسەڵاتمان لەناو هۆزە کوردەکاندا زیاتر بکەین کە سەر بەئێمە بوون، مەترسی ئەم هەنگاوەش لەوەدا بوو هێزەکانمانی پەرت و بڵاو ئەکردەوە، بە (مصطفی باجلان)مان گەیاند کە تا ئەتوانێت بۆ بەرژەوەندی ئێمە ئەمن و ئاساییش لە شاری خانەقیدا بپارێزێت، ساڵی ١٩١٦ دانیشتووانی شاری خانەقی بەرەنگاری لێشاوی رووسیان کرد و یارمەتی سوپای تورکیاندا تا لە شاری خانەقی دەرباز بوون، لە نیسانی ئەم ساڵدا -١٩١٧- وەختێك دانیشتووانی شار بەوەیان زانی کە رووسەکان هاوپەیمانی ئێمەن و بەرەزامەندی ئێمەوە هاتوونەتە ناو خانەقی دژیان نەوەستان، پاش چەند رۆژێك دەنگ و باس گەیشتە سەرۆکی حاکمە سیاسیەکان رووسەکان وا دەستیان کردووەتە خراپە کردن لەگەڵ خەڵکدا (مصطفی پاشا) داوای کرد حاکمێکی سیاسی بەریتانی بۆ خانەقی دابنرێت تا بەرژەوەندی ناو شارەکە بپارێزێت جەنەراڵ (مۆد) ئەم داوایەی لا پەسەند نەبوو نەوەك ببێتە هۆی ناکۆکی ناو هاوپەیمانەکانی شەڕ، زوڵم و زۆری رووس گەیشتە رادەیەك لە سەر یەك نووسراومان لەم بارەیە لە هۆزەکانی باجەلان، جاف، شەرەفبەیانی، تاڵەبانی و پیاوە ناسراوەکانی خانەقی و قزرابانەوە بۆ ئەهات، وەهای لێهات خەڵکەکە لەترسا ناوچەکەیان بەجێ ئەهێشت و ئەچوونە ئەو

ناوچەیەوە کە بەدەست سوپای تورکەوەیە. لەدوا رۆژەکانی نیسان مصطفی پاشا خۆی گەیشتە بەغداد و عەریزەیەکی لە دانیشتووانی شارەوە پێ بوو هاتبوو بۆ ئەوەی گیروگرفتەکانی ئەو ناوچەیە بخاتە بەردەست کاربەدەستان، (علی احسان پاشا) فەرماندەی سوپای تورك هەڕەشە نامەیەکی بۆ نووسیبوو دەربارەی ئەو کاغەزەی کە بۆ سوپای تورکی نووسیوە و دەستی ئەوان کەوتبوو بەهۆی ئەم کاغەزە لەلایەن تورکەکانەوە بەبێگانە پەرست درابووە قەڵەم و هەڕەشەی کوشتنی لێ کرابوو، مصطفی پاشا ئەوەی ئاشکرا کرد کە کردەوەی رووسەکان لە خانەقیدا لە کردەوەی تورکەکان زۆر خراپتڕە. رووسەکان لە ئێراندا توخنی دانیشتووان نەئەکەوتن، بەڵام دەربارەی ئەو کوردانەی لەژێر رکێفی عوسمانیدا بوون بەچاوی دوژمن تەماشای ئەکردن ئەو خەڵکەیان لە دارایی خۆیان رووت کردبووەوە، قەمچی دەستیان لە مصطفی پاشاش بەرز کردەوە و ئازوقە و شتومەك و ئەسپەکەیان لێسەند و سەعاتەکەشیان لەدەست کردەوە، رووسەکان هەرشتێکیان لەدوکاندارێك گڕی بێت پارەی کاغەزیان داونەتێ خۆشیان ئەیانزانی کە ئەم کاغەزە رەواجیان نییە، هەرچی مەڕ و مالاتێکی دەوروپشتی خانەقیشیان دەست کەوتبێت هەموویان تالان کردبوو خەلەکانیشیان لوس و باریك بۆ خۆیان درووبووەوە و بەری باخ و بێستانەکانیشیان لێکردبووەوە، لەبەر ئەمە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە زۆربەیان لەترساندا رەویان کردبووە ناو تورکەکان، سالێك لەوەوپێش هۆزەکانی دەوروپشتی کفری یارمەتی سوپای تورکیان نەئەدا کاتێك کارەساتی خانەقینیان بیست دەستی یارمەتیان بۆ سوپای تورك دریژ کرد و دەمی چاڵە گەنمەکانیان بۆ کردنەوە و پێشکەشیان کردن، دەنگ و باسی خانەقی و قزربات ئەوەندە جەرگ بڕ بوو وای لەو خەڵکە کرد کە تورك لە رووس بەرەحمتر بزانن، ئەم کردەوە ناهەمواڕەی رووس بەرامبەر ئەو خەلکە زۆر سوودی بۆ تورکەکان هەبوو, ئێمەش لە ناو ئەو خەڵکەدا بەبەدناوییەوە زڕایەوە، ئەوانەی لەمەوپێش ئێمەیان بەهاوڕێی خۆیان دائەنا بڕوایان پێمان نەما، رق و

کێشەی خەڵکیش دەربارەی رووس تا ئەهات پەرەی ئەسەند بەجۆرێك پارێزگاری هەڵوێستیان لە کوردستاندا پێ نەئەکرا و خەڵکەکە ئەوەندە وەرس بووبوون درگای ئەم ناوچەیە بۆ دوژمن لەسەر گازی پشت کرابووەوە.

بەڕاستی زوڵم و زۆری سوپای رووس لەم ناوچەیە گەیشتبووە ئەوپەڕی جونکە دەنگ و باسی شۆڕشی ناوخۆیان پێ گەیشتبوو خۆیان لە هەرێمی خانەقیدا بەمیوانێکی باڵادەست ئەژمارد و باکیان لەوە نەمابوو لەم ناوچەیەدا چی ئەکەن و سەرەنجامی چۆن ئەوەستێت؟ ئەمەش بەسەر ئێمەدا شکایەوە و بۆمان بووە کەلەپورێکی ناچیزە، ئەو دەنگ و باسەی لە مصطفی پاشا و رێگاکانی تردوە بۆمان هاتبوو مەترسیەکی ئەوتۆی تیادابوو شایانی ئەوە بوو چاوێك بگێڕینە هەڵوێستمان، بەهۆی چەند هەڵوێستێکی عەسکەریەوە ئێمە نەمان ئەتوانی پێش رووسەکان خانەقی بگرین و پاش ئەوانیش نەئەکرا نوێنەرێکی سیاسیمان بنێرینە ئەو شارە نەوەك دڵی رووسەکانمان لێ برەنجێت ئەوانیش بوونی نوێنەرێکی ئێمەیان لەو ناوچەیەدا لا پەسەند نەبوو.

دەنگ و باسی نوێی خانەقی ئەوەی دەرئەبڕی کە سوپای رووس بەجارێ خانەقی و دەوروپشتیان رۆتاندووەتەوە و هەرچیەکیان چنگ کەوتبێت لە سنوور کردیانەتەوە ئەوبەر نۆ پیاو و دوو ژنیشیان کوشتووە، خۆشیان لە مانگی حوزەیراندا خانەقیان بەجێهێشت، دوابەدوای ئەوان کتوپڕ سوپای تورك ناوچەی خانەقی گرتەوە و پێشکەوت تا گەیشتە قزربات و چیای حەمرین و زاڵ بوونە سەر سەرچاوەی رووبارە گەورەکانی ناوچەی دیالە وەك (مەهروت و خریسان و خالص) و لە قۆڵێکی ترەوە (بەلەدروز) و (مەندەلی)یشیان گرتەوە، هێزەکانی ئێمەش لە تشرینی یەکەمدا نەختێ پێشکەوت و بەشێك لەچیای حەمرینی گرتەوە.

ئەمجارە تورکەکان کە خانەقینیان گرتەوە ئەو خانووبەرەی رووسەکان نەیان رووخاندبوو ئەمان بەتەواوەتی رووخاندیان، کەم خۆراکی ترس و ناخۆشی

خسته ناو خەڵکەوە، لەدوا رۆژەکانی مانگی ئاب سوپای عوسمانی جارێکی تر لەخانەقی کشانەوە و پاش ئەوان زۆربەی دانیشتووان گەڕانەوە سەر کەلاوەکانیان، باجەلانەکان گەڕانەوە سەر کێڵگەکانیان، وردە هۆزەکانی باشووری کفریش بەرەو مەندەلی و بەدرە و قەرەداغ ئەڕۆیشتن تا گەڵك لە دانەوێڵە شاراوەکانیان وەربگرن نەوەك لەبرسانا بمرن، سوارەی ئەو ناوچەیە تێکەڵ بەهێزەکانی (شێخ حەمیدی تاڵەبانی) بووبوون کە لە هەرێمی (گل) خۆی کۆ کردبووەوە، هۆزی داودە و تاڵەبانی هاوپەیمانێکی بەهێزمان بوون، ترسیان لە سوپای تورك نەبوو، دانەوێڵەی خۆیان لە ترسی ئەواندا نەشاردبووەوە، لەدوا رۆژەکانی مانگی ئەیلولدا پەیوەندیمان بە شێخ حەمید و سەرۆکەکانی ترەوە کرد، ئاگاداریان کردین هیچ ئازوقەیەکیان بەناو پارمەتیەوە نەداوەتە سوپای تورك، هەروەهاش ئەمێننەوە چونکە بەهیوای گەیشتنمان بوون تاکو دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەین، هەر مەڕ و ماڵاتێکیشیان هەبوو بەرەو ژوور ڕەوانەیان کردبوو و لەئاوی زێ کردبوویاننە ئەوبەرەوە تاکو لەبەرچاو تورك نەیانهێڵن.

تورکەکان کە خانەقی و قزرباتیان گرتەوە چەند کەسێکیان لە پیاوە ناودارەکانیان لە سێدارەدا، ئێمە ئەوسا لەوبارەدا نەبووین کە کوردەکان دڵنیا بکەین و هانیان بدەینە سەر ئەوەی هێرش بەرنە سەر تووركەکان، راستی ئەم شتانەمان نەئەزانی تا ئەو کاتەی لە کانونی یەکەمی ١٩١٨ شاری خانەقیمان گرتەود و لەنیساندا کفریمان گرت ئەوسا لە راستی گەیشتین.

ئەو ناخۆشیەمان کە لە خانەقی بینی لەهیچ لایەکی عیراقدا بەرچاومان نەکەوتبوو ئەو دێهاتانەی کە سوپای ڕووس خەڵکانیان دووریبوونەوە سوپای تورك رایان مااڵی و پاکیان کردەوە، بۆ ئەوەی نارەحەتی و ناخۆشی ئەو ناوە چارەسەر بکەین بەڕێوەبەرایەتیەکمان لەو ناوە دانا و (مێجەرسۆن)مان کردە سەرکردەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە کە ئەفسەرێکی شارەزای ئەو هەرێمە بوو کوردیشی باش ئەزانی چەند مانگێك تێکۆشا و بەجۆرێك لە بەڕێوەبردندا

سەرکەوت کە خەڵکی دڵنیا کرد تا وەهای لێهات کوردەکان لەسەر سنووردەوە کە دەیانبیست بەڕێوەبەرایەتی بەریتانی دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردون هەم لە برسانا و هەم لەژێر باری نەخۆشی تیفۆش ئەیان نالاند و رووبان ئەکردە شار و ئەهانە خێوەت و نەخۆشخانەکانمانەوە بۆ ئەوەی یا تەندروستیان وەك جاران ساغ بێتەوە یاخود لەناوماندا بمرن[١٦].

سوپای تورك کە بەیەکجاری لەخانەقی کشایەوە (خورشید بەگی دەلۆ) لەگەڵ (عەلی ئیحسان پاشا) تا موسڵ چوو لەگەڵیا بەرەو تورکیا کەوتەڕێ لەزاخۆ دەنگ و باسی تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهان و هەرەس هێنانی دەوڵەتی عوسمانی بیست و بڕیاریدا لەوە زیاتر نەڕوا و نەبێتە پاشکۆی سوپا شکستەکەی تورك کتوپڕ دەست بەرداری تورك بوو هاتەوە موسڵ لەوێشەوە گەیشتە کەرکوك، سوپای بەریتانی لە کەرکوك گرتیان و دایان بەدادگای خۆیان بەو تۆمەتەی یارمەتیدانی سوپای تورکی داوە، لەبەر ئەوەی لەخۆیەوە گەڕاوەتەوە داوای ئەوەیان لێ کرد یان دە هەزار روپیە سزا بدات.. یاخود بچێتە بەندیخانەوە، ئەویش لەوێوە پەیوەندی لەگەڵ هۆزەکەیدا کرد ئەوانیش لەماوەی دە رۆژدا پارەکەیان بۆ کۆ کردەوە و ناردیانە کەرکوك کتوپڕ بەرەڵڵا کرا و هاتەوە خانەقی و چووە (کانی ماسی) و لێیدانیشت لەناخی دڵیەوە بڕیاری دابوو کە تۆڵەی ئەو سزایە لە ئینگلیزەکان بکاتەوە.

لەو کاتەی برایم خانی دەلۆ بڕیاری رزگاری کردنی کفری دابوو پەیوەندی بەخورشید بەگەوە کرد[١٧] تا ئەویش خانەقی لە چنگ داگیرکەر دەربهێنێت، ئەمیش پەیوەندی بەکەسانی ناو هۆزەکەی و تێکۆشەرانی خانەقی و دەوروپشتیدا کرد و هات شۆڕشێکی بەرپا کرد و رووبان کردە شاری خانەقی، کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە (کاپتن ماترسون)ی جێگری حاکمی سیاسی خۆی و ژنەکەی و دەست و دایەرەی شاریان بەجێهێشت شۆڕشگێڕانیش رۆژی ١٤ی ئابی ١٩٢٠ چوونە ناو شارەوە و بەیداخی بەریتانیایان هێنایە خوارەوە و

ئەنجومەنێکیان بەسەرۆکایەتی (خورشید بەگ) دانا و (محمود بەگ و کەریم صالح و محمد صالح و محمد ئیسماعیل) و چەند کەسێکی تر تیادا بەشداریان کرد و بڕیاریاندا پارەی عوسمانلی بکەوێتە رەواجەوە، ئەمن و ئاساییش بەجۆرێك لەناو شار بلاو بووەوە خەڵکی تا بەیانی دەرگایان لەسەر گازی پشت کرابووەوە و هەرکەسێك بەچاوی تەماعەوە دەست درێژی بکردایەتە سەر مالّی هەرکەس سەد رۆپیە سزای ئەدرا، پوولێکی بدزرایە سەد پوول لەدزە ئەسەندرا، لەم راپەڕینە جگە لە دەلۆ هۆزی سورەمێری و بەشێك لە کاکەیی و باجەلانیش بەشداریان کرد هەر لەوکاتەشدا شۆڕشگێڕانی ناوچە شاری (قزربات – سعدیە)شیان رزگار کرد.

بەریتانییەکان بەشەمەندەفەر هێزێکیان رەوانەی سەر خانەقی کرد، شۆڕشگێڕان لە ئێستگەی (باوە پلاوی) بۆسەیان بۆ نابووەوە کە شەمەندەفەرە چەکدارەکە گەیشت لەملا ولەولا لێی راپەڕین و دەستڕێژیان لێکردن (خورشید بەگ) خۆی سەرکردایەتی ئەم شەڕەی کردبوو، لە ئەنجامدا شۆڕشگێڕان سەرکەوتن و هەر ئازوقە و تفاقێك لەو شەمەندەفەرەدا بوو دەستیان کەوت دابەشیان کردە سەر شۆڕشگێڕان ئاگریان بەردایە شەمەندەفەرەکە، لەم شەڕەدا لە شۆڕشگێڕان (قادر محمد و رەشید خان) شەهید کران و (محمد ئیسماعیل)یش[١٨] بریندار بوو.

لەرۆژانی سەرکەوتندا چەند کەسێك لەوانەی بەکرێ گیراوی دوژمن بوون بەفڕوفێڵ یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕشیان کوشت ئەویش (کەریم خوسرەو) بوو هەروەها سوپای بەریتانی هۆزەکانی (قەڵخانی و سەنجاوی)یان هاندایە سەر دەلۆ لەناکاو بەسێ سەد چەکدارەوە لە ئێرانەوە هاتنەوە سەر گوندی (کانی ماسی) و ناگریان تێبەردا، سوارەی دەلۆ بەسەرۆکایەتی (عبدالله بەگ)ەوە بەرەنگاریان لێکردن و زەرەر و زیانێکی زۆریان لێدان تا ناچاری ئەوەیان کردن پاشەکشێی لێبکەن[١٩].

پاش ئەم کەین و بەین و شەڕ و لاشەڕ و پیلان ڕێکخستنانە ئینجا سوپای بەریتانیا بەهێزێکی گەورەوە و لەگەڵ ئەو هۆزانەی لە پاشکۆیدا بوون هێرشێکی توند و تیژیان بردە سەر شۆڕشگێڕان، بەرەنگاری کردنی ئەم سوپا گەورەیە بەگران ڕائەوەستا چار ناچار شۆڕشگێڕان لەخانەقی کشانەوە و سەد و بیست خێزانی ناو خانەقی کە هەندێکیان عەرەب و تورکمان بوون و سەر بەشۆڕش بوون شارەکەی خۆیان بەجێهێشت ئەمەش نیشانەی یەک بوون بۆ ڕەوشت بەرزی شۆڕشەکەیە[٢٠].

شۆڕشگێڕانی دەلۆ دە ڕۆژ لەخانەقی فەرمانڕەواییان کرد، پاش تێکشکانی شۆڕش هەروەها دەستە پاچە لێیدانەنیشتن چەند جارێکی تر لەگەڵ باجەلآن و سورەمێری و کاکەییەکان قسەیان کرد بەیەک و دەستیان دایە شەڕی چەتەگەری دژی دوژمن جارێکیان ئەفسەرێکی بەریتانیاییان کوشت ناوی (ئیستڕچو) بوو خۆی و چەند کەسێکی کە لەگەڵیابوون سەرەنجامی ئەمە ئینگلیزەکان حەمید عزیز کاکەیی و عەلی باجەلآن و کابرایەکی دەلۆشیان لە سێدارەدا[٢١].

ڕزگار کردنی دوزخورماتوو(٢٢):

دوزخورماتوو یان (طوز – دوز)ی ئەمڕۆیان مەرکەزی قەزایەکی سەر بەپارێزگای صلاح الدینە. شاری دوز کەوتووەتە سەر ڕێگای ئۆتۆمبێلی نێوان بەغداد و کەرکوک بە (٧٥) کیلۆمەترە لە باشووری کەرکوکە و بە (٤٥) کیلۆمەترەیەک ئەکەوێتە باکووری کفریەوە.

لەبنچینەدا ناوی (دوز) ئاشوورییە لەو سەردەمەدا (خیرمتی) پێ وتراوە و بووەتە (خورمات) و ئینجا وشەی (دوز) کەوتووەتە پێشی و بووەتە (دوز خورماتوو). گەڕیدەکان لە یادداشتەکانیاندا ناویان هێناوە (منشی بەغدادی) دەربارەی دوز وتویەتی (لە کفریەوە بۆ دوز حەوت فەرسەنگە لە کفریەوە بەڕێ ئەکەوێ بەچۆمی – قوڕی چای، لەوێوە تێ دەپەڕێت، ئەم چۆمە هاوینان وشکە،

هۆزی بەیات لەم ناوچەیە ئەژین، دوو هەزار مالێك ئەبن بەتورکی و کوردی و عەرەبی قسە ئەکەن بەشێکیان شیعە و هەندێکیان سوننی مەزهەبن[٢٣]، ولاغی بەرزەی چاکیان هەیە، لە تەنیشت دوزەوە رووبارێك تێ دەپەڕێ لە بەهاراندا ئاوی زۆرە نزیك دوز نەوتی رەش و خوێ دەرئەهێنرێت هەر لەناو ئەو شاخانەدا خاکێکی سپی هەیە وەك گەچ وەهایە گۆگردیش لە شاخەکانیدا هەیە، لەسەر لوتکەی شاخەکەی دوز قەلایەك لە بەرد و گەچ دروست کراوە چوار دەرگای هەیە، لەدوز میوەجات زۆرە وەك تری هەروەها دارەخورمایشی تیادایە، زۆربەی خەلکەکەی دوز مەی خۆرن و دەنگ خۆش و تار لێدەریان تیادایە، لەناو شار بەکوردی و تورکی گفتوگۆ ئەکەن بیروباوەڕیان عەلی اللە هیە، ڕێزی کەسی ئاوارە ئەگرن، شارەکە هەزار مالێك ئەبێت و پۆستەخانەیەکی تیادایە[٢٤].

کلۆدیۆس (ریچ)یش دەربارەی (دوز) نووسیویەتی ئەڵێت: (سەعات دوو و نیو لە ئاوڕێژەکە بەڕێنەوە چەترەکەم کردەوە خۆم دایە پاڵ سێبەرەکەی، عەریفێکم نارد شار تاوەکو سەراکەمان[٢٥] بۆ ڕێکبخەن و لە گەیشتنمان ئاگاداریان بکات، ئەوەندەی پێ نەچوو حاکمی شار و عومەر بەگی جێگری هەردووکیان هاتنە پێشوازیمان، عومەر بەگ شارەکەی لەباوکەوە بۆ مابووەوە بەشێوەی (تیمار)[٢٦]یێك بەڕێوەی ئەبرد، سواری ولاغەکانمان بووین و چووینە ناو دووزەوە ڕێگاکەمان بەناو باخی پڕ دارخورما و پرتەقاڵ و لیمۆ و هەنجیر و هەڵوژە و هەنار و زەیتون تێ دەپەڕی و چوار دەوری دوزیش بەباخ دەورە درابوو، لەخانووە خۆشەکەی عومەر بەگ دابەزین، بەچاو خانووەکانی دەوروپشتی بەغدادا گەورەبوو، خانووەکانی ناوشار زۆربەیان لە گڵ دروست کرابوون، دانیشتووانی شار زۆربەیان ئیسماعیلی بوون، شەوی شەممە تەرزەیەکی زۆر باری و زەرەر و زیانێکی زۆری بەباخەکان گەیاند، دەنکە تەرزەکان درشت بوون، دوز کەوتووەتە دەستە چەپی ریزە شاخەکانی کفریەوە، ئاوە سپی ریزە شاخەکان ئەبڕێت ئاوی پیا دێتە خوارەوە، لەسەر ڕێگەی بەرەو ناو شاخەکان بیرە نەوتێك و

کانه خوێیەك هەیە و لەناو گردەکانی بەشی خوارەوەشی چاوگە نەوتێکی تریش هەیە.

رۆژی ٢٩ی نیسان لەخەو هەستام و چووم بۆ دیتنی شوێنەوارەکانی دەوروپشت چاوگە نەوتەکە کە کەوتووەتە سەر رێگەی ناو شاخە نزمەکانەوە و بەمیلێك لە شارەوە دوورە لەبەرئەودی کەوتووەتە ناوەندی ئاورێژی رووبارەکەوە, جاربەجار ئاوی ئەکەوێتە سەر بۆ ماوەیەك پەکی ئەخات، چاوگەکە پانزە پێ قوولّە و دە پێی پڕ لە ئاوە و نەوتە رەشەکە ئەکەوێتە سەر ئاوەکەی و هەمیشە لەژێرەوە بڵق ئەداتە سەرێ خەڵکەکە نەوتەکەی لەسەر وەرئەگرن و ئاوەکەی ئەرێژنە ناو جۆگەکەیەوە، لەوێشەوە دەچێتە ناو چەند حەوزێکی لاکێشەیی بچووکەوە کە لەناو بەردەڵانەکەدا هەڵکەندراون، لەناو ئەو حەوزانەدا ماوەیەك ئەمێنێتەوە تا تاڵاوی تیادا نامێنێت و دەبێتە خوێیەکی سپی دەنك وردی بریقەدار، دەسکەوتی سالّانەی ئەم چاوگە نەوت و خوێیانە نزیکەی بیست هەزار قروشێك ئەبێت و دابەش ئەکرێتە سەر بنەماڵەی دەفتەردار[٢٧]، نەوتەکە دانیشتووانی دوز بەکاریان ئەهێنا و پارەکەشی بۆ کاروانسەرای شارەکە سەرف ئەکرا و بەشێکیشی لێ دەدرایە قوتابخانە ئایینییەکەی ناو شار، لەو کانە نەوتە رۆژێ نزیکەی دوو جەرە نەوتی لێ دەرئەکرا هەر چەرە نەوتێکی شەش حۆققە ئەبوو.

سەرچاوەی نەوتەکە کەوتبووە قوڵایی ژێر بیرە نەوتەکەوە، خەڵکەکە سالّێ جارێ بەهاوکاری یەك کردن ناو بیرەکەیان پاك ئەکردەوە، لەو ئاهەنگەدا دەهۆڵ و زورنا لێ ئەدرا پەز سەر ئەبڕاو خواردن بەسەر هەژاراندا دابەش ئەکرا تاوەکو بیرە نەوتەکە دەستکەوتی پتر بێت، دوور نییە ئەم ئاهەنگە نیشانەیەك بێت لەدێر زەمانەوە پشتا و پشت هاتبێتە خوارەوە، زۆربەی تەپۆڵکەکانی بەشی خواروو باراناو کەندڕی کردبوون چەند کۆڵەکەیان لێ بەدەرکەوتبوو، لە سەرووی ئاورێژەکەوە کەلاوەی شوورەیەکی کۆنمان چاوپێکەوت رەنگە لە سەردەمی ساسانیەکانەوە مابێت، لەناو ئاورێژەکەدا چاڵێکی بچووك لەتوێ بەردێکی گەورەدا

هەبوو نەوتی لێ دەرئەهێنرا لەسەر ئەو چاڵە چوخمێکی چوارگۆشەیەکی کۆنی بەبەرد دروستکراو هەبوو.

لەدوزخورماتوو کاروانسەرایەك هەیە هەشتا سواری لێ جێئەبێتەوە، پلەی گەرما پێش نیوەڕۆ (٦٤) پلە و سەعات دوانزدەیش بوو بە (٧٠) و سەعات سێی پاش نیوەڕۆ هاتە خوارەوە تا گەیشتە (٦٦) پلە، با بەتوندی لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە هەڵی ئەکرد، پاش نیوەڕۆ باران باری، سەرژمێری دوز ئەگەیشتە پێنج هەزار کەسێك[٢٨].

جوغرافیای عوسمانی دەربارەی (دوز) نووسیویە دەڵێت: (لە کەرکوکەوە شانزدە سەعاتە ڕێ دووڕە (٧٥٦) خانووی تیادایە و سەرژمێری ١٧٤٩ کەسێك دەبێت، سێ خان و ٩٦ دوکان و سێ قاوەخانە و ٣٥ باخ و یەك قوتابخانەی منداڵانی تیادایە، دانیشتووانی بەکوردی و تورکی و عەرەبی قسە ئەکەن)[٢٩].

هۆزی (داودە) لە ئاواییەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری دوزدا نیشتەجێن، هۆزی بەیاتیش لە ئاواییەکانی ڕۆژئاوای دوزدان، ئەم دوو هۆزە لەناو خۆیاندا هەمیشە ڕێك و پێك بوون، (ڕەفعەتی سمایل بەگی داودە) سەر بە شێخ مەحمودی بەرزنجی بوو لەگەڵ برایم خانی دەڵۆیشدا قسەیان کردبووە یەك بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر بەریتانیا شێخ مەحمود لە دیلی بەڕەڵاڵ بکرێت بڕیاریاندا لە یەك وەختدا هەردوولایان شۆڕشێك بەرپا بکەن. ڕەفعەت بەگ لە تۆماری بەریتانیاییەکاندا بەدوژمنی سەرەکە درابووە قەڵەم (ئەدمۆندسن) ئەڵێت: (ڕەفعەت بەگ لەسەر حاڵێك ناوەستێ، ئامادەیە هەر جموجۆڵێکی ڕوخێنەر - مەبەستی لە شۆڕشگێڕیە- لە ئاسۆی ڕامیاری دژی ئێمە ڕووبدات پشتگیری بکات)[٣٠]. ڕەفعەت داودی لەگەڵ فارس بەگی سەرۆك هۆزی بەیات ڕێککەوتن و هۆزی (سائح)ی عەرەبیش پشتگیری لێیان کرد، بەکورد و تورکمان و عەرەبەوە لە ٢٠ی ئابی ١٩٢٠دا دوزیان لە چنگ سوپای بەریتانی دەرهێنا، ئاڵای بەریتانیایان هێنایە خوارەوە و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شارە ئازاد کراوەکە ئەنجومەنێکیان بەسەرۆکایەتی (ڕەفعەت بەگی داودە) دامەزراند نوێنەرانی هۆزە شۆڕشگێڕەکان و دانیشتووانی دوزی تیادابوون، ڕەواجیان بە سکەی عوسمانیدا، ئەمن و ئاساییش

بۆی کێشایە سەر شار و دەوروپشتیدا، لەو ماوەیە هیچ شتێکی ناڕەوا لەناو شاردا ڕووی نەدا.

ڕزگار کردنی کفری:

لەو کاتەی شۆڕشگێڕان ناوچەی (خانەقی) و (دوز)یان[٢١] لە دوژمن پاك کردەوە، شۆڕشگێڕانی ناوچەی (کفری)یش کەوتنە خۆ ئامادە کردن لەپێشدا بۆ چاوبەست و سەر لەدوژمن شێواندن شۆڕشگێڕانی دەڵۆ لەوانەی لە ئاوایيەکانی ڕۆژئاوای کفری دانەنیشن دایان لە خەتی شەمەندەفەر و سەربازگەکەی بەریتانیا لە کنگربان و سەربازگەی کفری، دوژمن ناچار بوو لە شانزدەی ئابدا ئەم بەیاننامەیە بڵاو بکاتەوە (دووجار یاخی بووەکان هێرشیان بردە سەر قەرەخان و تیادا سەرنەکەوتن، سەربازگەی صەلاحیە – کفری – هێرشی یاخی بووەکانی بەرپەرج دایەوە)[٢٢].

جەماوەری کفری لە دەنگ و باسی ڕزگار کردنی خانەقی و دوز لە چنگ ئینگلیزەکان گەلێك دڵشاد بوون، لەو کاتەش زوڵم و زۆری سەلەمۆن و دەست و پەیوەندی لەناو شاردا پەرەی سەندبوو دانیشتووانی شار پەیوەندیان بە برایم خانەوە کرد تا لەدەست دوژمن شارەکە ڕزگار بکات[٢٣]، برایم خانیش پەیوەندی بەسەرەك تیرەکانی (ڕۆغزایی و تەرخانییەوە)[٢٤] کرد تا پشتگیری لێ بکەن ئەوانیش بەدەنگیەوە هاتن و چەند سوارەیەکیان بۆ ئەم شۆڕشە ئامادە کرد، هەر کە ئینگلیزەکان بەجموجۆڵی هۆزە شۆڕشگێڕەکان گەیشتن سەرۆك سەربازگەی بەریتانیا لە کنگربان داوای لە (سلمنت) کرد کە بارەگاکەی خۆی لە کفریەوە بگوێزێتەوە ناو سەربازگەیان، (سلمنت) نەخۆی نە ئەوانەی لە ئاوایيەکانی ڕۆژئاوای کفری دانەنیشن دایان لەخەتی و نە خێزانەکەی ئەو ئامۆژگاریەیان نەچوو بەعەقڵەوە سلمنت وای ئەزانی کە لەناو شاردا بمێنێتەوە زیاتر کار ئەکاتە

سەر ئەوانەی سەر بەئینگلیزن و وڕەیان بەرنادەن و مانەوەشی لەناو شاردا ئەرکێکە و کەوتووەتە سەرشانی[٣٥].

لەبەرە بەیانی ڕۆژی ٢٢ی ئابی ١٩٢٠دا برایم خان و هەڤاڵەکانی لە دیوی پشتەوە سەرکەوتنە سەر لوتکەی شاخی (باوە شاسوار – بابا شاهسوار) کە دەڕوانێتە سەر شاری کفری لەوێوە دەستیان کردە تەقە کردنە سەر مەرکەزی (دەرەك – پۆلیسخانە) کە کەوتبووە خوارەوەی چیاکەوە، ئەو تەقە کردنە نیشانەی هەڵگیرساندنی شۆڕش بوو، شریقەی گوللە شارەکەی لەخەو ڕاپەڕاند، ئافرەتان لەسەربانەوە هەڵهەڵەیان هەڵئەدا و پیاوانیش لەناو کوچەی شاردا ئەگەڕان و چاوەڕێی سەعاتی ڕزگار کردن بوون، (سلمنت) زوو کەوتە خۆ و ناردیە شوێن ئەم پیاوە ناودارانەی کفری (جمیل بابان، بهجت بابان، سید سلیمان ئاغا، محمد سعید وەنداوی، عوسمان سلیم وەنداوی،[٣٦] عبدالوهاب تاڵەبانی وەکیلی قائمقام عەلی ئەفەندی) و کەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا، داوای لێکردن لەگەڵیا بچنە لای (برایم خان) و داوای لێبکەن دەست لەم کارە هەڵبگرێ و ئاساییشی شار تێکنەدات، (محمد سەعید وەنداوی)[٣٧] ئامۆژگاری کرد و داوای لێکرد هەنگاوی وەها نەهاوێژێت چونکە دەڵۆ نێستا لەحاڵەتی هەیەجاندایە، ئەم قسانە نەچوونە گوێی سلمنتەوە خۆی و جەمیل بابان و عوسمان سەلیم و عبدالوهاب تاڵەبانی و عەلی ئەفەندی سەرکەوتنە سەر باوە شاسوار، کە برایم خان چاوی پێ کەوتن فەرمانی تەقە وەساتاندنیدا و بەخێرهاتنی لێکردن، (سلمنت) بەبرایم خانی وت دەست لەم کارە هەڵگرێت بەرامبەر بەمە نەیکاتە (قایمقامی کفری) برایم خان وەڵامی دایەوە کە ئیتر باوەڕی بەبەڵێنەکانی نەماوە و داوای لێکردن بێ خوێن ڕشتن لەکفری دەربچن، (جەمیل بابان)[٣٨] بەبرایم خانی ووت ڕەنگە ئێوە نێستا سەرکەوتن وەدەست بهێنن بەڵام لەئەنجامدا بەریتانیەکان ئەگەڕێنەوە و ژاری

تورەییان بەسەر خەڵکدا ئەرژێنن، برایم خان کە بڕیاری شۆڕشی دابوو قسەی (سلمنت) و ئەو خەڵکە ساردی نەکردەوە، لەو کاتەدا (شێخ وەهابی تالەبانی)ش هەڵیدا و تکای کرد کە دەست لەبزووتنەوەکە هەڵبگرن (اکبر)ی برای برایم خان لەقسەکانی شێخ وەهاب هەڵچوو دەستی لێدایە چەك، برایم خان خۆڕی بەسەر ئەکبەری برای نەویش دەستی لێ سارد بووەوە شێخ وەهابیش بێ دەنگ بوو بەرەو دوا کشایەوە و ملی ڕێی گرتە بەر و بەرەو خوار بووەوە، عوسمان نەفەندیش بەشوێنیا ڕۆیشت کە (سلمنت)یش وێستی بگەڕێتەوە، برایم خان وتی: تۆ میوانی ئێمەی بەدیلی ئەمێنیتەوە تا سەرەنجامی ئەم ڕاپەڕینەمان بۆ دەرئەکەوێت، (جەمیل بابان) تکای لە برایم خان کرد کە بەڕەڵاێ بکەن سوودێکی نەبوو ناچار ئەو و عەلی ئەفەندیش بەرەو شار گەڕانەوە، شۆڕشگێڕان (سلمنت)یان نارده ئاوایی (برایم خان) و لەوێ وەك دیلێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکرا، پاش ئەوە شۆڕشگێڕان ڕووی تفەنگیان لە مەرکەزی دەرەك کردەوە و بۆی چوونە پێشەوە، چەند سەعاتێك هێزی ناو ئەم مەرکەزە بەرەنگاریان کرد چاریان نەما چەند کەسێکیان خۆیان دا بەدەستەوە[٣٩] بێگانەکانیان (هیندی و ئینگلیز) هەڵاتن و تێکەڵ بەو هێزە بوون کە لە سەراکەی حکومەتدا خۆیان قایم کردبوو، کەوتبووە ڕۆژئاوای شارەوە، شۆڕشگێڕان چوونە ناو شارەوە، دانیشتووانی شار پێشوازیان لێکردن و ئەمانیش لەناو شاردا بڵاوبوونەوە و هێزێکیان چووە سەر (سەرای حکومەت) کە هێشتا هێزێکی بەریتانی تیادا مابوو، شەڕ چەند سەعاتێك دەوامی کرد، کە تاریك داهات و تەقە کەم بووەوە لە بەریتانیەکان ئەوی پێی کرا هەڵات و ڕووی کردە سەربازگەکەیان لە کنگربان و چوار لاشەی کوژراویان لێ بەجێما[٤٠] ڕۆژی دووەم تەرمەکانیان ڕەوانەی سەربازگەکەیان بۆ کردن، هاوسەری سلمنت یەکێك بوو لەوانەی لەپێشدا لەسەراکەوە بەرەو

سەربازگەی کنگربان رۆیشتبوو، رۆژی ئازادی لە کفریدا هەڵات ئاڵای بەریتانیایان لەسەراکەوە هێنایە خوارەوە و فەرمانیدا سکەی عوسمانی بکەوێتە رەواج و ئەنجومەنێك بۆ بەڕێوەبردنی شار بەسەرۆکایەتی (برایم خان)[٤١] دامەزرا و بریتی بوو لەم کەسانە (وەیسی بەگی دەلۆ[٤٢]، أکبری برای برایم خان، حەمیدی ئەورەحمان کاریزی دەلۆیی، کاکەمند ئەمین دەرویشی دەلۆیی[٤٣]، حاجی محمدی تەرخانی[٤٤]، حەمەجانی رۆغزایی)[٤٥] برایم خان (برایم وەستا محاو)ی[٤٦] بەنووسەری تایبەتی خۆی دانا، شۆڕشگێڕان هەرچی ئازوقە و چەك و جبەخانەیەکیان لەسەراکەدا دەستکەوتبوو دابەشیان کرد، فەرمانبەران هەرکەسەیان لەسەر وەزیفەی خۆیان دەوامیان کرد، دەڵاڵیش جارێدا نابێ هیچ کەس بەنجە بۆ مالّی کەس لە دانیشتووانی شار درێژ بکات و هەر شۆڕشگێڕێکیش ئەگەر دەست درێژی کرد سزای ئەدرێتێ دەستە دەستە بۆ پیرۆزبایی هاتنە لای برایم خان و خۆشی و شادی و پشتگیری خۆیان دەربڕی.

برایم خان کێیە؟

بەگشتی فەللاحی دەلۆیی بەخاوەن مولکێکی بچووك[٤٧] ئەژمێردرێ، پارچە زەوییەکی بچووکی بەدەستەوەیە خۆی ئەیکێڵێت و ئاگاداریی ئەکات و دەستکەوتەکەی کۆ ئەکاتەوە، ئەو زەوییانەی بەدەست جووتیارانی دەلۆوەیە ئەکرێتە چەند بەشێکەوە و بەشێکیان ئەرازی ئەمیریە ئەوە یەکسەر بەدەست جووتیاری دەلۆوەیە وەك زەوی دێیەکانی (کاریز، تەپەچەرموو، گلّابات، عەین فارس) بەشێکیان بەتاپۆ هی بابانەکانە وەك (کنگربان) و بەشێکیان بەتاپۆ هی بەگزادەکانی جافە وەك (سەرقەڵا، سەی جەژنی وەلی هەیر، هەیەرە کەل)، بەڵام پشتاوپشت بەدەست جووتیاری دەلۆوە بووە و دەیەکی دەستکەوتیان داوەتە خاوەن

نەرز و هیچ ئەرکێکی تریان نەگرتۆتە ئەستۆ. برایم خان لە باب و باپیرەوە گەورەیی دەلۆکانی رۆژهەلاتی شاری کفری بەدەستەوە بوو. برایم خان کوڕی صالح خان کوڕی ئەمین کوڕی عبدالله کوڕی ئەحمەد بەگە، سالّی ١٨٧٤ لە ئاوایی (هەیەرەکەل – حیدرەکەل)[٤٨].



لە دایك بووە لە تیرەی (خوبیاروەندی) هۆزی (دەلۆ)یە، برایم خان حەوت برای هەبووە بەپێی تەمەنیان ئەمانە بوون (کەمەر و محمد و کاکە و برایم – ئیبراهیم و حسین و ئەکبەر و کەریم و حمە صالح) برایم خان لەمندالّیەوە لای مەلای ئاوایی فێری نووسین و خوێندن بووە عەرەبی و فارسی دەزانی، شیعری شاعیرانی وەك (مەولەوی، حەسەن کەنۆش، میرزا شەفیع، شێخ رەزا، خەلیل منەوەری لەبەر کردبوو، پیاوێکی لەخوا ترس و دەست بەدەست نوێژ بوو هەمیشە ئایەتی قورئانی لەبەر بوو، بەدەستی خۆی کشتوکالّی ئەکرد و سواری ئەسپ ئەبوو ئەچووە راو و شکار، پیاوێکی کەلّەگەتی توکنی گەنم رەنگ

بوو بەزەبر و زەنگ و هێز و توانا بوو، کەوا و سەڵتەی لەبەر ئەکرد و چەفتەی لەسەر ئەکرد، خەنجەرێکی دەبانی مشتو سپی بەپشتێنەوە بوو، ڕێزی لەهەموو کەسێك ئەناو دائیما میوانی لەدیوەخانەدا هەبوو، ڕۆحی شۆڕشگێڕی لە باوك و کەمەرخانی برا گەورەیەوە وەرگرتبوو (کەمەرخان) چەند سالێك دژی ستەمکاری عوسمانیەکان چەکی هەلگرت هەر لەو پێناوەدا سەری دانا، برایم خان سوێندی خوارد تۆڵەی هەردوو برا شەهیدەکانی لە چەوسێنەر وەربگرێتەوە، برایم خان خاوەن خو و ڕەوشتێکی کۆمەلایەتی بوو لە شین و شادیدا بەشداری هۆزەکەی ئەکرد پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی بابان و بەگزادەکانی جافدا پتەو بوو، لەگەڵ سەیدەکانی کفری و وەنداویەکاندا ئامشۆیان بەسەریەکدا هەبوو.

بەهۆی ژن و ژنخوازیەوە برایم خان لەگەڵ هەندێ لە تیرەکانی ناو جاف خزمایەتی کردبوو (بەور ئاغا)ی سەرۆکی گەلاڵی (خاڵ خاصی) خوشکی برایم خانی هێنا بوو (فەرەج ئەحمەد)ی سەرۆکی تەرخانیش خوشکێکی دیکەی برایم خانی هێنابوو (برایم خان) خۆیشی (ئامینەی کچی ڕۆستەم سەرحەد)ی ڕۆغزایی مارە کردبوو، (وەیسی بەگی) دەلۆیش کچێکی لە هۆزی (لهێب)ی عەرەب مارە کردبوو. زۆر کەس لە دەلۆییەکان لەگەڵ هۆزی گێژ، داودە، سەید، ژن و ژنخوازیان لە ئارادا بوو.

برایم خان چوار کوڕی هەبوو (عەزیز، شەرەف، جەعفەر، حەمید)[٤٩] لەو چوار کوڕە شەردفیان لێ ماوەتەوە و لەوانیشەوە کوڕ و کوڕەزایان لێ بووەتەوە، (سمایلی کوڕی عەزیزی برایم خان) لەناو هۆز و خەڵکدا لەهەموویان دیاریتر و لەریزی پێشەوەیاندایە.

هەڵوێستی دوژمن پاش ڕزگار کردنی کفری:

سوپای بەریتانی لە ڕزگار کردنی شارەکانی (خانەقی) و (دوز) و (کفری) لەیەك هەفتەدا واقیان وڕما ترسی نەوەشیان نشتە دڵ کە شۆڕش شارەکانی دیکە

بگرێتەوە، بیریان لەوە کردەوە سەربازگەی (کنگربان) بەهێزتر بکەن، هاتن شەمەندەفەرێکی پڕ چەك و ئازوقەیان لە جەلەولاوە بۆ کنگربان بەرێ کرد، شۆڕشگێڕان ئاگایان لە جموجۆڵی دوژمن هەبوو، لەسەر پرد و دووڕیانەکاندا یاساوڵ و بۆسەیان بۆ دانا و چوونە سەنگەردەوە و سکەی شەمەندەفەریان لای پردەکەی (فەککە) هەڵتەکاند، هەر کە شەمەندەفەرەکە لەدوورەوە دەرکەوت دەستیان خستە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیانەوە کە شەمەندەفەر لای سکە هەڵوەشاوەکە وەستا لە هەموولایەکەوە دەستڕێژیان لێکرد و ڕێی گەڕانەوەیان لێ بڕی، دوژمنانیش کەوتنە تەقە کردن، شەڕ چەند سەعاتێکی خایاند شۆڕشگێڕان سەرکەوتن و هەرچی ئازوقە و تفەنگ و نارنجۆك و سنوقە فیشەك هەبوو کەوتە دەست شۆڕشگێڕان و پاش ئەوە ئاگریان لە شەمەندەفەرەکە بەردا، لەم شەڕەدا جوتیارە دەلۆییەکانی ئاوایی (فەککە، عەین شکور، گلابات) بەشداریان کرد و تاقمێك لە شۆڕشگێڕانی عەرەبی لهێب بەسەرکردایەتی (احمد الملا) تیادا بوون لەم شەڕەدا (حەمید مەجید دەلۆیی) شەهید کرا.

دەنگ و باسی ڕزگار کردنی شاری کفری و گرتنی ئەم شەمەندەفەرە لەناو جەماوەردا بلاوبووەوە، ئیتر داگیرکەران نەیانتوانی لەمە زیاتر ئەم ڕاستیە لە خەڵك بشارنەوە، پاش هەفتەیەك چار ناچار ئەم بەیاننامەیان بلاوکردەوە (هۆزەکانی لیوای کەرکوك هەروا کپ و بێ دەنگ نەوەستاون، هێرشیان هێنایە سەر کفری و جێگری حاکمی سیاسیان بەدیل گرت، هێزەکانمان کە پارێزگاری خەتی شەمەندەفەری نێوان کفری و دیالەی پێ سپێراوە ساغ و سەلامەتن، دەنگ و باسی وامان بۆ هاتووە کە یاخی بووەکان هێرشیان بردووەتە سەر هەندێ لە سەربازگەکانمان و تووشی زەرەر و زیانێکی زۆر بوون)[٥٠].

گفتوگۆی نێوان هەردوولا:

ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت بەزۆری کوتەك ئیشیان بۆ ناچێتە سەر داوای گفتوگۆ کردنیان لەگەڵ شۆڕشگێڕان کرد تاوەکو بتوانن بەبەڵێن و قسەی چەور بیبەنەوە، برایم خان نەرم و نیانی پیشاندا تاوەکو بتوانێت بێ خوێن رشتن بگاتە ئەنجامی شۆڕش، شۆڕشگێڕان بۆ گفتوگۆ کردنەکە (محمد سەعید وەندەاوی)یان هەڵبژارد، بەریتانیاییەکانیش سەرۆکی (شەبانە) (موراد موبارەك)یان هەڵبژارد، هەردوو نوێنەر یەکیان گرت و دەستیان کردە گفتوگۆ کردن، ئینگلیزەکان ئامادەییان پیشاندا ئەگەر برایم خان جێگری حاکمی سیاسی (سلمنت) بەڕەڵا بکات پەنجا هەزار روپیەی ئەدرێتێ و ئەکرێتە قایمقامی کفری (محمد سەعید وەندەاوی) گەڕایەوە لای برایم خان و ئەویش ئەم خاڵانەی بۆ دەستنیشان کرد (١)- ئەبێت شێخ مەحمودی حەفید لە دیلی بەڕەڵا بکرێت و بگەڕێتەود سلێمانی. (٢)- پاش گەڕانەوەی شێخ ئەوسا سلمنت بەڕەڵا ئەکرێت. (٣)- ئەگەر ئەو دوو مەرجە پێك هێنرا برایم خان پەنجا هەزار روپیە ئەداتە ئینگلیز و پلەی قایمقامیش رەد ئەکاتەوە. کاتێك (موراد موبارەك) مەرجەکانی برایم خانی بە ئینگلیزەکان گەیاند دەماریان گرژ بوو چاویان پەڕیە تەوقی سەریان و بۆیان ئاشکرا بوو کە پەیوەندیەکی تەواو لە نێوان شێخ مەحمود و برایم خاندا هەبووە، گفتوگۆ لە یەکەم پلەدا پچڕا و سوودی هەر ئەوەبوو کە هەردوولا زیاتر لەیەکتر ئاشکرا بوون.

هێرشێکی تێك شکاو:

ئینگلیزەکان لەوە دڵنیا بوون کە برایم خان بەبەڵێنی چەوریان هەڵ ناخەڵەتێت دەستیان دایەوە هەڕەشە کردن لەناکاو بەهێزێکی گەورەوە لە سێ لاوە پەلاماری کفریاندا، بۆ ئەم مەبەستە (دگلس)ی جێگری (سلمنت) لەگەڵ (شێخ وەهابی تاڵەبانی) و (عبدالکریم وادی ئاغای زەنگەنە) لە ئاوایی (زەرداو)[٥١] کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا، بەزۆری و زۆرداری لە هۆزەکانی (زەنگەنە و گێژ و

بالانی) هێزێکی گەورەیان دروست کرد و شان بەشان هێزێکی پڕ چەکی بەریتانی لە بەرەبەیانی رۆژی ٣٠ی ئابی ١٩٢٠دا لەسێ لاوە پەلاماری شاری کفریاندا و لەسەر ئەو چیایەی لە رۆژهەلاتەوە ئەڕوانێتە کفری مەتریلۆزێکیان[٥٢] دامەزراند، لە یەك سەعاتدا دەستیان کردە تەقە و دەستڕێژ کردن، شۆڕشگێڕان لە جموجۆڵی دوژمنان بێ خەبەر نەبوون، لەچوار دەوری شار خۆیان لەسەنگەردا قایم کردبوو، تا خۆروبان بەرز بووەوە شەڕ گەرمتر ئەبوو، دوژمنان کردیان و کۆشان نەیان توانی کەلەبەرێك بخەنە ریزی شۆڕشگێڕانەوە، شۆڕشگێڕان ئاخێزیان بەرەو پێشەوەدا بەلاّم مەتریلۆزەکە لووڵەی دەمی لێکردبوون، بڕیاریاندا هەرچۆنێك بێت ئەبێ مەتریلۆزەکە بگرن، سێ کەسی ئازایان (محمد عەلی بارام و بارام بەگی دەلۆیی و ئەحمەد ئەسعەد تەرخانی) ناو خوایان لێهێنا و چەکیان لێهەلّگرد و بەئاسپایی کەوتنە پشت کابرای سەر مەتریلۆز و تا لای کردەوە هەرسێکیان گەیشتبوونە سەری و دایانە بەر خەنجەر و بەدەنگی (الله اکبر) ئەم سەرکەوتنەیان بەشار گەیاند، یەکێك لە دانیشتووانی کفری (سید محمد چایچی) چووە سەر مەتریلۆزەکەوە و رووی دەمی ئاراستەی سوپای دوژمن کرد، لەم لاشەوە شۆڕشگێڕان بەپیادە و بەسوارە هێرشیان بردە سەر دوژمن، سوپا زۆر و بۆرەکەی بێگانە بەجارێ هەرەسی هێنا و پیاوی ئازایان ئەویان بوو کە سەری خۆی لەم داوە رزگار بکات و پاشەکشێی بۆ بکات، لەم شەڕەدا نزیکەی سەد سەربازی بەریتانی کوژران بیست و پێنجیان لە هیندیەکان[٥٣] بوون و شانزدە ئۆتۆمبێلی لۆری عەسکەری تێکشکا و ئاگری تێبەردرا و دەستکەوتیش دوو مەتریلۆز و چەند سنوقە فیشەکێك و دەیەها تفەنگ و دەمانچە بوو، لە شۆڕشگێڕانیش حەوت کەس شەهید بوون یەکێکیان (حەمیدی ئەورەحمان کارێزی) بوو کە یەکێك بوو لە دەمڕاستی دەلۆ و ئەندامی ئەنجومەنی ئەو شۆڕشە بوو.

کوشتنی (سلمنت):

شەهید بوونی حەمیدی کوێخا ئەورەحمان و ئەو شەش کەسە دڵی شۆڕشگێڕانی غەمبار کرد، لەناو خەڵکدا بەهەڵە دەنگ و باسێ بڵاوبووەوە گوایە (برایم خان) خۆی کوژراوە ئەم دەنگ و باسە گەیشتە (رەشید محمد سنجان) کە

پارێزگاری (سلمنت)ی پێ سپێرابوو ئەمیش دەستی دایە تفەنگ و رووی لوولەکەی کردە (سلمنت) تەقە لە تفەنگ دەرچوو سلمنت لە خوێنی خۆی گەوزایەوە. کاتێك برایم خان ئەم دەنگ و باسەی پێگەیشت لە رەشید تورە بوو لای خۆی دەری کرد چونکە دیل کوشتن کارێکی ناڕەوایە، بەڵام تازە کار لەکار ترازا و ئەوی پیاوی نەزان ئەیکات بەسەد زانا بۆی پینە ناکرێت و رەشیدیش بۆ خۆی تا مرد بە (رەشە حاکم کوژ) ناوبانگی دەرکرد.

ئینگلیزەکان لە شکستی هێزەکەیان و پووچ بوونی هێرشەکەیان و کوشتنی سلمنت جێگری حاکمیان یەجگار پەست و تووڕە بوون و بڕیاریاندا بەهەر شێوەیەك بێت تۆڵە لە شۆڕشگێڕان بکەنەوە.

شێخ وەهاب تاڵەبانیش پاش شکست هێنانی هێرشەکەیان چووە ناو گل و ئەم دەنگ و باسانەی بەشێخ حەمیدی باوکی گەیاند، ئەوانیش چوونە لای (لۆنگریك)ی فەرماندەی بەریتانی لە کەرکوك لەوێ کۆبوونەوەیەکی گرنگ گیرا و بڕیاری ئەوە درا ریزیان رێکبخەنەوە و بەسوپایەکی گەورەوە بچنە سەر شۆڕشگێڕانی دوز و کفری، پێش ئەوەی بچێتە کۆڕی شەڕێکی دیکەوە با لەنزیکەوە شێخ حەمیدی تاڵەبانی بناسین.

شێخ حەمید کێیە؟

لەمەوپێش ئەوەمان دەربڕی کە بنەماڵەی تاڵەبانی لە سەرچاوەدا ئەچنەوە سەر (مەلا مەحمودی زەنگەنە) کە لە ئاوایی (تاڵەبانی) سەر بەقەزای چەمچەماڵ دانیشتوبوو، پاش خۆی نەوە و وەچەی زۆری لێبووەتە و هەر تاقمێکیان بۆ ئیرشاد کردن لەسەر پەیڕەوی (قادری) رووبان کردووەتە ناوچەیەك. هاتوون لەسەرەتادا تەکیەیەکیان داناوە و ئیرشادی خەڵکیان کردووە ئینجا دەستیان داوەتە مووڵك و ماڵ پێکەوەنان، لەو ناوچانەی کەتیادا بلاوبوونەتەوە (کەرکوك، کۆیە، کفری، خانەقی، داقوق، بناری گل).

شێخ عەزیزی تاڵەبانی کە پیاوێکی خواناس بوو چووەتە بناری گل لەوێ تەکیەیەکیان بۆ دروست کردووە و دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی پەیڕەوی (قادری) لە ماوەیەکی کەمدا جوتیارێکی زۆری لەدەور کۆبوونەتەوە و بوونەتە دەرویشی شێخ، پاش مردنی خۆی (شێخ حەمید)ی کوڕی لە سەرەتادا لەسەر هەمان ڕێڕەو ڕۆیشتووە تا جێی باوکی پڕ کردووەتەوە، هەر لە منداڵیەوە نیشانەی زیرەکی تیادا وەدەرکەوتووە بەنازایەتی و چالاکی خۆی لەماوەیەکی کەمدا بووەتە یەکە پیاوی ناو تاڵەبانی و تا (شێخ ڕەزا)یش جۆرە شانازی پێوەکردووە و ئەڵێت:

حەیدەری گەرراوە یاخود خالیدی نیبنی وەلید:

ڕۆستەمێکە ڕۆژی دەعوا بەینی بەینەڵڵا حەمید

شێخ حەمید لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە دەرکردنی نەوتی بناری گلی درابووەتێ ئەمەش دەسەڵاتی زیاتر پێکرد، لەلایەکی تریشەوە دوو بەرەکی خستە ناو جووتیارەکانی ئەو ناوچەیەوە و لەسەرەنجامدا بەڕەی لەژێر پێی هەموویان راکێشا ئەڵێن: پیاوێکی دڵڕەقی درێندە ڕەوشت بووە، دۆست و دوژمنی لا نەبووە، دوژمنی دوێنێی دۆستی ئەمڕۆ و دۆستی دوێنێیش دوژمنی ئەمڕۆی بووە، لەبەر بەرژەوەندی خۆی و کەس و کارەکەی بەوڵاوە هیچی تری مەبەست نەبووە، ڕووی بکردایەتە هەر گوندێك تێك و مەکانی ئەدا، ئەم دەرەبەگە هێزەکانی خۆی بۆ یارمەتیدانی ئینگلیز و دژ بەبرایم خان کۆکردەوە تا تۆڵەی شێخ وەهابی کوڕی لێ بکاتەوە[٥٤]. هەموو سەرچاوەکان ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کەشێخ حەمید پێش ئەوەی سوپای بەریتانیا ناوچەکە داگیر بکات بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیادا هەبووە و خۆی و خزمەکانی دەوروپشتی کفری زۆربەیان هەر سەر بەئینگلیزەکان بوون و[٥٥] شێخ حەمید هەر بەڵێنێکی بە ئینگلیزەکان دابێت بەتەواوەتی جێبەجێی کردووە[٥٦] سەرەڕای ئەم هەموو خزمەتانەش ئینگلیزەکان شێخ حەمیدیان بەپیاوێکی فیڵباز دابووە قەڵەم[٥٧] هەرچی چۆنێك بێت ئەو خو

و ڕەوشتەی بوو بەهۆی ئەوەی زەوی و زارێکی زۆر داگیر بکات و کەس نەتوانێت بەرامبەری بوەستێت، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە شێخ حەمید گەیشتبێتە تینی هەڵوێستی پیاوانەی هەبووە ئەویشمان لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بۆ دەرئەکەوێ.

وەنەبێت سەرجەمی بنەماڵەی تاڵەبانی هەر سەربەبێگانەکان بووبێتن، بەڵکو چەند بەرەبابێکیان دژایەتیان لەگەڵ شێخ حەمید و ئینگلیزەکاندا کردووە و یەکێک لەوانە (شێخ قادری سیامەنسور)[٥٨] بووە کە لەناوچەکەیدا وەکو درکێک بووە بەرەبەرەکانی لەگەڵ بەریتانیەکان و بەکرێ گیراوەکانیاندا کردووە، ئەم هەڵوێستەی شێخ قادر مەترسی خستە دڵ شێخ حەمید و تاقمێک لە خزمەکانی بۆ چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتە هاتن راپۆرتێکیان بۆ حاکمی سیاسی بەریتانی لە کەرکوک بەرز کردەوە و دڵسۆزی خۆیان تیادا نواند و ئامادەییان پیشاندا بۆ سزادانی ئەو پێنج ئاواییەی لەیلان بەقسەی ئەوان کە کاریان کردووەتە سەر ناوبانگی تاڵەبانیەکان لای حکومەتی بەریتانی[٥٩].

هێرشە خوێنارییەکەی سوپای بەریتانی:

(لۆنگریک) حاکمی سیاسی بەریتانی لە کەرکوک[٦٠] کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ شێخ حەمید و لایەنگرەکانی تریاندا کرد لەو کۆبوونەوەیە بڕیاردرا بە لووڵەی تفەنگ و بەخوێن رشتن ئەبێت زاڵ ببنە سەر شۆڕشەکانی ناوچەی (لەیلان و دوز و کفری) بۆ ئەم مەبەستە سوپایەکی گەورەیان ئامادە کرد و دەوری شێخ حەمیدیش ئەوەبوو لەناوچەی گلەوە سێ سەد سوارەی خۆی ئامادە بکات و لەرێگا تێکەڵاوی هێزەکانیان ببێت.

سوپای بەریتانی لە کەرکوکەوە بەسەرکردایەتی (مێجەر مۆلوی) بەڕێی لەیلان و قەرەحەسەندا بەرەو (دوزخورماتوو) کەوتەڕێ، ئەم سوپایە تۆپی گەورە و مەتریلۆز و چەکی نوێ و ئازوقەی زۆری هەبوو، هەر کە سوپاکە بەم هەموو

قوڕساییەوە گەیشتە ناوچەی (قەرەحەسەن) هێزەکانی شێخ قادریان لێ ڕاپەڕی و کەوتنە دەستڕێژی کردنی دوژمن و ماوەیان نەدا بەرەو پێشەوە بڕۆن، دوژمن ناچارما فڕۆکەیان لێ بخاتە کار و بۆمبارانی ئەو هێزە کەمە و دێهاتەکانی شێخ قادریان کرد، ئەویش خۆی و چەند کەسێك لە هێزەکەی دایان بەچیا نزمەکانی ئەو ناوچەیەدا ڕێگا بۆ دوژمن تەخت کرایەوە و کەوتنە ڕێ لەدوو ڕێیانەکەی نێوان (تاوغ – دوز) شێخ حەمید و سێ سەد سوارەکەی تێکەڵاو سوپای بەریتانیا بوون، جگە لەوەی هێزێکی شەبانە بەسەرکردەی (موراد موبارەك) دەست نێڕی دوژمن و لە پاشکۆیدا بوون، بۆ ڕۆژی دووەم ئەم هێزە گەیشتنە دەوروبەری شاری دوز و لەچوار دەوری شار هەڵیاندا و ئینزارێکی بەهێزیاندا بەشۆڕشگێڕان (ئەگەر کتوپڕ لەشار نەکشێنەوە ئەوا سوپای بەریتانیایان ئەچێتە سەر)، شۆڕشگێڕان چوونە ناو سەنگەرەکانیانەوە و بڕیاری بەرگری کردنیاندا، سوپای بەریتانیا و سوارەکانی شێخ حەمید و هێزی شەبانە لە هەمووڵایەکەوە هێرشیان بردە سەر شۆڕگێڕان و شەڕێکی قورسی خوێناوی لەو ڕۆژەدا ڕوویدا خوێنی شەهیدانی کورد و تورکمان و عەرەب لەناو کوچە و کۆڵانەکانی ناوشاردا تێکەڵ بەیەکتر بوو، تۆپ و شەست تیری دوژمن و تەیارەش لەسەرەوە ئاراستەی سینگی شۆڕشگێڕان کرا تا نێوارێ شەڕ هەر گەرم بوو، گوللە هاتە نەمان، (ڕەفعەتی سمایل بەگ) خۆی و چەند کەسێك لەزەردە پەڕدا خۆیان دەرباز کرد و دایان بەچیاکانی ڕۆژهەڵاتی دوزدا و دوژمنیش لەسەر لاشەی (٤٤)[٦١] شەهید هەموو دوزی گرتەدەست، هەر لەو ڕۆژەدا دوژمن بەتەیارە بۆمبارانی دێهاتەکانی (ئەلبو سەباح و سلێمان بەگ و خاصە دەرلو)ی کرد و ئاگری تێبەردان، سوپای دوژمن لەناو شاردا بەیننامەیەکی بڵاو کردەوە داوای لەهۆزی (داودە) کرد (٣٥) هەزار ڕوپیە[٦٢] بەبارمتە بداتە ئینگلیز لەگەڵ (١٣٠) تفەنگ و هۆزی بەیاتیش دە هەزار ڕوپیە پارە و دووسەد تفەنگ و دانیشتووانی شاری دوزیش ئەبێت (١٧) هەزار ڕوپیە و (٥٠٠) تفەنگ ببژێرن بەپێی بەیاننامەکە ئەگەر تا ٢٠ی تشرینی دووەم – واتە تا نزیکەی

مانگێك – ئەم پاره و تفەنگانە تەسلیم نەکرا ئەوا سزای عەسکەری قورسترپان نەخرێتە سەر[٦٢].

پاش گرتنی دوز سوپای بەریتانیا و هێزی بەکرێ گیراوان بەرەو جەرگەی شۆڕش (شاری کفری) کەوتنەڕێ، لەپێشدا گەیشتنە سەربازگەی بەریتانیا لە کنگربان پاش وچاندانێك کاربەدەستانی بەریتانی شێخ وەهابی تالەبانی، عبدالکریم ئاغای زەنگەنە، موراد موبارەك، جەمیل بابان) بەریتانیەکان بڕیاریان وابوو ئەو ڕێڕەوەی لەدوز گرتبوویانە بەر لێرەش بەکاری بهێنن لەتۆلەی کوشتنی سلمنت هەمانەی قین و قاریان برژێننە سەر شۆڕشگێڕانی کفری، جەمیل بابان ئەمەی بەدڵ نەبوو پێشنیازی کرد پەیوەندی لەگەڵ برایم خاندا بکرێ بەڵکو بێ خوێن رشتن لە شار بکشێنەوە هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ناوارەکانی شاری کفریدا بکرێت بەڵکو کار بکەنە سەر برایم خان، هەرچەندە هەندێ لە دانیشتووانی ئەو کۆڕە ئەمەیان بەدڵ نەبوو بەڵام (مۆلوی) پشتگیری پێشنیازەکەی جەمیل بەگی کرد ئەمیش هات کاغەزێکی بۆ برایم خان نووسی لە پیلانە بۆگەنەکەی دوژمن ئاگاداری کرد و داوای لێکرد لە شار بکشێتەوە هەروەها چەند کاغەزێکی بۆ سەیدەکانی کفری نووسی ئەوانیش چوونە لای برایم خان و داوایان لێکرد کە با کارەساتەکەی دوز لێرەش دوپات نەبێتەوە.

شۆڕشگێڕان لەچوار دەوری شار سەنگەریان هەڵکەندبوو بڕیاری بەرەنگار کردنیاندا بوو، لەسەر ئەوە سوور بوون کە بچنەوە جەنگێکی خوێناوی لەگەڵ دوژمناندا بەڵام کە زانیان دانیشتووانی شار ئامادەی بەرەنگاری کردنیان نەماوە، شۆڕشگێڕان لەناو خۆیاندا کۆبوونەوە بڕیاری خۆکشانەوەیاندا و داوای مۆڵەتی چەند سەعاتێکیان کرد بەهۆی جەمیل بەگی بابانەوە وەڵام گەیشتەوە بەریتانیەکان، پێش ئەوەی ئەو مۆڵەتە بەسەربچێت هێزەکانیان بەرەو کفری خستەڕێ لەناوەڕاستی ڕێگەی (کنگربان – کفری) لەسەر گردی (حمە ئاغا) تۆپیان دامەزراند و چەند تۆپێکیان نا بەشارەوە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بترسێنن و

برایم خانیش زووتر شار بەجێبهێڵێت، شۆڕشگێڕان تیپ تیپ کەوتنە ناو شار و خواحافیزیان لە خەڵکەکە کرد بە ئاسپایی شاریان چۆڵ کرد، برایم خان خۆی و چەند سوارێکی دواکەسێك بوون کە بەدڵ پەستی و قوڕگ پڕ لە گریانەوە لەشار دەرچوون، دانیشتوانیش لەوان دلگیرتر بوون.

چۆنیەتی کشانەوەی شۆڕشگێڕان:

بۆ چۆنیەتی کشانەوە، شۆڕشگێڕان بڕیاریاندا ببنە دوو بەشەوە بەشێکیان بریتی بوون لە چل پەنجا سوارێ چەك بەدەست بەسەرۆکایەتی برایم خان دایان بەکەژەکانی رۆژهەڵاتی کفری و بڕیاریاندا لە گوندەکانی خۆیان و لە چیا و هەردەکانی تەرخانی و رۆغزایی خۆیان قایم بکەن و لەوێوە لە کاتی گونجاودا شەڕی چەتەگەری دژی دوژمن بەرپا بکەن.

بەشی دووەمیان –بەشە زۆرەکەیان بوو- بەسەرۆکایەتی وەیسی بەگی دەلۆ رووبان کردە ناو گێژەکان لەوێوە چوونە ناو لهێب لەوێشەوە لە هەردەو چیاکانی حەمرین لە تەنیشت هۆزی عەزرەی عەرەب نیشتەجێ بوون.

هەردوو بەشەکەیان بڕیاریاندا کە پەیوەندیان لەناودا هەبێت و هیچ لایەکیان بێ ئەولاکەیێریان نەکەوێتە هیچ بڕیارێکی چارەنووس و لەکاتی نارەحەتیدا ببێتە پشت و پەنای ئەویێریان، پێش ئەوەی (کفری) بەجێ بهێڵن باوەشیان کرد بەیەکدا و خوا حافیزیان لەیەك کرد و هەردووڵایان بەدڵ شکستیەوە شاریان بەجێهێشت.

وەیسی بەگ خۆی و زۆربەی دانیشتووانی دێهاتەکانی دەلۆی رۆژئاوای کفری بەخۆیان و سووکە مالێکیان بەسواری وڵاغەکانیان گەیشتنە ئاوایی (نارێن)ی مەڵبەندی هۆزی گێژ، سەرەڕای پەیوەندی ژن و ژن خوازی نێوان ئەم دوو هۆزە، گێژەکان لە ترس دوژمناندا نەیانتوانی شەوێك دادەی ئەم شۆڕشگێڕانە بدەن، ناچار کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە ئاوایی (عەین فارس) کە مولکی وەیسی بەگ بوو، لەوێشەوە لە گردەکانی پەرینەوە تا رۆژی دووەم گەیشتنە ناو

هۆزی (لهێب)ی عەرەب کە لە شۆڕشدا هاودەنگی دەلۆ بوون، ژن و پیاوی هۆزەکە هاتنە بەرەو پیریان و تا چەند رۆژێك لەناویاندا حەسانەوە ئینجا رووبان کردە دۆڵ و تەپۆلکەکانی چیای حەمرین هەر خێزانێك لە پاڵ سێبەری گەندەڵان و شاخێکدا باری خست و خێوەتی خۆیان تیاهەڵدا، وەیسی بەگ خۆی و چەند سوارێك چوونە لای سەرۆکی شۆڕشگێڕانی هۆزی عەززە وەك (عەلی لطیف و حەبیب خەیزەران) ئەوانیش رێزیان گرتن و سێ رۆژ خزمەتیان کردن و گەڕانەوە و دەستیان دایە خشت بڕین و کوخت و خانوو دروست کردن تا لە سەرما و بارانی زستان خۆیان تیادا بپارێزن و هەر خێزانێکیش بۆ خۆی بەپێی توانا شینایيەکی بەرهەم هێنا.

ئینگلیزەکان لە کشانەوەی دەلۆ ئاگاداریان هەبوو دەنگیان نەکرد تا یەك دوو هەفتەی بەسەردا تێپەڕی ئینجا ئەم بەیاننامەیان بڵاو کردەوە (هۆزی دەلۆ بەسەرۆکایەتی برایم خان توانیان بگەنە ناو هۆزی عەززە و لەوێ خۆیان شاردەوە)[٦٥] لەلایەکی ترەوە دوژمنان پیلانیان بۆ ئەوە دانا کە هێزەکەی برایم خان نابڵوقە بدەن و لەناویان بەرن.

چۆن دوژمن چووە ناو کفریەوە؟

رۆژی دەی ئەیلولی ١٩٢٠[٦٦] لە مێژووی شاری کفریدا بەرۆژێکی رەش ئەدرێتە قەڵەم، لەو رۆژەدا دوکانەکان کلیل دران، بازاڕ داخرا، هەر کەسێك چووە ناو ماڵی خۆی و خڕ دەرگای لەسەر خۆ کلیلدا، لە سەربان و درزی دەرگاوە ئەیان روانی تا بزانن ئاخۆ دوژمن چی پیلانێکی بۆ شارە شۆڕشگێڕەکەیان داناوە؟

شێخ حەمیدی تاڵەبانی یەکەم کەسێك بوو کە چەفتە و عەگاڵ لەسەرنابوو هاتە ناو شارەوە دوابەدوای ئەو شێخ وەهابی کوڕی و عبدالکریم ئاغا و سوارە و هێزەکانیان رژانە ناوشار (موراد موبارەك) خۆی و شەبانەکەی تاویان دایە شار، پاش ئەوە مێجەر (مۆلوی) کەوتبووە پێش سوپاکەیانەوە کە بریتی

بوون له سۆجەر و هیندی و سیك و گورگە، پاش ئەوەی ئەم هێزە سوڕێکی ناو ئاریان خوارد و خۆیان نواند سەرۆکەکانیان چوونە سەرای حکومەت، ئالآی بەریتانیایان لەسەر سەرا هەڵکردەوە و سێ جار بۆ ژیانی مەلیك جۆرج هاواریان کرد تێر چەپڵەیان بۆ خۆیان لێدا و هەر ئەو رۆژە کورسی و پایەیان لەناو خۆیاندا بەئەمری صاحیب بەم جۆرە دابەش کرد: شێخ حەمید بەشێوەیەکی موەققەت نشتە سەر کورسی قایمقامی، شێخ وەهابیش بوو بە سەرۆکی دەرەك، عبدالکریمی وادی ئاغایش کرا بە مودیر ناحیەی زەنگەنە[٦٧].

کاربەدەستانی نوێ و مێجەر (مۆلوی) کۆبوونەوەیەکیان کرد و بۆ زەبر و زۆر نواندن و تۆڵە سەندنەوە لە شۆڕشگێڕان و لایەنگرانیان ئەم بڕیارانەیاندا:

١- گرتنی محمد سەعید وەنداوی و محمدی حاجی نعمان و بەهجەت بابان[٦٨] چونکە سەر بەشۆڕش بوون.

٢- ئەموالی مەنقولە و غەیر مەنقولەی هەندێ لە دەلۆییەکانی ناو شاری کفری حیجز کرا وەك (شەفیق خدر ئەفەندی و برایم وەلی بەگ و محمد ئەمین غونچە و سلێمان زڵفە و نەعیمە مستەفا – نەعنێر) هەروەها حجز خرایە سەر خانو و مالّی برایمی وەستا محاو[٦٩].

٣- دەست خرایە سەر هەرچی زەوی و زارێکی ئاواییەکانی دەلۆ هەیە و هەندێکیان لەموزایەدەدا فرۆشرا ئاوایی عەین شکوری گلابات لەم موزایەدە کردنەدا کەوتە دەست سەید عومەر ئاغا.

کاربەدەستانی بەریتانی لە چەند هەفتەی ئەوەڵی چوونە ناو شاردا زۆر بەتوند و تیژی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکدا نەکرد، ئەمەش مشتێکە لە خەرواری ئەو هەڵوێستەیان:

١- زانیان کە باوە ئەحمەد[٧٠] تیماری بریندارانی شۆڕشگێڕانی گردووە هاوردیان لەبەرچاو ئەو خەڵکەدا دارکاریان کرد و یەك دوو رۆژ خستیانە ژوورەوە.

٢- جێگری حاکمی سیاسی ناردی بەشوێن ئەو کەسانە کە قەرزاری میرین یەکێك لەوانە (رەشید بەلەگە) ناوێك بوو کە هاتە پێشەوە تکای لە حاکم کرد ماوەی بدات چونکە ئێستا پارەی بەدەستەوە نییە، جێگری حاکمیش شاخاندیە سەریا و داوای لێکرد ئیستەرەم ئەبێ زوو بیژمێرێت، ئەویش بەزمردەخەنەیەکەوە وتی (قوربان واللە نیمە، ماوەم بدە) جێگری حاکم شێرگیرتر بوو هاواری کرد و وتی (لە حزوری منذا پێ ئەکەنی، ئەبێ هەزار روپیەش سزای ئەم پێکەنینەت بجرنگێنی) ئەویش لەمە سەری سوڕما وتی (قوربان، هەزار، هەزار روپیەی چی؟) حاکمیش نەڕاندیەوە بەسەریا وتی ئەبێ سێ هەزار روپیە بدەی ئەگینا خراپتر ئەبینیت، ئەویش کە ئەمەی بیست زارە تەرەك بوو کەوتە سەر ئەرز و گیانیدا بەدەستەوە[٧١].

٣- بەکرێ گیراوان بەبەرچاوی کاربەدەستانەوە دەست درێژیان ئەکردە سەر خەڵك، هەندێ لە سەربازە چاوشینەکانی بەریتانی مڕیان لە چەند خێزانێك خۆش کردبوو، بەتەمابوون دەست درێژی بکەنە سەر ئابڕوی خەڵك. ئەم دەنگ و باسە گەیشتە (شێخ حەمید) کتوپڕ دەماری بزوت و چاوی پەڕیە سەری وەك شێرێکی بریندار چووە سەر جێگری حاکم و پێی وت (ئەگەر جڵە و بۆ ئەم جۆرە دەست درێژی کردنانە شل بکرێت ئالای شۆڕش دژیان هەڵ ئەکات)[٧٢] کتوپڕ هەرچی سەربازیان هەیە لەناو شار دەریان کردن و رێگای دەست درێژیان لێ بڕین ئەم هەڵوێستەی شێخ حەمید لەلاپەڕەیەکی پرشنگداردا تۆمار ئەکرێ.

سەرەڕای ئەم هەموو زەبر و زەنگە کاربەدەستانی بەریتانی دە هەزار روپیە سزایان خستە سەر شاری کفری و لە چەند رۆژێکدا ئەم پارەیە کۆ کرایەوە و خرایە مشتی صاحیبەوە.

ئەم خۆنواندنەی دوژمن و زوڵم و ستەمکاریەی هێمنیەکی تەواوی نەخستە شارەوە و دەڵۆی لەناو شاردا پێ بن بڕ نەبوو، بەڵکو یەکێك لە دەڵۆییەکان لە بنەماڵەی (زلفە) شەوێ هەڵ گژایە سەر دیواری (عبدالکریم ئاغا)دا تا بیترسێنێت، یاساوڵەکانی ئاغا لە پارێزدابوون لەسەر دیوارەکەوە تەقەیان لێکرد و کوشتیان.

چوونە سەر شۆڕشگێڕان:

هەر کە ئینگلیزەکان کفریان گرتەوە چەکیان دابەش کرد سەر هۆزە لایەنگرەکانیان و داوایان لێکردن بچنە سەر برایم خان، هەندێ لەو بەکرێگیراوانە هەڵیان کوتایە سەر ئاواییە چۆڵ کراوەکانی دەڵۆی وەك (گلابات، عەین شکور، فەککە، تەپە چەرمو، کارێز، سەرقەڵا، سەی جەژنی، هەیەرەکەل و وەلی هەیەر) هەر کەل و پەل و شت و مەکێکیان تیادا وەدەست کەوتبێت رایان مالّی و ئینجا ئاگریان لە خانووەکانیان بەردا، کاربەدەستانی بەریتانی پاش ئەو راو و رووت کردن و مالّ وێران کردنە بەهەموو شانازییەکەوە ئەم بەیاننامەیان بلاّو کردەوە (... هەرچی دێهاتی دەڵۆ و دێهاتەکانی تری نزیك کفری بوو هەموو تالاّن کران و ئاگریان تێبەردرا)[٧٣] و (هەرچی دێهاتەکانی دەڵۆی قەزای کفری هەیە هەموو ئاگر تێبەردرا و دانیشتووانیان رایان کردە ناو هۆزی عەرەبی عەززەوە)[٧٤]، لە ئاواییەکانی دەڵۆ تەنها (کنگربان) بە ساغی مایەوە ئەویش کرا بەخاتری (جەمیل بەگی بابان) ئەبێ ئەوەش بڵێین لەکاتی ئەو راو و رووت کردنە و ئاگر تێبەردانە هیچ کەسێکی دەڵۆیی لەناو ئەو ئاواییانەدا نەبوون چونکە لەوەو پێش هەموویان لەگەڵ وەیسی بەگ رووبان کردبووە چیای (حەمرین) ئەگینا هەروا بەئاسانی بۆ بێگانە پەرستان قووت نەئەدران.

ئینگلیز پاش ئەم زەبر و زەنگ و تالاّن و بڕۆیە رۆژی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٠ خەتی شەمەندەفەری نێوان بەغداد و کنگربانیان دووبارە چاك کردەوە و ئامشۆیان کردن و هاتوچۆ دەستی پێ کردەوە.

زەوی و زاری دێهاتەکانی رۆژئاوای کفری هەموو (دەیمە کاڵە) و جوتیارەکان پشتیان بەباران ئەستورە، جوتیاری دەیمە کاڵیش ئەگەر ساڵێك هاتی بێت چەند ساڵێك نەهاتی دێت بەسەردا، لەبەر ئەمە لە ساڵی هاتدا گەنمەکانیان بۆ ساڵی نەهات قایم ئەکەن، بەکرێ گیراوان پاش ئەو هەموو تاڵان و برۆیە چاویان برێبووە چاڵە گەنمە شاراوەکانی ئاوایێەکانی (فەککە، گلابات، حەمزە گومەت)، ئاغاکانی زەردا و لەو حەلەدا دەستێکی درێژیان لەو شەو دزێتیەدا هەبوو، گاڵیان ئەدا و خەڵکیان ئەنارد و بەشوێن کەری تۆپیدا ئەگەڕان تا نالەکانی بکێشنەوە. دەلۆ ئاوارەکانی حەمرین بەم کەینە و بەینەیان زانی و برپاریاندا بەرۆژی رووناك تۆڵە لەو بەکرێ گیراوانە بکەنەوە بۆ ئەم مەبەستە (٦٢) شۆڕە سواریان ئامادە کرد، دوانزدەیان لە هۆزی عەززەی هەڤاڵیان بوو شەوێ کەوتنەڕێ و تا گەیشتنە سنووری گوندی زەرداو[٧٥] لەوێ خۆیان قایم کرد، دەنگیان نەکرد تاوەکو رانە پەزی ئاغا و دەوڵەمەندەکانی ئاوایی کەوتنە ئەو دەشتە و لە ئاوایی دوورکەوتنەوە لە پرێکا دەورەیاندان هەرچی مەڕ و بزن و گا و مانگا هەیە هەموویان دا لەبەر و رووبان کردەوە چیای حەمرین بەمە (یەکەم) بوونی خۆیان پیشان دوژمنان دایەوە (دووەم) تۆڵەی چاڵە گەنمە دزراوەکانیان لە بەکرێ گیراوان سەندەوە.

کاتێك دوژمن بەمەی زانی سەریان لەوە سوڕما چۆن بەشەوێك ئەم سوارانە حەفتا کیلۆمەترەیان بڕی و هاتنە سەر زەرداو کە مەڵبەندی دوژمنان بوو، کتوپڕ دوژمن هەرچی سوارەیەکی هەبوو کۆی کردەوە و ها لێرە و ها لەوێ کەوتنە شوێن شۆڕشگێڕان تا لەریزە شاخەکانی (عەین فارس)[٧٦] بەرامبەریان وەستان، لەناو ئەو دۆڵ و ریزە شاخانە شەڕێکی قورس لەنێوان هەردوولا قەوما و لەو شەڕەدا عەباس مارف خاڵەی موختاری زەرداو شێخ صابری تاڵەبانی کوژران و صمد ئاغای زەنگەنەش بریندار بوو یەك کەسیش لە شۆڕشگێڕان کوژرا، بەکرێ گیراوان کوژراوەکانیان بردەوە و بەمایە پووچی گەڕانە دواوە.

شۆرشگێڕانی دەلۆ هەروا بەدەستە پارچە لەچیای حەمرین دانەنیشتبوون بەلکو شا رێگەی نێوان (کفری) و (قەرتەپە)یان خستبووە مەترسیەوە، لەسەر ئەو رێگایە جار بەجار بۆسەیان دانەنا و چلکاو خۆرێکیان ئەکرد بەتەڵەوە جارێکیان وەکیلی مودیری ناحیەی قەرەتەپە و چەند پۆلیسێك ئەگرن، مودیر جانتایەکی پڕ لیرەی پێ بوو بریتی بوو لە مەعاشی ئەو مانگەی فەرمانبەرانی قەرەتەپە، وەکیلی مودیر (جومعە ئەفەندی) خەڵکی کفری بوو پۆلیسەکانیش هەر خەڵك ئەو ناوەبوون کە بردیانە لای یەکێك لە سەرکردەکانیان جومعە ئەفەندی زۆر تکا ئەکات کە خۆی و پۆلیسەکان بەڕەڵڵا بکەن ئەوانیش پارەکەیان ئەدەنەوە و بەڕەڵڵایان ئەکەن و زۆر سوپاسی شۆرشگێڕان ئەکەن کە ئەگەڕێنەوە دواوە ئەمە بە قائمقام ئەگەیەنن، ئەویش لە پیاوەتی ئەو نەبەردانە زۆر دڵخۆش ئەبێت و داوا لە جومعە ئەفەندی ئەکات بچێتەوە لایان ئەو کەسەی پیاوەتی لەگەڵ کردبوو تکای لێبکات بێتە لای قایمقام گفتوگۆی لەگەڵ بکات، ئەمیش چار ناچار گەڕایەوە ناو شۆرشگێڕان و داواکەی قایمقامی پێ گەیاندن ئەوانیش کتوپڕ هەردووکیان (محمد عبدالرحمن کارێزی و کاکەمەند ئەمین دەرۆیش) بێ ئەوەی دڵیان بترسێت شەوێ ئەچنە کفری و چاویان بەقایمقام[٧٧] ئەکەوێ ئەویش لە نەبەردی ئەو شۆرشگێڕانە دڵخۆش نەبێت و نەمەش نەبێتە هۆیەك بۆ نەوەی ڕاپۆرتێك بۆ کاربەدەستانی بەغداد بەرز بکاتەوە و داوا بکات لە دەلۆییەکان خۆش ببن و بگەڕێنەوە سەر ئاوایيەکانی خۆیان[٧٨].

ئایا برایم خان چی بەسەرهات؟

پاش ئەوەی برایم خان لە کفری دەرچوو، چوە ئاوایيەکەی خۆی ئەو شەوە خەو چی بوو نەچووبووە چاوی، نەخۆی و نەسوارەکانی دەوروپشتی لە دوژمن دڵنیا نەبوون، ماڵ و منداڵیان زوو ڕەوانەی ناو چیا دوورەکان کرد خۆیان چەند ڕۆژێك لەو ناوچەیە مانەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو (شێخ وەهابی تاڵەبانی)

و هێزێك له بەکرێ گیراوان هاتنه سەریان برایم خان و ئەگبەری برای حمه وەرکەیان لێ راپەڕی بەو سێ کەسە توانیان دڕ بە هێزی دوژمن بدەن و خۆیان دەربازبکەن و[٧٩] بدەنە هەردەو چیاکاندا, شێخ وەهاب پاش ئەو تێکشکاندنە دای بەسەر ئاواییە چۆڵەکانی (سەرقەڵا و سەی جەژنی و وەلی هەیەر) هەر شتێکی تیا مابوو بۆ خۆیان باریان کرد و ئاگریان لە ئاواییەکان بەردا و بەرەو دوا گەڕانەوە کفری.

برایم خان بڕیاریدا ئاواییە ڕوخاوەکانیان ئاوەدان بکەنەوە هات لە پێشدا ئاسیاوەکەی چاك کردەوە و خستیەوە کار, ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت ئەگەر (برایم خان) لەو ناوچەیە بمێنێتەوە ژیانیان پێ تاڵ ئەکات, هاتن دووبارە هێزێکی گەورەتریان ناردە سەر, ئەویش خۆی و هێزەکەی کە بریتی بوون لە چل پەنجا سوارێك کشانەوە دواوە و لە شاخەکانی دەوروپشتی دێهاتەکانی (پەلە وشك, زەرد, قەڵا سێوەکە, مەلا محمود)[٨٠] خۆیان قایم کردبوو, هێزە سەرەکیەکەی دوژمن بەسەرۆکایەتی (شێخ وەهاب) بوو هێزێکی دیکەی بەریتانیا لە خوارەوە لە کەلارەوە بەڕێ کەوتن تا ئەوانیش ئەولا لە برایم خان بگرن و بەهەردوولا هێزەکە ئابلوقە بدەن, ئینگلیزەکان داوایان لە (کەریم بەگی جاف) کرد کە ئەویش بە هێزێکەوە پشتگیریان لێبکات و بەڵکو هەموویان بچنە سەر برایم خان, کەریم بەگیش هات بە نهێنی کاغەزێکی بۆ (برایم خان) نووسی و هەڵوێستەکەی بۆ ڕوون کردەوە و داوای لێ کرد ئەمجارە هێزی دوژمن زۆر گەورە و قورسە چاکتر نەوەیە بێ خوێن ڕشتن خۆی دەرباز بکات[٨١], کاغەزەکەی کەریم بەگ کاری لە برایم خان نەکرد, بەڵکو دەستی کردە سەنگەر هەڵکەندن و بەرەنگاری کردنی ئەو هێزە قورسەی بەریتانیا ئنجا سەرۆك تیرەکانی (تەرخانی و ڕۆغزایی) چوونەوە سەر برایم خان و تکایان لێ کرد کە ئاواییەکانیان نەبێتە ژێر پێی سوپای بێگانەوە, ئەمجارەش برایم خان بڕیاری کشانەوەی داو[٨٢] ئەو ناوچەیەی بەجێ هێشت و ڕووی کردە ناو داودەی کوردستان, لەوێ داوای لە حمه

خورشید ئاغای داوده کرد پشتگیری بکات لەو ناوچەیە بتوانن درێژە بە شۆڕش بدەن، بەڵام کار لە کار ترازابوو (حمە خورشید) چووبووە سااڵوە و تین و تەوژمی جارانی نەمابوو هۆزەکەشی پاش تێکشکانی شۆڕشی دوز پەرت و بڵاوبوونەوە، برایم خان لێرەش بە دڵشکاوی گەڕایەوە، دوژمن دور بە دور بەشوێنیانەوە بوون، شۆڕشگێرانیش چەند رۆژێك بوو حەسانەوە چییە نەیان چێشتبوو، تامی زادیان نەکردبوو، غەم و پەژارە برایم خانی داگرتبوو وەك مۆم سەعات بە سەعات ئەتوایەوە زەرد و لاواز ئەبوەوە، دوژمنان لە هەموو الیەکەوە پێ و شوێنی برایم خانیان هەلگرتبوو بەڵام ئەوەندە سامی لەبەر چاویاندا گرانبوو نەیان ئەوێرا دەستەو یەخەی بنەوە، دوژمنان ئەوەیان ئەویست کە لە خەوی شیرینداا بچنە سەر برایم خان و بەزیندویەتی دەستگیری بکەن، ئەویش ئەگەر چاوێکی بکەوتایەتە خەو چاوەکەی تری باخەوەر بوو، برایم خان و سوارەکانی گەڕانەوە دواوە تا گەیشتنە پشت ئاوایی (قوڕی چای)[٨٣] وێستیان لە دەربەندەکەوە روو بکەنە دەشتی بەیات روانیان وا قەرەواڵ و یاساوڵی دوژمنان قوڕگی دەربەدەکەیان تەنیوەتەوە و لە پارێزدان و بەئاسپایی گەڕایە دواوە و چیا بەچیا بەرەو دوز رۆیشت کە تاریك داهات لەنزیك ئاوایی (غەرە)ەوە لە زنجیرە چیاکان هاتە خوارەوە و رووی کردە دەشتی بەیات تا گەیشتە ئاوایی (تەل شەرەف)[٨٤]، سەرۆکی تیرەی (دەاڵاۆ)ی هۆزی بەیات پێشوازیەکی گەرمی برایم خانی کرد، ئامانجی برایم خان ئەوەبوو ئەو شەوە لەوێ بحەسێتەوە بۆ رۆژی دووەم روو بکاتە چیای حەمرین و تێکەڵ بەخزم و کەس و کارەکەی بێتەوە. (محمد حسون) سەرۆکی تیرەی (دەاڵاۆ) حاڵەکاتی دوا شەوی برایم خانی بەم چەشنە گێڕایەوە و وتی (نەخۆشی تەنگی بە برایم خان هەڵچنی و رادەی تای تا ئەهات لە لەشیدا بەرز ئەبووەوە شەو بەدەم خەو لەنوێنەکەی راست ئەبووەوە و ئەیوت پاڵەوانەکان خۆتان رابگرن، ئەم راپەڕینەمان بۆ سەربەرزیمانە، ئەبێت زاڵ ببینە سەر دوژمن و لە خاکە پیرۆزەکەمان دەریان بکەین، برایم خان وەك ئەوەی

بڵێی لەسەر لوتکەی چیای باوە شاسوار راوەستابێت وەهابوو وێنەی ئەو شۆڕە سوارانەی بەرچاویا تێئەپەڕی کە بەهەموو هێزێکیانەوە بەرەنگاریان لەسەربەرزی و ژیانی دانیشتوانی کفری ئەکرد[٨٥].

کە رۆژ بووەوە برایم خان ئەو پاڵەوانە نەبەردە لەبەردەم مردن چۆکی دادابوو، دەیەها کەس لە هۆزی بەیات ئەیانەویست بچنە ژێر تەرمەکەیەوە، هەڵیان گرت و بەهەموو ڕێزەکەوە تەرمەکەیان لە گۆڕستانی ئاوایی (عومەر مەندان) بەخاك سپارد و ئەو سوارانەی لەگەڵیا بوون رووبان کردە چیای (حەمرین) تا دەنگ و باسی مردنی سەرکردەیان بەقەومەکانیان بگەیەنن.

کۆچی دوایی برایم خان لەهەموو لایەك بلاوبووەوە، دوژمن هێشتا لەم دەنگ و باسە تەواو دڵنیا نەبوو بۆیە هەواڵەکەی بەم چەشنە بلاوکردەوە (بەرقیەیەکمان لە کەرکوکەوە بۆ هاتووە ئاگاداری کردووین برایم خانی دەلۆ لە گوندی تەل شەرەق نزیك دوز مردووە، نازانین ئەم دەنگ و باسە راستە یان نەء؟)[٨٦]، ئینگلیزەکان پاداشتێکی چەوریان بۆ ئەو کەسە دانابوو کە برایم خان دەستگیر بکات و بەزیندوێتی پێشکەشی صاحیبی بکات، وا برایم خان کۆچی دوایی کرد، ئینجا چڵکا و خۆرەکان پیلانێکیان دانا شەوێ بچن تەرمەکەی برایم خان لە قەبرەکەی دەربهێنن بیدەنە دەست ئاغاکانیان تا دڵیان ئاو بخواتەوە و چەند رۆژێك هەڵیواسنە سێدارەوە، شۆڕشگێڕان بەم پیلانە بۆگەنەیان زانی پێش ئەوەی دوژمنی بگاتە سەر، هاتن دەمی قەبرەکەیان هەڵدایەوە و تەرمەکەیان لێ دەرهێنا و قەبرەکەشیان وەك خۆ پڕکردەوە و لەدوورەوە کەوتنە چاودێری کردنی تاوەکو بزانن ئاخۆ ئەو دەنگ و باسە راستە یان نەء؟ تەرمەکەیان بەهەموو ڕێزێکەوە گواستەوە چیای حەمرین لەوێ لە گۆڕستانی (سنێدیج) بەخاکیان سپاردەوە و لەو ناوە چل رۆژ پرسەیان بۆ دانا و لەهەموو لایەکەوە بۆ دڵنەوایی خەڵکە کە رووی تێ ئەکردن.

بۆ رۆژی دووەم بەکرێ گیراوان هاتنە سەر قەبرە خاڵیەکە و هەڵیانکۆڵی تەماشا ئەکەن تەرمەکە نەماوە، لە زیرەکی و هۆشمەندی شۆڕشگێڕان واقیان وڕما خۆیشیان بەڕوو ڕەشی و دەست خاڵیەوە گەڕانەوە لای صاحیبەکەیان و ئەمجارەش پاداشتەکەیان وەرنەگرتەوە نە بەزیدوێتی برایم خانیان دەستگیر بوو نە بەمردوتیش تەرمەکەیان دەستکەوت.

رۆژی مردنی برایم خانی بەتەواوەتی ساغ نەبووەتەوە، بەڵام بەپێی نووسینی رۆژنامەی (پێشکەوتن) دوور نییە لەسەرەتای مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢١دا کۆچی دوایی کردبێت وەهایە، بەم جۆرە بۆمان دەرئەکەوێت پاش گرتنەوەی (کفری) لەلایەن دوژمنانەوە لە (١٠ی ئەیلولی ١٩٢٠) تا رۆژانی (١ تا ٣ی کانونی دووەمی ١٩٢١) واتە نزیکەی سێ مانگ و نیو برایم خان لەچیاکانی رۆژهەڵاتی کفریدا ماوەتەوە و خۆی نەداوە بەدەستەوە.

گەڕانەوەی دەڵۆ بۆ سەر ئاواییەکانیان:

رۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠ بەرۆژی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ساڵی بیست دراوەتە قەڵەم لەو رۆژەدا هۆزی (بەنی جەحیم) هەڵیان کوتایە سەر بەندیخانە و (شەعلان ئەبو الچون)ی سەرۆکیان لەبەندیخانە دەرهێنا و شۆڕشێکیان بەرپا کرد و شۆڕشەکە تەنیەوە تا شارەکانی سەر ڕووباری فورات و بەغداد و ڕەمادی و بەعقوبە و شارەبان و دەڵتاوەی گرتەوە، بەریتانیا بەسوپایەکی زۆرەوە هەڵی کوتایە سەر شۆڕشگێڕان لەماوەی دوو مانگدا ئەو شۆڕشە کپ کرایەوە و هۆز و تیرەکانی فورات یەك لەدوای یەك چەکیان فڕێدا تەنها هۆزی شۆڕشگێڕی (بەنی جەحیم) نەبێت چەکی فڕێنەدا و بەرامبەر دوژمن ڕاوەستا، سوپای بەریتانی لە رۆژی ١٢ی تشرینی دووەمدا بە سوپایەکی یەکجار گەورەوە هەڵی کوتایە سەر ئەو هۆزە، ئەوانیش بەرەنگاریەکی توند و تیژیان لەبوونی خۆیان کرد پەنجا کەس لە

داگیرکەران کوژران، ئینگلیزەکان ترسیان لێنیشت نەوەکو جارێکیتر شۆڕش بتەقێتەوە کەوتنە گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرۆکەکانیاندا رۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ رێکەوتن نامەیەکیان لەگەڵ سەرۆکی (بەنی جەحیم) مۆر کرد[٨٧]، ئەم مێژووەش بەتەواو بوونی شۆڕشی بیست دانراوە، پاش تەواو بوونی شۆڕش بەشەش مانگ حکومەتەکانی عیراق رۆژی ٣٠ی مایسی ١٩٢١ لێبوردنێکی گشتی (عەفو عام)ی[٨٨] بلاو کردەوە، قومسێر (مفەوەز)ێکی خەڵکی کفری (عەلی غالب قاسم)[٨٩] ئەم لێبوردنە گشتیە ئەباتە چپای حەمرین و (وەیسی بەگ) ئاگادار ئەکات، ئەویش رێزی ئەگرێت و سوپاسی ئەکات و بەڕێی ئەخاتەوە، لەگەڵ هۆزەکەیدا کۆبوونەوەیەك ئەکات، ئینجا ئەچێتە لای (حەبیب خەیزەران)ی سەرۆکی شۆڕشگێڕانی (عەززە) ئەویش راو بەختەکەی پێگەیشتبوو، شۆڕشگێڕانی هەردوو هۆز دوعا خوازی لەیەك ئەکەن و بڕیار ئەدەن هەمیشە پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا پتەوتر بێت[٩٠] و داوا ئەکەن هۆزەکەیان پاش خۆیان بۆ بەرژوەندی گشتی ئەم رێڕەوە بەرنەدەن.

شۆڕشگێڕانی دەڵۆ پاش ئاوارەبوونێکی دە مانگی[٩١] بەسەربەرزیەوە گەڕانەوە سەر قشڵاخەکانیان، دەستیان کردەوە خشت بڕین، یەك دوو مانگی پێ نەچوو هەر خێزانیك خانووبەرەیەکی بۆ خۆی دروست کرد و دەستیان دایە کشتوکاڵ کردن، ساڵ وەرچەرخا هەموو ئاواییەکانی دەڵۆ وەك چاخی جاران ئاوەدان بوونەوە و چست و چالاکی کەوتە ناوەوە.

ئایا شۆڕشی برایم خان چی هەڵەیەکی کەوتووەتە بەر؟

برایم خان خۆی پیاوێکی نەبەرد و بەتوانا و دڵ نەرم بووە و لەلایەن خزم و خوێش و هۆزەوە خۆشەویست بووە چاوی لە مااڵی دنیا و کورسی و پایە پۆشیوە، بەڵام لە فەرمانڕەواییدا تاقیکردنەوەیان نەبووە دەست و پێوەندی ئەو

فەرماندەیە لەزانین و نەزانین چەند هەڵەیەکیان کردووە، هەندێك لەو هەڵانە لە نەفامییەوەیە و هەندێکیان ئەوەندە زەقن لەسەرەنجامدا برایم خان خۆیشی ئەگرێتەوە.

ئەو هەڵانەی کە لە نەفامیەوە کراون وەك ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- پاش رزگارکردنی کفری یەکێك لە هاوپەیمانەکانی ئەچێتە سەر برایم خان و پێی ئەڵێت ئێمە وا کفریمان گرت با بەگورێس لەناو خۆماندا بەشی بکەین، ئەمبەر ئاوەکە[٩٢] بۆ ئێمە و ئەو بەریشی بۆ ئێوە بێت، برایم خانیش پێی ئەڵێت ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین کفری دابەش بکەین بەڵکو بۆ رزگار کردنی شارەکە هاتووین.

٢- کە (یوسف دەڵاڵ) لەناو کفریدا بەناو برایم خانەوە بەیاننامە ئەخوێنێتەوە دیسانەوە ئەڵێن یەکێك لەوانە بەیوسف ئەڵێت (یەسو، یەسو، ئەوا چەند لیرەیەك و ناوی منیش بخەرە پاڵ ناوی برایم خانەوە).

٣- جارێکیان کابرایەکی لادێی شت و مەك لەدوکانێك ئەکرێ و پارە ناداتە کابرای بەقاڵ و شانازی بەخۆیەوە ئەکات، ئەویش ئەچێتە سەر برایم خان و برایم خانیش پارەکەی بۆ ئەژمێرێ و سزای ئەو کابرایە ئەدات.

ئەو هەڵانەی کە زۆر زەقن و ئەکەونە ئەستۆی برایم خان و دەست و دایەرەیەوە ئەمانەی خوارەوەن

١- لەچواردەی ئابی ١٩٢٠دا شۆڕشگێڕانی (دەلۆ) شاری خانەقینیان رزگار کرد لە ٢٢ی ئابیشدا برایم خانی دەلۆ شاری کفری رزگار کرد و لە ٢٠ی ئابدا شۆڕشگێڕان داودە و بەیات و دوزیان رزگار کرد، واتە لە مەودای یەك هەفتەدا سێ شاری لەیەکتر نزیکەوە رزگار کران، هەڵەی شۆڕشگێڕان لەوەدا

بوو نەهاتن پەیوەندی لەگەڵ یەکترا پتەو بکەن و گوند و دێهات و شار و شارۆچکەکانی نێوان ئەم شارانەش لە دوژمن پاك بکەنەوە بەپێچەوانەی ئەمانەوە شۆڕشگێڕانی فورات ناوچەی نێوان شارەکانیان لە دوژمن پاك کردەوە، ئەم پەرت بوون و هەرکەس بۆ خۆیەوە؟، یارمەتی دوژمنیدا بەئاسانی یەك لەدوای یەك هەرسێ شارەکە بگرێتەوە.

٢- زۆربەی کەسانی ئەو ئەنجومەنەی برایم خان دانابوو لەهۆزی (دەلۆ) بوون، ئەبوایە لەدانیشتووانی شار چەند کەسێکیان بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداریان تیادا بکردایە.

٣- لەنزیك کفری سەربازگەیەکی بەریتانی لای (کنگربان) هەبوو ژمارەی سەربازانی ئەو سەربازگەیە رۆژ بەرۆژ کەم ئەبوونەوە تاوەکو لە ١٧ی ئابدا لە دوو سریەوە دوو فەسیلیان مایەوە کە فەرماندەکەیان کاپتن (ئەدلەر) بوو[٩٣]، برایم خان ئەیتوانی کتوپڕ و گەرم و گەرمی بچێتە سەر ئەم هێزە و دەستگیریان بکات نەوەکو ببێتە بنکەیەك[٩٤] بۆ خۆکۆکردنەوەی دوژمن.

٤- ئاوایی (زەرداو) کە لەبن دەست کفریدا بوو بەئاشکرا گرابووە شوێنی کۆبوونەوەی ئەو سەرۆك هۆزانەی کە دژ بەشۆڕش بوون، دیسانەوە هێزەکانی شۆڕش لە یەکەم هەفتەدا ئەیانتوانی بەئاسانی ئەو ئاواییە لەدوژمن پاك بکەنەوە.

٥- جێگری حاکمی سیاسی بەریتانی لە کفری (سلمنت) بەدیل گیرابوو، دیلێکیش کە ئەو کێش و سەنگەی هەبووبێت ئەبێت لەنزیك فەرماندەیی شۆڕشدا چاودێری بکرێت و بپارێزرێت نەك چارەنووسی بدرێتە دەست کابرایەکی نەزانی نەفام.

بۆ شۆڕشی برایم خان بەرپا بوو؟

زۆربەی ئەو خاڵانەی کە بونەتە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ساڵی بیست بوونەتە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی بڕایم خانیش جگە لەوانەش ئەم خاڵانەی خوارەوە پاڵپێوەنەرێکی تایبەتن کە تەوژمی خستبێتە سەر ڕاپەڕینی ئەم شارە و ئەو شۆڕشگێڕەوە:

١- کفری کەوتبووە سەر شارێگەی بەغداد و سلێمانی هەر ڕوداوێك لەسەر ئەو خەتە ڕووی بدایە کاری ئەکردە سەر کفری، کە شێخ سەعیدی حەفید لە موسڵ کوژرا، خەلیل منەوەر لە کفریەوە داستانێکی بۆ ئەو کارەساتە هۆنیەوە، کە شێخ مەحمودی حەفید لە ساڵی ١٩١٩دا لە سلێمانی شۆڕشی بەرپا کرد بڕایم خانی دەلۆ و وەیسی بەگ و عەلی ئاغای زەنگەنە چون پیرۆزباییان لێکرد و پشتگیریان لە شێخ کرد، کە شۆڕشی بیست لە بەغداوە گەیشتە خالص ئەو شۆڕشە دڵ و دەروونی شۆڕشگێڕانی کفری گەرم کردەوە و کاری کردە سەر جەماوەر.

٢- لە شارەکانی ئەم ناوچەیە لە کفریدا پتر بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری سەری هەڵدابوو بەهۆی بوونی قوتابخانەی (ڕوشدیە) و چوونی دەرچوانی بۆ بەغداد و ئەستەمۆڵ و هانی ڕۆژنامە و کتێبەکانی ئەو حەلە و بڵاوبوونەوەی بیروڕای یەکسانی و ئازادی و بوونی کتێبخانە لە دیوەخانەکانی مەجید پاشا و سید محسن ئاغا و سەرهەڵدانی چەند شاعیرێکی ناودار.

٣- هۆزی (دەلۆ) کە فەرماندەی شۆڕشی گرتبووە دەست لە مێژوودا خەباتێکی هەبوو دژی چەوسێنەری عوسمانی، هەروەها لەناو ئەم هۆزەدا چینێکی چەوسێنەر (دەرەبەگ) نەبوو بڕایم خان یان وەیسی بەگ وەك جووتیارەکانی دیکەی دەلۆ بەدەست خۆیان کشتوکاڵیان ئەکرد ئەمەش

هۆیەك بوو بۆ قبوولّ كردنی فەرماندەیی ئەم هۆزە و ئەو سەركردانەیان لەلایەن جەماوەرەوە.

٤- كاربەدەستانی بەریتانی بەزۆری كوتەك و چۆماغ بێگاریان بە جووتیاران و دانیشتووانی شار ئەگرد بۆ دروست كردنی خانووبەرە بۆ سەربازگەكانیان و راگێشانی هێلّی شەمەندەفەر، ئەفسەرە بەریتانیەكان زولّم و زۆریان گەیشتە رادەیەك كە دانیشتووانی شار داد بەرنە بەر برایم خانی دەلۆ.

٥- پەیوەندی ئابووری و كۆمەلّایەتی نێوان هەرێمی كفری لەلایەكەوە شارەبان و خالص و بەعقوبە لەلایەكی ترەوە بەهێز بوو، هەمیشە كاروانی ئەو شارانە بەبارە خورما و میوەجاتەوە ئەهاتنە كفری و لەو سەرەوە دانەوێلّە و تووتنی كوردستانیان بار ئەكرد، هۆزی (دەلۆ)ش لەگەلّ هۆزەكانی (عەززە و لهێب)ی عەرەبی پەیوەندی بەهێزیان هەبوو ئەم پەیوەندی نێوان كورد و عەرەبەی ئەم ناوچەیەوەهای لە دوژمن كرد كە بلّێت (ئەو كوردانەی كە پرۆپاگەندەی عەرەب سەری لێشێواندبوون بەئاسانی بەسەریاندا زالّ بووین، برایم خان خۆی رای كرد و پیاوەكانی ئاوارە بوون، رەفعەت بەگی داودەش چووە خاكی ئێرانەوە)[٩٥].

شیعر لە شۆڕشی برایم خاندا:

شیعر هاندەرێكە زات ئەخاتە بەر شۆڕشگێڕان، رەفیق حیلمی لە یادداشتەكەیدا ئەیگێڕێتەوە چۆن لە مزگەوتی حەیدەرخانەدا شاعیرانی وەكو (عیسی عبدالقادر) و (محمد مهدی بصیر)[٩٦] جەماوەریان بەشیعر خوێندنەوە هانداوە و تینیان خستووەتە بەریان و هەلّمەتیان پێ بردوونەتە سەر دوژمن، شاعیرانمان نە لەشۆڕشی شێخ مەحموددا و نە لەشۆڕشی برایم خاندا دەورێكی ئەوتۆیان نەگێڕاوە، چەند سالّێك لەمەوپێش خوالّخۆشبوو (بورهان قانع) ئەم پارچە شیعرەی دامێ كە شاعیرێكی نەزانراو لەو سەردەمەدا بۆ شۆڕشی برایم خان ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

سەڵەف سەڵەفن سەنگەر گیرانـــەن

بریسکەی (شەنگ باریك) گرمەی (هۆرتمانەن)

سواره وە ئارام، تفەنگچی وە لەنگەر

(برایم خـــــان) خۆی دێ ئەچێتە ســـەنگەر

بەر قەڵای (جوامێر) کریاوە پەمــە

(جوامێر) وە خەنجەر (تورکـــــان) وە قەمە

لە بان (داڵەمێز) دالآن گێچانـــەن

لە مـــــــــاڵ (برایم خان) پەلکە بڕانەن[٩٧]

شاعیر بەم چوار دێرە شیعرە توانیویەتی ئازایەتی (جوامێر) و نەبەردی (برایم خان) ئامێتەی یەك بکات و دوا رۆژەکانی تێکشکانی شۆڕشی برایم خان دەربڕێت، وەك بیستم چەند کەسێکی تر شیعریان دەربارەی برایم خان وتوە بەڵام چەندم کرد دەستم نەکەوت.

ئافرەت لە شۆڕشی برایم خاندا:

ئافرەتی کوردەواری باڕێکی گرانی کەوتووەتە ئەستۆ، منداڵ بەخێو ئەکات، کاروباری ناوماڵ بەجێئەهێنێت، خزمەتی مێردەکەی ئەکات، میوان بەڕێ ئەخات، شان بەشان برا و قەومەکانی مەڵۆ ئەنێتەوە درەو گێرە ئەکات، خەرمان هەڵئەگرێت، بەدڵ و دەروونێکی پاکەوە نوێژ و تاعەتی خۆی ئەکات، کە ئاگری شەڕ لێیانەوە نزیك بووەوە دەست ئەداتە چەك وەك شێر ئەچێتە پێشەوە، تێکڕا ئافرەتی ناو کوردەواری سەنگین و بەتوانا و بەئارام و پاك و تەمیزە.

کاتێ (ئەنەخان) دایکی برایم خان بیستی هەردوو کوڕەکەی (کەمەر خان و حسین خان) بەدەست سوپای تورك شەهید کراون پرچی ئەڕنیەوەو ئەڕوخا بەڵکو دانی بەخۆیا گرت و چوو نوێژی لەسەر کردن و تەرمەکانی بەخاك سپاردن.

حەلیمەی دادام[٩٨] بۆی گێڕامەوە چۆن بەبڕە ئافرەتێك بەرەنگاری چاوشێکی دڵڕەقی عوسمانی بوون کە هەمیشە بەزۆر دانەوێڵەی لە خەڵك ئەستاند، ئەو بڕە ئافرەتە توانیان چاوشە مل سوورەکە مار کوژ بکەن و ئنجا بەقۆڵ بەستراوی بیدەنە دەست سەربازگەی عوسمانییەوە.

یەکێك لەو ئافرەتانەی کە بەشداری لە شۆڕشی برایم خان کرد (نەعەنێر)ی بەناوبانگ بوو، (نەعەنێر) ناوی (نەعیمەی کچی مستەفا)ی دەلۆییە شوئەکاتە (عبدالباقی) لاوێکی تورکمانی کفری، لە مێردەکەی ساڵی ١٩١٠ ئیبراهیمی کوڕی ئەبێت، کە سەفەر بەربوو ئەبنە سەفەر بەر و ئیتر ناگەڕێتە دواوە، چەندە داوای لێ ئەکەن شوێەکی تر ناکاتەوەو دەست ئەکاتە چەخماخسازی – واتە پیشەی تفەنگ چاککردن و فیشەك هەڵوەستن – کە شۆڕشی برایم خان بوو چووە پاڵی شۆڕشگێڕان و بەرگی پیاوانی پۆشی و یەکێك بووە لەو کەسانەی لە رۆژی یەکەمی شۆڕشدا بە سواری ئەسپەکەی تاوی داوەتە سەر سەرای حکومەت، پاش کۆتایی هاتنی شۆڕشی برایم خان گەڕایەوە روانی ماڵەکەی تاڵان کراوە هات سەر لە نوێ دەستی دایە بازرگانی لە ناو بازاڕدا دوکانێکی داناو بۆ خۆی چوە سەری ئێستاش لە بیرمە منداڵ بوین بانگی ئەکردینە لای خۆی و وردە ئیشی ئەدا بەسەرماندا چونکە تاقانەکەی لەبەر دەستدا نەبوو، ئەم ئافرەتە ساڵی ١٩٣٦[٩٩] کۆچی دوایی کرد و لەبەر ئەوەی ئازا و پیاوانە هەڵکەوتوو بوو ناوی (نەعەنێر)ی بەسەرا سەپێنرا و برایم خانی دەلۆش بە (کاکە نەعیم) بانگی ئەکرد و رێزی لێئەنا[١٠٠].

تا لەم چەند ساڵەی دواییدا هەر پرسە و شیوەنێك لە کفریدا ببوایە ئەوا (پایە) کە ئافرەتێکی باڵا بەرزی دەنگ زوڵاڵ بوو بەبەیت و هۆنراوە پێش ستایش کردنی مردووی ئەو رۆژە بەسەر برایم خاندا بەیتی ئەووت ئینجا ئەهاتە سەر شۆڕە سوارانی تری مەیدان و بەشی مردوەکەی ئەو رۆژەشی لێئەدا.

بەراورد کردنێك لەنێوان شۆرشەکەی شێخ مەحمودی حەفیدو شۆرشی برایم خانی دەلۆ:

هەر کە سوپای بەریتانی شاری بەسرەی داگیر کرد و بەرەو پێشەوە تەکانیدا، ئایین پەروەری و هاوئیشتمانێتی پاڵی بەجەماوەرەوە نا بەرگری لەداگیرکەری غەیرە دین بکەن، ئەگەر کوژران بەپلەی شەهادەت ئەگەن، هەزار کوردی موجاهید چوونە ژێر ئاڵای شێخ مەحمودەوە بەرەو باشووری عیراق بەخۆیان و چەکی دەستیانەوە بەسەر سواری کەوتنەڕێ. برایم خان و هەڤاڵانیشی[۱۰۱] ریزی پێشەوەی موجاهیدینیان گرتبوو، شۆڕە سواری کورد لە شعیبەدا چوونە کۆڕی شەڕەوە خوێنیان تێکەڵاوی لی ئەو دەشتە بوو، ئەمە یەکەم ئەڵقەی یەکگرتنی شۆڕشگێڕی بو لەنێوان شێخ مەحمود و برایم خاندا.

کە شێخ بەرەو سلێمانی گەڕایەوە و لە کفریەوە تێپەڕین شەوێك لە ئاوایی برایم خان میواندارییان کرا، کە شێخ مەحمود ساڵی ۱۹۱۹ لە سلێمانی فەرمانڕەوایێکی میللی دانا برایم خانی دەلۆ و وەیسی بەگ[۱۰۲] بۆ پیرۆزبایی چوونە خزمەت و ماوەیەك لەوێ مانەوە و بوون بە باوەڕپێکراوی شێخ لەم ناوچەیە و داوای لێ کردن پەیوەندییان لەگەڵ جەماوەری ناوچەکە پتەو بکەن و ئەگەر هاتوو فەرمانڕەوایەکەی لەناو چوو ئاڵای شۆڕش لە گەرمیانەوە هەڵ بکەن.

حوکمداریێتی شێخ مەحمود لە سلێمانی لە سەرەتای ساڵی ۱۹۱۹ دامەزرا، پاش ماوەیەکی کەم ئینگلیزەکان لە شێخ کەوتنە بڕو بیانوو و قۆرت خستنە بەر، شێخ لە ۱۹۱۹/۵/۲۱ دەستی دایە چەك شۆڕشی بەرپاکرد شۆڕشەکە لە ۱۹۱۹/٦/۱۹ بە بریندار کردنی شێخ و بە دیل گرتنی دوایی هات.

لەیەك چونێکی گشتی نێوان شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی ساڵی ۱۹۱۹ و شۆڕشی برایم خانی ساڵی ۱۹۲۰دا هەیە ئەویش لەم بەراورد کردنەدا خۆی دیاری ئەکات:

۱- لە سلێمانیدا (مێجەر سۆن)و هاوڕێکانی بە چاوێکی سوکەوە دەیانڕوانیە جەماوەر (عەزیز خان)ی پیاویان لە صاحیبەکەیان تونڈ و تیژتر بوو بە دارەکەی[۱۰۳] دەستیەوە لەگەڵ خەڵك گفتوگۆی ئەکرد لە کفریشدا (سلمنت)

شێوازه ناهەمواركەی سۆنی گرتبووە بەر و (ئەبوو چۆماغ)ی هەڤاڵ و پیاویشی لە عەزیز خانی لەمەڕ سۆن دڕندەتر بوو.

٢- شێخ مەحمود ئینگلیزەکانی بەدیل گرت و لە دەبۆکەی ناو شار حەپسی کردن برایم خان (سلمنت)ی بەدیل گرت، بەڵام لەشاردا حەپسی نەکرد بەڵکو ناردیە ئاوایيەکەی خۆی.

٣- پاش هەفتەیەك لە رزگار بوونی سلێمانی لەچنگ سوپای بەریتانی هێزی ئینگلیزەکان لە تاسلوجەدا بەفەرماندەیی مولازم (پۆل) پەلاماری هێزێکی شێخ مەحمودیاندا و شەڕێکی قورس لەنێوانیاندا رووبدا لە ئەنجامدا (پۆل) و هەشت کەس لە سەربازەکانی کوژران و دوانزدەشیان بریندار بوون[١٠٤]، ئەو دوایی هێزەکەشیان پاشەکشەیان لێکرد، لە کفریشدا پاش هەفتەیەك هێزێکی گەورەی ئینگلیز و بەکرێ گیراوان هێرشیان بردە سەر شۆڕشگێڕانی کفری ئەنجامی ئەمانیش لە ئەنجامی دەست درێژکەرانی سەر هێزەکەی شێخ مەحمود خراپتر بوو.

٤- (مشیری حەمەی مام سلێمان)ی[١٠٥] هەمەوەند بووە سەرهنێزەی دوژمن دژی هێزەکانی کورد ئەوەبوو لەدزە رێیەکەوە کەوتە پێش سوپای بەریتانی و لە شەڕی دەربەندی بازیانی رۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٩دا بوو بەهۆی بەدیل گرتنی شێخ مەحمود، لەکفریشدا (شێخ حەمیدی تاڵەبانی) و شێخ وەهابی کوڕی خۆیان کردە سەرهنێزەی سوپای بەریتانیای داگیرکەر دژی شۆڕشگێڕان.

٥- بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بەریتانییەکان لە کەرکوکەوە بەفەرماندەی جەنەڕاڵ (فرایزەر) سوپایەکی قورسیان نارد سەر شێخ، پاش سااڵێك هەر لەسەربازگەی بەریتانیا لە کەرکوکەوە مێجەر (لۆنگریك) هێزێکی گەورەی نارد بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشەکانی لەیلان و دوز و کفری.

٦- شۆڕشی شێخ مەحمود نزیکەی مانگێك دەوامی کرد شۆڕشەکەی برایم خانیش نۆزدە رۆژی خایاند.

۷- شێخ مەحمود لە ئیستعماری بەریتانیا دڵنیا نەبوو بەرامبەر داگیرکەر چەکی فڕێ نەدا ئەوەبوو لە دەربەندی بازیاندا بریندار کرا ئەوسا بەدیل گیرا، برایم خانیش لەهەمان دوژمن دڵنیا نەبوو، پاش خۆکشانەوە، چەکی فڕێ نەدا، بەبەڵێن و قسەی چەوریان تەفرەی نەخوارد، ئەوەبوو نەبەزیندوێتی چنگیان کەوت و نە بەبریندارى و مردوێتی تەرمەکەشیان بەدەست نەکەوت.

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم:

۱- ئەم شەڕە بەدووەم شەڕی حەمرین ناوبانگی دەرکرد.

۲- بڕوانە: حرب العراق، شكرى محمود نديم، چ٤ – ١٩٠٤، ل١٧٢.

۳- سێ چەکدارەکە یەکێکیان (برایم حەمە خانی گێژ) و ئەوبتریان (حسین کاکەمەند)ی دەڵوێی بوو کە زاوای برایم حەمە خان بوو دەڵوێیەکی تریان لەگەڵدا بوو.

٤- (سلمنت) یان (سلمون) وە یان (شلێمون) جوولەکەیەکی بەریتانی بوو.

٥- ئینگلیزەکان بۆ بەڕێوەبردنی مەرکەزی لیوا (حاکمێکی سیاسی) بەریتانیان دانەنا و لە قەزاکانیشدا جێگری حاکمیان دانەنا، چ حاکمی سیاسی و چ جێگرەکەی سوپا بوون.

٦- چۆماغ – عەرەبیە، گوردیەکەی (کوتەك) ئەگڕێتەوە. (ئەبو چۆماغ) واتە (کوتەك بەدەست) ئەم ئەفسەرە داردەستێکی سەر خڕی بەدەستەوە بوو بەلاستیکێکی پێچ پێچ دراو بوو لە کوتەك ئەچوو.

۷- (کوپیەك ئوێلدران) واتە (سەگ کوژ).

۸- بۆ زیادە زانیاری بڕوانە (قضاء خانقين، دراسة في جغرافية سكان، رسالة ماجستير، خليل اسماعيل محمد، ت ١/١٩٧٣).

۹- حاجی قەرە (قەرە) بە تورکی واتە رەش، یەعنی (حاجییە رەش).

۱۰- بڕوانە – رۆژنامەی (التآخي) ژمارەی رۆژی ١٩٧٢/١٠/٧.

١١- بڕوانە — موجز تأريخ البلدان — عبدالرزاق الحسنى ١٩٧١, ل١٤٩.

١٢- قاموس الإعلام, شمس الدين سامى, سالّى ١٩٨٦ پيتى (خ).

١٣- بڕوانە مێژووى كورد و كوردستان, محمد ئەمين زەكى, بە عەرەبى, ط٢, ١٩٦١, ل٢٠٨.

١٤- رۆژى ١٩٧٩/٨/٢٦, لە كەلار خوالێ خۆشبوو (فتح الله بەگى دەلۆ) ئەمەى بۆ گێڕامەوە ئەوساكە ئەويش پشتگيرى سۆڕشگێرانى گرتبوو.

١٥- بڕوانە (خانقين خلال ربع قرن١٩٠٠ — ١٩٢٥), فاضل كريم رۆژنامەى (التآخى) رۆژى ١٩٧٣/٦/١٠, لەوانەى لەو رۆژە شەهيد كران (حاجى عەلى ئاغاى باجەلان) (شێخ صالح)ى ناو جموور بوو.

١٦- بڕوانە: فصول من تأريخ العراق القريب, مس بێلّ, وەرگێڕى — جعفر الخياط, ل ١٤٧ ئەو نەدارىى و برسێتى و كارەساتانەى تووشى دانيشتوانى ناوچەكە هاتبوو سەرەنجامى داگيركەربوو, رووس بێت يان عوسمانى يان ئينگليز تا وەهاى لێ هات ئيتر باوەريان بە هيچ بێگانەيەك نەمێنێت.

١٧- لە حوزەيرانى ١٩٧٢ دا خوالێ خوشبوان (خەليل بەگ دەلۆ و رەزاى ئەمين دەلۆيى) ئەم راستيەيان بۆ گێڕامەوە.

١٨- ئەگێڕنەوە ئەڵێن يەكێك لە كۆڕى شەڕدا بە (محمد ئيسماعيل)ى ووت فلانى ئەوا قاچت پێكرا بكشێرەوە دواوە, ئەويش وەلامى دايەوە و ووتى: نەخێر نەپێكراوم, شەڕ دوايى هات و سەركەوتنيان بەدەست هێنا ئينجا ووتى: ئەبێ لە كۆڕى شەڕدا ئەگەر برينەكەمان كارى نەبوو ووە بەرنەدەين.

١٩- بڕوانە — ثورة العشرين الوطنية التحررية — (ل. ن كاتلوف), وەرگێڕى (عبد الواحد كرم) ل (١٤٠) ئەميش لە رۆژنامەى تايمسى لەندەنى رۆژانى ٨/٣١ و ١٩٢٠/٩/١ى وەرىگرتووە.

٢٠-بڕوانە: خانقين خلال ربع قرن ١٩٠٠ — ١٩٢٥ فاضل كريم رۆژى ١٩٧٠/٦/١٣.

٢٠- (ماوزەر محمد ئیسماعیل) ئەم روداوەی بۆ گێرامەوە. (ماوزەر) تا ئێستا ماوە و تەمەنی لە نەوەت تێ پەڕیوە، کە ئەو روداوانەت بۆ ئەگێڕێتەوە بە جۆرێک ئەکەوێتە جۆش و خرۆشەوە ئەڵێی وا لە گۆڕەپانی شەڕدایە ناهەقیشی نیە لەو رۆژەی ئەم لە دایك بووە باوکی چاوی بە تفەنگێکی تازە بابەت هەڵێناوە و ئەوەندە ئەو تفەنگەی خۆشویستوە تا ناوی کوڕەکەی بەناو ئەو ماوزەرەوە ناوی لێ ناوە.

٢٢-(دوزخورماتوو) وشەیەکی تورکمانی کوردی تێهەڵکێشراوە بریتیە لە (دوز ، خورما ،توو) – (دوز) خوێ (خورما و توو)یشیان کوردیە، لەدوزخورماتووی دەوروپشتیدا ئەم سێ بەرهەمانە هەیە.

٢٣-(بەیات) هۆزێکە لەناو خۆیاندا بەشێکیان تورکمان و بەشێکیان عەرەبن کوردیان تیادا نییە، هەموویان (سوننی) مەزهەبن.

٢٤- بڕوانە: رحلة المنشي البغدادي، وەرگێڕ: عباس عەزاوی، ل٨٤.

٢٥- مەبەستی لەسەرا کۆشکەکەی (عومەر بەگ)ی بەغدادیە، لە بەغداوە عومەر بەگ ئامادەیی پیشاندا ئەو چەند رۆژەی ڕێچ و دەست و دایەرەکەی لەدوزدا بمێننەود لەو کۆشکەدا بحەسێنەوە.

٢٦- تیمار: بەو پارچە زەویە ئەمیریە دەگوترا کە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەدرایە هەندێ کەس تا دەیەکی دەست کەوتەکەی بۆ خۆیان لێ وەربگرن بەرامبەر بەوەی لەکاتی پێویستدا ژمارەیەك چەکداری ئامادەکراو پێشکەش بەدەوڵەت بکەن.

٢٧- دەفتەردار باوکی عومەر بەگە و جاران فەرمانبەری خەزینە بووە.

٢٨- بڕوانە: رحلة جيمس ريج سالّى ١٨٢٠، ل١٩ – ٢٤.

٢٩- جوغرافیای عوسمانی، چ ١٣٢٨ی کۆچی، ل١٤١.

٣٠- بڕوانە: کتێبی (کورد، ترك، عەرەب)، ئەدمۆندسن، وەرگێڕاوی عەرەبی، ١٩٧١، ل٢٤٧.

٣١- (كفـرى) ئەكەوێتـە ناوەڕاسـتى رێگـەى (خانـەقى – دوز)، دوز لـەباكوورى كفريدايە و خانەقيش دەكەوێتە باشووريەوە، (كفرى) وەك دڵى شۆڕش وەها بوو (خانـەقى) و (دوز)يـش هـەردوو بـاڵى شۆڕشـەكە بـون، پەيوەنـدى نێـوان سەرۆكى شۆڕشگێڕانى هەرسێ شارەكە هـەبوو مەبەستيشيان هەريـەك بـوو هەموولايەكيشيان برايم خانيان بە برا گەورە دانابوو.

٣٢- رۆژنامـەى (العـراق) ژمـارە (٦٨)ى رۆژى ١٩ى ئـابى ١٩٢٠، هـەروەها رۆژنامـەى (الموصل)ى ژمارە (٢٦٣).

٣٣- بڕوانە: گۆڤارى (الاخاء)ى تورکمانى، عبدالحكيم رژى اوغلو، ژمارە (٧)ى سالّى ١٩٧٠، ل٢٤.

٣٤- (رۆغزايى) و (تەرخانى) دوو تيرەى گەورەن لـە هۆزى (جـاف) لەگـەڵ بـرايم خاندا پەيوەندييان باش بووە ئاوايـيەكانيان كەوتبووە رۆژهەڵاتى سەرقەڵاوە.

٣٥- بڕوانە: ئەرنۆڵد وێلسن جێگرى حاكمى گشتى مەلەكى بەريتانى لە عيراقدا لە سەردەمى داگيركردندا، شۆڕشـى عـيراق، بزووتنـەوەى كفـرى، وەرگێڕ: جعفـر الخياط، چ ١، سالّى ١٩٧١، ل١١٦.

٣٦- (عثمان سليم وەندواى) مودیرى مالّ بوو (عەلى ئەفەنـدى) مـودیرى ناحيـەى قەرەتەپـە بـوو، فەرمانبـەرە پێشكەوتووەكانى ئـەو سـەردەمە ئەمانـە بـون (رفعـەت مبـارەك) ئـەمينى سـەندوق (مبـارەك ئەفەنـدى) بـاوكى مـەئمورى نفوس بوو، (سيد نورى) سەرۆكى شارەوانى، (عزيز بـەرقى) سـەرۆكى دەرەك، (خان صاحيبى هيندى) محاسب، (عزالدين كاتب زادە) مەئمور شـعبە، (محمـد سعيد سوەيلى) مفتى شار، (مەلا بادر) كاتبى بەلەديە بون.

٣٧- (محمد سعيد وەندواى) و (بەهجەت بابان) سەر بەشۆڕشى بـرايم خان بـون و پێشەكى ئاگاداريان لە شۆڕشەكە هەبو.

٣٨- (جەمیل بەگی مەجید پاشای بابان) پیاوێکی هێمنی لەسەرخۆ بوو سەر بە رابەڕین و شۆڕش نەبوو، زۆربەی دانیشتووانی گوندەکانیان دەلۆیی بون و پەیوەندی بابانەکان بەدەلۆوە لەوەش بەرەو زووڕتر بوون.

٣٩- لەناو ئەو پۆلیسانەی کە بەتوند و تیژی بەرەنگاری کردبوو (حەمە زەفە) بوو کە خۆی دەلۆیی بوو، پێیان وت بۆ وا بەرەنگاریت کرد وتی من مەئمورم گەورەکەم چی ئەمرێکی پێدام ئەبێ جێبەجێی بکەم با دژی هۆزەکەی خۆشم بێت.

٤٠- (ناظم محمد سەعید وندواوی) گێڕایەوە ئەڵێت: ئەوسا ئێمە منالّ بووین خەریك بوین لاشەی ئینگلیزەکان بەناو شاردا رابکێشین بەڵام گەورەکانمان ڕێیان نەدابن.

٤١- برایم خان داوای لە (جەمیل بابان) کرد بەشداری ئەم ئەنجومەنە بکات و ئامادەیی ئەوەی پیشاندا سەرۆکایەتی شارەکەی بداتە دەست بەڵام (جەمیل بەگ) لەگەڵ (شەمسە خان جاف)ی هاوسەریدا بۆ ماوەیەك چوون بۆ (کەلار)، خوالێخۆشبوو (ئەحمەد بەگی جەمیل بەگ) کە لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆچی دوایی کرد بۆی گێڕامەوە کە شەمسە خانی دایکی لە هەڵوێستی جەمیل بەگی مێردی ناڕەزا بوو.

٤٢- (وەیسی بەگ) سەرۆکی ڕەسمی هۆزی دەلۆ بوو، برایم خان لە شۆڕشدا هەڵکەوتووتر بوو وەیسی بەگ پشتی برایم خانی بەرنەدا، ساڵی ١٩٢٥ کۆچی دوایی کرد.

٤٣- کاکەمەند یەکێك بوو لە شۆڕە سوارانی دەلۆ، لە سوارەی حەمیدی و شەڕی شعیبەدا بەشداری کردبوو، ساڵی ١٩٤٥ لە تەمەنی سەد و دە ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

٤٤- (حاجی محمد) یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی تیرەی تەرخانی سەر بەهۆزی جاف.

٤٥- (حەمە جان) یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی تیرەی رۆغزایی سەر بەهۆزی جاف.

٤٦- (برایم وەستا مەحاو) لە دانیشتووانی شاری کفری بوو، خوشکی وەیسی بەگی مارە کردبوو، کاتبێکی شارەزا بوو و سەر بەشۆڕشگێڕانی دەلۆ بوو.

٤٧- خاوەن مولکی گەورە (دەرەبەگ) ئەو کەسەیە لەنێوان (٥٠٠ – ١٠٠٠) هەکتار یا زیاتر زەوی هەبێت، خاوەن مولکی ناوەندی لەنێوان (٢٠ – ٥٠٠) هەکتارە زەوی هەیە، خاوەن مولکی بچووك لە ٢٠ هەکتارە زەوی کەمتری بەدەستەوەیە.

٤٨- ئەم ئاواییە بە دە کیلۆمەترەیەك ئەکەوێتە رۆژهەلاتی کفریەوە بە ئاوایی (برایم خان) ناوبانگی دەرکردووە، ئێستا سێ ئاوایی بچووکی لێبۆتەوە.

٤٩- (شەرەفی کۆڕی برایم خان ١٩١٢) دێیەکی بۆ خۆی و کوڕەکەی ئاوەدان کردووەتەوە ئەڕوانێتە سەر دۆلێکی پڕ دار و چیمەن و بەحەوت کیلۆمەترەیەك لە ئاوایی برایم خانەوە دوورە، شەرەف سێ کوڕی هەیە (محمد شکور ١٩٤٦) (محمد کریم ١٩٤٨) (ئەمیر ١٩٥٠)، (عەزیزی برایم خان ١٩١٠ – ١٩٦٧) چوار کوڕی هەیە (ئیسماعیل ١٩٣٤) (حاجی عاص ١٩٤٤ – ١٩٨٣) (محمد ١٩٤٧) (پەرویز ١٩٤٩) لەو گوندە دائەنیشن کە بەئاوایی برایم خان بەناوبانگە و کەوتووەتە سەر ڕێگەی کفری – سەرقەڵا (جەعفەری برایم خان) سێ کوڕی هەیە (حاتەم ١٩٤٨) (بەشارەت ١٩٥٢) (بەکر ١٩٥٤)، (حەمیدی برایم خان)یش سێ کوڕی هەیە (صابر ١٩٥٢) (حبیب ١٩٥٧) (سمین ١٩٦٢) کوڕانی (جەعفەر و حەمید) ئاواییەکیان بەرامبەر ئاوایی برایم خان بۆخۆیان ئاوەدان کردووەتەوە. کوڕەزاکانی برایم خان خەریکی کشتوکاڵن و ژیانێکی مام ناوەندیان هەیە.

٥٠- بڕوانە ڕۆژنامەی (العراق) ژمارە (٧٦)ی ڕۆژی ٣٠ی ئابی ١٩٢٠.

٥١- (زەرداو) ئاواییەکە نزیکەی (٢٠) کیلۆمەترەیەك کەوتووەتە خوار کفریەوە، زەوی و زاری ئەم ئاواییە عائد بە ئەوقافە و تا ساڵی ١٩٢٠ بەدەست ئاغاکانی

زەنگەنـەوە بـووە، لـەو سالّەوە تـا رۆژی ئـەمرۆمان کەوتـە دەسـت شـێخەکانی تالّەبانی و ئێستا (شێخ عەتای کوڕی شێخ جەمالّ) سەرپەرشتی ئەکات.

٥٢- لەوسەردەمە بەرەشاش (مەتریلۆز) ئەوترا.

٥٣- ئەیان گێڕاوە کە تاویان ئەدایە سـەر هیندیـەك ئـەیوت (والله رەفیـك موسـڵمان هەی) واتە (والله من هاوڕێتم موسڵمانم).

٥٤- بڕوانە: ابراهیم خان ثائر من کردستان، د. مکرم تالّەبانی ١٩٧٠، ل٨٦ – ٨٨.

٥٥- بڕوانـە: فصول مـن تـأریخ العـراق القریـب، مـس بێـلّ، وەرگێـڕی بـۆ عـەرەبی جعفر الخیاط ١٩٧١، ل١٥٢ – ١٨٥.

٥٦- بڕوانە: العشائر الکردیـة، وەرگێـڕی بـۆ عـەرەبی فونـاد حەمـە خورشـید، ١٩٧٩، ل١٣٧.

٥٧- بڕوانە: کورد، تورك، عەرەب، ئەدمۆندسن ١٩٧٦، وەرگێڕی عەرەبی.

٥٨- (سـیاه مەنـصور) ئاواییەکـە لـە دەشـتی ناوچـەی (قـەرە حەسـەن)ی سـەر بەمەرکەزی پارێزگای (تەئمیم – کەرکوك) و کەوتووەتە باشووری لەیلانەوە، ئەم ئاواییە و چوار ئاوای دیکەی ئەو ناوچـەیە سـەر بەشـێخ قـادری تالّەبانی بوون و هەمیشە لەرێزی نیشتمانپەروەراندا بووە و شـێخ لـەناو خەڵکدا هـەر بەشێخ قادری سیاه مەنـصور ناسراوە و لەسـاڵی ١٩٥١دا کۆچـی دوایـی کـردوە، پاش خۆی شێخ حەبیبی کوڕی لەسەر ڕێڕەوی باوکی ڕۆیشتووە.

٥٩- بڕوانە: ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ڕۆژی ٢٦ی ئابی ١٩٢٠.

٦٠- لەو حەلە (میلەر) یارمەتیدەری لۆنگریـك بـوو (مەجیـد یـەعقوبی) سـەرۆکی شارەوانی و (مامۆستا ئەحمەد قطب) قـازی و (عبـدالقادر کـاظم وهنـداویش) مودیری مالی کەرکوك بوون.

٦١- لەو چل و چوار شەهیدە بیستیان لە هۆزی بەیات و هەژدەیان لە هۆزی داودە و سێیان لەهۆزی سـانجی عـەرەب و سـێی تریـشیان لـە تورکمـانی دانیـشتوانی

دوز بوون یەکێکیان ناوی (جەعفەر کەچەچی) بووە، هەر لە خەڵکی دوز دەیەها بریندار هەبوون وەك (عەباس قوشچی و موراد تۆپاڵ).

٦٢-رووپیە، دراوێکی هیندیە، هەر رووپیەیەك بەرامبەر (٧٥) فلسە بەپێی بازاڕی ئەوسا و ئێستا نرخی بەرز بووەتەوە.

٦٣-بڕوانە: رۆژنامەی (الموصل)ی ژمارە ١٩٢ی رۆژی یەکی تشرینی دووەمی ١٩٢٠.

٦٤-هۆزی (عەززە) یاخود (ئەلعەزە) دژی بەریتانیا ئالای شۆڕشیان هەڵکرد بوو شاری (خالص – دەڵتاوە)یان رزگار کرد و ماوەیەك حوکمڕانیان تیادا کرد، پاش تێکشکانی ئەو راپەڕینە ئەم دوو سەرۆکە خۆیان نەدا بەدەستەوە و رووبان کردە چیای (حەمرین) و خۆیان تیا قایم کرد، لەو کاتەشدا شۆڕشی دەڵۆش شکستی هێنا و شۆڕشگێڕانیش زۆربەیان رووبان کردە ئەم چیایە، هەردوولایان لەوێ یەکیان گرتەوە (وەیسی بەگ) کە چوە دیدەنی شێخەکانی عەزە زۆر ڕێزیان گرت، ئێوارەیەکیان لە دانیشتنێکیانا کابرایەکی (عەزە) لە وەیسی بەگ رائەپەڕی و ئەڵێت ئێمە خوێنێکمان لەبەیندایە و قەرزارمانن (حەبیب خەیزەران) لەمە زۆر تۆرە ئەبێت و رووی دەم ئەکاتە کابرا و ئەڵێت (ئێمە و دەڵۆ هیچ خوێنێکمان لە نێواندا نەما، هەردوولامان ئێستا یەك دوژمنمان هەیە ئەویش بەریتانیایە) کابرا بێ دەنگ بوو و کشایە دواوە (مەجیدی حاجی فتح اللهئەمەی بۆ گێڕامەوە کە ئێستا تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵ ئەبێت)*.

٦٥-بڕوانە: رۆژنامەی (پێشکەوتنی) ژمارە ٢٣ رۆژی ٢٣ی محرم ١٣٣٩ ڕێکەوتی ٣٠ی سبتمبری ١٩٢٠.

---

* مەجیدی حاجی فتح الله لە نیسانی ١٩٨٥دا کۆچی دوایی کرد.

٦٦- هیچ سەرچاوەیەك بەتەواوەتی ئەو ماوەیەی دەستنیشان نەکردووە کە کفری تیادا بەئازادی ژیاوە و لەژێر فەرمانڕەوایی برایم خانی شۆڕشگێڕدا بووە، باوکم** کە تەمەنی نەوەت ساڵ پتر و خوێندەوارێکی باشە مێژووی ئەو ڕۆژانەی لەبیرە ئەڵێت (ڕۆژی ١ی ذي الحجەی ١٣٣٨ی کۆچی برایم خان کفری رزگار کرد و نۆزدە ڕۆژ حوکمڕانی تیادا کرد) ئەمەش ئەکاتە نێوان (٢٢ی ئابی ١٩٢٠ تا ١٠ی ئەیلولی ١٩٢٠). دوو کەس لەپیاوە ناودارەکان و بەعومرەکانی دەڵۆ ئەم ڕاستیەیان سەلاند یەکێکیان (کوێخا محمدی ئەورەحمان کارێزیە ١٨٩٠ – ١٩٨٠) دووەمیان (مەلا سەمین فارس ١٩٠٠ – ١٩٨٤) مەلا سمین خوێندەوارێکی باش بوو پێش سەفەر بەر لەکفریدا گەیشتبووە پلەی (روشدیە – متوسطة).

٦٧- بڕوانە: ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ژمارە ٢١ ڕۆژی ٢ی محرمی ١٣٣٨ – ڕاستیەکەی ١٣٣٩یە- ئەڵێت (ناحیەی زەنگەنە دانراو عبدالکریم ئاغا کرا بە مودیر، مودیری قەرەتەپەش چوە سەر ئیش خۆی).

٦٨- (بەهجەت بابان) خۆی نەدا بەدەستەوە و لەبەرچاو وون بوو لەبەر (جەمیل بەگی) برای وازیان لێهێنا (محمد سعید) گیرا و تەحقیقی لەگەڵ کرا پاش چەند ڕۆژێك بەڕەڵا کرا، کە چوونە سەر ماڵ (محمدی حاجی نەعمان وەنداوی) ئابلۆقەی ماڵکەیاندا خەریك بوون ماڵەکەی تاڵان بکەن، سەیدەکانی کفری ڕزگاریان کرد.

٦٩- کە کەل و پەل و ناوماڵەی دەڵوێیەکان ناوبازاڕ خرایە موزایەدەوە کەسێکی ناوشار نەچوونە بەرەوە، بەکرێ گیراوەکان لەناو خۆیاندا دابەشیان کرد.

** باوکم لە شوباتی ١٩٨٥دا کۆچی دوایی کرد.

٧٠-(باوه ئەحمەد) یەکێکە لە باوەکانی رێبازی کاکەیی، دەمێك بوو لە کفریدا بوو، وەجاغی هەبوو، ئەوی مار و دووپشك پێوەی بدایە یا هار بووایە ئەچوە وەجاغی باوە ئەحمەد، لەناو خەڵکدا پایە و مەقامی خۆی هەبوو، ئێستا (زەینەڵ)ی گورِی باوەیە و سەرتاشیشە.

٧١- (بەهجەت بابان) خۆی نەدا بەدەستەوە و لەبەرچاو وون بوو لەبەر (جەمیل بەگی) بۆ وازیان لێهێنا (محمد سعید) گیرا و تەحقیقی لەگەڵ کرا پاش چەند رۆژێك بەرەڵڵا کرا، کە چوونە سەر مانْ (محمدی حاجی نەعمان وەنداوی) ئابڵوقەی مانْکەیاندا خەریك بوون مانْەکەی تاڵان بکەن، سەیدەکانی کفری رزگاریان کرد.

٧٢- کە کەل و پەل و ناومانْەی دەڵوێیەکان ناوبازارِ خرایە موزایەدەوە کەسێکی ناوشار نەچوونە بەرەوە، بەکرێ گیراوەکان لەناو خۆیاندا دابەشیان کرد.

٧٣- (باوە ئەحمەد) یەکێکە لە باوەکانی رێبازی کاکەیی، دەمێك بوو لە کفریدا بوو، وەجاغی هەبوو، ئەوی مار و دووپشك پێوەی بدایە یا هار بووایە ئەچوە وەجاغی باوە ئەحمەد، لەناو خەڵکدا پایە و مەقامی خۆی هەبوو، ئێستا (زەینەڵ)ی گورِی باوەیە و سەرتاشیشە.

٧٤- (جەمیل ئەکرەم گورِی مستەفا رێژی) کە ئێستا تەمەنی لە هەشتا تێپەڕیوە ئەم کارەساتەی بۆ گێڕامەوە.

٧٥- (حاجی حەسەنی وەستا ئەحمەدی قەرەداغی) کە ئێستا تەمەنی لە حەفتا تێپەڕیوە ئەم رووداوەی بۆ گێڕامەوە.

٧٦- رۆژنامەی (پێشکەوتن) ژمارە (٢١)ی ١٤ی سبتمبر ١٩٢٠.

٧٧- رۆژنامەی (پێشکەوتن) ژمارە (٢٤) ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠.

٧٨- ئەو حەلە ئاوایی (زەرداو) مەڵبەندی دوژمنان بوو، لەو گوندە کۆبوونەوە دژ بەشۆڕش ئەکرا.

٧٩- (عەین فارس) ناوایەکی هۆزی دەلۆیە و کەوتووەتە سەر سنووری ئەوان و هۆزی لهێبەوە.

٨٠- قایمقامی کفری لەو حەلە (محمد خالصی کوڕی شێخ رەزای تاڵەبانی) بوو، محمد خالص شاعیر و سەر بەشێخ مەحمودی حەفید بوو.

٨١- ئێوارەی رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٨ خوالێخۆشبوو (حاجی محمدی ئەورەحمان کارێزی) لە ئاوایی (کارێز) ئەم روداوەی بۆ گێڕامەوە کە خۆی لە رووداوەکەدا بووە.

٨٢- لەشەڕدا ئەوەندە ئازایەتی و نەبەردی و لەسەر بیروڕا سووربوون دەوری لە سەرکەوتندا هەیە کەم و زۆری ئەوەندە دەوری نییە، لەشەڕی (بەدر) هێزی دوژمن دە ئەوەندەی هێزی موسڵمانان بو، هێزی موسڵمان سەرکەوت، ڤێتنام بەسەرژمێرێکی کەمەوە لەسەریەك سەرکەوتە سەر سوپا زۆر و مۆڵەکەی فەرەنسا و ئەمەریکا جا هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە بەسێ کەسەوە زاڵ ببنە سەر سی کەسی بەکرێگیراو.

٨٣- لەم ناواییانەدا تیرەی تەرخانی و رۆغزایی دائەنیشن نەم دوو تیرەی جافە لەگەڵ برایم خان خزمایەتیان هەبوو لە شۆڕشەکەشیاندا هاوکاری یەك بوون.

٨٤- ساڵانی ١٩٤٤ – ١٩٤٦ لە کەلار مامۆستا بووم کەریم بەگی جاف خۆی نەم رووداوەی بۆ گێڕامەوە و وتی: ئەو کەسەی کاغەزەکەی پیادا ناردووە (عەلی جەغەرە)ی ناو بووە.

٨٥- جاری یەکەم ئەوە بوو دانیشتووانی کفری داوایان لێکرد بکشێتەوە ئەویش لەشار کشایەوە و ئەمەش جاری دووەمە، چونکە ئەگەر دانیشتووانی ناوچەیەك پشتگیری شۆڕشگێڕان نەگرن بەرەنگاری کردن لەوناوە بەگران رائەوەستێت.

٨٦- ئەم ناوانیە کەوتووەتە سەر لێواری ئەو تەنگەبەرەی کە رووباری (قۆری چایی) پێدا ئەڕوات، گوندەکەش هەر بەناو رووبارەکەوەیە و کەوتووەتە لاپاڵی شاخەکەوە، (قڕی چایی)یش بەتورکی مانای (خڕە وشکە).

٨٧- رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٦ کاك (شەرەفی برایم خان) لە ناوانیەکەی خۆیدا ئەم بەسەرهاتەی دوا رۆژەکانی برایم خانی باوکی بۆ گێڕامەوە.

٨٨- بڕوانە: ابراهیم خان ئائر من کردستان، د. مکرم تالەبانی ١٩٧١، ل٩٩ – ١٠٠.

٨٩- رۆژنامەی (پێشکەوتن) ژمارە (٣٧) رۆژی ٢٦ی ربیع الآخر ١٣٣٩ ڕێکەوتی ٦ی جنوری ١٩٢١.

٩٠- ئەو خاڵانەی کە هۆزی بەنی جەحیم و سوپای بەریتانیا لەسەری ڕێککەوتبون ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- حکومەتێکی سەربەخۆ لەعیراقدا دابمەزرێت.

٢- ئەو زەرەر و زیانەی لەم ناوچەیە لە حکومەت دراوە داوای بارمتەی لە هۆزی بەنی جەحیم نەکرێت.

٣- خەرج و باجی سالّی ١٩٢٠یان لێ نەسەندرێت.

٤- خۆیان (هۆزەکە) پارێزگاری کردنی هێڵی شەمەندەفەری ناوچەی خۆیان بگرنە ئەستۆ.

٥- ئەمن و ئاساییشی ناوچەی خۆیان بەدەستیانەوە بێت.

٦- ئەو (٢٤٠٠) تفەنگەی کە لەحکومەت دەستیان کەوتبوو بیدەنەوە بەحکومەت.

٩١- لەناوچەی کفری و لەناو هۆزی دەلۆ بەو لێبوردنە بە (راوبەخت) ناونەبرێت.

٩٢- عەلی کوڕی قاسم کوڕی مال الله یە، بەرازای موبارەك ئەفەندی و مستەفا ڕێزیە، عەلی غالب لە قومسریەوە سەرکەوت تا گەیشتە پلەی مودیری پۆلیس.

٩٣- ئەو پەیوەندیە تا رۆژگاری ئەمرۆش هەر پارێزراوە، سالّی ١٩٨٠ کە هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بوو (کفری و خالص) یەك ناوچەی هەلّبژارن بوو (هیدایت محمد عبدالرحمن دەلۆیی) خۆی لە کفریەوە هەلّبژاردبوو چووە ناو عەزە و چاوی بە حەبیب خەیزەران کەوت ئەویش هانی هۆزەکەیدا کە دەنگی خۆیان بدەن بە (هیدایەت دەلۆیی) ئەوەبوو گاك هیدایەت بوو بە ئەندامی یکەم ئەنجومەنی نیشتمانی (١٩٨٠ – ١٩٨٤).

٩٤- ئەو ئاوارە بوونە لە (٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٠) وە تا حوزەیرانی ١٩٢١ی خایاند.

٩٥- جۆگە ئاوێك بەناو شاری کفریدا تێئەپەڕێ و بووەتە سنووری نێوان دوو گەڕەکی (ئیسماعیل بەگ و سەیدەکان).

٩٦- بڕوانە: حركة كفري، نووسینی (ئەرنۆلّد ویلسون) جێگری حاکمی گشتی لە سەردەمی ئیحتیلالدا، وەرگێڕی – جعفر الخياط، چ ١٩٧١، ل١١٦.

٩٧- ئەو بنکەیە بوو یەکانگایەك بۆ کۆبوونەوە و جموجۆلّی دوژمنان، هێزەکەی بەریتانیا لە کەرکوکەوە هەر لەوێوە هێرشیان بردە سەر کفری.

٩٨- بڕوانە: دور الشعب الكردي في ثورة العشرين، د. كمال مظهر أحمد ١٩٧٨، ل١٤٨، ئویش لە رۆژنامەی (العراق)ی ژمارە ٢٠ی ئەیلول و ٧ ت ١٩٢٠/١.

٩٩- (عیسی عبدالقادر) لە یەکەم دێری چامەکەیدا وتویەتی

الاهبوا رفاقي واستفيقوا وكونوا كلكم متعاضدينا

(واتە: ئەی هەڤاڵەکانم ڕابەڕن و ڕاستەوەبن و هەمووتان یەك بگرن و پاڵ بدەن بەیەکەوە). (محمد مهدی بصیر) شاعیرێکی نابینا بوو بەشاعیری شۆڕشی بیست ناوبانگی دەرکردبوو.

١٠٠-(شەنگ باریك) و (هۆزتمان) نەوعە تفەنگێکی ئەو سەردەمە بوون، (جوامێر) یەکێك بوو لە سەرۆکە نەبەردەکانی هۆزی هەمەوەند، (دالّە مێز) ناوی

چیایەکە (دالّ)یش پەلەوەرێکە بەلاشەی تۆپیو فڕێرە (پەلکەبڕان) واتە پرچ رنین.

١٠١- حەلیمە کچی عەلی دەرویّشی دەلۆیی سالّی ١٩٤٧ لە تەمەنی نەوەت سالّیدا گۆچی دوایی کرد، ئەم ئافرەتە لە شەڕی بەرگری هۆزەکەیدا چەند جارێک بەشداری کردووە.

١٠٢- لە چلەکانەوە (ئیبراهیم عبدالباقی ١٩١٠) کوڕی نەعەنێر تا رۆژانی نەمڕۆ لە خانەقیدا دانیشتووە و پەیوەندی لەگەلّ خزمەکانیدا پاراستووە.

١٠٣- بڕوانە: رۆژنامەی (العراق) ژمارە (٢١٠٦) رۆژی ٢٠٨٣/١/٦ (نعیمة الثائرة البطلة) نووسینی بەخامەی نووسەری ئەم کتێبە.

١٠٤- بڕوانە: ابراهیم خان ثائر من کردستان، د. مکرم تالّەبانی ١٩٧١، ل٥٠.

١٠٥- (عەزیزی برایم خان) و (مەلا سمین فارس) و (حاجی محمدی ئەورەحمان) ئەم راستیەیان بۆ روون کردمەوە و دووپاتیان کرد.

١٠٦- بڕوانە (یادداشت)ی رفیق حیلمی بەشی دووەمی بەرگی یەکەم ١٩٥٦، ل١٠٧.

١٠٧- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٠٢.

١٠٨- کردەوەی (مشیری حەمەی مام سلێمان) لەکردەوە چەپەلّەکەی (ئیڤالّت)ی ئیسبراطی ئەچێت، سوپای ئێران کە چوونە سەر یۆنان پالّەوانەکانی ئیسپراطە بەسێ سەد کەسەوە دەربەندی (ئەرمۆبیلی)یان لێ گرتن و زەبر و زەنگی دوژمن نەیانی ترساند بوو، بەلاّم (ئیڤالّت)ی ئیسپراطی دزە ڕێگەیەکی لەپشت قورگی دەربەندەکەوە پیشان دوژمنداِ ئەوانیش لەو کەلەبەرەوە کردیانە ئەودیوەوە و لە پشتەوە هەلّیان کوتایە سەر رۆلّە نەبەردەکانی ئیسپراطە، لەو شەڕەدا یەکێک لەو سێ سەد کەسە دەرنەچوو هەموویان کوژران و دوژمن بەسەر لاشەکەیاندا ڕێگەی یۆنانمنی بۆ تەخت بوو، ناوی (ئیڤالّت) لەمێژوودا بوو بە پەلّەیەکی ڕەش و نموونەی خیانەت کردن.

بەشی پێنجەم

کفری پاش شۆڕشی برایم خان

پاش کوژاندنەوەی شۆڕشی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩١٩دا و شۆڕشی شاردکانی دوز و خانەقی و کفری لە ساڵی ١٩٢٠دا کوردستان کش و مات نەمایەوە بەڵکو ساڵانی ١٩٢١ و ١٩٢٢ لە هەرێمی کوردایەتی چەند شەڕ و شۆڕێکی چەتەگەری دژی سوپای بەریتانیای داگیرکەری تیادا رووییدا، وەك.

١ سورچیەکان لە مانگی ئابی ١٩٢١دا ناوچەی باتاسیان گرت و فڕۆکەی بەریتانیا چووە سەریان و بۆمبارانی کردن.

٢ هۆزەکانی (پشدەر و بڵباس و ئاکۆ) ناوخۆیاندا یەکیان گرت و لە ئەیلولی ١٩٢١دا قەزای (رانیە)یان لەچنگ دوژمن رزگار کرد و ماوەیەك تیادا مانەوە.

٣- لەناوچەی هەورامان هێزەکانی - مەحمود خانی دزلی) لە کانونی دووەمی ١٩٢٢دا چووە سەر شاری (هەڵەبجە) و بەریتانیا بەفڕۆکە چووە سەریان و بلاوەی پێکردن.

٤ هۆزی (جەباری) بەسەرۆکایەتی (سید محمد) لە مایسی ١٩٢٢دا دژی بەریتانیا راپەڕی و (کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند)یش پشتگیری کردن و لە ١٩٢٢/٦/١٨دا کاپتن (بۆند)یان کوشت و زەرەر و زیانیان لە سوپای بەریتانیادا.

٥ هەر لەو ماوەیەدا (مەحمود بەگی کوڕی عوسمان بەگی دەلۆ) لە ناوچەی خانەقی راپەڕی و لەقەسری شیرین و خانەقی پەلاماری هێزەکانی بەریتانیایدا، کە حکومەتی عیراق چەسپا و مەلیك فەیسەڵ هاتە سەر حوکم دیسانەوە راپەڕی ئەمجارە بەدیل گیرا و دووڕخرایەوە ناو دەلۆی دەوروپشتی کفری تا ساڵی ١٩٢٥ کۆچی دوایی کرد.

٦ پاش بەدیل گرتنی شێخ مەحمود و دوورخستنەوەی، کوردستان باری ئاسایشی بەخۆیەوە نەبینی زۆربەی راپەڕینەکان بۆ گێڕانەوەی شێخ مەحمود بەرپا کرابوو لە ساڵی ١٩٢٢یشدا ئوزدەمیر[1] لە رەواندز سەریهەڵدا، کاربەدەستانی بەریتانی هیچیان بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت کە زوو بەزوو شێخ مەحمود بگێڕنەوە کوردستان و حوکمڕانی بۆ جێبهێڵن تا کورد بەهێمنیەود حوکمی خۆی بگرێتە دەست.

گەڕانەوەی شێخ مەحمود:

شێخ مەحمود لەدیلی رزگار کرا و لەرێگای کوێتەوە گەیشتە بەغداد لەوێود بڕیاریدا بەسواری شەمەندەفەر بچێتە (کنگربان) و بەکفریدا تێپەڕی بچێتەود سلێمانی، لە سلێمانی بۆ پێشوازی کردنی شێخ وەفدێك لەم کەسانە پێکهات (ئەحمەد توفیق و حەمەی ئەورەحمان ئاغا و عزەت بەگی جاف و مستەفا پاشای یامولکی) پێش ئەوەی شێخ بگاتە کفری بەرۆژێك وەفدەکەی گەیشتنێ.

لەمێژووی کفریدا رۆژی ٢١ی ئەیلولی ١٩٢٢ بەرۆژێکی پرشنگدار ئەزمێردرێ لەم رۆژەدا سەدەها کەس لە رۆڵەی هۆزەکانی ئەو ناوچەیە بەکورد و عەرەبەوە بەسواری ولاغەکانیان و چەکی دەستیانەوە گەیشتنە ئێستگەی شەمەندەفەری (کنگربان) هەروەها دانیشتووانی شار بەپیادە و بەسواریەوە بەتەپڵ و بەیداخەوە رژانە ناو ئێستگەکەوە، هەرکە شەمەندەفەر گەیشت و نەنگەری بەست و راوەستا و دیمەنی شێخ دەرکەوت و هاتە خوارێ دەنگی (الله اکبر) تێکەڵ بەتەقەی مارتلی و شریقەی ماوزەر و تەپڵ و دەف و دەهۆڵ و زورنا بوو، لەپێشدا وەفدی سلێمانی بەخێرهاتنی شێخیان کرد و ئینجا سید محسن ئاغای سەرۆکی ناوارەکانی کفری و سەرۆك هۆزەکانی ناوچە و دانیشتووانی شار یەك بەیەك ئەم دەستی ئەگوشێت

ئەویش ئەملا و ئەولای ماچ ئەکا. فرمێسکی شادی لەچاو هاتە خوارێ بەم چەشنە رۆڵەی کورد جارێکی تر باوەشیان بەسەرۆکە دڵسۆزەکەیانەوە کرد و لەدەوری کۆبوونەوە هۆزەکانی دەوروپشتی کفری بەکورد و عەرەب و تورکمانەوە هەموو هاتبوون و ناکۆکیان پێچابووە و خستبووە لاوە، شێخ سواربوو تەقە و رمبازکێ دەستی پێکرد ئەو حەشامانە رووبان کردە کفری سەعاتە رێگەکە بوو بەسێ سەعات، منداڵ و ئافرەت و پیاوە بەسالاچوودکانیش لەقەراغ شار بە چەپڵە و هەڵهەڵە و الله اکبر پێشوازی شێخیان کرد و ئەو خەڵکە هەموو رووبان کردە ماڵ (سید محسن ئاغا)ی[٢] گەورەی ناودارانی شار[٣]. هەرچی دانیشتووانی شارە یەك بەیەك بەخێرهاتنی شێخیان کرد و بڵاوەیان لێکرد میوانەکانیش ئەو شەوە لەوێ مانەوە، شێخ لەماڵ محسن ئاغا روانی برایم خانی لەناو ئەو خەڵکەدا نەبینی کە بیستی ئەمری خوای کردووە فرمێسکی چاوی بەفەقیانەکانی سڕی وتی: کە دیل بووم ئینگلیزەکان وتیان حاجی برایم ئاغا شۆڕشێکی بەرپا کردووە و داوای گەڕانەوەت ئەکات، زانیم هەبێ و نەبێ ئەمە برایم خانی خۆمانە، شێخ هەردوو کوڕەکانی برایم خان (عەزیز و شەرەفی) بانگ کردە لای خۆی و ئەملا و ئەولای ماچ کردن و هەریەکە سەعاتێکی پێ بەخشین و ئامۆژگاری کردن کە رێڕەوی باوکیان بەرنەدەن.

پاش سێ رۆژ شێخ دوعا خوازی لە دانیشتووانی کفری کرد و لەشارەوە تاقمە سوارێك تا سەرقەڵا بەڕێیان خست، لەو سێ قۆناغە رێیە تا سلێمانی پۆل پۆل سوارە و پیادە لەسەر ئەو رێگایە وەستا بوون و بەخێرهاتنیان لە شێخ نەکرد بەم شێوەیە لە ٢٠ی نەیلولی ١٩٢٢دا شێخ گەیشتە سلێمانی هەموو دانیشتووانی شار بەگەورە و بچووك و پیاو و ئافرەتەوە لەپێشوازیدا بوون سەدای ئەو خەڵکە تێکەڵ بە شریقەی تفەنگ و دەنگی تەپڵ و هەڵهەڵەی ئافرەت بووبوو، سوپاس بۆ یەزدان وا خاکی کوردستان جارێکی تر بە

گەرانەوەی رۆڵەی نەبەردی گەشایەوە و شێخ بەسەربەرزی گەڕایەوە پاش ماوەیەك حوکمی میللی دامەزرا و شێخ بوو بەحوکمدار و دوو سەرۆك هۆزی گەرمیان (عەلی حەسەن ئاغای زەنگەنە) و (رەفعەتی سمایل بەگی داودە)[٤] بەگەورەی یاوەرانی شێخ دامەزران. ئەو سەرۆك هۆزانەی کە لەگەڵ شێخدا[٥] ناکۆك بوون ئەوانیش هاتنە خزمەتی و پاکانەیان بۆ کرد تاوەکو بۆ لەمەولا لایەڕەیەکی نوێ بکەنەوە. ئینگلیزەکان لە نزیك بوونەوەی تاڵەبانیەکان لە شێخ مەحمود دلگیر بوون (ئەدمۆندسن) ئەمەی بەم چەشنە دەربڕیوە ئەڵێت (سێ کەس لە کوردەکانی شێخ تالیبی تاڵەبانی ناوچەی گەرمیانمان چاو پێکەوت لای ئێمە لەوە زۆر شەرمەزاریان پیشاندا کە چوونەتە خزمەتی شێخ. بەڵێنیان بە ئێمەدا لە رۆژانی داهاتوودا هەر لەگەڵمان بن)[٦].

کفری پاش شۆڕشی برایم خان:

پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی برایم خانی دەلۆ هۆزی دەلۆ بەتایبەتی و شاری کفری بەگشتی کەوتە ناو جەرگەی لیستەی رەشی بەریتانیاوە و بارێکی یەکجار گەورەیان کەوتە سەرشان". خووردوشتی ئەو جێگرانەی پاش (سلمنت) هاتنە کفری وەك (دۆگڵس، رایت، گاردن) ئەگەر لەوی پێشوویان خراپتر نەبووبن بەهیچ کلۆجێك لەو چاکتر نەبوون، ئەمەش کارێکی گەورەی کردە سەر شاری کفری و وەهای لێکرد بەرەو پاشەوە بگەڕێتەوە و ئەودش لەمانەی خوارەوەدا دەرئەکەوێ:

١- ڕێگا کاروانی بەغدا بۆ سلێمانی کە بەسەر کفریدا ئەڕۆیشت گوێزرایە سەر کەرکوك.

٢ لەسەردەمی عوسمانیدا لەکفری قوتابخانەیەکی متوسطە (روشدیە) هەبووە، لەساڵانی سیەودا دانیشتووانی شار ئەکۆشان و هەوڵیان ئەدا قوتابخانەیەکی ناوەندیان بۆ منداڵەکانیان بۆ نەنەکردەوە، حکومەتی دوابڕاوی سەر

بەبەریتانیا گوێی خۆی کەڕ کردبوو، ناچار دانیشتووان لەناو خۆیاندا بەپیتاك سێ هەزار دیناریان کۆ کردەوە و لەساڵی ١٩٤٩ قوتابخانەیەکی ناوەندییان دروست کرد.

٣ نەو کانە قیرەی سەدەها تەن قیری تیا دەرئەهێنرا و دەیەها خێزانی بەخێو ئەکرد خرایە پشت گوێ و کوێرەوە بوو.

٤- تا شۆڕشی تەموز لەناو شاری کفریدا راستە شەقامێکی قیرتاو کرا و نەبوو لەناوشاردا نەخۆشخانە و باخی گشتی و کارگەیەکی تیادا نەبوو.

٥- بەدرێژایی سەردەمی دوابڕاو زۆرانبازی نێوان دوو بنەماڵەی ناوداری شار (بابان) و (وەنداوی)ەکان بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان و سەرۆکی شارەوانی چوونە سەر کورسی وەزارەت هەبوو هەردوو بنەماڵەکە بۆ خزم و کەس و کار و دەست و پێوەندی خۆیان بەولاوە خزمەتێکیان پێشکەش شارەکە خۆیان نەکرد.

هۆزی (دەلۆ)یش کە ئەرکی هەڵگیرساندنی شۆڕشی کەوتبووە سەرشان بەجارێك لەلایەن کاربەدەستانی سەردەمی دوابڕاودا ئافەرۆز کرابوو، رێگە نەئەدرا قوتابخانە و نەخۆشخانە لە ئاواییەکانیاندا بکرێتەوە رێگە بەڕۆڵەکانیان نەئەدرا فرمانی گەورە و مام ناوەندی میریان پێ بدرێت، زۆربەی زۆری ئەو نەرزەی ئەیانکێڵا بەمولکایەتی هی گەورەی هۆزەکانی دیکەبوو، زۆربەی جووتیار و کاسبکار و رۆشنبیری ئەم هۆزە بەدەم دەردەوە ئەتلانەوە بەڵام ملیان بۆ چەوسێنەر شۆڕ نەئەکرد.

ئەمڕۆ رۆژی رێزگرتنی شۆڕشگێڕانە:

شاری (کفری) بەسەرۆکایەتی (برایم خان) دژی بەریتانیای داگیرکەر شۆڕشی بەرپا کرد، ئینگلیزەکان تا لەعیراقدا لە سەرکاردا بوون رێگەیان نەئەدایە هۆزی دەلۆ ببوژێتەوە و نەکفریش وەك شارانی تر پێش بکەوێ، پاش ئەوەی

شۆرشی تەممووزی ١٩٥٨ و شۆرشی حەفدەی تەممووزی ١٩٦٨ بەرپا بوون ئەم شارەش بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا بەڵام وەك شارێکی شۆرشگێڕ چاوی لەوەیە لەمەولا لەلایەن شۆرشگێڕانەوە لەم بوارانەدا رێزی بگیرێت و ئاواتی بێتە دی:

١- کاروانە رێگەکەی جاران کە لەسلێمانیەوە یەك راست ئەهاتە کفری –ئەچووە خالص کورتترین رێگەیە بۆ بەغداد چونکە لە هیچ ئاو و رووبارێك نادات و هەرێمێکی پان و بەرینی وەك قەرەداغ و ناو جاف و دەوروپشتی قەرەتەپە و خالصات زیندوو ئەکاتەوە، تەخت کردن و قیرتاو کردنی ئەم رێگەیە کەلەپورێکی کۆنمان بۆ زیندوو ئەکاتەوە و رێگەی دووریشمان بۆ نزیك ئەکاتەوە.

٢- دروست کردنی ئاوبەستێك لای تەنگەکەی پشت شاخی باوە شاسوار ئەبێتە هۆی کۆکردنەوەی ئاوی دوو رووبار و باراناوی ئەو ناوچەیە لە هاویناندا دەشتێکی پان و بەرینی دەیمەکاڵی پێ ئاوەدان ئەکرێتەوە.

٣- دەرهێنانی قیری ناصالح و بەکارهێنانی وەك هێزێکی یەدەك لەپاڵ سامانەکانی تری نەتەوایەتیدا.

٤- ئەو شوێنەوارە دێرینانەی کە لەدەوروپشتی شاردا هەیە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە نیشان بکرێت و لێی بکۆڵێتەوە و مۆزەخانەیەکیان بۆ دابنرێت.

٥- پەیکەرێك بۆ (برایم خانی دەلۆ)[٧] لەناو شاردا دروست بکرێت.

٦- ناوی یەکێك لە شەقامەکانی کفری و یەکێك لەقوتابخانەکانی بەناو برایم خانەوە ناو بنرێت.

٧- مەزارگەی برایم خان بەجۆرێکی شایستەی نەبەردی ئەو پاڵەوانە بێت هەڵبگیرێت و گومەزی لەسەر دروست بکرێت.

٨ تێڕوانینێکی گشتی بکرێتە سەر ئەو شوێنانەی کە شۆڕشەکەی برایم خانی تیادا رووبداوە وێنەیان بگیرێت و دەنگی ئەو بەسالاّچووانە تۆمار بکرێت کە بەشداریان تیادا کردووە وەیان بەچاو بینیویانە، هەندێ لەو چەك و ئامێرانە لە مۆزەخانەیەکدا[٨] بپارێزرێت کە لەم شارەدا دروست بکرێ.

لیستەی ناوی قائمقامەکانی(٩) شاری کفری پاش شۆڕشی برایم خان:

١- محمد خالصی تالەبانی ١٩٢١ — ١٩٢٢.

٢- بەهجەت هورمزی ١٩٢٢ — ١٩٢٤.

٣ مەحمود فەخری ١٩٢٥ — ١٩٢٦.

٤- حاجی توفیق ١٩٢٧ — ١٩٢٩.

٥ ماجد مستەفا ١٩٣٠ — ١٩٣١.

٦- حسین عەونی ١٩٣١ — ١٩٣٢.

٧ مستەفا یەعقوبی ١٩٣٢ — ١٩٣٤.

٨ نوری سعێدی ١٩٣٤ — ١٩٣٥.

٩- جەمیل روحی ١٩٣٥ — ١٩٣٧.

١٠ حیکمەت زەهاوی ١٩٣٧ — ١٩٣٩.

١١- ناجی هورمزی ١٩٣٨ — ١٩٤٠.

١٢ سەعید قەزاز ١٩٤٠ — ١٩٤١.

١٣ جەودەت محمد عەلی ١٩٤١ — ١٩٤٢.

١٤- ئەمین قیردار ١٩٤٢ — ١٩٤٣.

١٥- رەمزی فەتاح ١٩٤٤ — ١٩٤٦.

١٦- ئیسماعیل حەقی رەسول ١٩٤٦ — ١٩٤٩.

١٧ سامی عەلی ١٩٤٩ — ١٩٥٠.

١٨- حسین عەونی ١٩٥٠ — ١٩٥١.

١٩- خەلیل زێدان ١٩٥١ — ١٩٥٢.

٢٠-حیکمەت ئەمین هاشمی ١٩٥٢.

٢١ عبدالقادر حەیدەری ١٩٥٢ — ١٩٥٤.

٢٢-عومەر محمد ئاغا ١٩٥٥ — ١٩٥٧.

٢٣-محمد عەلی زوێن ١٩٥٧ — ١٩٥٨.

٢٤- بایز عەزیز دزەیی ١٩٥٨ -- ١٩٥٩.

٢٥- عومەر میران ١٩٥٩ — ١٩٦٠.

٢٦- بهاء حسینی ١٩٦٠ -- ١٩٦١.

٢٧- محمد عەلی شێخ ١٩٦١ — ١٩٦٢.

٢٨- عبدالمجید قەرەغولی ١٩٦٢ — ١٩٦٣.

٢٩- عبدالصاحب غەرباوی ١٩٦٣.

٣٠- رەشید بەدری ١٩٦٤ — ١٩٦٥.

٣١- محی الدین عبدالرزاق ١٩٦٥.

٣٢- حمادی ربیعی ١٩٦٦ — ١٩٧٠.

٣٣- عیصام طلعت ١٩٧٠ — ١٩٧٥.

٣٤- داود سەلمان ١٩٧٥ -- ١٩٧٧.

٣٥- شاکر ئەحمەد قطمیر ١٩٧٧ — ١٩٧٩.

٣٦- کاظم بریسن سلمان ١٩٨٠ — ١٩٨٥.

٣٧- ناجی غزعل زیدان العبیدی ١٩٨٥.

لیستەی ناوی سەرۆکی شارەوانی

١. عثمان محمد ئاغا

٢. سەعید وەندەاوی

٣. سەید عومەر ئاغا ١٩٢٥ — ١٩٢٥

٤. محمد حاجی نوعمان

٥. سید عبدالله ئاغا

٦. عبدالکریم عەلی گولّناز

٧. جەمیل ئەکرەم مستەفا

٨. عباس عبدالقادر

٩. عەتا جەمال تالەبانی

ناوی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەی سەرەتایی کفری:

١. هارون رەشید ١٩٢٠.

٢. ئەحمەد حەمدی ١٩٢١ – ١٩٢٢.

٣. جەمیل مەدفەعی صالح ١٩٢٣ – ١٩٢٤.

٤. رەشید زەکی کابان ١٩٢٥.

٥. محمد فائق ١٩٢٦.

٦. سەعید بەسیم ١٩٢٧.

٧. رەشید عاکف هورمزی ١٩٢٨ – ١٩٣٥.

٨. محمد حماسی ١٩٣١.

٩. ئیسماعیل حەقی ١٩٣٣.

١٠. فاتح مستەفا ١٩٣٦.

١١. سەعید بەسیم ١٩٣٧.

١٢. عبدالحکیم مستەفا رێژی ١٩٣٩.

١٣. مەجید نەجم ١٩٤٠ – ١٩٤١، ١٩٤٥ – ١٩٥٩.

١٤. خورشید محمد عەلی داودی ١٩٤١ – ١٩٤٤.

١٥. خالد سەعید مفتی ١٩٥٩ – ١٩٦٣.

١٦. محمد رەشید سەحەر ١٩٦٣ – ١٩٧٠.

١٧. محمد حسن صالح ١٩٧٠.

سالّی ١٩٣٨، قوتابخانەی سەرەتایی دووەم لە کفری کرایەوە لە بەڕێوەبەرەکانی: (ئەحمەد حەمدی سیرەت، خورشید ئەحمەد، حسن عەباس رەزا، بەهجەت فەتاح وەنداوی، محمد قادر ئەحمەد، ئەحمەد محمد قەرەداغی، رفعەت مەدحەت، خورشید عزیز).

ساڵی ١٩٥٨ – ١٩٥٩ قوتابخانەی سێیەمی سەرەتایی لە کفری کرایەوە، لە بەڕێوەبەرەکانی: (غەریب دەرویش، عبدالعزیز راغب، حەسەن عەباس رەزا، عبدالباقی حاجی سەمین).

ساڵی ١٩٣٣ یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی بۆ کچان کرایەوە، ناوی قوتابخانەکانی کفری لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا:

١. ئامادەیی (المکاسب) بۆ کوڕان.
٢. ناوەندی (ام القری) بۆ کچان.
٣. ناوەندیەکی ئێواران.
٤. قوتابخانەی (المکارم)ی سەرەتایی بۆ کوڕان.
٥. قوتابخانەی (المحاسن)ی سەرەتایی بۆ کوڕان.
٦. قوتابخانەی (الخلود)ی سەرەتایی بۆ کوڕان.
٧. قوتابخانەی (الغفران)ی سەرەتایی بۆ کوڕان.
٨. قوتابخانەی (الشهداء)ی سەرەتایی بۆ کچان.
٩. قوتابخانەی (المهج)ی سەرەتایی بۆ کچان.
١٠. قوتابخانەی (رابعة العدویة)ی سەرەتایی بۆ کچان.
١١. قوتابخانەی (حنان)ی سەرەتایی بۆ کچان.
١٢. باخچەی منداڵانی ١٧ی تەممووز.

لە حەفدەی تەممووزی ١٩٧٨دا کارگەیەك بۆ رستن و شوشتن و بۆیە کردنی خوری لەکفری کرایەوە لەم کارگەیەدا (١٤٠) کرێکاری نێر و مێ کار دەکەن، توانای کارگەکە (٤٨٩) تەنە لە خوری شۆراو (٤٥٠) تەن لە رستنی بۆیە کراوە.

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم:

١- ئوزدەمیر -واتە (رۆبیتەن – تەن ئاسنین)، ناوی (عەلی شفیق) و ئەفسەرێکی تورك بوو لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٢دا بەهێزێکی کەمەوە رەواندزی گرت و خەریك بوو سنووری دەسەڵاتی بگاتە سنووری سلێمانی و مەترسی بخاتە ناوچەکەوە.

٢- ئەو دیوەخانەی شێخ مەحمودی تیا میوان بوو وەك خۆی بەپێوە وەستاوە زەبر و زۆری زەمانە کاری تێ نەکردووە، ئێستا کورەزای سید محسن ئاغا (تالیبی عبدالله ئاغا)ی تیادایە، پارێزەر کاك تالیب توانیویەتی چەند کەلەپورێکی باپیری بپارێزێت وەك، چرا و سەماوەر و ئامێری عەرەبانەکەی و چەند کریستاڵ و دەست خەت و فەرمانی ئەو سەردەمەی خۆیان.

٣- گەورەی ناوداران -- ئەوسا پێی ئەوترا (نقیب الاشراف).

٤- بڕوانە – رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) ساڵی یەکەم، ژمارە سێ، ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢.

٥- وەك کوڕانی شێخ حەمید تاڵەبانی (وەهاب و عەلی و طالب و رەشید) هەروەها (فیض الله و قادر) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو رۆژی ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢.

٦- بڕوانە: کورد، تورك، عەرەب، ئەدمۆندسن، ئ ١٩٧١ (عەرەبی)، ل٢٨٠.

٧- وەك، ئەو پەیکەرەی لەشاری (نەجەف) بۆ شۆڕشگێڕانی ساڵی بیست دروست کرا، ئەو پەیکەرە بریتیە لە کەوانێکی گەورەی (١٢٥) مەترەیی، شارەوانی نەجەف (٣٥٠) هەزار دیناری تیادا سەرف کردووە.

٨- لە قەزای (رمیثە)ی مەڵبەندی شۆڕشی بیست لەلایەن دەزگای شوێنەوار ناسینەوە مەسحێکی ئەو شوێنانەکرا کە شۆڕشەکەی تیادا هەڵگیرسا، بڕوانە: رۆژنامەی (العراق) ژمارە (١٢٤٨) رۆژی ١٤ی مایسی ١٩٨٠.

٩- رۆژی ١٩٧٩/٧/١٨ ئەم لیستەیەم لە مامۆستا (حەسەن عەباس رەزا) وەرگرت کە ئێستا خانەنشینە و لە بەغداد دائەنیشێت و بیرەوەریەکی باشی هەیە و زۆر سوپاسی ئەکەم.

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە

یەکەم: ئەو کتێبانەی کەڵکم لێ وەرگرتوون:

کتێبە کوردیەکان:

١. چیم دی، ئەحمەد خواجە، ١٩٧٠.

٢. دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، ١٩٤٦.

٣. یادداشت، رەفیق حیلمی، ١٩٥٧.

کتێبە تورکیەکان:

١. جوغرافیای عوسمانی ١٣٢٩هـ .

٢. قاموس الاعلام ١٨٩٦م.

٣. سالنامەی موصل ١٣١٠ — ١٣١٢هـ .

کتێبە عەرەبیەکان:

١. الجغرافية العمومية للمدارس الثانوية والعالية المصرية ١٩٢٣.

٢. تأريخ القضية العراقية، محمد مهدي البصير ١٩٢٣.

٣. تأريخ العشائر الكردية، عباس العزاوي ١٩٤٧.

٤. رحلة المنشى البغدادي، ترجمة عباس العزاوي ١٩٤٨.

٥. أربعة قرون من تأريخ العراق —لونگريك- ترجمة جعفر الخياط ١٩٤٩.

٦. الداودية ماضيها وحاضرها، د. غالب الداودي ١٩٥١.

٧. الثورة العراقية الكبرى، عبدالرزاق الحسني ١٩٥٢.

٨. الحقائق الناصعة في الثورة العراقية، فريق مزهر الفرعون ١٩٥٢.

٩. تأريخ السليمانية وأنحائها، محمد امين زكي، المترجم ١٩٥١.

١٠. الشرفنامه —شرفخان البدليسي- ترجمة جميل الروزبياني ١٩٥٣.

١١. عشائر العراق العربية، عباس العزاوي، ١٩٥٥.

١٢. خمسة وخمسون سنة من تأريخ العراق ١٣٧١هـ .
١٣. ثورة العراق، حسين مروة ١٩٥٨.
١٤. الثورة، مقدماتها ونتائجها د. نوري جعفر ١٩٥٨.
١٥. تقرير سري لدائرة الاستخبارات البريطانية، ترجمة عبدالجليل الظاهر ١٩٥٨.
١٦. موجز تأريخ التركمان في العراق، شاكر صابر الضابط ١٩٦٠.
١٧. خلاصة تأريخ الكرد وكردستان، محمد امين زكي، ترجمة محمد علي عوني، ط٢ / ١٩٦١.
١٨. حرب العراق، شكري محمود نديم ١٩٦٤.
١٩. رحلة إلى مواطن الحضارة والآثار، الرحلة السادسة، طه باقر وفؤاد سفر ١٩٦٥.
٢٠. رحلة نيبور إلى العراق – ترجمة محمود حسين الأمين ١٩٦٥.
٢١. ثورة العراق –الفريق المرهولدن- ترجمة فؤاد جميل ١٩٦٥.
٢٢. القاموس السياسي، ط٢، أحمد عطية ١٩٦٨.
٢٣. رحلتي إلى العراق، جيمس بكنغهام، ترجمة سليم طه التكريتي ١٩٦٨.
٢٤. الأكراد، ملاحظات وانطباعات، مينورسكي، ترجمة د. معروف خزندار ١٩٦٨.
٢٥. رحلة إلى أبي طالب خان، ترجمة مصطفى جواد ١٩٦٩.
٢٦. رحلة متنكر إلى بلاد ما بين النهرين –صون- ترجمة فؤاد جميل ١٩٧٠.
٢٧. كرد وترك وعرب –ادموندس- تعريب ١٩٧١.
٢٨. مذكرات ويلسن، ترجمة جعفر الخياط ١٩٧١.
٢٩. موجز تأريخ البلدان العراقية، عبدالرزاق الحسني، ط٢ – ١٩٧١.
٣٠. ابراهيم خان ثائر من كردستان، د. مكرم الطالباني ١٩٧١.
٣١. ثورة العشرين الوطنية التحررية –كاتلوف- ترجمة د.عبدالواحد كرم ١٩٧١.

٣٢. قضاء خانقين –دراسة في جغرافية السكان، رسالة ماجستير، خليل اسماعيل محمد ١٩٧٣.
٣٣. ولاية الموصل – دراسة في تطوراتها السياسية ١٩٠٨ – ١٩٢٢، رسالة ماجستير خليل ابراهيم محمد ١٩٧٥.
٣٤. كردستان خلال سنوات الحرب العالمية الأولى، د. كمال مظهر احمد، ترجمة محمد الملا عبدالكريم ١٩٧٥.
٣٥. ثورة العشرين في الاستشراق السوفيتي، د. كمال مظهر احمد ١٩٧٧.
٣٦. أسرار عراقية في وثائق انكليزية، محمود شبيب ١٩٧٧.
٣٧. حول مسألة الاقطاع، ع – شاميلوف، ترجمة د. كمال مظهر احمد ١٩٧٧.
٣٨. دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، د. كمال مظهر احمد ١٩٧٨.
٣٩. لمحات اجتماعية في تأريخ العراق، د. علي الوردي، ج ٥ قسم ٢، ١٩٧٨.
٤٠. العشائر الكردية، ترجمة فؤاد حمه خورشيد ١٩٧٩.

ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی کەلکم لێ وەرگرتوون:

١. رۆژنامەی (العراق) ١٩٢٠ – بەعەرەبی.
٢. رۆژنامەی (پێشکەوتن) ١٩٢٠ – بەکوردی.
٣. رۆژنامەی (الموصل) ١٩٢٠ – بەعەرەبی.
٤. رۆژنامەی (الاستقلال) ١٩٢٠ - بەعەرەبی
٥. رۆژنامەی (بانگ کردستان) ١٩٢٢ - بەکوردی
٦. گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) ١٩٤٥ – ١٩٤٦ بەکوردی
٧. گۆڤاری (الاخاء) ١٩٧١ - بەتورکمانی
٨. گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد) ١٩٧٣ بەکوردی
٩. رۆژنامەکانی (التآخي – العراق) بەعەرەبی.

ئەو کەسانەی کەڵکم لێ وەرگرتوون:

١. کاکەمەند ئەمین دەرویش- دانیشتووی ئاوایی (گلابات)ی سەر بەقەزای کفری – ساڵی ١٩٤٥ – لەتەمەنی ١١٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

٢. محمد مەلا ئەمین (حمە عاصە) – دانیشتووی ئاوایی (گلابات) – ساڵی ١٩٧٥ لە تەمەنی نەوەت ساڵی کۆچی دوایی کردووە.

٣. رەزا ئەمینی دەلۆیی (رەزا بەگ) دانیشتووی)خانەقی) لە ساڵی ١٩٧٥دا لە تەمەنی حەفتا ساڵی کۆچی دوایی کردووە.

٤. عبدالباقی حاجی ئەحمەد (١٩١٠ – ١٩٧٩) خەڵك کفریە و دانیشتووی بەغدا بووە.

٥. محمد عبدالرحمن کارێزی (حاجی محەمەدی کوێخا ئەورەحمان ١٨٩٠ – ١٩٨٠).

٦. فتح الله بەگ احمد بەگ (فتح الله بەگی دەلۆ ١٩٧٨ – ١٩٨٠).

٧. سەمین فارس دەلۆیی (١٩٠٢ – ١٩٨٤).

٨. محمد پەریزاد گلی (١٩٠٥ – ١٩٨٤) کەرکوك.

٩. سید احمد شێخ محمد (١٨٨٩) دانیشتووی شاری کفری.

١٠. جمعە عەلی شەریف (١٨٩٤) دانیشتووی خانەقی.

١١. حسین رۆستەم سەعید (١٨٩٧) دانیشتووی کەلار.

١٢. فتح الله احمد قادر (١٨٩٧) دانیشتووی کەلار.

١٣. محمد صالح حمە خورشید داودە (١٨٩٨) دانیشتووی دوزخورماتوو.

١٤. ابراهیم صالح صوفی (١٨٩٨) دانیشتووی سەرقەڵا.

١٥. مجید حاجی فتح الله دەلۆیی (١٩٠٦ – ١٩٨٥) دانیشتووی ئاوایی (گلابات).

١٦. ماوەرز محمد ئیسماعیل (١٩٠٨) دانیشتووی خانەقی)

١٧. جەمیل ئەکرەم مستەفا رێژی (١٩٠٨) دانیشتووی بەغداد، خەڵکی کفریە.

١٨. ناظم محمد سعید وەنداوی (١٩١٠) دانیشتووی بەغداد – خەڵکی کفریە.

١٩. ابراهيم عبدالباقى (١٩١٠) دانيشتووى خانەقى – خەڵكى كفريە.

٢٠. شەرەف برايم خان (١٩١٠) دانيشتووى كفرى – كوڕى برايم خانە.

٢١. حەسەن عەباس رەزا (١٩١٢) دانيشتووى بەغداد – خەڵكى كفريە.

٢٢. بەهجەت فەتاح وەنداوى (١٩١٣) دانيشتووى كفرى.

٢٣. سامى عەلى وەيسى بەگ ١٩٢٤ دانيشتووى كفرى.

چەند پەیڤێك بۆچاپی دووەمی ئەم کتێبە

ئێمە لە وولاتێکدا لە دایك بووین کە سەرباری ئەوەی رژێمە سەردەست و حوکمڕانەکانی کوردستان دەیانویست هەموو مۆرك و سیمایەکی کوردانەی ئەم نەتەوە و نیشتمانە بسڕنەوە لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵیان دەدا مێژووەکەی بشێوێنن و بەهیچ کلۆجێك مێژووی کورد دیار نەبیت و نەنوسرێتەوە ، بەڵام خۆشبەختانە ئەم میللەتە کۆڵنەدەرە خاوەن پێنوس و رێبواری ماندوو نەناسی ئەو کاروانە لە شوێنە جیا جیاکانی کوردستاندا هەڵکەوتوون و جوامێرانە پێنوسەکانیان خستوەتە کار تاکو ئەو مێژووانە وون نەبن ، ئەم کتێبەی بەردەستتان مشتێکە لە خەرواری بەرهەمی ئەو کەسانەی کە تەنها و تەنها لە پێناوی زیندوو ڕاگرتنی مێژووی کورد شەو و ڕۆژیان خستوەتە سەریەك و تێکۆشاون و هەستیان بە ماندوو بوون نەکردووە ، ئەگەر تەماشای ناوی میژوونووسە بەناوبانگەکانی کورد بکەین دەبینین زۆربەی هەرە زۆریان لە بنەڕەتدا پیشەیان مێژوو نوسین نەبووە بەڵام هەست کردن بە بەرپرسیاریەتیان بەرامبەر بە نەتەوەکەیان بە شێوەیەکی ئەکادیمی و پسپۆڕیەکی زۆرەوە کەوتونەتە تۆمار کردنی مێژوو ، نەوەکانی دوای خۆیان قەرزارن بە تەقەلا و پێنوسی ئەوان تەنها دانەوەی قەرزەکانیان بەوەیە کە بەردەوام بن لە سەر رێبازەکەیان کە فەرامۆش نەکردنی میژووە.

مستەفا نەریمان (ڕۆحی شاد) من دەزانم بۆ نوسینی ئەم کتێبە چەند ماندوو بوو چەند سانسۆریان خستە سەری تاکو ئەم کتێبە تۆمار نەکات بەڵام لە هەرەتی لاوییەوە خولیای ئەوە بوو ئەم مێژووە بنوسێتەوە و کۆڵی نەدا تاکو بە مەراز و نامانج گەیشت ، بۆیە دەڵێم بۆ دووبارە لە چاپ دانەوەی ئەم کتێبە لە گۆڕیشدا ڕۆحی بێگەردی ووشە بە ووشە دەست خۆشی دەکات لە شێخ محەمەد شاکەڵی ئەوانەی کە بەم کارەوە ماندوو بوون .

لێرەدا بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم دروود و سڵاو بۆ گیانی پاکی مامۆستا مستەفا نەریمان بنێرم کە لایەڕەیەکی پرشنگداری بۆ مێژووی گەرمیان و کورد تۆمار کرد و زۆر سوپاسی بەڕێز دکتۆر مکرم تاڵەبانی و بەڕێز دکتۆر کەماڵ مەزهەر ئەحمەد دەکەم کە نەیانهێشت ئەو مێژووە وون بێت داوای تەمەن درێژیان بۆ دەکەم ، دەست خۆشی لەو بیرمەند و خاوەن قەڵەمانە دەکەم کە لەسەر ئەو بابەتەیان نوسیوە و دەوڵەمەندیان کرد خوایە نمونەیان زۆر بێت .

جێگای خۆیەتی سوپاسی بەڕێز شێخ محەمەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف و کارو باری ئاینی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم کە ئەرکی لە چاپ دانەوەی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرت و پەیکەرێکی بۆ مامۆستا مستەفا نەریمان لە شاری کفریدا دروست کرد و بەردەوام قەڵەمەکەی شەکەت بوون نازانێ و لە خزمەتکردن بەردەوامە ، خوای گەورە مۆفەقی کات و تەمەن درێژ بێت بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەی کە کار و پیشەی سالەهای سالی خۆی بنەماڵە بەڕێزەکەیانە .

من ئێژم : باشتر وایە ئەمڕۆ نەك سبەینێ بکەوینە کۆکردنەوەی پەلو پۆ و رەگ و ریشەی مێژوو بێ نازی میللەتەکەمان چونکە چەند زوو بکەین هێشتا هەر درەنگ کەوتووین .

ئیسماعیل عەزیز برایم خانی دەلۆ

رێبەندانی ٢٧٠٧ کوردی

ناوەرۆك

بەشی یەکەم

١ کورتەیەك دەربارەی رووداوەکانی شۆڕشی بیست

٤ ئەو سەرچاوانەی دەربارەی شۆڕشی برایم خانیان نووسیوە

١٤ پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

بەشی دووەم

١٨ زەمینەی شۆڕش (کفری)

٢١ لە سەرچاوەکانی سەردەمی عوسمانیدا بەم جۆرە ناوی (کفری) هاتووە

٢١ ناوی کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی کفری

٢٢ کفری لە سەرچاوەکانی عیراقیدا:

٣٣ هۆی دروست بوونی شاری کفری چی بووە؟

٤٣ کاروباری کۆمەلاێەتی و ئابووری کفری

٤٦ باری رۆشنبیری کفری

٥٠ پەراوێزەکانی بەشی دووەم

بەشی سێیەم

٦٠ میژووی هۆزی دەلۆ و هۆزەکانی دیکەی ناوچە

٦٢ هۆزی دەلۆ

٦٦ دەرکەوتنی کەمەرخان

٧٣ هۆزی جاف

٧٧ هۆزی داودە

٧٩ هۆزی زەنگەنە

٨١ بنەماڵەی تاڵەبانی

٨٢ هۆزی گێژ

٨٣ هۆزی بەیات

٨٤ هۆزی لهێب

٨٤ هۆزی عەززە

٨٥ پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

بەشی چوارەم

٩٣ چوونە ناو جەرگەی شۆڕشەوە

٩٧ رزگار کردنی شاری خانەقین

١٠٥ رزگار کردنی دوزخورماتو

١٠٩ رزگار کردنی کفری

١١٢ برایم خان کێیە؟

١١٤ هەڵوێستی دوژمن پاش رزگار کردنی کفری

١١٥ گفتوگۆ لە نێوان هەردوولا

١١٦ هێرشێکی تێك شکاو

١١٧ کوشتنی (سلمنت)

١١٨ شێخ حەمید کێیە؟

١٢٠ هێرشە خوێناویەکەی سوپای بەریتانی

١٢٣ چۆنیەتی کشانەوەی شۆڕشگێڕان

١٢٤ دوژمن چۆن چووە ناو کفریەوە؟

١٢٧ چوونە سەر شۆڕشگێڕان

١٢٩ ئایا برایم خان چی بەسەر هات؟

١٣٣ گەڕانەوەی دەلۆ بۆ سەر ئاوایەکانیان

١٣٤ ئایا شۆڕشی برایم خان چی هەڵەیەکی کەوتەبەر؟

١٣٦ بۆ شۆڕشی برایم خان بەرپا بوو؟

١٣٨ شیعر لە شۆڕشی برایم خاندا

١٣٩ ئافرەت لە شۆڕشی برایم خاندا

١٤٠ بەراورد کردنێك نێوان شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشی برایم خانی دەلۆ

١٤٢ پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

بەشی پێنجەم

١٥٧ کفری پاش شۆڕشەکەی برایم خان

١٥٨ گەڕانەوەی شێخ مەحمود

١٦٠ کفری پاش شۆڕشی برایم خان

١٦١ ئەمڕۆ رۆژی ڕێز گرتنی شۆڕشگێڕانە

١٦٣ ناوی قائمقامەکانی شاری کفری

١٦٤ ناوی سەرۆکی شارەوانی

١٦٥ ناوی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەی سەرەتایی

١٦٧ پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

١٦٨ سەرچاوەکانی ئەم کتێبە

١٧٣ چەند پەیڤێك بۆچاپی دووەمی ئەم کتێبە

١٧٥ ناوەڕۆك